كوردو كەركوك

-بەرگی یەکەم-

لەتیف فاتح فەرەج

كوردو كەركوك

كورتە خوێندنەوەیەكی دیرۆكیانەی كەركوك

پێشكەشە

بەگیانی بەرزی شەهیدان:

*ئازاد هەورامیو گیتارەكەی.

*فاخیر فاتح فەرەجی هاوڕێو برام.

# بەش یەکەم

# پێشەکی

من مێژوو نوس نیم، بەڵام کەرکوك وەك شارێکی ستەم لێکراو هەمیشە ویژدانی جوڵاندوم بۆئەوەی لەخەمو کۆستو کەوتنەکانیدا هاوبەش بم، ئەمە جگە لەوەی کە خۆم لەسەر ئەو شارە ماڵم، ئەم نوسینەش بەرهەمی ئەو ویژدان بزواندنەیەو ئەرکێکی سەرشانمە بەرامبەر بەشارێك کە بۆ یەکەمین جار فێری کردم مرۆڤ پێویستە هەمیشە لەسەرپێی خۆی بوەستێ، وەستان لەسەرپێی خۆی بۆ مرۆڤێك کە ناوی کوردە لەوێوە کە ئەم مرۆڤە بەردەوام لەبەردەم هەڕەشەی لەناوچوندا بووە زیاتر لە تاکی هەر نەتەوەیەکیتر پێویستە، ئەم نوسینە کە جگە لەوەی ئاوڕێکی دیرۆکی خێرایە هەروەها باری سەرنجو بۆچونی خۆشم ئاوێتەکردووەو هەوڵم داوە کەمتر لەنوسینی مێژوو بچێت لەبەرئەوەی بڕوای تەواوم بەو حەقیقەتە هەیە کە نوسینی مێژوو کارێکی هەروا ئاسان نییەو پڕە لەکەندو کۆسپو لەند، بەتایبەتی کە ئەگەر ئاوڕ لەڕابردوو بدەینەوە هەموو، یان زۆربەی ئەوانەی مێژوویان نووسیوە، هەمیشە خەڵکە بەش مەینەتو قوربانیو سەربازە زۆرو زەوەندە مێگەلیەکان لەنوسینەکانیاندا کەمتر ئاوڕی لێدراوەتەوە لەکاتێکدا بەردەوام باس باسی گەورەو بکوژو بڕەکان بووە، سەیر لەوەدایە شاری بەغدا یان سلێمانی یان شورەی چین بەڕەنجو ئارەقی هەزاران دەستڕەنگینو کرێکار دروست کراوەو کەچی لەمێژوودا هەریەکە لەوانە کراوە بەسەروەری کەسێك، لەگەڵ ئەوەشدا نابێ ئەوەمان لەبیربچێت وەکو مێژوونووسی گەورەی کورد د.کەمال مەزهەر دەڵێ مێژوو زانستی زانستەکانە، چونکە وەکو خویّ چێشت وایەو هیچ زانیارییەکی گرنگ نیە مێژووی تایبەتی خۆی نەبێت من ناڵێم ئەمەی من نوسیومە شتێکی پوختەو بێ هەڵەو پەڵە نییە، بگرە هەوڵێکی بچوکەو بەهیوای ئەوەم لەو بارەیەوە بابەتی بەپێزو باش بنووسرێت، لێرەدا دەبێ بڵێم پێشتر هەریەك لەدکتۆر نوری تاڵەبانی، وریا جاف، لەیلە نامیق جافو چەند کەسێکیتر ئاوڕیان لەم شارە داوەتەوەو لەسەریان نوسیوە، بەڵام هێشتا زۆر سوچو کەلێنی تاریك لەو بارەیەوە ماوەتەوەو دیارە منیش نەمتوانیوە تەواو پەیان پێبەرم، لەڕاستیدا ئەم نوسینە جگە لەوەی پێشکەشە بەگیانی هەردو شەهید ئازاد هەورامیو فاخیری برام دیارییەکی بچوکی منە بۆ خوێندکارانی

زانكۆی سلێمانی بەو ئومێدەی رۆژێ بێت لەناو شاری كەركوكدا زانكۆی كوردستان كچ و كوڕی كورد پێشكەش بەدنیای باشتر بكەن..

ئەم نوسینە كە دەیخوێنیتەوە سەبارەت بەشارێكە كە لەمێژووی نوێی..دا تەنیا چەند رۆژێكی كەمی 1991/3/19 تا 1991/3/29 ئازادی بەخۆیەوە بینیوە. ئەو چەند رۆژەی سەرو سیمای بەعس لەچەقی شارەكە بڕا ئەگەر چی بەتەواوی شار پاك نەكرایەوە، ئازادی كەركوك بۆخۆی ناوەرۆكێكی قوڵتر لەئازادی هەر شوێنێكی‌تر دەگەیەنێ لەبەرئەوەی بەدرێژایی دەیان ساڵ رژێمە یەك لەدوایەكەكانی عێراقی عەرەبی هەوڵی سڕینەوەی كوردیان داوە لەو شارداو لەو پێناوەدا دەستیان بۆ هەموو كارێكی نەشیاو بردووە، كە ئێمە دواتر بەچڕی دێینە سەری، بەر لەدروستبونی حكومەتی ئێستای عێراقیش بەم چوارچێوە جوگرافیە ناجۆرەیەوە، گەلە ڕەوی عەرەب بەچەندین بیانوو بەرەو ناوچەكە بەڕێوەچووە، بەڵام لەهاتنی فەیسەڵەوە هاتنی عەرەب بۆ ناوچەكە ماناو ناوەرۆكێكی كۆڵۆنیالیستانەی لەخۆگرت، گەلە رەوی عەرەب بۆ باشوری كوردستان (باكوری عێراقی دروستكراو) بەنیازی داگیركردن لەدوای حكومەتی فەیسەڵ لەساڵی 1921ەوە دەست پێدەكات.

دورستكردنی دەوڵەتی عێراق بەم رەنگە لەبنەڕەتا جارێكی‌تر دوای سەركوتەكەی چالدێران بۆ سەركوتكردنی كورد بوو ئەگەرچی تا ئێستا لەئارشیفی بەریتانیاداوەك پێویست بەڵگەو دەكۆمێنتەكانی تایبەت بەعێراقی ئەو رۆژگارە هەڵنەدراوەتەوە كە تێیدادەستمان بگاتە هەندێ راستی لەگەڵ ئەوەشدا ئەو شێوە مامەڵەیەی بەریتانیا لەگەڵ مەلیك مەحمودو بزوتنەوەكەی بەئاشكرا راستی ئەم قسەیەمان دەسەلمێنێ، باشترین گەواهی دەریش هێنانی ئەو زۆرە عەرەبەیە لەساڵی 1937دا بۆ ناوچەی حەویجە (مەلحە)و تاوغ (داقوق)و تازە خورماتوو، لەو ساڵەدا مەلیك غازی پتر لە(20) هەزار خێزانی كۆچەری‌و ئاژەڵداری لەو ناوچانە نیشتەجێ كرد لەكاتێكدا ئەو ناوچانە لەبنەڕتا وەك خاك زەوی‌و زاری كوردبون، ئەم نیشتەجێ‌كردنە بەمەبەستی عەرەباندنی ناوچەكە بوو بەدوای ئەوەدا یەك یەك رژێمەكانی‌تر بایەخیان بەم پرۆسەیە دا تا سەرەتای شەستەكانی سەدەی بیستەم، پرۆسەی عەرەباندنی ناوچەكەو سڕینەوەی كورد لەشەستەكانەوە تا ئەمڕۆ (1963-2001) قوڵترو شۆڤێنیستیانەتر بەڕێوەدەچێت. حزبی بەعس لەهەموو ئەوانی‌ترسەرسەختانەتر كەوتە جێبەجێكردنی ئەم كارە، پرۆسەی راوەدونانو دەركردنی كوردو نیشتەجێكردنی عەرەب بەتایبەت لەسنوری پارێزگای كەركوك،شەڕی جینۆسایدی هێورانەی پلەپلەو سڕینەوەی شوێنەزاو شوێنەوارە، حكومەتی

عیراقی (بەعس) هەموو ڕێگایەکی بۆ عەرەباندنو دابڕانی کەرکوك لەکوردستان گرتەبەر (ئەمە لەکاتێکدا دوادوایەکانی سەدەی بیست سەدەی پێکەوە ژیانو لەیەکگەیشتنو پێکەوە هەڵکردن بوو) لەو ڕێگایانە بەهەزاران گوندنشینی عەرەبی بەنیازی هێرش بۆ سەر کوردستان پڕ چەك کردو کردنی بەجاش بەناوی (فرسان ولید)وە ئەم جاشانە زۆر دڕندانە لەسنوری کەرکوکدا کەوتنە وێزەی خەڵكو بەشێوەیەك تاڵان کارییان دەست پێکرد کە لەسنوری هەموو نەریتو ئاکارێکی مرۆڤیانەو ئیسلامی دەرچوو، ئەمە لەکاتێکدا هەر ئەوانە بۆ "تەلابی"و ئیشکردن پێشتر روویان دەکردەکوردستانو داڵدە دەدران، (ئەم کردەوەیە بۆشاییەکی قوڵی خستە نێوان کوردو عەرەبەوە، خەونی بەعسیش دروستکردنی ئەو بۆشاییە بوو)، عەرەبە فرسان وەلیدەکان بەم هۆسانەوە هێرشیان کردۆتە سەر ماڵە کورد:

**(احن العرب اهل الغيرة، نطرد الأكراد من ها الديرة، احن البدو وين العدو).**

ئەگەر بەوردیو چڕتر لەڕوی تێکدانی پەیوەندی نێوان گەلانی ناوچەکەو بەتایبەت گەلی کوردو عەرەبەوە تەماشای ئەم هۆسانە بکەین، دەبینین بەعس هەر لەگەڵ هاتنی یەکەمیدا 1963/2/8 بەو نیازە دەستی بەکارکرد کە کوردو عەرەب بکات بەدوژمنی باوە کوشتەی یەكو ئەو پەیوەندییە لەمێژینەیە تێکبدات، کە زۆربەی شاعیرانی کوردو عەرب بەدرێژایی دەیان ساڵ بەشانازییەوە باسیان کردووە، لەگەڵ ئەوەشدا زۆرێك لەرۆشنبیرو هۆشیارەکانی ئەم دوو گەلە لەنیازو مەبەستی بەعس گەیشتبونو دەیانزانی لەکوێوە کاردەکات بۆیە لەدوو ماوەی دەستەڵاتو بەدرێژایی ئەو (35) ساڵە ڕەشەی مێژووی عیراقیش نەیانتوانی ئەو درزو کەلێنە بەڕادەی مەبەستی خۆیان گەورە بکەنەوەو هێشتان دەیان بیرمەندی عەرەبی وەك فالح عبدالجبار، کازم سەماویو دکتۆرو حسێن شەهرستانی، کە نعان مەکیەو تا دوای هاوخەمی هەرە گەورەی گەلی کوردن لەنێو عەرەبدا، بەڵام لای ڕەشە خەڵکە عەرەبەکە شێوەیەکیتر کەوتەوەو فرسان وەلیدەکان دەستیان لەهیچ نەپاراست گاگەلو ڕانەمەڕو پەلەوەرو دانەوێڵەو داروبەردی کوردستانیان تاڵان دەکردو دووجارو سێجار ماڵو گوندی کوردانیان دەسوتاند. ئەم هێرشەش بەپلەی یەکەم لەناوچەکانی سنوری کەرکوکدا پیادە کراو هەر ئەوانەی کە بۆ (تەلابی)و سواڵکردن ڕوویان لەکورد دەکرد بەعس هانیدان هەڵکوتنە سەریو تاڵانی بکەن، ئەم کارە لەڕوی سایکۆلۆژیو کۆمەڵایەتیەوە کاری زۆری کردە سەر کوردو بو بەبرینێکی

قـوڵ لەجەسـتەی دانیـشتوانی ئـەم دەڤـەرەدا. لەگونـدی سـەیدانی ناوچـەی شـوان دەگێڕنـەوە عـەرەبێکی فرسـان وەلیـد گوایـە بـەزەیی جـولاوە بـەپیرەژنێکی کـوردی گوتـووە (وەلا یومـە کـورد گونـاح) کەچـی هـەر ئـەو عەرەبـە لـەژێر دیزداشـەکەیەوە (6) کراسی ژنانی کوردی لەبەر کردووە!!

هـەر بۆیـە دەبیـنین ئـەم شـوێنانە کـورەی هەسـتانەوەو بـەرخودان بونـە (لەهـەر کوێیەك ستەم زۆربێت لەوێ گیانی بەرگریو بەگژداچوون زۆر دەبێت). عەرەباندنی باشوری کوردستان هـەمان تورکاندنی باکورو بەفارس کردنی رۆژهەلاتـەو دوژمنـان گەرچی لەڕووی توندوتیژیو کردەوە جیاوازن، بەلام یەکن.

دوژمـن جگـە لـەزەبرو زەنـگو سـڕینەوە بەشـێوەی دیکـەی وەك بانگەشـەی یـەك ئاینیو یەك مێژوویی و یەك چارەنوسیو یەك ولاتیو یەك رەگەزیو چەندین یەکی هاوبەشی ترەوە هەوڵی نەهێشتنی ئەم گەلەی داوە، لەگەڵ ئەوەشدا بەبچوكو تورکی چیاو نەخوێنـەوارو نـەوەی جنۆکـەو شـاخی نـاوزەد کـراوین، کـورد گـەلێکی خـۆش باوەڕنو بەهەموو فاکێکی دوژمن تەفرە دەخۆینو بەفیکێکی خۆمان لەناویەکدا تێك بەردەبین، ئـەتاتوركو سـەدامو حەمـەڕەزاو تـا ئـەمڕۆش ئـەو رژێمانـە بـۆ ئـەم مەبەسـتە زۆریـان بـەخت کـردوەو زۆر هـەوڵی تێـك بـەردانی کوردیـان داوە، هـەوڵی سـڕینەوە شـوێنو جێگـاو رێگـاو ئـاوو گـوڵو بـاخو دەشـتو دەرو هـەتا نـاوی کەسیـشی گرتوەتـەوەو لـەپێناوی سـڕینەوەی هـەموو مـۆرکێکی کوردیـدا کـاری بەرنامەڕێـژو وردکراوە هەر بۆیە دەبینین ملوێنەها ناوی تورکیو فارسیو عـەرەبی جێگای بەناوی کـوردی گرتـوەو ئێـستاش زۆرن ئەوانـەی لایـان مایـەی شـانازیە نـاوی منالـەکانیان ناوی خەلیفەو سوڵتانو شایەکانی عـەرەبو تورکو فارس بێت، ئەمە جگـە لـەناوی شوێنەکان وەك (قەرەداغ، ئاق شەهر، خۆشاب، ساوج بلاخ، عەقرە) تا دوایی.

هـەر لەشۆڕشـی ئـەیلولی1961 بـەدواوە هـەوڵێکی گـەرموگوڕ بـۆ بـەکوردیکردنی نـاوی نـەوەکان بـەڕێخراو کۆمەڵـەش لـەو رووەوە رۆڵێکـی دیـاری بینـی ئەگەرچـی جـارێکیتر لـەدوای راپـەڕینی کۆمـەلانی خەڵکـەوە بەبەرنامـە نـاوی عـەرەبی بەشێوەیەکیتر لەپەرەسەندندایە.

لەسـەرەتای شـەڕی ئێـران–عیراقـدا، سـوپای ئێـران دەگەیـشت بـە هـەر جێگەیـەك ناوێکی فارسی ئیسلامی شیعەی لێ دەنا، پێشتریش عوسمانیەکانو سەفەویەکانو

عەرەبیش هەمان کاریان کردووە دیارە بۆ گۆڕینی هەر ناوێ یان چەکوشکاری لەناوە کوردیەیەکەداکراوە یان هەر ناوی نەتەوەی سەردەستی لێنراوە.

لەگەڵ ئەوەشدا هەر گۆڕینی ناو بەتەنیا مەبەست نەبووە بۆیە بەشێوەیەکی بەربڵاو کار بۆ جاشاندنی کورد کراوەو بەداخەوە مێژووی ئێمە، وەك نەتەوەیەك ئەم لەکەیە بەئاشکرا بەتەوێڵیەوە دیارەو ناکرێ بەوردی لێکۆڵینەوە لەم بابەتە نەکرێ، جاشاندن سیاسەتی پەرتکەو زاڵبەیە ئەو سیاسەتەی ئینگلیز بۆ نەتەوە سەردەستەکانی ئەم ناوچەیەی بەدیاری بەجێهێشت. تەعریب (عەرەباندن) لەگەرمیان و کەرکوك تا درێوترین و بڤەترین قۆناغ پیادەکراوەو پێکەوە دەوڵەت و پێگەکانی حزب و پێگەکانی هاوبەشانە کاریان کردووە بۆ عەرەباندنی کورد. راگوێزان، سوتاندن، روخاندن، تاڵان، دەرکردن، زینداندنیکردن، ئەتك کردن، کوشتن، تەفرەدان و هەڕەشە، چەوراندن (دەم چەورکردن و کڕین)، ئەنفال کردە یەك لەدوایەکەکانی دوژمن بووە بەرامبەر بەخەڵکی گەرمیان و کەرکوك بەتایبەت و کوردستان بەگشتی دوا هەوڵی بەعس لەو پێناوەدا پرۆسەی ئەنفال بوو، کە دەکرێ بەڕەشترین قۆناغی مێژوویی حکومەتی عیراقی ناوبەرین و بەسەرەتای جینۆسایدی سەرتاسەری لەقەڵەم بدەین، لەبنچینەدا پرۆسەی ئەنفال مێژووی دستپێکی بۆ سەرەتای هاتنی ئاینی ئیسلام دەگەڕێتەوە، بەڵام حکومەتی عیراقی بەشێوەو جۆرێکی ترو بەتازەترین چەك و تەکنەلۆژیای سەردەم قۆناغەکانی ئەم پرۆسەیەی لەکاتێکدا جێبەجێکرد کە دەمێك بوو شەڕ لەپێناوی ئازادی و مافی مرۆڤ و هەتا دوایی بەردەوام بوو.

لەهەنگاوی یەکەمدا عیراق ساڵی 1983 (8)هەزار گەنج و پیاوی بەرزانی ئەنفال کردو لەساڵانی 1987-1988یشدا چڕترو فراوانترو هەمەلایەنەتر سەرجەم ناوچەکانی کوردستانی خستە بەر شاڵاوی ئەنفال و هەر بەو ناوەش ناساندنی و ناوی نا ئەنفال سەرژمێری تەواو لەم بارەیەوە لەبەردەستانیە، بەڵام زۆربەی کوردەکان لەسەر ئەوە ڕێکن کە لەکردەی ئەنفالدا پتر لە(182)هەزارکورد بەرکەوتووە. عیراق بۆ خۆشی دان بەوە دادەنێ و "عەلی حەسەن مەجید" دەڵێ نزیکەی (100)هەزارێك، وەفیق سامەڕائی و هەندێ لەهەڵاتووەکان لە(182)هەزارەکەش زیاتر دەڵێن. کتێبی جینۆساید لەعیراقداو پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد کە لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی (میدڵ ئیست ووچ)ە دەڵێ (50 تا 100)هەزارە، لەئایندەدا رەنگە ژمارەکە بەتەواوی ساغ بێتەوە یان لانی کەم لە ژمارەی راستی نزیك بینەوە.

سنوری کەرکوك‌و گەرمیان لەم شاڵاوەدا گورزی کاریگەری بەرکەوت‌و هۆزی وا هەبوو (4|3)ی گەنج‌و پیاوەکانی بەر شاڵاوەکە کەوت، گوند هەیە تاك‌و تەرای لیّدەرچووە، پرۆسەی ئەنفال سەرەڕای ئەوەی کە دڕندانەترین کردەی مێژووی نویّ بوو نیشانەی بێدەسەڵاتی رژێم بوو بەرامبەر گەلێك کە دەیویست (ئیرادەی وونبوی خۆی بدۆزێتەوەو لەهەنگاوی شۆڕشگێڕیدا بوو. ئەم شەڕی لەڕیشە دەرکێشان‌و جینۆسایدە دەرحەق بەکورد بەفۆڕم‌و شێوەی‌تر کراوە بۆ نموونە کەمال ئەتاتورك‌و تورکیا پێش‌و پاش کۆمار بەرامبەر کوردو ئەرمەن‌و ستالین بەرامبەر کوردو کەمایەتیەکانی ترو تا دوای هیتلەر بەگەلانی بندەستی سوپای نازی کرد لەماوەی کەمی دەستەڵاتیدا، وانەیەکی باش بوو بۆ سەدام‌و دەست‌وپێوەندەکەی تا بەگەلی کوردو بەرهەڵستکاری عەرەبی عیراقی بکەن.

تەنیا تاوانی کورد بۆ هاندانی عیراق بۆ ئەنفالکردنی ئەوە بووە کە داوای کەمترین مافی خۆی کردووەو ویستویەتی بەئاسودەیی لەماڵی خۆیدا ژیان بەرێتەسەر کەچی‌بەجیاخواز ناوبراوەو لەرێگەی راگەیاندنێکی‌چڕوپڕو هەمەلایەنەوە بەیاخی‌و تێکدەر ناوبراوەو هەرچی نەشیاوە لەگەڵی کراوە تا دەگاتە بەکارهێنانی چەکی کۆکوژیش. (جیاخوازی باشترین ماف‌و حەقی نەتەوەیەکە کە 30ملیۆن زیاترەو دابەش‌و داگیرکراوەو بەهیچ مافێکی خۆی نەگەیووە). مرۆڤ کەدەسکارییەکانی سنورو نەخشەی کوردستان دەبینیّ‌و دەبینیّ لەپەنای دەیان بیانوو بەیت‌و باڵۆرەی بیّ‌جێوە چی بەسەر هاتووەو چۆن شەت‌و پەت کراوە. ئەودەمە دەتوانیّ بگاتە ئەو بڕیارە ئاخۆ کورد جوداخوازە یان داگیرکار کار بۆ ئەوە دەکات.

مایەی بەزەیی پیاهاتنەوەیە کۆلۆنیالیست دوای دەیان ساڵ کوشت‌و بڕو داپڵۆسینی نەتەوەیەك رۆژیّ دیّ بەسەر شۆڕی دەگەڕێنەوەو گیانی هەزاران رۆڵەی نەتەوەکەی لەخت‌و خۆڕا لەخاك‌و ماڵی نەتەوەیەکی دیکەدا بەفیڕۆ دەدات‌و ئابوری وڵاتەکەی دائەتەپێنیّ، لەڕووی کۆمەڵایەتیەوە گەلەکەی شەپڕێو لەڕووی سایکۆلۆژی‌یەوە دەردەداو، لەڕووی سەربازی‌یەوە سوپاکەی مل هوڕو بەرەڵا دەبێت، لەڕوی سیاسەتی نێودەوڵەتیەوە کار کە ناردەکرێت‌و لەژێر باری قەرزا بەچۆکادێت، بڕوانە ئەمڕۆی بارودۆخی عیراق. هەر لێرەشەوەیە رۆژیّ دیّ دەیان‌و سەدان رۆشنبیرو هۆشیاری نەتەوەی سەردەست‌و خاوەن دەستەڵات بەگژ دەسەڵاتدارە مل هوڕو وێرانکارەکەیاندا دەچنەوەو دەبنە پاڵپشتی گەلی بن دەست‌و لەپێناو ژیان‌و

ئاشتیدا دەنگ هەڵدەبڕن، کام کورد شانازی بەشایەدییەکانی ئیسماعیل بێشکچیو عەلەوی‌و کەنعان مەکیەوە ناکات؟!.

گەلێك دەیان سەدە بەرهەڵستی کردبێت‌و شەڕی لەپێناوی مانەوەدا کردبێ خاوەن ژیارو مێژوو بێت سەرەڕای هەموو کەم‌وکوڕییەك. ئاین‌و زمان‌و کەلتورو کەلەپوری خۆی نەدۆڕاندبێت سەرەڕای دەستێوەردان‌و شێواندن هەرگیز بەچنگی ڕەشی بەعسیان‌و هیچ چنگێکی دیکە لەناو ناچێت‌و مەگەر شەڕی خۆ بەخۆ سەری بخوا گەر سەری نەخوریێ، ئەو شایەدی‌یانەی ڕۆژهەلاتناس‌و کوردناسەکان لەبارەی کوردەوە داویانە ڕاستی ئەم قسەیەمان دەسەلمێنێ لەگەڵ ئەوەشدا کەسمان ناتوانین خۆ لەو هەموو عەیب‌و عارو کەم‌وکوڕی‌یە ببوێرین. بەداخەوە هەر کەسێك لەوانەش کوردیان خوێندوەتەوە لەخێڵەوە دەستیان پێکردووە نەك نەتەوەو بون‌و مێژوو بەمانا فراوانەکەی ڕاستە شارستانیەتیەکی دیارو بەرچاو لەناوچەی کوردستاندا نەماوە، بەڵام لەئان‌و ساتێکی زووتردا کورد لەناوەوەی مێژوو بوە، ئەگەر مادەکان بەباپیرەگەورەی خۆمان ساغ بکەینەوە ئەمەیان بابەتێکی ترە.

لەهەوڵێکی ساکاردا ئەمەوێت کەرکوك‌و چۆنێتی دروستبون‌و تا ئێستای بخوێنمەوە. سەرچاوەکانی ئەم باسە تەرتەو پەرتەو پەڕەوازەن بەهیوام ئەم هەوڵە کاڵە ببێتەمایەی ئەوەی سبەینێ لەسەرجەم ڕوەکانەوە خوێندنەوەیەکی پوخت لەسەر کەرکوك‌و پێکهاتە کۆمەڵایەتی‌و سیاسی‌و جێوگرافیەکەی بکرێت.

سەرجەم بوارەکانی باری سۆسیۆلۆژی. باری شێوە زمان‌و جل‌وبەرگ‌و ئاکارو ڕەوشت‌و بیروباوەڕو ئاین‌و هەست‌و کەوت‌و پەیوەندی کۆمەلایەتی‌و سایکۆلۆژی کوردی کەرکوك‌و..هتد پێویستیان بەخوێندنەوەی چڕوپڕە. دەشێ ئەم کارەی من مستێ لەخەرواریێ بێت.

حزبی بەعس بەردەوام هەوڵی ئەوەی داوە کەرکوك لەکوردستان دابڕێ‌و بەتەواوەتی داگیری بکات (تەنانەت لەڕێکەوتنی 1970 وتویژی 1984و 1991یشدا لەم هەوڵە نەگەڕاوە) بۆ ئەم مەبەستەش چەندین ڕێگای گرتوەتەبەر.

1-دروستکردنی ئۆردوگای زۆرەملێی سایگۆنی بۆ دانیشتوانی کوردی کەرکوك لەناوچە ئۆتۆنۆمە کارتۆنیەکەدا لەسنوری سلێمانی‌و هەولێر وەك شۆڕش، سمود (ڕزگاری) بنەسەڵاوە، جدیدە، دارە توو تا دوای.

2–دابڕینی ناوچە کوردنشینەکان لەپارێزگای کەرکوک و گواستنەوەیان بۆ سەر هەولێرو سلێمانی و تکریت و خستنەسەری ناوچە عەرەب نشینەکان بۆ سەر کەرکوک (تێک و پێکدانی نەخشەی کارگێڕی و کۆمەڵایەتی و سیاسی کەرکوک).

3–پڕکردنەوەی دام‌ودەزگا کارگێڕی و سیاسی و پیشەییەکان بەخەڵک و فەرمانبەری عەرەب و هێنانی ئەو فەرمانبەرانەش لەناو جەرگەی عیراقی عەرەبییەوە.

4–هێنانی ماڵە عەرەب بۆ نمونە (10) هەزاری و (20)هەزاروی (100)هەزاری‌یەکان (مەبەست لەو ڕێژە پارەیەیە کە دەدرا بەعەرەبەکان لەبەرامبەر هێنانی ماڵەکانیان بۆ کەرکوک). زۆربەی ئەوانە جاسوس و ئەمن و پیاوخراپ بون و لەڕوی رەوشت و کۆمەڵایەتیشەوە لەئاستێکی نزمدا بوون.

5–بەعس بەردەوام لەهەوڵی کۆچ پێکردنی کوردا بووە لەناو شاری کەرکوک و ناوچەکانی دەوروبەری قەزاو ناحیەو گوندەکان قادر کەرەم، شوان، ساڵەیی، جەباری،قەرەحەسەن (لەیلان) دوز، داوێ، شێخان و تا دوای. سەرجەم ئەمانەی لەئەنفالە بەد ناوەکەدا لەکەرکوک دابڕی و سجلی نفوسی خەڵکە کەی گواستەوە سنوری هەولێرو سلێمانی و لەئۆردوگاکانی شۆڕش و بنەسلاوە و دارەتوو جدیدە و نەسرو باریکەو شوێنەکانیتر نیشتەجێکران، ئەم هەڵمەتە بەدوو ڕێگا پیادە کرا.

أ–بەڕێگای تەعویزو بەخشینی پارەو تەفرەدان.

ب–بەڕێگای زەبروزەنگ و دەرکردن و خواردن بڕین.

6–گۆڕینی ناوی شوێن و جێگاو گەڕەک و کۆڵان و شەقام و دەزگاو خوێندنگاو مزگەوت و قەبرستان و باخچەو سینەماو یانەو تەواوی دامەزراوەکان لەکەرکوکدا لەکوردی‌یەوە بۆ عەرەبی، بەعس هەرچەندە لەم هەوڵەدا مایە پوچ بوو، بەڵام خوێنەر بەبەراوردێکی ئێستاو ساڵی 1970–1975و پێشتر قورسی ئەم کارەی بۆ دەرئەکەوێ لەڕوی سیاسی و کۆمەڵایەتی و دەرونی‌یەوە راپەڕینی بەهار ساڵی 1991 گەورەترین و توندترین گورز بوو بۆ سەر کۆڵۆنیالیستی بەعسی عەرەبی، زیاتر پیرۆزی و گەورەیی ئەو راپەڕینەش لەوەدا بوو جگە لەئازادکردنی سەرجەم شارو شارۆچکەو ناوچەکانی تری باشوری کوردستان، شەوی (19|20)/3/1991 بۆ یەکەم جارو بەشێوەی داگیرکار دەرپەڕاندن پێشمەرگە چوونە ناو شاری کەرکوکەوە ئەمە لەکاتێکدا پتر لە(5 تا 6) هەزار گەنج و پیاوی ئەو شارە لەتۆپزاوە گیرابوون بۆ

بەرگرتن لەڕاپەڕین، ئەم کردەیە لەدوای شکستی (1988)ەوە گەورەترین سەروەری و متمانە بوو گەڕایەوە بۆ پێشمەرگە لەمێژووی باشوری کوردستاندا ئازادکردنی ئەم شارە پەڕەیەکی پڕشەنگدارە، سەرەڕای هەموو کەموکوڕیەکانیش کە هەر لەیەکەم هەنگاوەوە دەرکەوتن، رزگارکردنی کەرکوك لەلایەن پێشمەرگەو خەڵکی راپەڕیوەوە سەرەڕای ئەوەی کە زۆربەی لاوەخوێن گەرمەکانی شار برابونە زیندانی تۆپزاوە، حکومەت باری نائاسایی زۆر توندی راگەیاندبوو، شار کرابووە گۆڕەپانێکی پڕچەکی سەربازی و بێوێنە چوار دەوری شار بەهێزی سەربازی تەنرابوو، زۆرێك لە(موجاهد خەلقەکان)ی ئێران بەپارە بەکرێ گیرابوون و لە(لەیلان) مۆڵ درابوون، گورزێکی گورچك بڕبوو بۆ رژێمی فاشستی بەعسی عەرەبی عیراقی و هەموو کۆڵۆنیالیێتی ئەم سەردەمە، ئەم گورزە بەتەواوی سەرجەم پرۆژەو خەونەکانی حزبی بەعسی بردە گڵەوەو ئەگەری هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتی بەزۆر دروستکراوی عیراقی قیت و ئەگەری دروستبونی دەوڵەتێکی کوردی باشوری کوردستاندا زیت کردەوە. ئەگەر ئەو بێ بەرنامەو بێسەروبەرییە نەبوایە بارودۆخی کوردستان پاش رزگارکردنی کوردستان دەچووە قۆناغێکی ترەوە، بەشێك لەو کەموکوڕیانە بریتیبون لە:

1-بەر لەهاتنە ناو ئەم شارەو هەر لەسەرەتاوە بەرەی کوردستانی بەرنامەی ئامادەو باشی بۆ رزگارکردنی کەرکوك پێنەبوو هەر حزبەو بۆ خۆی لەم پەڕی چەپ تا ئەوپەڕی راست هەر گەڕەکەو دەیان بارگاو بنکەی تیابوو کەس حسابی بۆئەوی تر نەئەکرد هەر حزبەو دەیویست خۆی زۆرترین خەڵك لەخۆی کۆبکاتەوە، هەرچەندە دەبوایە گورج ترو ئامادەتر بونایە بۆ پاراستنی ئەم شارە، چونکە (14)رۆژ بەسەر یەکەم رۆژی راپەڕینا تێپەڕی بوو ئەم چواردە رۆژە کەم نەبوو بۆ شارەزابوون.

2-لەم شارەدا لەهەرکوێ زیاتر لافاوی تاڵان و دزی زۆر لەڕادەبەدەربوو، ئەگەرچی لەگۆڕانکارییەکی ئاوادا تاڵان دیاردەیەکی ئاساییە، بەڵام ئەوەی لەم شارە ڕویدا شتێ بوو بەهیچ شێوەیەك هەزم نەئەکراو بەری پێناگیرا. ئەمە زەنگێکی خەتەرناك بوو، تاڵانچی و دزو جەردەکان سەرجەم لەناو حزبەکانی بەرەو دەرەوەیدا خۆیان حەشاردابوو هەندێکیش هێندە بەدەستەڵات بوون کەکەس نەتوانێ پێیان بڵێ بەری چاوت بەکلە.

3–بەرنامەیەك نەبوو لای بەرەی كوردستانیو كورد بەناوی (پاش گرتنی كەركوك هەنگاوو كردەچیو بەرەو كوێ) هێشتا بیر لەهیچ نەكرابوەوە ئەوە نەبێت كام حزب دەتوانێ زۆرترین دەسكەوت بۆ خۆی كەڵەك بكات.

4–كەركوك بەتەواوەتی پاك نەكرایەوە، جگە لەچەكداری نهێنی بەعسی ناو قادسیە، تسعین، رەحیم ئاوا، شۆڕیجە،هێشتان بنكەی ستراتیژی سەربازیو هێڵی یەك لاكەرەوەی پاراستنی شارو (كلیلی متمانە) سەربازگەی خالید لەبن چنگی رژێمدا بوو، كەمتر هێزی پێشمەرگە ئالایە ئەم سەربازگەیەوە هەندێك لەگەڕەكیعارەبەكان هێشتا دەستەڵاتی بەعسی تێدابوو پشتێنەیەكی ئەمنی لەلایەن هێزی پێشمەرگەوە بەدەوری شاردا دروست نەكراو زۆربەی پێشمەرگەكان لەنێوماڵو گەڕەكەكاندا بارگەیان خست نەك دەرەوەی شار، دەست بەسەرداگرتنی بەنزینخانەیەك لەسەركەوتن گرنگ تربوو ئەم بارودۆخە گیانی شۆڕشگێڕیو گەرمو گوڕی سەرەتای بێ وزەو سست كرد.

5–هەبوو لەناو خودی بەرەو لەدەرەوەشدا رزگاركردنی كەركوكیان بەبقەو خەتەر دەزانی بۆ سەر بەرژەوەندی سیاسیو جوگرافی ناوچەكەو بۆ سەر پەیوەندی (برایەتی) نێوان كوردو عەرەب لەم بارەیەوە مشتومڕێكی زۆر كراو كەمتر خەمی پاراستنی دەسكەوتەكان خورا. سەرەڕای هەموو ئەمانە لەئازادكردنی شاری كەركوكدا راستییەك بۆ هەموو دنیا سەپا ئەویش ئەوەبوو نە دوژمن توانیویەتی لەساڵی 1963و پێشترو پاشترەوە تا ساڵی 1991 كەركوك لەكورد دابڕێو نەكوردیش ئامادە بوو دەست لەو شارەی خۆی هەڵگرێ، چونكە كەركوك بەلای كوردەوە شادەماری ئابووری بەشی باشوری كوردستانەو هەرگیز ناتوانرێ دەستی لێهەڵگیرێ ئەمە جگە لەوەی بنكەیەكی باشی زمانو كولتورو كەلەپوری كوردییەو دەیانو سەدان چیرۆكو حیكایەتو مەتەڵو پەندی پێشینانو بەیتو بالۆرەی ئەم سنورە هێشتا وەكو پێویستو بەتەواوەتی كۆنەكراونەتەوەو لێكۆڵینەوەو قسەو باسیان لەسەر نەكراوە جگە لەهەندێك هەوڵی پرشو بڵاو بۆ نموونە كارەكانی نوسەر هەردەوێڵ كاكەیو تادوایی.

# بەشی یەکەم

## 1-کەرکوکی کۆن تا ساڵی 1921 :

مێـژووی بنیاتنـانی کـەرکوك زۆر کۆنـە، بـەپرش‌و بـڵاوی لـەزۆر کوچـەو کەلەبـەردا قسە لەسـەر کـۆنی ئـەم شـارە کـراوەو لەگـەڵ شـاری هـەولێردا دوو شـاری هـەرە کـۆنی ناوچـــەکەن، زانـــای جیـــوگرافی ســـترابۆ کـــەرکوکی بـــە(دیمتریـــاس) نـــاوبردووە، جوگرافیاناسـی یۆنـانی (بـەتلیمۆس گـاودی)نـاوی نـاوە گورگـورە یـان پـێ‌ی گوتـووە گورگـورە، هـەر ئـەم گورگورەیـە ئـیتر لـەڕۆژە سـەرەتاکانی مێـژووی ئـەم شـارەوە بـوە بەگوڕگوڕو کورد کردی بەباباگوڕگوڕ لەم بارەیەوە چەندین بەیت‌و بالۆرە هەیە وەك بابەگوڕگوڕ ئاگرم بکە گڕ، بابەگوڕگوڕ مناڵی وەك تیشکی ئاڵی ئاگری بەگوڕ هاتم بۆ کوڕ هاتم‌و تادوایی.

ئـەم شـارە لەسـەردەمی کیـشیەکان‌و مادیەکانـدا هـەبووەو شـاری کـوردان بـووە[1] گۆتی‌یـەکان[*] کردویانـە بەپایتـەختی ولاتەکـەی خۆیـان، ئـەم شـار بـەپێ‌ی نەخـشە جوگرافیەکەی سەردەمی (سەرجۆن ئەکەدی 2530-2447پێش زایین) لەهەولێریش کۆنترە لەوێدا ناوی هاتووە بەئارانی[2]. سەرەچاوەکان بەگشتی لەسەر ئەوە کۆکن کە ئارانی هەمان شاری کەرکوکی ئێستایە. بەدرێژایی سەدان ساڵ ئاشوری‌و ئەکەدی‌و هۆری‌و بابلی‌و میتانیەکان دەستیان بەسەریدا راگەیشتووە هەندێك لەمێژوونوسـەکان بە(منس) ناویـان بـردوە بەتایبـەتی لەسـەردەمی ئەسـکەندەری مەکدۆنیـدا، لـەماوەی نێوان 2230-2120پ.ز ئـەم ناوچـەیە بەکەرکوکیـشەوە لـەژێر قەڵـەمی فـەرمانڕەوای گۆتیەکانـدا بـووە، گۆتی‌یـەکان دەسـتەڵاتێکی بەهێزیان هـەبووەو سـۆمەریەکان بـاج‌و خـــەراج‌و دیـــاری بـــەنرخیان بـــۆ نـــاردوون‌و لـــەکاتی دەســـتەڵاتی ئەوانـــدا ناوچـــەکە لـــەئارامی‌و ئاسایـــشێکی بەرچـــاودا بـــووە[3]. فـــەرمانڕەوای گۆتیـــەکان جێـــی بایـــەخی لێکۆڵـەرەوان بووە، ئەگـەر شـەڕو شـۆڵی خـۆ بـەخۆ گۆتییـەکانی لاواز نەکردایە، دەکرا ئێستا لەناوچەکەدا شارستانیەتیەکی زیاتر لـە(4) هـەزار ساڵە لـەم ناوچـەیەدا هەبایـە گۆتیـەکان دەسـتەڵاتی ئـەم ناوچـەیان لەدەسـتا بـووە ئەگەرچـی مێژوویـەکی چـڕوپڕو

---

[1]-الاتحاد ژمارە 23 ل10 نوسینی هەڵکەوت عبدالکریم..

[*]-گۆتی‌یـەکان ولاتەکـەیان بـەگۆتیام نـاوزەدکراوە، پایتەختەکـەیان ئاراپخـا بـووە سـنوری دەسەلاتیان کوردستانی ئێستا بووە.

[2]-كركوك دراسة سياسية وأجتماعية. وريا جاف ل18.

[3]-میدیا، ئی.م دیاکۆنۆڤ وەرگێڕانی بورهان قانع لاپەڕە 165.

تێرو تەسەل لەم بارەیەوە نیە، یاقوتی حەمەوی لە موعجەم بولدانەکەیدا باس لەشارو شوێنێك دەکات بەناوی کەرخینی دەبێ کەرخینی لەنێوان دەقوقاو ئەربل دا بێت.

عبـدالرزاق حەسـەنی و لێکۆڵـەرەوان دەڵـێن ئـەم کەرخینیـیە هـەر کـەرکوکی ئێستایەو شوێنێکی تر نییە. هەندێك ناوی عەرەفەی ئێستا بەپێی شۆڕبونەوەی مێـژوویی دەبەنـەوە سـەر ئاراپخا کۆنەکە. عەرەفە کۆنترین گـەڕەکی شـاری کەرکوکـە ئـەوان دەڵـێن ناوەکـە بـەم جـۆرە گـۆڕانی بەسـەردا هـاتووە (ئـەرەپخا ئـاڕانی، ئارفە، ئەرفە، عەرەفە)!!.

شـاری کـەرکوك لـەنێوان سـاڵانی 126 بـەر لـەدایکبونی مەسـیحو 224 پـاش لەدایکبونی، پایتەختی حکومەتی ئەود یابین بووە حکومـەتی ئەد یابین حکومـەتێکی کوردی سەردەمی ئەشکانی بووە[1].

لەمنجدا ئاوا نوسراوە (کەرکوك شارێکە لەعیراق (200) هەزار کەس سەرنشینێتی کـە بـریتین لـەکورد، تورکمـان، عـەرەب لای بـابلیو ئاشـورییەکان ناوبـانگی هـەبووە ساسانیەکان (کەرمکان) گەرمکانیان پێ ووتوە).

لەسـەردەمی (نـارام سـینی) ئەکـەدی یـا (2400)سـاڵ پـێش زایـن بـەوڵاتی کوردسـتانیان دەگـوت سـوبارتو ئـەو حەلـە ئەرەبحـە کـە لـەم دوایـیەدا بوبـە ئـەورافا– عەرەفـە (واتـا کـەرکوك) بەشـێ بـوو لەسـوبارتو[2] لەسەرچـاوە سـریانییەکاندا (بـەیت کرمـای واتـە وڵاتـی گـەرمیان) ئـەم نـاوە گوایـە ئارامیـەکان لێیـان نـاوە، ئـەو دەم قـەڵا دەسکردەکەی ئێستا هەبووە، "قەڵای گەورە" لەشوێنێکی تری وتارێکدا کەریم زەند "الثقافة الجديدة"دا دەڵێ واتا "کاری گەورە" بەلای زانای گەورە تۆفیق وەهبیەوە هـەر کـەرخینی بـووە بەکـەرکینیو دواتـر کـەرکوك. دیـارە لەمێـژووداو بـەپێی گـۆڕانی سـەردەمەکان نـاو گـۆڕانی بەسـەردا دێـت بەتایبـەت نـاوی شـوێن، لـەکتێبی (دیاربەکریـە)ی ئەبوبـەکری تیهرانیـدا بـۆ یەکـەم جـار کـەرکوك وەك کـەرکوك نـاوی هـاتووە، ئـەم کتێبـە لەسـەردەمی مـەڕە سـپیو مـەڕە رەشـەکان (ئـاق قۆینلـو قەر قۆینلوی تورکدا) نوسراوە ناوی مەڕە سپیو مەڕە رەشەکان لـەوەوە هاتووە کە

[1]–الاتحاد 23ل12 نوسینی ئەبو بێریڤان.
[2]–هاواری کەرکوك ژ2، ل20ن، کوردێکی مێژونوس.

ئالاَكانيـان خـوری رەش‌و سپی مەڕ بـووە، هـەر كـەركوك (كـەرخادبیت سـلوخیش)* ی پێ‌گوتراوە كەركوك لەزەمانی ساسانیەكاندا پایەیەكی بەهێزی نەستوریەكان بووە.

عەباسـیەكان سـاڵی 1232ی زاینـی داگیریـان كـردووە لەسـەردەمی داگیركردنـی ئەماندا سەرەڕای وێرانكاری‌یەكی بەرچاو هیچ بایەخێكی وای پێ نەدراوەو خراوەتـە پـەراوێزەوە. لەسـەدەی شـانزەهەمدا بـەر شـالاَوی سـەفەوی‌و مـەغۆل كـەوتووە ئـەم ماوەیـە كـەركوك هـەر رۆژە بەدەسـت هێزێكـەوە بـووە بـەو پێ‌یـەی سـەرەڕێ‌ی لەشـكر كێـشیەكان بـووە، لەسـاڵی 1555ی زاینیـدا عوسمانیـەكان بـەپێ‌ی بەڵێننامـەی ئەماسیا بونە خاوەنی.

هـیرۆ دۆتـس لەچیرۆكەكەی خۆیدا باسـی ئـەم گـڕە پیرۆزەی كـردووە واتـە گـڕی بابەگرگڕ ئەو ئاگرەی بەدرێژایی مێژوو لەو ناوچەیەدا بڵێسەی سەندووە.

لـەژمارە (4)ی گۆڤاری هیـوا سـاڵی 1957دا هـاتووە (4500 تـا 400) سـاڵ بـەر لەهاتنە دنیای مەسیح لەمێژووی كلدانـدا شـاری كـەركوك بە(ئارفە) ئارەفـە ناوبراوە دوای (5–6) سەدە ئەم ناوە بووە بە(كەركرمای) لەودەمـەدا سنوری شـاری كـەركوك زۆر گـــەورەو فـــراوان بـــووە. لای ژووری زێ‌ی بـــچوك. لای خـــواروی نـــەهرەوان لای رۆژئـاوای دیجلـە نزیـك بـەتكریت‌و سامەڕابووە، رۆژهـەلاَتی هاوسـنوری ئێـران بـووە، ئەسكەندەری گەورە ئەم ناوەی داگیر كرد دوای ئەوە سلوكیەكان ناوی شارەكەش بو بە(كەرغ سلوخ) لەمێـژووی گشتی‌دا رۆژهـەلاَتناس (سـێرجۆن ملْكن) دەڵێ لـەدەوری فتوحـاتی ئێرانـدا شـارو ناوچـەكانی دەوروپـشتی بـەهۆی لەشـكر ئـارای نەتـەوەكانی دەوروپـــشتیەوە دانیـــشتوانی زۆریـــان لەژێرپێـــدا شـــێلراون، كوشـــتارێكی زۆریـــان لێ‌كـراوە. بـەواتای بیـستراو شـاری كـەركوك (بـەخت نەسـرم) بنیـاتی نـاوە، مێـژووی بنیاتنانی لەدەوری كلدانەكانە. مامۆستا سەجادیش لەگەشتەكەیدا بۆ ئەم شارە ئەڵێ 656ی كۆچـی كـە هۆلاكـۆ پـەلاماری شـاری بەغـدای دا لەكشانەوەیدا لـەو توركمـان‌و مەغۆلانەی لەسوپاكەیدا بووە. تیپێكی لەوانە بۆ بەرهەڵستی ئاژاوەو هـەرا لەكـەركوك هێـشتوەتەوەو لـەوی نیـشتەجێ بـوون* دیـارە هـەر داگیركارێـك هـاتووە بـۆ ئـەوەی

---

*–كەرخا دبیت سلوخ لەلایەن سلوكیەكانەوە وای پێ‌گوتراوە، دیارە هەر هێزوو سوپایەك كە هاتوونەتە ناوچەیەك ناوی شوێن‌و ناوچەكەیان بەناوی خۆیانـەوە ناو نـاوە هـەر بۆیـە دەبینین كەركوك ئەو هەموو ناوەی هەیە لەمێژوودا.

*–سەردەمی هاتن‌و جێگیربونی تورك لەكەركوك.

بەتەواوەتی شوێنەواری ئەوی پێش خۆی بسڕێتەوە کەوتوەتە تەفروتوناکردنی پێش خۆی بەم جۆرە زۆربەی شوێنەوارو کۆنینەکان لەناوچوون بیرەوەرییەکانی تەیمور لەنگو جەنگیزخانو هۆلاکۆ قسە لەسەر ئەو وێرانکاریو تێکدانە دەکەن.

(ئەم شار لەئەندازەی زەریاوە 341مەتر بەرزە پانایی زەوی هەموو لیواکە (200.376کم چوارگۆشەیە)[1].

دکتۆر ئەحمەد سوسە لەکتێبی (مفصل العرب واليهود في التأريخ) ئەڵێ (کەرکوك شارێکی گەورەیە لەعیراق یەکێکە لەکۆنترین شوێنە مێژووییەکانی عیراق 288کم لەبەغداوە دورە، جێکۆنەی کەرکوك قەڵای ئارەبخایە، ئەم ئاراپخایە دەگەڕێتەوە سەردەمی (حامورابی) سەرچاوە گریکیەکان (یۆنان) ئاراپخیوس (کەراخ–سلوخ) واتە شاری سلوخی (سلوخی=سلوکی) لەسەردەمی سلوکیەکان (312–135ی پ.ز) پێشکەوتنی زۆری بەخۆیەوە دیوە، شوێنەواری سۆمەری کە دەگەڕێتەوە بۆ 2600ساڵ بەرلە زاین لەم شارەدا دۆزراوەتەوە هوریەکان شوێنەواری زۆریان لەدەوروبەری ئەم شارە هەیە).

شەمسەدین سامی تورك لەقاموس ئەعلامەکەی خۆیدا[*] لەپیتی (ك.ڕ) لەسەر کەرکوك ئەڵێ (شاری کەرکوك مەرکەزی ئەو لیوایەیە کەپێی دەڵێن شارەزوورو ئەکەوێتە ویلایەتی موسڵ لەکوردستان. 160کیلۆمەترێك لەخوارووی ڕۆژهەڵاتی موسڵدایە لەخوار ڕیزە گردۆڵکەیەك دروست کراوە بەتەنیشت دۆڵێکی بەرین لەدۆڵەکانی زێی (ئەدهەم) وە، ژمارەی دانیشتوانی (30) هەزار کەسە قەڵایەكو 36مزگەوتو 1282 موغازەو دوکانو 8گەرماوی هەیە. پردێك لەسەر روبارەکە دروست کراوە کە هەردولای شارەکە بەیەکەوە گرێدەدات یەك قوتابخانەی ناوەندی (روشدیە)و 18سەرەتاییو (3) کەنیسەی تێدایە. بەرامبەر قەڵاکەی لەبەری ئەوبەری چەمەکەش خانو هەیە، سێ چارەکی دانیشتوانی کوردن) (واتە بەپێی قسەی شەمسەدین سامی تورك ئەو سەردەمە لە سەدەی نۆزدەدا کورد 3 لەسەر 4ی کوردبونو 7500کەسەکەی تریش تورکمانو عەرەبو کەمایەتیەکانیتر) جەلال تاڵەبانی لەوتارێکدا لە1999/3/22 لەهۆڵی ڕۆشنبیری سلێمانی سەبارەت بەکەرکوك

[1]–گۆڤاری هیوا ژمارە 4 ساڵی 1957ل5.

[*]–قاموس ئەعلامی تورکی دائیرە تولمە عاریفی عوسمانی بووە لەساڵی 1315ه 1896زاینی لەئەستانە نوسراوە.

دەڵێ (پیاوێکی فەرەنسی ناوی ژان ئۆتارە، ژان ئۆتار ساڵی 1734 لەئەستەمبوڵەوە بەکوردستاندا چووە بۆ بەغداد بەرەو ئەسفەهان چووە لەوێوە، ژان ئۆتار دەڵێ لەموسڵەوە بۆ عیراق (6) رۆژە رێ دورەو ئەوسا عیراق لەتکریتەوە دەستیپێکردوە هەروەها ژان ئۆتار دەڵێ کەرکوك پایتەختی ویلایەتی شارزوورو بەشێکە لەکوردستان[1] شەمسەدین سامی دواتر دەڵێ (کەرکوك (760)جولەکەو (460) کلدانی تیایە (20)کارگەی جۆلآیی و قوماشو خامی لێیە. نەوتی زۆرە گۆڕی دانیاڵو عوزێر پێغەمبەرو چەند پیاوچاکو شێخی لێیە، کەرکوك شارێکی کۆنە لەپێشا ناوی (کەرکورە) بووە پێنج ناحیەی لەسەرە مەلحە، دوزخورماتو ئاڵتون کۆپری، گڵو شوان تێکڕا 152گوندیان هەیە. هەمیشە لەو شوێنەی پێی دەڵێن بابەگوڕگوڕ (گڕێکی شین ئەچێ بەئاسمانا)[2].

مێژووی کۆنی کەرکوك لەگەڵ ئەوەشدا کە پڕە لەشەڕو ململانێو وێرانکردنو تالآنو بڕۆ کەچی شوێنەوارێکی زۆر لەناوچەکەدا هەیە وەك (گاسور، نوزێ، قەلآ، بابەگوڕگوڕ، چەرمۆ کە کۆنترین گوندی کشتوکاڵییە، بەردەبەلکە، وێران تەپە، (یۆرگان تەپە) وێرانە شارو هەتا دوایی.

دکتۆر نوری تاڵەبانی لەکتێبەکەیدا (منطقة کرکوك ومحاولات تغیر واقعها القومي) لاپەڕە 11 دەنوسێ (عبدالرزاق حسنی بەپێی گەڕانەوە بۆ هەندێ سەرچاوەی سریانی دروست کردنو بنیاتنانی کەرکوك دەگێڕێتەوە بۆ مەلیك (سەرد ناپاڵی) ئاشوری، بەڵام دکتۆر شاکر خسباك دەڵێ گۆتیەکان خاوەنی راستەقینەی ئەو شارەن)[3].

لەکەرکوكو دەوروبەریدا شوێنەوارو شوێنەزای کۆنی مرۆڤایەتی هەیە بەداخەوە نائارامی سیاسیو کۆمەلایەتیو سەربازی لەناوچەکەدا رێگەی نەداوە بەوردی پشکنینو گەڕانو لێکۆڵینەوەی وردی لەسەر بکرێت خوێندنەوەیەکی وورد و هەمەلایەنەو بوار رەخسان بۆئەوەی لێکۆڵینەوەی ورد لەناوچەکە بکرێ دەمانگەیەنێتە زۆر راستیتر کەتا ئێستا شاراوەن. دکتۆر ئەحمەد سوسە لەهەمان کتێبەکەی پێشودا دەڵێ (نۆزی، نوزێ یەکێ لەشارە هەرە کۆنەکانی دەوروبەری کەرکوكو کۆن گاسوری پێوتراوە، لەسەردەمی ئەکەدیەکاندا بنیات نراوەو هۆریەکان

---

[1]–کەرکوك ژمارە 1 هاوینی 1999 وتاری مام جەلال.
[2]–گۆڤاری برایەتی ژمارە (1) ساڵی (1) 1-6-1970.
[3]–منطقة کرکوك د.نوری تاڵەبانی لەندەن 1995ل11.

دەستیان بەسەردا گرت (ئەحمەد سوسەشۆڤێنی و رەگەزپەرستەو بەردەوام دەیەوێ کەرکوك لەخاوەنی راستەقینەی کە کوردە دابڕێ-نوسەر). سوسە دەڵێ هەروەها وێران شار (یۆرگان تەپە) 8میل لای باشوری رۆژهەلاتی کەرکوکەوەیە. ساڵانی 1925-1926 (شوێن دۆزانی) پشکنەری مۆزەخانەی عیراق و ئەمریکا (550)تابلۆی نەخشکراوی قوڕیان دۆزیەوە تابلۆکان هەمە چەشن بون. ساڵانی 1927-1931 زانکۆی (هارڤارد)ی ئەمریکا گەڕان و پشکنینی تیاکردووە.

دکتۆر جەمال رەشید ئەحمەد دەنوسێ (گاد ئەڵێ ئەوی یەکەمجار ئەو تابلۆیانەی دۆزیبێتەوە، واتا تابلۆکانی کەرکوك، دکتۆر کۆرنەر (D.r.Cornarr) بووە لەحوزەیرانی ساڵی 1925دا. دوازدە میل لەخوارووی کەرکوکی ئەمڕۆ، دوو میل لەباشوری دێی ترکەلان لەسەر گردێکا بە(یۆرگان تەپە) بەناوبانگە، پاشان پرۆفیسۆر چیرا (Chira) لەلایەن دەوڵەتی عیراق و بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری رۆژهەلاتی ئەمریکا لەبەغدا ساڵی 1925 دەستیکرد بەپشکنینی ناوچەی ترکەلان و ئەو تابلۆیانەی کە لەقەلای کەرکوك دۆزرانەوە لەناو هەمانەیەکی قوڕدا هەڵگیرابون) [ ].

ئەم تابلۆ دۆزراوانە کە دەگەڕێنەوە بۆ زەمانی میتانی (سۆباریەکان) د.جەمال رەشید دەڵێ نزیکەی (600)دانەن. یورگان تەپە (گاسور) کەوتوەتە باشوری رۆژئاوای شاری کەرکوکەوە نزیکەی45کیلۆمەتر لێوەی دوورە نۆزێی کۆنیش 35کیلۆمەتر کەوتووتە بەری باشوری رۆژئاوای. ئەو دیالێکتەی تێکستەکانی پێ نوسراوە شێوە دیالێکتی هۆریەو بۆ ناوەڕاستی سەدەی پازدەهەمی پێش زایین دەگەڕێتەوە.

میتانیەکان سێ پایتەختیان هەبووە:

1-ئارپخا.

2-واشوکانی.

3-ئەکباتان (هەمەدان)، دەوڵەتی میتانی (1550 تا 1400) بەر لەدایك بوون حوکمی کردوە. (150) ساڵەی دەستەلاتی حوکمی میتانیەکان سەردەمێکی زێڕین بووە بۆ ناوچەی ژێر قەڵەمڕەویان ئەولیا چەلەبی زاناو گەڕیدەش کە دێتە سەر باسی ئەو ویلایەتانەی کە بەکوردستان ناوبراون ناوی (9)ویلایەت دەبات لەناویاندا

---

[ ] -لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی دەربارەی مێژووی وڵاتی کوردەواری د.جەمال رەشید ئەحمەد لاپەڕەکانی 41+81.

شارەزوور کەبریتی بووە لەکەرکوك، سلێمانی، هەولێر شارەبان، خانەقین، مەندەلی دواتر شارەزور خۆی دەخرێتە سەر ویلایەتی موسڵ (دێینە سەری) سیاحەت نامەی ئەولیا چەلەبی دەڵێ پێدا تێپەڕبونی ئەم (9) ویلایەتە (17) رۆژە رێ بووە، دکتۆر فاضل حسین لەکتێبەکەیدا (کێشەی موسل) ئەڵێ (کەرکوك شارێکی کوردانە پێش شەپۆلی رەوە عەرەب بەرەو عێراق شاری کەرکوك لەلایەن کوردەوە دروستکراوەو نیشتمانی گۆتیەکان بووە) .

لەپەراوێزی شەرەفنامەدا لەلایەن مامۆستا جەمیل رۆژبەیانیەوە پەرەگرافێك بەم جۆرە نوسراوە (میر بوداغ کوڕی ئەبداڵ بەگی بابان کەرکوکی سەر بەویلایەتی بەغدای کردە باج دەری خۆیو پاسەوانی لەسەر دانا) . دەرکەوت کەرکوك سەربەویلایەتی بەغداش بووە. (ئەم مێژووە لەنێوان ساڵانی 1510–1515ی زایندا بووە پاشان لەساڵی 1516زاینی میر سەیدی سۆران کەرکوكو موسڵی لەژێر چنگ ناوەو بانگی سەربەخۆی دەستەڵاتدارێتیەکەی داوە) .

دکتۆر عەلا موسا کازم نەورەس لەکتێبی (عراق في العهد العثماني)دا ئەڵێ شاعەباس لەساڵی 1623ی زایندا بەغدای گرت پاش ئەوەی (3) مانگ ئابلۆقەی توندی خستەسەری. پاشان قاسم خانی بەهێزێکەوە نارد بۆ داگیرکردنی کەرکوكو موسڵ.

(شاری کەرکوك بەپێی سەرچاوە کۆنەکان بەتایبەتی دوو کتێبی دەست نوس کە یەکێکیان کلدانیەك بەناوی (پۆلس بیجان) نوسیویەتیو ئێستا لەشاری لیزك لەئەڵمانیایە کتێبەکە دەڵێ بەر لە27سەدە دانیشتوانی ئەم شارە لەمیدەکان پێك هاتوون یەکێ لە بە دەستەڵاترین گەورەکانی میدیا (ئەرپاك) بووە کە دژی ئاشورییەکان شۆڕشی بەرپاکردووە) .

مێژوونوسێکی کورد کە من بەمەلا جەمیلی رۆژ بەیانی دەزانم لەهاواری کەرکوك ژمارە2 کانونی یەکەمی 1998 دەنوسێ. ئەو پێشتر لەنارام سینی ئەکەدیەوە دەست

---

–کێشەی ویلایەتی موسڵ. د. فازڵ حسین، ئەم کتێبە کتێبێکی ئەکادیمیەو ساڵی 1999 محەمەد شاکەلی وەریگێڕاوەو بڵاوی‌کردەوە.

–پەراوێزی شەرەفنامە نوسینی مەلا جەمیل رۆژبەیانی.

–هەمان پەراوێزی سەرەوە.

–کەرکوك لەچاوی مێژوودا نوسینی ئەکرەم 1991.

پێدەکات، تا دەڵێ (هەروەها ئارامیەکان (وڵاتی گەرمیان)یان کردوه بەبیت گرمای عەرەبی سەرەتای ئیسلام کردویانە بە(باجرمی). ئەم باجەرمەیە لەلایەن سەعد کوڕی وقاص، هاشمی کوڕی عوتبە، کە برازای بوو لەگەڵ (ئەشعەسی کندی)دا ناردیانی بۆ داگیرکردنی وڵاتی باگەرمێ وا دیارە ئەم هەرێمەش وەکو شارەزور بەئاشتی و رێکەوتن خۆی داوە بەدەستەوە لەسەردەمی ئەمەوی و عەباسیدا تا نیوەی سەدەی شەشەمی کۆچی ناوی هەرێمەکە هەر (باجەرمی) وڵاتی گەرمیان بووە) [1].

هەمان نوسەر لەدرێژەی ئەو باسەیدا دەنوسێ (لەپاش دەورانی جەنگیزی مەغۆل، بابا ئەردەڵان توانیبوی لەبەشی کوردستانی ئێستای ئێرانا دەوڵەتێکی کورد دابمەزرێنێ. ئەم دەوڵەتە تا(نەوی زەڵم–شارەزوری) لەدەست داگیرکاران رزگارکردبوو، ئەم حکومەتە نزیکەی (300) ساڵی بەسەربەستی وڵاتەکەی بەڕێوەبرد) هەروەها تەیموری لەنگ کەرکوکی داگیرکردوعەلی موصلوی کرد بەئەمیری، بابانەکان و سۆرانەکانیش ماوە ماوە کەرکوکیان لەژێر قەڵەم رەودا بووە، هەر بەپێی قسەی ماهـ شەرەف خانمی ئەردەڵانی (مەستورە) کەرکوک چەند ساڵێ لەبن دەستی خان ئەحمەد خانی ئەردەڵانی دا بووە.. پێشتر ئاماژەمان بەوەدا کە کەرکوک بەپێی سەرچاوەو باسەکان هەر جارە لەژێر چنگی لایەکدا بووە بەپێی قسەی عبدالرقیب یوسف ساڵی 1534 کە سوڵتان سلێمانی قانونی عیراق و کوردستانی باشوری گرت و (ئەو دەمە عیراق دوو عیراق بووە عیراقی عەجەمی و عیراقی عەرەبی–نوسەر) لەبن دەستی دەوڵەتی سەفەوی دەریهێنا هەموو کوردستانی جگە لەبادینان لەیەکەیەکی کارگێڕی یەکانگیر کرد بەناوی ویلایەتی شارەزور ئەو دەم کەرکوک کرایە پایتەختی ئەم ویلایەتە نوێیە (هەندێ جار بەویلایەتەکەش دەگوترا کەرکوک ئەو سەردەمە عیراق (3) ویلایەتی بوو ویلایەتی موسڵ، بەغدا، شارەزور (کەرکوک) پاشتر ویلایەتی بەسراش پێکهات–نوسەر).

عبدالرەقیب ئەنوسێ ویلایەتی شارەزور کە مەڵبەندەکەی کەرکوک بووە لە(20) سنجاق پێك هاتووە (سنجاق یەکەیەکی کارگێڕییە) بەم شێوەیە (سروچك، هەولێر، کسنان، شارباژێر، جەنکولە لەکرماشان، چیای حەمرین، هەزار مێرد، گۆران

---

[1] –هاواری کەرکوك، کوردێکی مێژوونوس ل22.

(جوران)، مەرگە، هەریر، رۆدین، ئەمیل طـارى، زنجیر، عـەجوز، هـەورامان، باقپرنلی، پەلقاص شنۆ، قەلأی غازی) هەندێك لەم ناوانەم بۆ ساغ نابێتەوە..

عبـدالرەقیب ئـەڵێ ئـەم ویلایەتـە واتـە شـارەزور زۆر لەولایـەتی موسـڵ بـەناوبانگ تربووە بـەجۆرێك هـەموو ویلایـەتی موسڵ (5) سـنجاق بـووە شـارەزور (15)ی زیـاترە (بەهـەموو ناوچـەکانی هـەولێرو سلێمانیو کـەرکوك وتـراوە شـارەزور) هـەر ئـەو دەڵێ زۆربەی والیەکانی عیراق ئاوایان نوسیوە (محافظـة بغداد وبصرة وشهرزور) دیارە لـەکاتی نامـەی رەسمیو کاروباری نێوان والیو سوڵتانو کارگێڕیدا ئەمـە نیشانەی گرنگیو بایـەخی ویلایـەتی شـارەزور دەگەیـەنێ لای والیـەکانو سـوڵتانی عوسمـانی لەکاتێکدا گـەر بزانین لەحـەمرین بەو دیـودا تـا بەسرە بەهـەموو ناوچـەکانەوە بریتیـی بـووە لـەدوو ویلایـەت بەسـرەو بەغـدا. لەسـەرو بەنـدی نـەمانی ئـەمارەتی بابانـدا سلێمانیو کـەرکوك لەیـەك جیاکرانـەوە ئەمـە لـەزەمانی مەدحـەت پاشا ساڵی 1870، ئەم مەدحەتە بارو شێوەی کارگێڕیو لیوای کـەرکوك (شارەزور) لـە(6)قەزا بنیات نا (هەولێر، رەواندز، کفری، کۆیە، رانیە، کەرکوك خۆی).

ساڵی 1879 لیوای (شارەزور) کـەرکوكو لیـوای سلێمانی خرانـە سـەر ویلایـەتی موسـڵ. ئەمـە خـەڵکی موسـڵی تـوڕەکردو شـکاتیان کـرد لـەوەی کـە تـەواوی دامو دەزگاکـان بەفەرمانبـەری کـەرکوکی پڕبـووە[1] قـسەکانی عبـدالرەقیب تـەواو تورەبونەکـەی خـەڵکی موسـڵو شـکاتکردنەکەیان لـەوەوە سەرچـاوەی گرتـووە کـە گواسـتنەوەی سلێمانیو کـەرکوك بـۆ سـەر ویلایـەتی تـازە واتـە دامەزرانـدنی هـەمو فەرمانبـەرەکانی ئـەم دوو لیوایـە لەویلایـەتی تـازەو جێکردنـەوەیان لەکارگێڕیـدا ئەمەش مانای ئەوەیە لەسـەر حسابی خـەڵکی ویلایەتی موسڵ دادەمـەزرێنو جێگاو رێگا لەئەوان دەگرن.

مێژوونوسـی گـەورە محەمـەد ئـەمین زەکـی بـەگ لەمێـژووی کـوردو کوردسـتان دەنوسـێ (سـاڵی 1624 خـان ئەحمـەد خـانی ئـەردەلأن بەلەشـکرێکەوە چـووە سـەر شـارەزورو کـەرکوكو قـەلأی کـەرکوکی زەوت کـرد). (ئەمـە هـەر ئـەو روداوە بـو کـە مەسـتورەش دەیگێڕێتـەوە). خـان ئەحمـەد خـان هاوسـەفەری شـا عـەباس بـووە لـەم

---

[1] –رۆژنامەی بابەگوڕگوڕ ژمارە (1) لاپەڕە (2) عبدالرقیب یوسف 1991.

گێچەڵو شەڕانەدا، جارێکیتر عوسمانیەکان لەتۆڵەی شکانەکانی رابردودا ساڵی (1625) بەسەر لەشکری (صدر الأعظم) حافز ئەحمەد پاشا لەشکریان ناردەوە سەر کەرکوکو بەغدا ئەمیش سەرەتا کەرکوکی گرتەوە.

بەم شێوەیە کەرکوك کەوتەوە بن جنگی عوسمانیەکان، جارێکی تر (نادر شا لەڕۆژی (5)ی ئابی ساڵی 1743 بەسوپایەکی (170) هەزار سەربازی تەیارو پڕ چەکەوە هەڵیکوتایە سەر کەرکوکو لەدوای (8) رۆژ ئابلۆقە لە(13)ی ئاب کەرکوکی گرتو بەرەو هەولێرو موسڵ سەربازی سەرکەوتوی تاودا، نادر شا پاش ئەوەی ئاشتی نامەی لەگەڵ پاشا جەلیلی مۆرکرد لە(22)ی تشرینی یەکەمی ساڵی 1743 گەڕایەوە کەرکوکو هێرشی بۆسەر موسڵ راگرت).

ساڵی 1775ی زاینی کەریم خانی زەند هێزێکی (20) هەزار سەربازی پەڕاندەوە عیراقی شیمالیو بەرەو کەرکوك ملی نا پاش گرتنی چەندین گوندی ئەو ناوە، بەهۆی هێرشی سوپاکەی لەقۆڵی عیراقی جنوبیەوە بۆ سەر بەسرە هێرشی شیمالی پێش گرتنی کەرکوك راگرت. بەدرێژایی دەیان ساڵ کەرکوك لەنێوان عوسمانیو سەفەویەکاندا ئەمبەرو ئەوبەری پێکراوە کە ئەگەر ساڵ بەساڵو روداو بەڕوداو لێرەدا تۆماری بکەین هەم کاتی زۆرو هەم سەرچاوەی زۆری دەوێ بۆیە زیاتر لەسەر بایەخ دارترین روداوەکان وەستاوین جێی خۆیەتی ئاماژە بەقسەیەکی پڕ بایەخی (سێر بۆلارد) بکەین بەناوی (بەریتانیاو رۆژهەلات لەسەدە کۆنەکاندا، چاپی ساڵی 1952) ئەنوسێ (لەنیوەی دووەمی سەدەی هەژدەهەمدا گەر بیرم بێت (1772)دا گەڕیدەیەکی ئینگلیزی سەر لەویلایەتی موسڵ ئەدات باسی دانیشتوانو پیشەو خوڕەوشتیان دەکاتو دەڵێ (زۆربەی دانیشتوانی ئەم شارە کوردن) قسەی ئەو گەڕیدەیە لەسەر ناو شارەکەیە ئیبن بەتوتەش دەڵێ (کە چومە موسڵ بەزمانێ داخاوتن عەرەبی نەبوو هەندێك خێزانی-ش گامێشیان بەخێودەکرد).

مستەر ریچ لەکتێبەکەیدا گەشتەکەی بۆ کوردستان کە وەك بیرەوەری رۆژانە ساڵی 1820 نوسیویەتی بەوردی باسی دەوروبەری کەرکوکو ئەو ناوچانە دەکاتو

---

-العراق في العهد العثماني د.علا موسى كازم نەورەس.

-مەحمود مەلا عیزەت پرۆفیسۆر رادۆڤان باڤیچ راگەیاندنی (ی.ن.ك) 1985.

باس لەزۆرینەی ئەو ناوچانە دەکاتو باس لەزۆرینەی کوردی ئەو ناوچەیە دەکات. ریچ ئەگەرچی نەچوەتە ناو شارەکەوە، بەلاّم لەگوندەکانی شوانو قەرە حەسەنی نزیك کەرکوك ماوەتەوە[ ] .

دەربارەی ناوی کەرکوك ئێمە وتمان ئارفە، عەرەفە[*]، ئارفە ئەرەنجا، ئەرەپخا دبێت سلوخ، کەرخینی، ئاراپخیۆس، کەرکورەو چەندین ناوی دیکەی پێ گوتراوە، هەر سەرچاوەیەش بەپێی زمانو بەرژەوەندی زمانەکەیو لەپێناوی هێزە پەیوەندداەکەیدا ناوی خۆی بۆ داتاشیوە هەر چۆنێ بێت ناوی کەرکوك زۆر کۆنەو دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمێکی دورو لەمێژە بەم ناوە ناسراوە. ناوەکەش سیماو مۆرکێکی کوردەواریانەی گرتوەو لەزمانو بەکارهێنانی کوردیەوە نزیکە تا گەلانی دیکە، هەروەك بۆ ناوی بابەگوڕگوڕ یان گڕگڕیش ئەمە راستە، دەبێ دان بەو راستیەدا بنێین کە کەرکوك سەرەڕای زۆرینەی کورد شارێکە هەمیشە گەلانو خەڵکی تریش تێیدا ژیاوە چ وەك تورکمانو عەرەبو ئاشوریو ئەرمەنو کلدانو جوو چ وەك ئاینو مەزهەبەکان، کەریم زەند لەڕوانگەیەکی ناسیونالیستانەی کوردەوە سەبارەت ناوی کەرکوك دەنوسێ (کەرکوك واتە کار+کۆك (کار یان ئیشێکی گەورە، کۆك)[ ] ) ئەو دەڵێ کار سەردەمی سۆمەرییەکان هەر بەو مانایەی ئێستا بۆ ئیش بەکارهاتوە کۆکیش واتە گەورە، بایەخدار. هەڵبەت هیچ پاڵپشتێکی زانستی بۆ ئەم رایە نیە لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر وا لێك بدەینەوە کە (کەر واتەی قەلاّ بێتو کوك یان کۆك بەو مانایە بێت کە کەریم زەند دەیڵێ ئەوا دەبێتە قەلاّی کۆك، هەڵبەتە دەبێ ئەوە بزانین لەم ناوچەیەدا زنجیرەیەك قەلاّی دەسکرد هەیە کە رەنگە بگەڕێنەوە بۆ سەردەمی ساسانیەکان یان پێشتر یان دواتر خۆ گەر کەرکوك، قەلاّی گەورە یان کۆك بێت ئەوا دەکرێ بڵێین ئەم بۆچونە لەبۆچونەکەی کەریم زەندەوە نزیکە.

دەبێت ئەوەش بڵێین کە ئەم شارە یەکێ لەشارە گەورەکانی کوردستان بوەو لەبەشی باشوری کوردستاندا گەورەترینو لەسەر ئاستی کوردستانی گەورە دووەم

---

[ ] –گەشتی ریچ بۆ کوردستان 1820 نوسینی کلۆدیۆس جیمس ریچ، وەرگێڕانی لەعەرەبیەوە محەمەد حەمە باقی.

[*] سەبارەت ئەم ناوە کۆمپانیای نەوت سەرەتای پەنجاکان گەڕەکێکی بە ناوی عەرەفە دروست کرد.

[20] -الثقافة الجديدة كركوك في ذاكرة التأريخ كريم زەند.

شار بووە بەپێی کتێبەکەی دکتۆر عبدالرحمان قاسملو واتە کوردستان‌و کورد، قاسملو لەو بارەیەوە دەڵێ (گەورەترین شاری کوردستان کرماشانە لەئێران کە ژمارەی دانیشتوانی دەگاتە (150.000)کەس، پاشان کەرکوك لەعێراق کە (78.648) کەسەو دیاربەکر بەپلەی سێیەم دێت کە (63108)کەسی تێدابووە[1].

لام وایە سەرچاوەی ساڵەکەی ئەم ژمارانەی دکتۆر دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1970، لەم کورتەیەدا گەیشتینە ئەو راستییەی کە دۆست‌و دوژمن تەنانەت تورك‌و فارس‌و عەرەبیش زۆربەیان لەسەر ئەوە کۆکن کە کەرکوك شارێکی کوردی‌و کوردستانی‌یەو لەگەڵ ئەوەشدا کەمینەی نەتەوەکانی دیکەی لێیە وەك سەرجەم یان زۆربەی شارەکانی رۆژهەڵات کە فرە نەتەوەو رەگەزن. بەپێی هەموو سەرچاوەکان زۆربەی هەرە زۆری دانیشتوانی ئەم شارە کوردن رێژەیان لەسەدەکانی 17و 18دا 3\4ی دانیشتوان بوەو سەرجەم دەوروبەرەکەی جگە لەمەلحەو هەندێك ناوچەی تورکان بەگشتی کوردن، زۆربەی ناوچەکان‌و ناوەکان‌و شوێنەکانیش کوردین ئەگەرچی بەردەوام لەهەوڵی گۆڕیندا بونە بەدرێژای مێژوییەکی چەند سەت ساڵەش کورد‌و تورکمان لەم ناوچەیەدا ژیاون‌و تێکەڵیەکی لەڕادە بەدەریان هەبووە جگە لەکارەساتی سالآنی کۆتای پەنجاکان کە ئەو دەمە (نازم تەیەقچەلی) ویستی ئاژاوەیەك بنێتەوە (دواتر دێینە سەری) هەرچۆنێك بێت کورد هەرگیز نەیگوتوەو نەیویستوە تورکمان‌و ئەو عەرەبانەی لە کەرکوکدان نکۆڵیان لێ بکرێ، جیاوازی نەتەوایەتی‌و رەگەزیش دەگەڕێتەوە بۆ دوای دروست بونی دەوڵەتی عیراقی عەرەبی، شەڕەکانی پێشتر لەسەر فراوانکردنی قەڵەمڕەوو باج‌و خەراج بووە، بەهۆی نائارامی سیاسی‌یەوە ئەم شارە کۆنە پڕبایەخە دەوڵەمەندە پێشکەوتن‌و شارستانیەت‌و تەلار سازی بەخۆیەوە نەدیوەو هەردەمە یەکێ تێك‌و پێکی داوەو داگیری‌کردوە بەهۆی ئەوەی شوێنەکەشی لەنێوان بەغداو موسڵدایە هەرکاتێك لەجنوبەوە بۆ شیمال یان بەپێچەوانەوە لەشکرکێشی کرابێت ئەم شارە کەوتوەتە ژێر پێوە. ئیتر ئەم شارە سەرەڕێی سوپا بووەو هەمیشە لەبەر پێی شالآوی تالآن‌و بڕۆدا بووە، کەرکوکیش دانیشتوانەکەی پێکەوە نەژیابن‌و شەڕو شۆڵیان بوبێت هەر خۆیان زەرەرمەند بونە، لێرەدا دەبێ بڵێم لەڕووی دروستکردنی خانوبەرەوە، سیمایەکی کوردەواریان زاڵبوە بەسەر

---

[1] –کوردستان‌و کورد عبدالرحمن قاسملو ل26.

بیناسازیداو زۆربەی خانوەکان روو لەخۆرن، واتە هەیوانەکانیان ئاراستەی خۆرە، ئەمەش شێوەی رەسەنی خانووی کوردەواری‌یەو رەنگە مێژویەکی کۆنی هەبێت هەر لەو رۆژەوە کە کورد دەستی لەکۆچەری هەڵگرتوەو نیشتەجێی بووە، جگە لەزمان ئاوازو دەنگ‌و مەقام کوردیەکی پەتیەو گەلانی دیکەی وەك عەرەب‌و تورکمانیش سودیان لەئاوازو مەقامی کوردی وەرگرتووە لەوانە سێگاوقەتارو ئەلاوەیسی‌و بەیات‌و خورشیدی‌و تا دوایی کە کوردو عەرەب‌و تورکمان وەك یەك دەیڵێن. ئەمە جگە لەبونی دەیان یاری‌و بەزمی کوردەواری کە لەناو کەرکوك‌و دەوروبەریدا کراوەو هەندێك لەو یارییانە مێژویان دەگەڕێتەوە بۆ سەدان ساڵ وەك بەردو گۆ لێرەدا پاش ئەم ئاوڕە خێرایە لەکەرکوك لەسەدەکانی کۆندا بۆمان دەردەکەوێ بەدرێژایی مێژویەکی دورودرێژ ئەم شارە شاری کوردان بووەو هەمیشە کوردی تێدا ژیاوە، لەسەدەی پازدەو شازدەش بەدواوە باپیرە گەورەی ئەم دانیشتوانەی ئێستا لەهەمان شارو دەوروبەر بونەو لەگەرمەی ململانێ‌ی دوو دەوڵەتی سەفەوی‌و عوسمانیشدا هەمیشە ئەم شارە لەژێر پێ‌ی دوژمناندا بووەو بەردەوام دانیشتوانە راستەقینەکەی زەرەرمەند بونە. لەچەند ساڵی سەرە مەرگی دەوڵەتی عوسمانی‌و شەڕی گەورەی جیهانیدا شارەکەش بەتەواوەتی چارەنوسی بەستراوە بەچارەنوسی ویلایەتی موسڵەوە. پێشتر لەساڵی (1909 عوسمانیەکان رێگەیان دا بەریتانیا بێنە ناوچەکە بۆ گەڕان بەدوای کانە جۆراوجۆرەکان) [1].

پێشتریش بەریتانیایەکان دەمێك بوو چاویان بڕیبووە ئەم ناوچەیە کە لەبەشی نەوت‌و کەرکوکدا ئاوڕی لێدەدەینەوە، لەکاتی شۆڕشی شێخ مەحمودی نەمرداو لەگەرمەی دروستکردنی‌حکومەتی یەکەمدا 1918 لەسلێمانی‌و زۆربەی گەورەپیاوانی کوردی کەرکوك پەیوەندیان کرد بەشێخ مەحمودو شۆڕشەکەیەوە، لەوانە کەریم بەگی فەتاح بەگ، سەید محەمەدی جەباری کە پاشتر دڵیان شکان، برایم خانی دەلۆ هتد.. دەبێ ئەوە بزانین کە لەو سەردەمەدا هۆزە کوردەکان لەم سنورەدا خاوەنی هێزێکی باشی سوارو پیادە بونە کە ئینگلیزەکان لەساڵی 1919دا لەباسی هۆزە کوردەکاندا بەم شێوەیە باس لەبەشێکی زۆری عەشرەتەکانی ئەم ناوچەیە دەکەن.

---

[1] –هەشتا ساڵ تەعریب‌و گۆڤاری کەرکوك ژمارە 4 ل31 جەلال جەوهەر عەزیز.

1–بیبانی سەرۆك، كیۆخا ئەحمەد مەعروف

هێز پەنجا سوار، شوێن هەردو بیبانی

2–داودە، داودی سەرۆك، رأفت بەگ، دارا بەگ، عەزیز عەباس ئاغا، ساڵحی لوتفی ئانی تا دوای.

3–دەلۆ، خورشید بەگ، وەیسی بەگ، مەحمود بەگ، سمایل خان هتد.

هێز 250سوار250پیادە

4–گێژ سەرۆك خورشید محەمەد مستەفا كوێخا

20 سوار 200پیادە

5–هەمەوەند سەرۆك كەریم بەگ، حەمە ئەمین ئاغا تا دوای

هێز 20 سوار 200 پیادە

6–جەباری سەرۆك سەید محەمەد سەید ئەحمەد

100 سوار 150 پیادە

7–جاف بەهەموو لقەكانیەوە

| | | |
|---|---|---|
| 1–رۆغزایی | 300سوار | 500پیادە. |
| 2–هارونی | 300سوار | 500پیادە. |
| 3–شاتری | 400سوار | 600پیادە. |
| 4–تەرخانی | 150سوار | 400پیادە. |
| 5–باشكی | 30سوار | 80پیادە. |
| 6–تیلەكۆ | 50سوار | 30پیادە. |
| 7–ساداتی | 30سوار | 80پیادە. |
| بەگشتی | 1260سوار | 2190پیادە |

8–كاكەیی سەرۆك سەید وەلی، سەید خەلیل، سەید رۆستەم

هێز 500سوار 700 پیادە

9–لەیلانی سەرۆك كوێخا ئەحمەد لەیلان

هێز 80سوار 300پیادە

10–پاڵانی غەفور ئاغاو رۆستەم ئاغا

هێز 10سوار 35پیادە

11–**ساڵەیی تۆفیق بەگ، تەها بەگ، مەجید بەگ تا دوای**

**هێز** 25**سوار** 180**پیادە.**

12–**شێخ بوزێنی** 70**سوار** 500**پیادە**

13–**شوان کێشك، سەرخاسە سەرۆك کوێخا حەسەن کوێخا رەجەب عەزیز شەریف جەلیل، کوێخا رەشید عوسمان هتد.**

**هێز نەنوسراوە تەنیا ئەوە نەبێت دەڵێ عەزیز شەریف بە(**150**) سوارەوە چووە پاڵ شێخ مەحمود.**

14–**تاڵەبان بەلقەکانیەوە سەرۆك شێخ حەمید**

**هێز** 400 **سوار** 400**پیادە**

15–**عومەر بل**

16–**زەنگەنە**

**نە** 60**سوار ،** 200**پیادە**[23].

**پێدەچێت ئینگلیز لەم راپۆرتەدا لەسەر هۆزە کوردەکان بەو شێوەیە کاری کردبێت کە لەلایەکەوە دووبەرەکی دروست بکات لەناو خێڵەکاندا لەلایەکی تریشەوە ئەوەی خۆی بیەوێ هەڵیبنێ و ئەوی خۆی نەیەوێ بەسوکی قسەی لەسەر بکات وەك لەخوێندنەوەی راپۆرتەکەدا ئەو راستیە دەردەکەوێت، بەریتانیا پاش گەیشتنی بەناوچەکە بەو شێوەیە کاریکردووە کە دەڵێ (پەرتکەو زاڵبە) بۆیە لەنێو عەشرەتەکاندا ویستویەتی هەندێك وەك دوژمن و هەندێك وەك دۆست نیشان بدات. لەساڵی** 1918 **بەدواوە کەرکوك بەتەواوەتی کەوتە بن چنگی بەریتانیاوە، ئیتر لەدانیشتن و قسەوباسەکاندا هەمیشە قسەی بەریتانیا لەسەروقسەی عوسمانیەوە بوو، هەر بۆیە بەریتانیەکان لەو سەرو بەندەدا دەیانویست مەرجەکانی خۆیان بسەپێنن هەر لەو ساڵەشدا** 1918 **حکومەتی یەکەمی شێخ راگەیەنراو بریتانیا پشتگیری کرد، پشتگیریەکە پشتگیریەکی تاکتیکی بوو، چونکە لەڕاستیدابەریتانیا بۆ کورد هیچ پرۆژەیەکی ئامادەکراوی نەبوو، بەریتانیا دەیویست دەوڵەتێکی عەرەبی نوێ لەبەرامبەر تورکیاو ئێراندا دروست بکات دەوڵەتێك،سەرۆك وسوپاو سیاسەتەکەی عەرەبی بێت لەژێر پەرچەمی بەریتانیادا ئەمە ڕێك لەقسەو بۆچونەکانی (سێر پێرس کۆکس)و**

---

[23]-العشائر الكردية. ترجمة وعلق عليه فوأد حمة خورشيد 1979.

(سـێر ئارنۆڵد وێڵس)و (لیـچمان)و بەریتانیەکانـدا دەردەکـەوێ، وێڵسن بەهەنـدێ تێبینیشەوە لەسەر عەرەب دەڵێ (عەرەبـەکان رایـان وایـە دامەزرانـدنی دەوڵـەتێکی عـەرەبی پێکهاتوو لەبەسەرەو بەغداو موسڵ لـەژێر دەسـتەڵاتی شـازادەیەکی عەرەبـدا چارەسـەرێکی نمونەییە)،و دەڵێی (عەرەبەکان رازی نابن بـەبێ سەرپەرشـتیو راوێـژو یارمـەتی بـەریتانیا دەوڵـەتێکی عـەرەبی دابمـەزرێ) [ ] هـەر لەسەرەتاشـەوە لەسـەر پێشنیاری عەرەبـەکان سـێر پێرس کۆکس کرا بەنوێنەری بـەرزی بـەریتانیاو ئەوانـەش کـە ناویـان بـۆ پاشایەتی عـێراق نوسرا هەر چواریان عەرەب بوون (هادی پاشای عومـەری خـەڵکی موسڵ یـەکێ لەبنەماڵـەی پاشەیەتی میسر، یەکێ لەکوڕانی شەریفی مەککە، نەقیبی بەغدا) [ ] دەبیـنین لەعێراقێکداو بەتایبـەت لەویلایـەتی موسـڵدا کـە زۆربـەی کـوردەو دواتـر تورکمـانو عـەرەبو مەسـیحیو کلدانو فەلە دێت هـەر باسـی کـورد ناکرێـتو بـەزۆریش دەیانـەوێ بۆئـەوەی عـەرەب بکـەن بەزۆرینە هەردوو ویلایەتی بەسرەو بەغداش لەگەڵ موسڵدا بەیەکەوە گـرێ بـدەن، بیـانوی عەرەبەکانیش ئەوەیە کە موسڵ لەسـەردەمی ئیسلامیـشدا هـەر لەگـەڵ عێراقـدا یـەك بـووە. بۆیە لەسەرەتادا گوتمان پشتگیریەکە تاکتیك بوو هەرزوو بـەریتانیا هەنـدێك کوردی لێـرەو لـەوێ لەشـێخ هەڵگەڕانـدەوەو سـاڵی (1919) یـەك سـاڵ دواتـر لەشـەڕی دەربەنـد بازیـان مـەلیك دیـل کـراو رەوانـەی هیندسـتان کـرا. لەتـشرینی 1920 حکومـەتی کـاتی عـێراق دامـەزرا، نوێنـەری بـەریتانیا سەرپەرشـتی ریفرانـدۆمی ناوچـە کوردیـەکانی کـرد، لـەڕا وەرگرتنـی پاشـایەتی فەیسەڵیـشدا کوردەکـانی موسـڵو هـەولێر دەنگیـان بـۆ دا هەنـدێکیان دەنگیـان نـەدا، بەگـشتی کـوردی کـەرکوك دژی هەڵبـژاردنی فەیـسەڵ دەنگیـان دا، سـلێمانی دەنگیان نـەداو بەشـداریان نـەکرد، بـەم جـۆرە دەبیـنین بـەرە بـەرە کێـشەی کـوردو کێـشەی کەرکوك لەنێو گفتوگۆ رێکەوتننامەکانی سایکس بیکۆو سان ریمۆو لۆزاندا خرایـە ژێـرەوەو کوردستان بەزۆری زۆرداری لکێنرا بەعێراقی عەرەبیەوە بەم جۆرە لەدروستکردنی عێراقـدا هیچ پرسێك بەکورد نەکراو ئەو پرسە گورگانەیەش بۆ ئەوە بـوو گـوێی لێنـەگیرێ لێـرەوە

---

[ ] –کێشەی ویلایەتی موسڵ د.فاضل حسین وەرگێڕ محەمەد شاکەلی ل11.

[ ] –هەمان سەرچاوە.

کەرکوکیش وەك سلێمانیو هەولێرو موسڵ کرایە بەشێك لەعیراقو پاشتریش هەریەکە لەوانە بونە پارێزگای سەربەخۆ لەژێر سایەی عیراقی عەرەبیدا*.

**2-کەرکوکی ئەمڕۆ:**

لەبەشی پێشودا بەپێی چەندین سەرچاوەو قسەی لێکۆڵەران هەوڵماندا شتێك لەمێژووی کۆنی کەرکوك بخەینە بەر دیدەی خوێنەران، لەم بەشەدا هەوڵ دەدەین لەدروستبونی دەوڵەتی عیراقو هاتنی فەیسەڵەوە بۆ سەر عەرشی عیراق لەم شارە بدوێین، قسەکردن لەئەمڕۆی کەرکوك لە80ساڵەی سەدەی رابردوودا هێندەیئەوە گران نىیە کە قسە لەسەر کەرکوکی کۆن دەکەین، بەڵام ئەو تێکچڕژاویو گیروگرفتو کێشانەی ئەم پتر لە80ساڵە مرۆڤ توشی سەرسامیىیەکی سەیر دەکات ئەو یاریکردنەی لەم ماوەیەدا بەسیماو ناوەرۆكو چوارچێوە کۆمەڵایەتیو جیۆگرافیو سیاسیەکەی ئەم شارە کراوە مایەی نیگەرانیىیەکی گەورەیە بۆ مرۆڤی کورد بەتایبەتی لەم بەشەدا بەکورتیو بەچڕی لەسەر ئەو گیروگرفتو کێشانە دەوەستین (فەیسەڵ لە1921/7/21 کرا بەشای عیراق، لەهەڵبژاردنی فەیسەڵدا بۆ ئەو پلەیە دانیشتوانی کوردستانی عیراق بەشداریان نەکرد) . ئێمە پێشتر شێوەی پرس کردنەکەمان باس کردو بەشداری کوردیشمان لەو هەڵبژاردنەدا نیشاندا، یەکێ لەهۆکارە هەرە سەرەکیەکانی بەشداری نەکردنی کورد لەهەڵبژاردنی فەیسەڵدا پشتگوێ خستنی خواستەکانی کوردە، چونکە وەك پێشتر گوتمان دەوڵەتی عیراق دەوڵەتێکی عەرەبی بوو، کوردیش عەرەب نین تا بەو دەوڵەتە عەرەبیە رازی بن لەنزیك بە(هەشتا) ساڵی بەعیراقەوە بەستراوی کوردستانی باشوریشدا دەرکەوت ئەو بەزۆر پێکەوەلکاندنە بەلایەکی بەسەر دوو گەلی کوردو عەرەب هێنا ئەمە لەکاتێکدا بەدرێژایی سەدان ساڵ پێشتر ئەم دووگەلە زۆر نزیك بون لەیەکەوە تەنانەت لەهاتنی سوپای ئیسلامیشدا زۆربەی کوردەکان بەئاشتی ئاینە نوێیەکەیان وەرگرت. لە1925/12/16دا بەفەرمانی (رەسمی) کوردستانی باشور لکێنرا بەعیراقی ئینگلیز کردەوە، هیچ یەك لەنوسەرو بیرمەندو مێژونوسەکانی ئەودەمی عەرەبیش ناتوانن بیسەلمێنن کە باشوری

---

*تا ئێرە ئەوەی ناومان نابوو کەرکوکی کۆن یان کەرکوك تا ساڵی 1921، تەواو من دڵنیام ئەم بەشە هێشتا کەموکوڕی زۆرە لەگەڵ ئەوەشدا بۆ لێکۆڵەرانو توێژەران کار ئاسانیەکی باشە کە بگەڕێنەوە سەر ئێرەو سەرچاوەکانی.

-مامۆستا چیا ئەمنی ستراتیژی ل92.

کوردستان بەشێکە لەعێراقی عەرەبی، نوسەرانی وەك عبدالرزاق حسنیو دکتۆر فازڵ حسێنو دکتۆر شاکر خسباكو تادوای لەتێزو بیروبۆچونەکانی خۆیاندا ئەم راستیە دەردەبڕن، لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەی رۆشنبیرانی عەرەب ئەوانەی بیری ناسیۆنالیزمانە بەسەریاندا زاڵە ئەو رۆژە دەیانویست ویلایەتی موسڵ لەژێر چەتری عیراقی عەرەبیدا بێت وەك لەبیروبۆچونەکانی (ویڵسن)دا ئاماژەی پێدراوە (بگەڕێوە بۆ کێشەی ویلایەتی موسڵ) لەسەرچاوەیەکی دیکەدا سەبارەت هاتنی فەیسەڵ نوسراوە (کاتێ ئیمپریالیستەکان لە23 ئابی 1921دا لەڕێگای ریفراندۆمێکەوە توانیان فەیسەڵ کەیەکێك بوو لەئەندامانی بنەماڵەی پاشایتی هاشمی بکەنە پاشایەتی عیراق. دانیشتوانی کەرکوك بەرهەڵستی ئەو ریفراندۆمەیان کردو ناڕەزایی خۆیان دەربڕی بەرامبەر لکاندنی کەرکوك بەعیراقی عەرەبیەوە)[ ].

کورد نەك هەر ناڕەزای بوو کە کەرکوك بلکێنرێتە عیراقی عەرەبیەوە بگرە لەسەر تەواوی ویلایەتی موسڵ ناڕازی بون کە تا ئەو کاتە هەموو، یان زۆربەی باشوری کوردستانی دەگرتەوە، لێرەدا دەبێ ئەوەش بڵێین کە بەڕاستی هێنانی فەیسەڵ لەشوێنێکی ترەوە بۆئەوەی بکرێ بەپاشای عیراق سوکایەتیەکی گەروەیە بەگەلانی عیراق بەگشتی، بەڵام بەریتانیا جگە لەوەی کە پێدەچێت لەگەڵ فەرەنسادا لەسەر ئەو پرسە رێکەوتبن بۆ خۆشی سورە لەسەر ئەوەی ئەو بەڵێنەی بەعەرەبی داوە جێبەجێی بکات، بەهەر جۆرێكو هەرچۆنی بێت دروست کردنی ئەم عیراقەو سەپاندنی ئەو مەلیکە بەشێوەیەکی ئارەزومەندانە نەبوەو لەژێر فشارو زەبردوزەنگدا بووە. ئەوەتا جگە لەوەی سلێمانیو کەرکوك بەر پەرچی تەواوی ئەو بڕیارە دەدەنەوە لەموسڵو هەولێریش دەنگی ناڕەزایی هەیە کەچی مەلیك هەر دەکرێ بەمەلیك، رازی بونی عەرەبەکانی بەغداو بەسرەش لەوێوەیە کە حکومەتو وەزارەتەکە بەخشراوە بەعەرەبێکی دیارو ناسراوی بەغدا(عبدالرحمن نقیب)و کۆی وەزارەتەکەش هەموویان عەرەبن ئێمە پێشتر ئەوەمان گوت کە پێش هاتنی ئەو مەلیکەش بۆ ئەتڵەسی (عیراقی نوێ) عیراقی بەزۆر پێکەوەگرێدراو. ساڵی 1918 حکومەتی سەربەخۆی کوردستان لەناوچەی سلێمانیو دەوروبەری بەسەرۆکایەتی مەلیك مەحمود هەبووەو لەسەرەتاشدا بەریتانیا نەك لەبەر

---

[ ]- پەراوێزی پێشوو.

خاتری کورد بۆ دژایەتیکردنی تورك پشتگیری کردووە، بەڵام ئەو پشتگیرییە کەمتر لەساڵێکی خایاندوە، خۆ ئەگەر ئەو حکومەتە لەو رۆژەدا بیتوانیبا لەسەر پێی خۆی بوەستێ‌و بمابایە تا ئەمڕۆو درێژەی بەژیانی سیاسی خۆی بدایە ئێستا بارودۆخ جۆرێکیتر دەبوو، مەلیك بەپێی هەندێ لەسەرچاوە کوردیەکان هەمیشە رزگارکردنی کەرکوکی لەخەیاڵدابووەو پێی وابووە بێ رزگارکرنی کەرکوك کوردستان ناتوانێ سەربەخۆ بێت. شەڕی ئاوباریکیش 1931 زۆر رێی تێدەچێت هەر لەپێناوی ئەوەدا بوبێت کەرکوك رزگار بکات، چونکە هێنانی ئەو هەموو هێزە بۆ ئەو ناوچە تەختو فراوانە هەر لەخۆڕا نەبووە ئەگەرچی یەکێ لەهۆکارەکانی هاتنی شێخ بۆ گەرمیان لەو دەمەدا پەیوەندی بەیەکخستنی هێزی عەشایەری ئەو سەردەمەوە هەیە، هەڵبەت مەلیك لەو سەروبەندەدا لەڕوی ئابوری‌و سیاسی‌و کۆمەڵایەتییەوە بایەخی کەرکوکی لێك داوەتەوەو ئەو ساو تا ساڵانی (1970)ش کەرکوك گەورەترین شاری باشوری کوردستان بووەو ماوەیەکی زۆریش هەولێر سەر بەکەرکوك بووە. بەر لەو مێژووە، ئەگەرچی ئەو رۆژە داگیرکارەکان بەتایبەتی بەریتانیا پرۆژەی دەوڵەتێکی کوردی لەبوخچەی دانە بووە، بەڵام پێدەچێت کوردیش وەك پێویست خۆی یەك لا نەکردبێتەوە لەنێوان تورك‌و ئینگلیزدا، سەرچاوەکانی بەریتانیاش قسە لەسەر پەیوەندی کوردو عوسمانی دەکەن ئەو شێوە هەڵوێستەش پاشتر لەوەڵامەکانی کوردا رەنگ ئەداتەوە بۆ پەیوەست بونیان بەعیراقی نوێوە!! کورد لەو دەمەدا نە توانیویەتی وەك پێویست سود لە(12) بەندەکەی ویلسنی سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو نە توانیویەتی سود لەپەیمانی سیڤەرو نە توانیویەتی سود لەلاوازبوونی حکومەتی عوسمانی ببینێ‌و لەو ماوەیەدا سەرنجی بەریتانیا بەلای خۆیدا رابکێشێ چەند خاڵێکی زۆر سەرنج راکێشی دەیەی بیستی سەدەی رابردوو بریتین لە:

1-روداوی 1924 لیڤیەکان کە بەهەڵە بە(شەڕی ئەرمەن) ناسراوە.

2-هەڵوێستی محەمەد جافی نوێنەری کەرکوك لەمەجلیسی نواب لەگەڵ (5)نوێنەری تردا لەشوباتی 1929.

★روداوی 1924 کە ئەو لیڤی‌و ئاشوریانە پێی هەستان کە ساڵێ پێشتر لەموسڵ ئاژاوەیان گێڕاو دور خرابونەوە بۆ کەرکوك لە4ی ئایاردا بوو،* هەر یەکە لەمەندوبی

---

* رەئوف خانەقا لەیادگاری خانەقادا دەڵێ لە1924/5/4 شەڕی ئاشوریەکان رویدا، دواتر لەشیعرێکدا باسی دەکات.

سامی بەریتانیو مێژوونوس عبدالرزاق حسنی دەیگێڕنەوە، حاڵەکەش بەم جۆرە بوو قەسابێکی خەڵکی قۆریە لەگەڵ یەکێ لەسەربازە لیڤیەکاندا شەڕی دەبێتو برینداری دەکرێ ئەویش دەگەڕێتەوەو بەهێزێکی زۆرەوە دەڕژێنە ناو شارو هەرچیان بەردەست دەکەوێ تەقەی لێدەکەن، لەکاتێکدا بەرە جەژنانیش بوەو شار بەڕاستی ئاوەدان بووە، پۆلیس ئەیەوێ ڕێگریان لێبکات، بەڵام دوو پۆلیس دەکوژرێن، مراد بەگی مودیر پۆلیسیش بەبڕیاری بەریتانا کپ دەبێت، خەڵکەکە ناچار خۆیان پارێزگاری لەخۆیان دەکەن. لیڤیەکان پەلاماری مزگەوتو حەمامی ژنان دەدەنو نموونەی خەڵکی وەك عەلی بەستێو کوردیتر رووبەڕوویان دەبنەوە، عەلی بەستێ لەلایەن نوسەرو چیرۆك نوس (حەسەن جاف)ەوە رۆمانێکی لەبارەوە نوسراوە، کاتێ دانیشتوانی دەوروبەر بیستیان لیڤیەکان پەلاماری (سەرشۆری ژنانیان) داوە لەهەموو گوندەکانەوە روویان کردە ناو شار بۆ تۆڵە سەندنەوە بۆیە بەریتانیا ناچاربوو بەپەلە لیڤیەکان لەکەرکوك دەربکاتو بیان نێرێ بۆ چەمچەماڵ. مەندوبی سامی بەیانێکی لەو بارەیەوە دەرکردو گوتی:

(بەم رووداوە زۆر نیگەران بووم کە رویدا، بۆیە بڕیارماندا بەدەرکردنی سەربازە ئاشوریەکان لەکەرکوکەوە بۆ شوێنی دوورتر هەروەها لەو بارەیەوە لێپێچینەوەش دەکەینو لەسزادانی تاوانباران کەم تەرخەم نابینو قەرەبوش دەدەینە زیانلێکەوتوان).

5ی ئایار/مایۆ 1924

مەندوبی سامی (هنری دوبس)[1]

**(بەیانەکەمان بەکورتکراوەییو دەسکاریەوە وەرگێڕاوە-نوسەر)**

ئەوی راستی بێت ئاشوریەکان زۆر بەتوندی بەربونەگیان کوردو تورکمانی شارەکەو بەچەكو چەقۆ هەڵمەتیان دەبردە سەریان مەندوبی سامی هەستا بەلادانی (فتاح پاشا)ی پارێزگارو (عبدالمجید یاقوبی-قایتەوەنی) لەجێ دانا کە ئەمانە لەبنچینەدا کوردن (300) هەزار روپیەشی دایە عبدالله سافی برای پارێزگاری نوێ تا بەسەر زیانلێکەوتواندا دابەشی بکات، بەڵام ئەو هەر نیوەی ئەوەی بەکارهێنا[2] لە11ی ئایاریشدا حکومەتی عیراقی بەیانێکی دەرکرد کە تێیدا داخی بۆ روداوەکە خواردو دوو یەکەی سەربازی ئاشوری

---

[1] -عبدالرزاق حسنی تأریخ الوزارات العراقیە.
[2] -هەمان سەرچاوەی سەرەوە.

بەکارەکە تاوانبار کردو کارەکەشی بۆ دوو سەربازی لیڤی گێڕایەوە کە لەسەر نرخ لەگەڵ دوکاندارەکانی شاردا بووە بەشەڕیان.

جەرجیس فەتحوڵلا لەکتێبەکەی دا (العراق فی عهد القاسم) لاپەڕە (736) دەنوسێ ژمارەی کوژراو (56)کەس‌و بریندار (110)کەس بوون[١] عبدالرزاق حسنی دەڵێ کوژراو خۆی دا لە(100) کەس، لەناو ئەمانەدا ئاشوریش هەبووە، روداوەکە کاریگەریەکی خراپی کردە سەر باری دەرونی خەڵکی ناوچەکەو کوردو تورکمان بێدەستەڵاتی حکومەتیان لەبەرامبەر لیڤی‌و ئاشوریەکاندا بۆ دەرکەوت دەبێ بڵێین بەدرێژایی مێژویەکی دوورودرێژ کوردو ئاشوری پێکەوە ژیاون‌و لەدەیان ناخۆشی‌و کۆستکەوتندا هاوبەش بونەو تەنانەت لەشۆڕشی ئەیلولیشدا چەندین پێشمەرگەی ئاشوری لەڕیزی هێزی پێشمەرگەدا بون کە ناوی وەك (مارگریت) هەمیشە لەیادا دەمێنێتەوە.

٭روداوی دیاری دوەم ئەو موزەکەرەیەیە کە (6) نوێنەری کورد بەم ناوانە (جمال بابان، سەیفوڵلای خەندان، حازم شەمدین ئاغا، ئیسماعیل رەواندزی، محەمەد جاف، محەمەد سالح) لەمانگی شوباتی (1929)دا ئاراستەی سەرۆك وەزیرانی ئەوسا (عبدالمحسن سەعدون) یان کرد تێیدا داوای یەکەیەکی کارگێڕیان کرد بۆ کوردستان بەمەرجێ لەو یەکە کارگێڕیەدا کەرکوك یەکێك بێت لەلیواکان، هەڵبەت ئەم داوایە بۆ ئەو رۆژە روداوێکی گەورەیەو دەبێت بەهەند وەربگیرێت، ئەمە لەکاتێکدا ئەو نوێنەرانە هەر یەکە نوێنەری شارو شوێنێکن لەناویشیاندا (محەمەد جاف)کە پاشتر دێینەوە سەری یەکێکە لەو خەڵکانەی کە لەژیانی خۆیدا کوردێکی ساغ‌و بەهەڵوێست بووەو لەسەر کوردی بونی کەرکوك رووبەڕووی حکومەت بوەتەوە.

لەساڵانی سیەکاندا جگە لەو رووبەڕووبوونەوەیەی (محەمەد جاف) لەسەر کوردی بونی کەرکوك کە ئێستا دێینە سەری، رووداوێکی هەرە گرنگ سەرەتای هەوڵی تەعریبکردنی کەرکوکە لەساڵانی 1930دا کاتێ (حکومەتی مەلەکی) هەزاران ماڵە عەرەبی لەناوچەی کەرکوك قەزای (مەلحە) حەویجەی ئێستا نیشتەجێ کرد بەبیانوی ئەوەوە کە سەربازیان لێبگیرێت بۆ سەربازی هەڵبەت ئەم عەرەبانە کۆچەری بون تا ئەو دەمە گەرمیان‌و کوێستانیان دەکرد دکتۆر نوری تاڵەبانی ئەم سەرەتایە بەقۆناغی حوکمی مەلەکی دەناسێنێ‌و دەڵێ سەرەتای تەعریب بۆ پێش 1930 بۆ ساڵی 1924 دەگەڕێتەوە ئەو

---

[١]–العراق فی عهد قاسم جرجیس فتح الله، لاپەڕە 736.

کاتــەی مــەلیك فەیــسەڵی یەکــەم ســەفەری کــەرکوکی کــرد. پاشــتر عــەرەبو ئاشــوری زۆر لەپارێزگاکــە نیــشتەجێکرا، دکتــۆر دەڵــێ (کارخانــەی نــەوتیش) رۆڵێکــی خراپــی لەتێکــدانی باری دیموگرافی کەرکوکدا گێڕاو ئەویش کاریگەری خۆی هــەبوو بــۆ تــەعریبی کوردســتان[1]

دکتــۆر دەڵــێ ئــەم نیــشتەجێکردنەی عــەرەب لەحەویجــە بەڕادەیــەك زیــادی کــرد کــە لەسەرژمێری ساڵی (1957)دا ژمارەی عەرەبی حەویجە خۆی بــدات لــە(27705) کــەس[2].

ئەمــە پاشــتر لەپرۆســەی تــەعریبی کەرکوکــدا دێینــەوە ســەری، لەســاڵی (1932)دا لــە28ی کانونی دووەم حکومەتی عیراقی بەکۆمەڵەی گــەلانی راگەیانــد کــە پەیوەســتە بەبڕیارێکــەوە سەبارەت ئەو شوێنانەی کە کوردیان زۆرە یــان ناوچــەی کــوردن، لــەپاڵ زمــانی عەرەبیــدا بــۆ خوێندنو کاروباری مــیری زمــانی کوردیش زمــانی (فــەرمی) بێــت. ئــەو شــوێنانەش بــریتین لەزۆربەی قەزاکانی لیــوای موســڵو هــەولێرو کــەرکوكو سلێمانی، بــەڵام بــۆ قــەزای کفــریو قەزای مەرکەزی کەرکوك لەبەرئەوەی زۆرینەیەکی تورکمانیان تیایە بۆیە زمــانی (فــەرمی) لەپاڵ زمانی عەرەبیدا یان کوردی دەبێت یان تورکی[3] !!.

ســەبارەت ڕووبــەڕوو بونەوەکــەی (محەمــەد جــافی) نوێنــەری کــەرکوکیش (نەوشــیروان مستەفا) لەکتێبەکەیدا (کوردستانی عــیراق-ســەردەمی قەڵەمو موراجــەعات 1928-1931) بۆمــان دەگێڕێتــەوە کــە ئــەویش لەڕۆژنامــەی ژیــان ژمــارە (257)ی 14ی 8/1930 وەرگرتوە.

لــەڕۆژی 1930/8/8 کــە ڕێکــەوتی هــەینی بــووە مەنــدوبی سامیو ســەرەك وەزیــران لەبەغداوە هاتونەتە کەرکوكو لەهەمان رۆژدا سەرجەم پیاوماقوڵو گەورەو ناسراوی ئــەو لیوایە کە هــەموو کــوردن کۆکرانــەوە لــەدوای ئامادەبونی هــەمووان (ســەرەك وەزیــران) ئــەو بەیانەی خوێندەوە کــە عــیراق بــەڵێن ئــەدات بــەپێی بڕیارەکانی (کۆمەڵــەی گــەلان، عصبە الأمم) مــافی کــوردان بــداتو پاشــتر مەنــدوبی ســامی هاوپــشتی خــۆی بــۆ قــسەکانی ســەرەك وەزیران راگەیاند، لێــرەوە گێچەڵەکە دەســت پێــدەکات کــە ئێمــە وەکــو خــۆی دەیگوازینــەوە. وەك ئــەوەی لەســەردەمی قەڵەمــدا نوســراوە (( لــەدوای ئەمانــە عبــدالله ســافی ئەفەنــدی

---

[1] -منطقة كركوك ومحاولات تغير واقعها القومي/ نوری تاڵەبانی لاپــەڕە (38-39-40-41).

[2] -هەمان سەرچاوە.

[3] -كركوك لمحات تأريخيه/ ليلى نامق جاف، ل43.

یەعقوبی هەڵساو گوتی (واتە دوای قسەکانی سەرەك وەزیران‌و مەندوبی سامی-نوسەر))
لەم بەیاناتە زۆر موتەشەکیرین زاتەن ئەم لیوایە عیبارەتە لەتورك‌و عەرەب یەعنی نفوسەکەی سەد هەزاری لەم دوو عونصورەیەو ئێمە عێراقین لەوەحدەتی عیراق جیانابینەوە. مستەفا ئەفەندی برایشی عەینەن تەئیدی قسەکەی کردەوە، بەڵام ئیتر لەئامادەبوان‌و لەو هەموو قەڵەباڵغیە غەیری فارسی ئاغای بەیاتی نەبێ کە پیاوێکی عەرەبەو شێخ محەمەد حەبیب ئەفەندی تاڵەبانی نەبێ کە چونکە قازی‌و مەئمورەو مەجبورە کەسێکی‌تر تەئیدی نەکردنەوەو، حەتتا چونکە قسەکانی عەبدوڵلا سافی ئەفەندی هەموی عیبارەت بو لەبەیاناتێکی غەیرە حەقیقی‌و بەئاشکرا مەوجودیەتێکی ئەکثەریەی کوردی پەنهان کرد وەتەن پەروەرو جەوانمەردی غەیوری کورد محەمەد بەگی جاف مەندوبی پێشوی کەرکوك، هەڵسایە سەرپێ‌و بەهیمەتێکی مەردانەو بەدەنگێکی بەرز فەرموی: (لیوای کەرکوك ئەکسەریەتی عەزیمەی کوردن یەعنی لە(150) هەزار نفوس (120) هەزاری کوردێکی خالیصە. ئینجا ئەگەر بەزیادەوە حیسابی بکەین ئەوی تری ئینجا تورك‌و عەرەبن‌و ئەم قسەیەی منیش مەعلوم‌و ئاشکرایەو فەرموی بەندە کە لێرەدا تەمثیلی عەشیرەتێکی زۆر گەورەی وەکو جاف ئەکەم غەیری ئەمیش روئەسای داودە، زەنگەنە، جەباری، شوان‌و سائیرە روئەسای کوردان کە لەم مەجلیسەدا حاضرن بەندەیان تەوکیل کردوە کە بەناوی عمومەوە عەرزتان بکەم کە ئەم کوردانە بەیەك وجودو یەك زبان داوای تەطبیقی موقەڕەراتی عیصبەتول ئومەم ئەکەن. ئەمە حەقمانەو ئەم حەقەمان ئەوێ‌و هەتا ئاخری تەعقیبی ئەکەین).

لەدوای ئەمە عەبدوڵلا صافی بەگ متە هەویرانە کە خیلافی ئاداب‌و ئیجتماعیات بو هەڵسا، گوتی: (ئەم زاتە بەناوی کێوە قسە ئەکات؟ ئەم جافانە عائیدی سلێمانین، هەمووی دوو ساڵە رەبطی کەرکوك کراوە، بابچێتە سلێمانی‌و داوای حەقی خۆی بکات!).

لەسەر ئەوە محەمەد جاف-یش هەڵساو جوابی دایەوە (من بەناوی (150) هەزار جافەوە قسە ئەکەم، من کوردم کورد ئەژیم‌و بەکوردی ئەمرم، ئەم مەملەکەتە کوردە، لەبەرئەوە هەموو کوردێك حەقی هەیە لەمەملەکەتی کوردانـدا تەلەبی حقوقی میللەتی وەتەنەکەی بکات).

حەقیقەتەن خوێنی کوردایەتی بەئاشکرا لەدەمارەکانیا جەوەلانی ئەکرد لەو ئەسنایەدا جەعفەر پاشا هەڵساو رویکردە محەمەد جاف گوتی: (بەشەرەفی حکومەتو خۆم تەئمینت ئەکەم کە بەتەواوی موقەڕەڕاتی عیسبەتول ئومەم تان بۆ تەطبیق ئەکرێو ئەم لیوایەش ئیستیفادەی لێئەکات).

محەمەد جاف-یش لەجوابا گوتی (ساباشە تەشەکورتان ئەکەم) لەو ئەسنایەدا سەید ئەحمەد ئەفەندی خانەقاو سەید محەمەد ئەفەندی جەباریو سائیری رووئەسا موحتەرەمەکانی کورد عەلەنەن هەڵسان تەئیدی محەمەد بەگی جافو حقوقی کوردیان داواکردەوە. بەم نەوعە موناقەشەکە دوایی هاتو کۆمەڵەکە بڵاوبونەوە).

ئێمە لەخوێندنەوەی ئەم نوسینەی ژمارە (257)ی ژیانـدا کۆمەڵی راستیمان بۆ دەرئەکەوێ لەوانە، سوربونی کوردی ئەو ناوچەیە لەسەر کوردیبونی کەرکوكو ناوچەکەیان، داواکردنی جێبەجێکردنی بڕیاری کۆمەڵەی گەلان یەکدەنگی زۆربەی زۆری کوردەکان لەسەر پرسی کەرکوك، دژایەتی کەمینەیەکی بەرژەوەند ویست لەکوردیبونی کەرکوك لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ بڵێین لەو ژمارەیەدا کە محەمەد بەگ دەڵێ لە(150) هەزار (120) هەزاری کوردێکی رەسەنە یان تەواوە پێدەچێت کەمێك تورەیی هەبێت لەبەرئەوەی پێشتر عەبدولا سافی ئەوەی پارەکەی هەژارەکانی خوارد دەڵێ (100) هەزاری تورکو عەرەبە!!.

بۆ ئەو سەردەمە ناو شارەکە واتە چەقی شار شتێك لەنیوە زیاتر یان نیوەی دانیشتوان کورد بونەو ئەوانیتر تورکمانو مەسیحیو جولەکەو ئاشوریو عەرەب، بەڵام شارەکە بەناوچە کوردیەکانیەوە دەکاتە زۆرینەی کوردو کوردیبونی زیاتر دەردەکەوێت نابێ ئەوەشمان بەسەردا تێپەڕێ کەبەپێی سەرژمێریەکی ئەو سەردەمە ساڵی 1930 کەرکوك بەم جۆرە بووە

| کورد | عەرەب | تورکمان | جوو | مەسیحی |
|---|---|---|---|---|
| 67.703 | 26561 | 28741 | 8472 | 1228 |

---

-سەردەمی قەڵەمو موڕاجەعات نەوشیروان مستەفا ل98-99.

کۆی گشتی 132.705کەس

ئێستا ئەم ڕێژەیە نزیکەی 51٪ی کورد دەردەچێ ئەگەرچی لەو دەقەدا (49.5) نوسراوە. لەوێدا کۆی گشتی‌یەکەش دەکاتە (136.705)لێرەدا (4000)ی زیادە، دەبێ هەڵەی چاپ بێت، بۆ کورد لەو ڕۆژەدا بونی کورد پەروەرێکی وەك (محەمەد جاف) بەڕاستی نیشانەی لەسەر وەستانە، ئەو پیاوە ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران بووەو (شاعیرانی کورد) لەشیعرەکانیاندا دەبینین چیان بەو مەجلیسەو کوردەکانی ناوی کردوە، بەڵام هەرگیز پیاوێکی وەك (محەمەد جاف) بەو هەڵوێستە نیشتمانیەوە ناچێتە خانەی ئەو نوێنەرانەوە*.

دەبێ بڵێین لەساڵانی 1929-1930 یەکەی بەڕێوەبەریەکانی لیوای کەرکوك بەم جۆرە بووە:

1-مەرکەزی لیوا. بریتیی بوە لەکەرکوك، داقوق، ئاڵتون کۆپری (بردێ) قەرەحەسەن (لەیلان) شوان، مەلحە.

2-قەزای چەمچەماڵ، بریتی بووە لەناحیەی چەمچەماڵ

3-قەزای کفری (صلاحیە) بریتی بووە لەکفری، دوزخورماتو، قەرەتەپە قەڵای شێروانە، شەبیجە.

4-قەزای گل، ناحیەی گل، سەنگاو.

ئەگەر بەوردی سەیری ئەم یەکەیە بکەین دەبینین حەویجە (مەلحە)ی لێدەرچێت لەسەرجەم ئەو قەزاو ناحیانەیتر یان تەواو کوردن یان زۆرینەی هەرە زۆر کوردن.

لەساڵی 1936یشدا یەکەی کارگێڕی کەرکوك بەم شێوەیە بووە:

1-قەزای کەرکوك: کەرکوك، ئاڵتون کۆپری (پردێ) مەلحە.

2-قەزای کفری: دوز، قەرەتەپە، قەڵای شێروانە.

3-قەزای چەمچەماڵ: ئاغجەلەر، شوان، سەنگاو.

4-قەزای گل: ناحیەکانی قادر کەرەم، داقوق.

---

–هەمان سەرچاوە ل76.

* شاعیرانی کورد هێڵەیان بەوەفدی کوردستان‌و مەجلیسی نواب‌و ئەو کوردانە کردووە کە پیاوی حکومەت بونە لەوانە پیرەمێرد، بێکەس ئەخۆڵ..هتد.

–گۆڤاری کەرکوك ژمارە8، مێژووی سەردەمە کارگێڕی‌و بەڕێوەبەرییەکانی ناوچەی کەرکوك نوسینی ئەژی ل48.

–هەمان سەرچاوە.

دەبینین سەرەڕای هەڵپەی عیراقی عەرەبی مەلیك فەیسەڵو مەلیك غازیو نمونەی خەڵکانی وەك مەجید یاقوبیو عەبدوڵڵا یاقوبیو هەڵپەی ئینگلیز بۆ سڕینەوەی کوردی بونی کەرکوك لەبیستەکانو سیەکاندا ئەم شارەو دەوروبەری کوردێکی تەواوبونەو هێنانی عەرەبی عوبێدو جبورو کرێکارانی عەرەب بۆ شەریکەی نەوتو تادوای کارێکی وای نەکردوەتە سەر ژمارەی دانیشتوان.

دەبێ لێرەدا باس لەوەش بکەین کە چ ئەوساو چ پێشتر کوردەکانی کەرکوك هەوڵیانداوە پەرە بەبیری نەتەوەیی خۆیان بدەن هەر لەو پێناوەشدا دەبینین لەساڵی 1937 حزبی هیوا دروست دەبێت، پێشتر رێکخراوی ئازادی کوردستان لەکۆتایی بیستەکاندا دروست بوبوو، حزبی هیواش لەسەرەتادا ناوی (دارکەر) بوو یاخود دواتر هیوا لەدارکەرەوە هاتەبون، دارکەر لەحوزەیرانی (1937) لەباخچەی ئوم رەبیعەین یەکەم کۆنگرەی خۆی بەستاو لەوێدا دڵدارو مارف بەرزنجی وتاریان خوێندووەتەوەو لەوێدا (60) ئەندام ئامادەبوونە، قسەکردن لەحزبی هیوا ئەگەرچی یەکجار کۆنیش نیە، بەلام کەمێك تەمومژاویە، هەندێك پێیان وایە رەفیق حلیمی هەر بەناوی (هێڤی) باکوری کوردستانەوە ناوەکەی کردووە بەهیوا بەپێی سەرچاوەکان لەدوو باڵی راستو چەپ پێك هاتوەو لەدەوری خۆی جگە لەزۆربەی خاوەن نفوزە عەشایەرەکانی دەڤەری کەرکوكو دەوروبەری خەڵکی روناکبیرو خوێنەواریش لێی کۆبونەتەوەو باڵی بەهەموو کوردستاندا بڵاوبوەتەوەو بەڕادەیەك لەهەولێر هەندێك دەیانەوێ مێژووی دروست بونەکەی بەرنە ئەوێو هەشن دەڵێن رەفیق حیلمی ساڵی 1939 لەسلێمانی وەك رێکخراوێکی نهێنی دروستی کردووە، سەبارەت بەدروست بونو سەرهەڵدانی هەریەکە لەد.عبدالستار تاهیر شەریف، دکتۆر موکەڕەم تاڵەبانی، ئەحمەد باوەڕو کەسانیتر قسەو باسی زۆریان کردووە، بۆ مێژوو هێندەی رۆڵو کاریگەری گرنگە هێندە ساڵو رۆژی دروستبون گرنگ نییە حیزبی هیوا رۆڵێکی دیاری گێڕاوە لەهۆشیارکردنەوەی کوردی ئەو سەردەمەو پەرەپێدانی هۆشیاری نەتەوەیدا، هەر بۆیە ئەفسەرە کوردەکانی ئەو سەردەمەش لەهیوا کۆبونەتەوە، دەشێ تێکۆشەرو کورد پەروەرێکی وەك (بەکر صدقی)یش لەو سەردەمەدا لەڕێی ئەفسەرانی ترەوە پەیوەندی ژێر بەژێری لەگەڵ هیوادا هەبوبێت ئەمە تا ئێستا رۆشن نیەو هیچ یەك لەئەوانەی باسی هیوایان کردووەو تەنانەت خودی رەفیق حیلمی خۆشی باسی شتێکی وای نەکردووە، بەلام هاوزەمانی هیواو سەرلەشکری سوپای عیراقی بەکر صدقی لەلایەكو کورد پەروەری بەکر صدقیو خەونی هیوا بەڕزگاری کوردستانەوە لەلایەکی ترەوە دەمانگەیەننە ئەو باوەڕەی کە ناکرێ هیچ پەیوەندییەك لەنێوان هیواو

بـەکر صـدقیدا نـەبوبێت، ئەمـەیان بابەتێکـە جـێی مـشتومڕو بەدواداچـونو قـسە لەسەرکردنە، ئەوەی مایەی سەرنجە بەهۆی بونی هەندێك گرفتی لاوەکی لەلایەكو بوونی دوو بـاڵی راسـتو چـەپ لەلایـەکی تـرو پێکـەوە هەڵنـەکردنی ئەنـدامانی حـزب لەیـەك چوارچـێوەدا کـە هیوایـە دوای (7)سـاڵ تەمـەن لەسـاڵی 1944 لەکۆبونەوەیـەکی کـەلاردا (هیوا) هەڵوەشانەوەی خۆی رادەگەیـەنێ، سـەبارەت مـشتومڕەکانی ئەنـدامانو کۆنفرانـسی کـەلاری سـاڵی 1944 ئەحمـەد بـاوەڕ لـەژمارە (150)ی سـاڵی دووەمـی گۆڤـاری کەرکوکـدا بابـەتێکی نوسـیووە دەکـرێ بگەڕێینـەوە سـەری* دەبـێ ئـەوەش بلێین کـە زۆربـەی زۆری کوردەکانی کـەرکوك لـەهیواو رزگـاریو گەلاوێـژ کۆبوبونـەوەو، رۆشـنبیرو کـورد پـەروەرانی کـەرکوك تەنانـەت ئـاواش تەماشـای (گەلاوێـژ)یـشیان دەکـرد وەك بزوتنەوەیـەکی هۆشـیاری سیاسی دکتۆر عەزیز شەمزینی سـەبارەت هەڵوەشـاندنەوەی هیـوا دوو خـاڵی نـاکۆکی دەست نیشان دەکات:

یەکەم: ئایا گەلی کورد لەخـەباتی نیـشتمانی رزگـاری خوازانەیـدا بـۆ چارسـەری مەسـەلە نەتەوایەتیەکـەی ئـەبێ کـام ئاکـاری سیاسـی بگرێتەبـەر؟ ئـەبێ لەخەباتیـدا بـەکێ پـشت ئەستوربێت؟ سۆڤیەت یان بەریتانیا، کامیان پشتگیری ئەم گەلە دەکەنو تادوای.

دووەم: پێویـستە لەسـەر هیـوا بەهـەموو توانـاوە یارمـەتی جولانـەوەی بـارزان بـداتو بەشداری تیا بکاتو سـەرکردایەتی بکات یـان تەماشـا کاربێت؟! یـاخود یاریمەتیەکـە کـەمو نهێنی بێتو تادوای.

شـەمزینی دەڵـێ رابـەری بـاڵی راسـتی حـزب هـەمان سـەرکردەی حـزب واتـە (رەفیـق حیلمـی) بـەبیانوی ئـەوەی گوایـە بـەهێزەوە دەسـتی بەسـەر عێراقـدا گرتـووە دەیویـست پەیوەنـدی حـزب بەبـەریتانیاوە پتـەوبێت، چـونکە پـێی وابـووە کـە حـزب ناتوانـێ شـەڕی بەریتانیا بکات ئەوەندەی من بزانم رەفیق حیلمی پیاوێکی تێکۆشەرو کورد پـەروەر بـوەو رەنگـە ئـەو تاوانبارکردنـەی بـەوەی مـەیلی بـەلای ئینگلیـزدا هـەبوبێت بناغەیـەکی پتـەوی نەبێتو هەر رەفیق حیلمی خۆشی هەم لەئەسـتانە فێـری سیاسـەتو کوردایـەتی بـوەو هـەم لەسلێمانیش راوێژکارێکی زرنگی شێخ بووەو جێی باوەڕی مەلیکی کوردستان بـووە، ئەگـەر

---

* پـارتی هیـوا/ لەدروسـت بونیـەوە لەشـاری کـەرکوك تـا هەڵوەشـاندنەوەی لەکۆنفرانـسی کەلاردا 1937–1944، ئەحمەد باوەڕ کەرکوك ژمارە (5) لاپەڕە 93 تا 110.

–جولانەوەی رزگاری نیشتمانی کوردستان، دکتۆر عەزیز شەمزینی وەرگێڕ ف.ئەسەسەرد لاپەڕەکانی 19–20–21–22.

لەو رۆژەشدا بەو شێوەیە کاری کردبێت کە وابکات ئینگلیز شتێ بۆ کورد بکات ئەوەیان بەڕاستی مایەی ئەوەیە ئافەرینی لێبکرێت، ئەگەرچی بەپێی سەرچاوەکانی ئەو رۆژە ئینگلیز هیچی بۆ کورد پێ نەبووە!!

لەچلەکانیشدا بەرزانی هەمان خواستی (6) نوێنەرە کوردەکەی بەزیادەوە لەڕژێمی ئەو سەردەمە داواکردووە، بەڵام دیارە ئەمجارەش کورد گوێی لێنەگیراو داواکەی پشتگوێ خرا، داواکەی بەرزانی لەم چەند خاڵەدا خۆی دەنواند:

1-دەرکردنو دورخستنەوەی ئەو فەرمانبەرانەی رەشوەخۆرو پیاوی ئاشکرای دەستەڵات بونە لەناوچەکەدا.

2-دروستکردنی ویلایەتی کوردستان کەتێیدا کەرکوکو سلێمانیو هەولێرو خانەقینو قەزا کوردیەکانی موسڵ وەك دهۆكو زاخۆو ئامێدیو ئاکرێو شەنگارو شێخان هەبن.

3-زمانی کوردی وەك زمانی فەرمی بناسرێ.

4-بۆ هەر شالیارێکی دەوڵەت جێگر شالیارێکی کورد دابنرێ.

5-وەزیرێکی کورد بکرێت بەبەرپرسی ویلایەتی کوردستان.[1]

چ ئەم داوایانەو چ داواکاریەکانی ساڵی (1929)ی نوێنەرە کوردەکان ئەگەر بەبەراورد لەگەڵ خواستی فیدراڵی ئەمڕۆی کوردستاندا بەراوردی بکەین دەبینین هەمان ئەو خواستانە شێوەیەکن لەفیدراڵی. دیارە ئەگەر لەو رۆژەدا ساڵی (1943) ئەم داواکاریانەی کورد مایەی قەبوڵ بوایە ئێستا دەمێك بوو شێوەیەکیتر لەپێکەوەژیانی برایانە لەناوچەکەدا بەدیدەکرا روداوێکیتر کە لەساڵی 1946دا رویدا رۆژی 7/12 راپەڕینی کرێکارانی گاور باخیە* راپەڕینی کرێکارانی کارخانەی نەوتی کەرکوك (lpc) لەسەر بەدەنگ هاتن لەخواستەکانی خۆیان کە خۆی لەم خاڵانەدا دەبینیەوە:

★زیادکرنی کرێی کارکردنیان.

★دابین کردنی خانوی نیشتەجێبون بۆیان یان کرێ خانو.

★دیاریکردنی سەعاتی کارو کرێی رۆژە پشوەکانو کرێی گواستنەوەو تادوای.

هەڵبەت ئەم داوایانە داوای زۆر ئاسایینو پێشتریش هەر لەسیەکانەوە بزوتنەوەی کرێکاران لەعێراق بەگشتی، سیمای مانگرتنو راپەڕینو داواکاری لەخۆگرتبو، بەڵام بەردەوام گوێ لەداواکانی کرێکاران دەخەوێنرا، ئەم بێنەوبەردەیە لە(8)ی حوزەیرانەوە

---

[1] کرکوك لمحات تأریخیە، لیلی نامق جاف ل43+ل44.

* گاور باخی واتە باخی گاوران، لە گەرمیان بەفەلەو دیان دەگوترێ گاور، مەسیحی.

دەستی پێکردو چەند جارێك کرێکاران نوێنەری خۆیان ناردە لای بەڕێوەبەری کارخانە بۆئەوەی وەڵام بەخواستەکانیان بداتەوە، بەڵام سەرەڕای ئەوەی کە بەڕێوەبەر بەڵێنی جێبەجێکردنی داواکانی ئەدا کەچی وا دەرناچوو لەئاکامدا داواکانیان رووبەڕووی پارێزگار کرایەوە پارێزگار هەڕەشە ئامیزانە لەگەڵ کرێکاراندا جوڵایەوە، هەر ئەمەش وایکرد هەر لە3ی تەممووزەوە دەست بدەنە مانگرتن. هەر ئەو رۆژە (صدیق قادر)ی جێگر پارێزگارو جێگری بەڕێوەبەری پۆلیس (سەعید عبدولغەنی) داوایان لەنوێنەری کرێکاران کرد کە دەست لەو کارە هەڵگرن، لەچواری تەموز شەقامەکانی کەرکوك رێپێوانێکی هێمنانەی کرێکارانی بەخۆوە بینی، کەچی هەر بۆ شەوێ جێگر پارێزگار بەیانێکی توندی لەو بارەیەوە دەرکرد هەڕەشەی لەکرێکاران کرد دەست لەمانگرتن هەڵگرن، پۆلیس (11) کرێکاری گرت، ئەم کردەیە رۆژی (5)ی مانگ لەباخچەی گاور باغی دەستیپێکردەوە کرێکاران لەوێوە دەستیان بەڕۆیشتن کرد، لەوێ جێگری پارێزگار داوای لێیان کرد بگەڕێنەوە سەر کارەکانیان، ئەوانیش داوای بەردانی هاوڕێکانیان کردو بەردران. لەشەوی 7ی مانگ (بابا عەلی شێخ مەحمود)ی وەزیری ئابوری ئامۆژگاری کردن بگەڕێنەوە سەر کارەکەیخۆیان، لە8ی تەموز (حەسەن فەهمی مەدفەعی) کرایە پارێزگار، لە10ی تەموزدا پارێزگار لەڕاگەیاندنێکا رایگەیاند کە وەڵام بەخواستەکانی کرێکاران درایەوەو هەندێ بەڵێنو بڕیاری تیابوو، کرێکاران نەگەڕانەوە سەرکار، پارێزگار لە11ی مانگ هەوڵیدا لەگەڵیان، لە12ی تەموز پارێزگار لەگەڵ نوێنەری کرێکاران کۆبوەوە، داوای گەڕانەوەی سەرکاری لێکردن، بەڵام کرێکاران قەبوڵیان نەکرد پارێزگار هەڕەشەی هێزی لێکردن، کاتژمێر دووی پاش نیوەڕۆ نوێنەرانی کرێکاران گەڕانەوە گاورباخی، پارێزگار بڕیاری بۆ پۆلیس دەرکرد کەبلاوە بەمانگرتوان بکەن، یەکسەر نزیکەی (90) پۆلیس ئابلۆقەی گاورباخیان دا، سەعید عەبدولغەنی چەند جارێ داوای لێکردن بلاوەی لێبکەن. بلاوەنەکرا بۆیە لەگەڵ پۆلیسدا کرێکاران تێك بەربون هێندەی پێنەچوو پۆلیس دەستیان کرد بەتەقەکردن. بەم جۆرە (6) کەس شەهیدو (14) بریندارکران.

رۆژی دواتر وەفدێك لەبەغداوە هاتنو لەگەڵ نوێنەرانی کرێکاران دانیشتنیان کرد، داواکانیان لە(3) خاڵدا دووبارەکردەوە.

1-بەردانی سەرجەم گیراوەکان.

2-دروستکردنی لیژنەیەك بۆ لێپێچینەوە لەتاوانباران.

3-قەبوڵ کردنی داوای کرێکاران لەلایەن کارخانەوە.

بەڵێندرا چاو بەداواکانیاندابخشێنن لە16ی مانگ کرێکاران گەڕانەوە سەرکارەکانیان. پاشتر خواستەکانی کرێکاران قەبوڵ کرا. نوسەری کتێبی (التأريخ السياسى لتركمان العراق) عەزیز قادر الصمانچی) دەڵێ (لەپشت ئەم مانگرتنەوە (عصبه مكافحه الصهيونيه، حزبی تەحریر) ئامادەییان هەبوو[1]*.

دکتۆر کەمال مەزهەر لەچینی کرێکارانی عیراقدا لەبارەی ئەم مانگرتنو راپەڕینەوە دەڵێ (لەگاورباخیش هاوینی ساڵی 1946 دەنگی زوڵاڵو خوێنی گەشی کرێکاری کورد تێکەڵ لەگەڵ دەنگو خوێنی پیرۆزی براکانی ئاوازێکی بەجۆشو لاپەڕەیەکی پڕ شانازی دروست کرد)[2] بەم جۆرە لەناوەندی چلەکاندا کرێکارانی کوردی شەریکەی نەوت لەگەڵ کرێکارانی نەتەوەکانیتردا توانیان چەند داوایەکبەسەر حکومەتی عیراقیدابسەپێنن ئەگەرچی ئەم کارە بەخوێن وەستا لەسەریان، عبدالرزاق حەسنی دەقی روداوەکە بەم شێوەیە دەگێڕێتەوەو دەڵێ:

لە1946/7/3 کرێکارانی شەریکەی نەوت مانیان گرتو داوای جێبەجێکردنی ئەم خاڵانە یان کرد.

1-زیادکردنی موچەکەیان.

2-دابینکردنی خانو یان کرێ خانو بۆیان.

3-دابینکردنی پێویستیەکانی گواستنەوەو هاتوچۆ.

4-پێدانی پارمەتی لەبەرامبەر بەشداربونی کرێکارانی شەریکەی نەوت لەشەڕی حەیفا.

5-دانی نەوت بۆ سوتاندن.

6-جێبەجێکردنی یاسای کار لەپێناوی ژیاندا.

حکومەت بەڵێنیداکار ئاسانیان بۆ بکات، مانگرتن بەردەوام بو رۆژی دواتر خۆپیشاندان کرا، حکومەت داوای کرد بگەڕێنەوە سەر کارەکەیان بەڵێنەکانی ئەباتە سەر. بابە عەلیشێخ مەحمود وەزیری ئابوری لە1946/7/7 گەیشتە کەرکوك، خۆپیشاندان بەردەوام بوو وەزیر داوای لێکردن بگەڕێنەوە سەر کاری خۆیان، ئەوان سوربون لەسەر

---

[1] –التأريخ السياسى لتركمان العراق، عزيز قادر ص125.

* ئەم قسەیە بنەمایەکی زانستی نییە لەبەرئەوەی سەرچاوەی نیە.

[2] –چینی کرێکارانی عیراق دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد ل261.

جێبەجێکردنی داواکانیان، لە7/12 ئامیر لیوای کەرکوك کرێکارانی تێگەیاند کە زۆربەی خواستەکانیان جێبەجێ کراوە لەلایەن شەریکەوە لەوانە کرێی زیادە، لە30 تا 75٪، سوتەمەنی، خانو، داوای کرد بچنەوە سەر کارەکانیان، بەڵام بۆ عەسری هەمان رۆژکۆبوونەوەیان کرد، کارەکە گەیشتە ئەوەی پۆلیس بەبڕیاری ئامیر لیوا بچێتە سەریان لەئەنجامدا (5)شەهیدو 14بریندار بون لەکرێکاران و خەڵکی ترو (6) پۆلیسیش بریندار بون[42] ئەحمەد تەهای دادوەری لێکۆڵینەوەی روداوی گاوورباخی پۆلیس بەتاوانبار دەزانێت و دەڵێ، لەهەشت خاڵدا کۆی کردوەتەوە لەوانە کرێکارەکان چەکیان پێنەبووە، نیازیان تێکدان نەبووە داوای مافی خۆیان کردووە پۆلیس پەتی پساندووەو تا دوای[43].

دەبێ بڵێین کە لەو دەمەدا (حەسەن فامی) ئامیر لیواو (عبدالرزاق فتاح) بەڕێوەبەری پۆلیس بونە، هەروەها بەهۆی روداوەکەوە (عەبدوڵڵا قەساب) وەزیری ناوخۆ ئیستیقالەیدا رۆژی ئیستیقالەکە (17)ی ئابی (1946)ە داوای کرد کە سزای ئەوانە بدرێت کە تەقەیانکردوە، کەچی نەکرا (عەبدوڵڵا قەساب) دەڵێ داواکانی کرێکاران داوای رەوا بونەو منو حکومەتو شەریکەش پێمان رەوا بوە[44].

ئەم روداوە کاریگەری خۆیشی لەسەر ئەدیبانی ئەو شارە بەجێهێشتوەوشانۆگەری (مانگرتن) نمونەی ئەو کاریگەریەیە ئەمە جگە لەوەی شاعیران و چیرۆك نوسان قسەیان لەسەر کردووە.

دوو ساڵ دوای روداوی. گاورباخی (خەڵکی ئەو شارە هەڵیان کوتایە سەر (قونسوڵیەی بریتانیا)و سوتاندیان واتە لەساڵی (1948)دا هەر لەوساڵەدا (جولەکەکان) لەکەرکوك دەرکران، دکتۆر عبدالستار تاهیر شەریف بەدرێژی لەبیرەوەریەکانی خۆیدا ئاوڕێکی لەم دەرکردنە داوەتەوەو دەڵێ (جولەکەکان بەسەڵتەزەلام و سەڵتەخێزان لەکەرکوك دەرکران و ماڵ و موڵکەکانیان حکومەت دەستی بەسەردا گرت و بەناوی (الاموال المجمدە)و دایەرەیەکی تایبەتیش بۆ ئەم مەبەستە کرایەوە)[45]، دکتۆر درێژەی دەداتێ و دەڵێ: (ئەمە یەکێ لەڕوداوەگرنگەکانی شاری کەرکوکە لەساڵی 1948و دەرهاویشتەی ئەنجامی شەڕی جیهانی

---

[42] تأريخ الوزارات العراقية عبدالرزاق الحسني مجلة الرابع الجزء السابع ل118-122.
[43] اليقظة ژ.105، 1946.
[44] تأريخ الوزارات العراقية، عبدالرزاق حسني.
[45] ئاران ژمارە 3 د.عبدالستار تاهير شەريف، کەرکوك لەپەنجاساڵدا ل4.

دووەمو شەڕی نێوان عەرەبو ئیسرائیل بوو، بەهەر حاڵ ئەمە بەلایەنێکیزۆر ناهەمواری دانیشتوانی شاری کەرکوك لەقەڵەم ئەدرێ لەسەر کوردو تورکمانو عەرەب) [1].

دەبێ بڵێین جولەکەکانی کەرکوك هەم لەلایەکەوە وەك جولەکەی کورد شانازیان بەکوردی بونی خۆیانەوە دەکرد هەم زۆر پەیوەست بون بەکەرکوکەوە هەم تێکەڵیەکی زۆریان لەگەڵ گوندەکانی دەوروبەردا هەبوو نەنکم، دایکی دایکم دەیگێڕایەوە کە (ئیسقیلە جوو) جولەکەیەکی کەرکوك کە زۆر تێکەڵ بووە لەگەڵ ماڵی باپیرم هەموو جار بەباپیرەم (ئەحمەد) باوکی دایکمی گوتووە (ئەحمەد بەخوا منو تۆ براین دینەکەی لێدەرچێت) هەمیشە دینەکەی خۆی لەپێشتر دەزانی نەنکم وای دەگوت، لەگەڵ ئەوەشدا جولەکەکانی کوردستان خۆیان بەکورد دەزانن-ئێستاش لە ئیسرائیل کە لەجوویەکی کوردستانی دەپرسن دەڵێ (من کوردم)و ناوی (ئەنا کوردی) بۆیان وەکو بلێی بووە بە(ئێتۆنیم) [2]. تا ئەمڕۆش لەوڵاتی ئیسرائیل جولەکەکانی کوردستان دەڵێن ئێمە کوردین (ناوی کورد پێیانەوە نوساوەو خۆیان بەکورد دەزانن).

تا ئێستاش چ خەڵکی شاری کەرکوكو چ خەڵکی کوردستان بەگشتی نەیانتوانیوە وەکو پێویست درێژە بەو پەیوەندییە گیانیە بدەنو بگرە ئەو جووانە کاتی خۆی کە لێرە بونەو سەرەڕایئەوەی مێژوویان لێرەدا لەهەزار ساڵ تێدەپەڕێ کەچی هەمیشە کەمتر تەماشاکراون بەتایبەتی دوای هاتنی ئیسلام بۆ ناوچەکە لەگەڵئەوەشدا ئەوان هێشتا ئاکارو دابو نەریتی کوردانەی خۆیان پاراستووە.

دوو روداوی زۆر گرنگ تر لەمانەی پێشوو هەیە کە ناکرێ لەسەر هەر یەکێکیان کەمێك نەوەستین، روداوی یەکەم روداوی ساڵی (1959)و رووداوی دووەم ستەمی (1963)یە کە لەکورد کرا. سەرەتا لەسەر ساڵی (1959) دەوەستینو لەو بارەیەوە دوو قسە دەکەین، لێرەدا دەبێ بڵێم خەڵکانی ئەو دوو سەردەمە هێشتا لێیان ماوەو لەو بارەیەوە ئاگادار هەیە بۆیە پێویستە بێلایەنانەو راستگۆیانە ئەو خەڵکانە بیرەوەریەکانیان بلاّبکەنەوە، چونکە هەر لەو رۆژەوە تا ئەمڕۆ هەر یەکە ئەوی‌تر تاوانبار دەکاتو خۆی بێتاوان لەو بارەیوە من چەندین بیروڕای دژ بەیەکم لایە بۆیە کەمتر دەچمە سەر ئەوانو لەدیدو بۆچونی خۆمەوە بەپێی بارودۆخی ئەو سەردەمەو هەڵهێنجانی بیروڕا راستەکانی نێو ئەو بیرەوەریانە هەوڵدەدەم تا ئەو رۆژەی لەکتێبی سەربەخۆدا بەدورو درێژی باس

---

[1]-پەراوێزی پێشوو.
[2]-رەوشی ئاینیی و نەتەوەیی لەکوردستان، د.رەشاد میران ل31.

لەو روداوو كارە ساتانە دەكرێ كەمێك قسەيان لەبارەوە بكەم. روداوی ساڵی (1959) روداوێكی لەپڕو بێ پێشینە نیەو پێشینەی دورتری هەیە ئەوەش نیە كە كەسانێك دەیانەوێ بڵێن بەهۆی نوسینێكی پارێزەر (نەجات خادم سوجادە) بووەو گوایە ئەو بابەتە دڵی توركمانی پەشاندوە!![1]

شێوەی سەرهەڵدانەكەو ئەو دابەشبونە لەپێشترەو هەمومان دەزانین پێش دروستبونی دەوڵەتی توركیای كەمالیو دواتریش هەمیشە توركیاچاویان بڕیوەتە ئەم بەشەی كوردستانو بەدرێژایی دەیان ساڵ لەڕێگەی ئابوریو راگەیاندنو پڕوپاگەندەوە هەمیشە پشتگیری توركمانەكانی ئێرەیان كردووەو لەبەرامبەریشدا كوردو توركمان پێچەوانەی هەوڵو تەقەلاكانی دەستی دەرەوە هەوڵیان داوە زیاتر پەیوەندیان پتەوبێتو لەو پێناوەشدا چ لەشۆڕشی كوردستاندا دەیان پێشمەرگەی توركمانو چ لەبواری كۆمەلایەتیدا ژنو ژنخوازی زۆر لەناو یەكتردا كراوەو لەگەڵ ئەوەشدا لەهەردو لا خەڵكێك هەبوونە لەسەر بچوكترین هەنگاوی یەكتر حسابی وردیان كردوەو بەگومانەوە روانیویانەتە جموجۆڵەكانی یەكتر توركمانەكان نایشارنەوە كە زیادبونی رێژەی كورد لەو شارەدا ترسی گەورەی خستۆتە دڵی ئەوانەوە!! ئەمە لەكاتێكدابەدرێژایی مێژوو هەمیشە رێژەیكورد دوجاو سێجای رێژەی توركمان لەو شارەدا زیاتر بووە كەچی (عەزیز قادر سەمانچی) بەزۆر كەركوك دەكات بەشاری توركمانو دەڵێ (مدينە كركوك كانت تركمانيە بكل ما في الكلمة من مضى حتى ماضي غير بعيد وبحسب قول هنابطاطو)[2]!!

سەیر لەوەدایە عەزیز قادرخۆی خەڵكی ئەو شارەیە كەچی پشت بەقسەیەكی (بەطاطو) دەبەستێكە دورە لەهەمو راستیەكەوەو زیاتر بۆنی نانەوەی دووبەرەكی لێدێت، جێی داخە هەندێك لەڕۆشنبیرانی عەرەب بەو شێوەیە ویستویانە لەنانەوەی ئەو ململانێیەدا سود ببینن بەپێی سیاسەتی (فرق تسد) هەروەك قائید فیرقەی دووش (نازم تەبەقچەلی) كەخۆی ئەفسەرێكی عەرەبە بەو شێوەیە بیری كردوەتەوەو دواتر دێینە سەری، تەنانەت یەكێ لەهۆكارە هەرە سەرەكیەكانی كەوتنەوەی ئەو ئاگرە نامەو نامەكاریە ژێر بەژێرەكانی ئەوە، ئەمە جگە لەڕۆڵی نێگەتیڤانەی لەكاتی بەدەستەلاتیدا لەوێ!! شێخ رەئوفی خانەقا لەبارەی ئەم پیاوەوە لەشیعرێكا دەڵێ:

**ئەسبابی فیتنە چۆن لەسەر چی بوو**

**لای من وەهایە (تەبەقچەلی) بوو**[3]

---

[1] -التأريخ السياسى لتركمان العراق/ عزيز قادر الصامانچى.

[2] -پەراوێزی پێشو.

[3] -یادگاری خانەقا، شێخ رەئوف خەنەقاشیعرو بیرەوەری.

دواتــر هــەم لەســەر شــیعرەكە دەوەســتین هــەم لەســەر (نــازم تەبەقــچەلی) زۆربــەی كوردەكـانی ئـەو سـەردەمەو ئەوانـەی لـەناو رووداوەكـەدا ژیـاون رۆڵـی تێكدەرانـەی قائیـد فیرقەی دوو نازم تەبقچەلی بەهۆكاری یەكەمی ئـەو ئاژاوەیەیـە دەزانـن، راسـتی ئـەم قسەیە كاتـێ دەردەكـەوێ كـە دەبیـنین لەلایەكـەوە لـەنێوان (تۆرانیـەكان) نـەك توركمانـەكانو بەعـسیو قەومییەكانــدا پەیوەندییــەكی پتــەو هەیــەو لەلایــەكی تریــشەوە زۆربــەی سەرچاوەكان بـاس لەپەیوەنـدی ژێـر بـەژێری (عەبـدولوەهاب شـەواف)و (نـازم تەبەقـچەلی) دەكەن هەرچەندە (نازم تەبەقچەلی) لەكاتی دادگایكردنەكەیدا دەیەوێ لەو پەیوەندیە ژێـر بەژێرە خۆی بێبەریو بێتاوانو بێئاگا دەركات.[51]

ناكرێ لێرەدا باس لەڕۆڵی خراپی حزبی شیوعیو هەندێ كوردی ساویلكەش نەكرێ كـە بەڕاستی ئەوان خەونەكەی تەبەقچەلیان بەدی هێناو كـوردو توركمانیـان لەیەكـەم سـاڵیادی (شۆڕشـی 14ی تـەموز)دا كـرد بەگژیەكـدا، بڵاوكردنـەوەی ئـەوەی گوایـە توركمانــەكان (مـؤامرە) یان لەدژی كۆمار بەدەستەوەیە بەسە بۆئەوەی كارەساتەكە بقەومێ لەم بارەیـەوە (حەسـەن جـاف) كـە گەواهیـدەری نێـو روداوەكانـەو ئـەو دەمـە تەمـەنی (17) سـاڵ بـووە لە(نۆڤلێتەكەیدا) عەلە بەسـتێ (روداوەكـەمان بـۆ دەگێڕێتـەوەو دەڵـێ (ئـەو رۆژە تـا ئێـوارە پەت لەكاردا بوو تەقەش بێدەنگ نـەبوو، ئینزباتخانـە ببـووە قەسابخانە، ئـەوەی بەلێـدانو راكێشان نەمردبوو كە دەگەیشتە ئەوێ تەواویان دەكرد، سەیرەكەش لـەوەدابوو هـەموو ئـەو (مـؤامـرە) چـیانە بێـچەك بـونو كەسـیش نەیدەپرسـی چـۆن ئەمانـە ئـەتوانن كۆمـارە ساواكەمان بڕوخێننو چەكیشیان پێنیە!!)[52]

بەم شێوەیە بەربونە گیـانی زۆرێـك توركمـانی بێچـەكو ئـاگری فیتنەكـەی تەبەقـچەلی خۆش كرا، ئەوەی توركمانەكانیش كردیان كەم نـەبوو، هـەموو ئـەو راپۆرتانـەی تەبەقـچەلی بۆ سەروی خۆی بەرزیكردوەتەوە رادەی دوژمنایەتی ئەو بۆ كورد دەردەخەن بۆ نموونە:

لەڕاپۆرتێكا (19-1959) دەڵێ:

(توركمان بەترسـەوە دەڕوانـنـە جموجـۆڵی كورد لەكـەركوك!! هـەروەها دەڵـێ بـا ئـاڵتون كۆپریو دوزخورماتوو كفری بەرپرسەكانی بـەردەوام عـەرەب بـن نـەك كـوردو توركمـان)[53]

---

[51]-بگەڕێرەوە بۆ مذكرات الطبقجلي وذكريات جاسم مخلص المحامي 1985.

[52]–عەلە بەستێ، رۆمان/ حەسەن جاف ل22.

[53]-مذكرات الطبقـچلی وذكريات جاسم مخلص المحامي.

هەندێ جاریش بۆ چاو بەستەکێ دەنوسێ بـرا کوردەکـان، هـەروەها بـەکتابی ژمـارە 363/56 لـە14|15ی 2/1959 دەنوسێ: (ان النزاع القومي في كركوك واضح بين الأكراد والتركمان الذي تؤلف القومية الأخيرة اكثرية لواء كركوك) .

نـازانم تەبەقـچەلی بـەپێی کـام سـەرژمێریەدەڵێ تورکمـان زۆرتـرن و بـەپێی کـام سەرچاوەش دەنوسێ کێشەینەتەوایەتی و ململانێی نەتەوایەتی لەنێوان کوردو تورکمانی کـەرکوکا بەئاشـکرا دیـارە، ئەگـەر کـارێکی وا هەیـە ئـەدی رۆڵـی قائیـد فیرقـەی دوو لەچارەسـەرکردنیدا چـیە؟! ئـەدی ئـەو لیژنەیـەی وەك لیژنـەی هاوکـاری و لێکتێگەیـشتن دروست کرابوو لەکەرکوك رۆڵی تەبەقچەلی لەسەرخستنی کارەکانیدا چی بوو؟ جگە لـەوەی کـە رۆڵێکـی زۆر جاسوسانەی بەسـەر کوردەوە گێـڕاوەو بـەردەوام نـاوی کـوردە دیارەکـانی وەك گێرەشێوێن و خراپەکار ئاراستەی سەرەوە کردووە ئەو لەو راپۆرتانەدا لـەناوی خـەڵکی (ئاسایی و سادەش) نەپرینگاوەتەوە، دواتر شتێکی شاراوە نییە کە هەنـدێك لەتورکمانـەکانی کەرکوك پەیوەندی راستەوخۆیان بەتورکیاوە هەبوەو بەدرێژایی بـوونی دەوڵـەتی عیراقـیش ئەو پەیوەندیە نەپچڕاوەو تورکمانـەکان زۆربـەیان هیوایـان بەتورکیایـە شـتێکیان بـۆ بکـات، راسـتی ئـەم قـسانەش دوای راپـەڕین وەك رۆژی روون رەنگـی دایـەوە، لێـرەوە دەردەکـەوێ ئـەوەی (صمانـچی) لـە (تـأريخ الـسياسی لترکمـان العـراق) دا باسـی دەکـات گوایـە وتـارێکی (نەجات خادم سوجادە) دڵی تورکمانەکانی عیراقـی شـکاندووەو گوتویـەتی ئەوانـە تـۆرانین و لەکەرکوکدا زۆربەیان لەگازینۆو دوکان و ماڵەکانیاندا وێنەی سوڵتانەکانی عوسمانی و کـەمال ئەتاتورکیان هەڵواسیوە، (صمانـچی) دەڵێ ئەمـە کارێکی ئاساییەو وەك سـونبولێکی ئـاینی و مێژووی و نەتـەوەیی لـەپاڵ وێنـەی (ئیمـامی عـەلی و ئیمـامی حوسـێن)دا ئـەو وێنانـە هەیـە، سەبارەت وێنەی سوڵتانەکانی عوسمانی وتمان هەرچۆنێك بێت قەیناکە ئەگەرچـی ئـەوەش قـسە زۆر هەڵـدەگرێ، بـەڵام سـەبارەت هەڵواسـینی وێنـەی (کـەمال ئـەتاتورك) چـی دەڵـێن لەکاتێکـدا (ئـەتاتورك) لەپێـشدا بـەڵێنی دنیـای بـەکورددا و دواتـریش ئـەو هـەموو مەینەتیـەی بەسـەر هێنـان ئێـستا تورکمانـەکان بەهەڵواسـینی ئـەو وێنانـە دڵـی کوردیـان شـکاندوە، یـان کـورد بـەوەی گلەییـەك لەهەڵواسـینی ئـەو وێنانـە بکـات، هەڵبـەت وێنـەی ئەتاتورك تا هەشتاکانیش لەهەنـدێك ماڵدا هـەبوو لەکـەرکوك، راسـتیەك هەیـە بەدرێـژایی مێـژوو ئـەوەی لەگـەڵ دەسـتەڵاتا بـووە زیـاتر دەسـتی رۆیـشتووە، بۆخـۆی دەسـتەڵاتیش لەساناترین مانایدا واتە زەبرو زەنـگ و چەوساندنەوە، هـەرگیزکورد لـەم شـارەدا نـە لەگـەڵ

[54] ـمذكرات الطبقـچلی وذكريات جاسم مخلص المحامي.

دەسـتەلات بـووە نـە دەسـتەلات لەگـەلى بـووە، بۆيـە هـەردەم قوربـانى بـووە. لەڕاسـتىدا تەبەقچەلى ئەگەرچى لەسەردەمى ڕووداوەكەدا ئەو ماوەيەك بو لەزينـدانا بـوو، بـەلام نامـە نهێنيەكانى ئەو ئاگرى ئەو ئاژاوەيەى خۆشكرد بەدواى ئەويشدا (داود جـەنابىو عبـدالرزاق مەحمود) نەك هەولى ئاسايىكردنەوەى بارودۆخەكەيان نەدا بگرە خەراپتريان كرد[*] .

تەبەقـچەلى بـۆ ئـەوەى هـانى حكومـەتى عيراقـى بـدات كـە سـەركوتى كـورد بكـەن دەلىٚ كوردەكـان بەتــەماى دروســت كردنـــى (كۆمـــارى كوردســـتانن) تەبەقـــچەلى لەلايەكـــەوە لەگەلٚشـەواف سـەرگەرمى بيركردنـەوە لەڕوخانـدنى (كۆمـارە سـاواكە)ن!! لـەم لاشـەوە بـۆ چاوبەستەكىٚ باس لەمەترسى كوردو (كۆمارى كوردستان) بۆ سەرو خۆى دەكات تەبەقـچەلى هێندە شۆڤێنى بووە تەنانەت لەسـەر دروسـتكردنى كارتێكى پيرۆزبـايش كـە لىٚى نوسـراوە (كەركوك-كوردستان) راپۆرتى بۆ (ئيستخباراتى سەربازى) نوسيوە!!.. هەرچۆنێك روداوەكـە بـەم شـێوەيە بـووە سـەرجەم لايەنـەكانى نێـو شـار، بەپلـەى يەكـەم حزبـى شـيوعىو پـارتى لـەخۆئامادەكردنا بونـە بۆئـەوەى لەيەكـەمين سـالڕۆژى كۆمـاردا ئاهـەنگێكى گـەورە بگێـڕن، دەبىٚ ئـەوەش بلێين كـە بـۆ خۆشـيان پـارتىو شـيوعى پەيوەندىيـەكى زۆر باشـيان نـەبووە هۆكارەكـەش ئـەوەبوە شـيوعيەكان پارتييـان بەناسـيۆناليزم زانيـوەو خۆيـان بەشۆڕشـگێڕو نوێنەرانى خەلك[*] ، بەلام بۆ ئاهەنگو ڕێپێوانەكە بەتايبـەتى لـەڕۆژێكى وادا پێكەوە بوونـە پێدەچـێت لەبەرامبـەر ئەمـەدا هەنـدێك (تـۆرانى) كـە خۆيـان لـەبن پەرچـەمى توركمانـدا شاردبووەوەو بـەفيتى ئەوانـەى كـە ويـستويانە درێـژە بەبـەديهاتنى خەونەكـەى تەبەقـچەلى بـدەن لەلايـەكى تـرەوە كـە خۆيـان لـە(300-200) كەسـێكدا بينيوەتـەوە ئـەمانيش، ڕێپێوانێكيـان ڕێكخـستووە، لەڕاسـتىدا تـا ئێـستا روون نەبوەتـەوە ئـەو ژمارەيـە بـەنيازى چىبونە؟ ئايا ويستويانە سيماى توركمان نيشان بدەن؟

ياخود بۆ نانەوەى دووبەرەكى نێوان نەتەوە براكانى ئـەم شارەبووە، خۆنيـشاندانى ئـەم ژمارە كەمە بيانويەكى لەبار بووەبۆئەوەى (فيرقەى دوو، حكومەت) دەستيان ئاوەلا بێت بـۆ نانــەوەى كێـشەكە، ئێمـە دەبێـت لـەوە تێبگـەين كـە تەبەقـچەلى راسـتە لەسـەرەوە دۆسـتى

---

[*] مەبەسـت لـەخراپتر ئەوەيـە نـەيانتوانى هـەر هـيچ نـەبێت شـوێنەوارى فيتنەكـەى تەبەقـچەلى بسڕنەوە.

- منطقة كركوك ومحاولات تغير واقعها القومي، **نورى تالەبانى**، ل46.

[*] **هۆكارى تريش هەيە، بەلام بابمێنىٚ، سەير لەوەيە ئەو كاتەش بەپىٚى نامەيەكىمام سالح جاف بۆم شيوعى شەربەتى زەردو پارتى تەماتەيان نەخواردوە.**

تورکمان بوەو تورکمانەکان هاموشۆیان کردووە، بەڵام تەبەقچەلی چەند دوژمنی کورد بووە ئەوەندەش دوژمنی تورکمان ئەو نیازی ئەوەبوە ئەم دوو گەلە بەلێدانی یەکتر لەناوبەرێت، بەڵام بۆ لەکوردەوە دەستی پێکردووە ئەمە لەوێوە سەرچاوەی گرتووە کە کورد لەلایەکەوە حزبی سیاسی هەبوەو لەسەروی ئەمانەشەوە ڕێژەی لەشارەکەدا زیاترو لەبارچاوتربووە تەبەقچەلی بەپێی سیاسەتی (پادار بگرە بێپا ماڵە) کاری کردووە ئەو ئەگەر لەسەرکوتکردنی کورددا سەر بکەوێت تورکمانەکان بەئاسانی دەستەمۆ دەکرێن "کاکی کاکان" کە ئەو دەمە بەرپرسی پارتی بووە لەکەرکوك هەرچەند کاتی روداوەکە لەوێ نەبوە، بەڵام ئەویش هۆکاری سەرەکی روداوەکە دەگێڕێتەوە بۆ تەبەقچەلیو دەڵێ بیروبۆچونی تەبەقچەلی بەم شێوەیە بوە (کورد، کەرکوك بەکوردستان دەزانێ، ئەمە بیرو ڕای جیاخوازیەو یەکێتی نیشتمانی دەخاتە مەترسیەوە)[1].

ئێستا تێدەگەین بۆچی لەکوردەوە دەستی‌پێ‌کردوە، ئیتر ژمارەیەك سەرباز بە(گوریس) (حبل)ەوە ویستویانە رێ لەم ژمارەیە بگرن، بەڵام لەئاکامدا تەقە دروست بوەو هەر لەسەرەتاوە ژمارەیەك بونەتە قوربانی: راپۆرتی پۆلیس بۆ دیوانی پارێزگا لەم بارەیەوە دەنوسێ: راپۆرتی ژمارە 497-رۆژی 7/15 (کاتێ رێپێوانە جەماوەریەکە گەیشتە نزیك پردی کۆن بەنیازی رۆیشتن بەرەو قەڵا لەکاتژمێر (7)دا خۆنیشاندانی تورکمانەکان کە بەسواری ئۆتۆمبیلی سەربازیەوە بون لێیان نزیك بونەوە، لێرەوە نزیکەی (60) سەرباز بەگوریس ویستیان رێیان لێبگرن)[2].

هەروەها دەنوسێ (پاشتر لەنزیك گازینۆی (14)ی تەموز کە گازینۆی تورکمانەکانە یاخود خەڵکی تورکمان لێی دادەنیشتن تورکمانەکان جارێکی‌تر کۆبونەوە لەو کاتەدا دەنگی چەند گولەیەك بیسترا کە نەتوانرا نەشوێنی تەقەکان دیاری بکرێت نەکەسەکان بدۆزێتەوە!! (نیشانەی سەرسوڕمانەکە هی ئێمەیە) لێرەوە شەڕوشۆڵو تێك بەربون لەنێوان تورکمانەکانو سەربازەکاندا دەستی‌پێ‌کردو تورکمانەکان بەردو داریان بەکارهێنا، سەربازەکانو پیادەکانی (بەرگری میللی)یش بەچەك وەڵامیان دانەوەو لەو نێوانەدا (20) هاووڵاتی تورکمان بونە قوربانی کە لەناویاندا سەرهەنگی کارکەنار کراو (عەتا خەیروڵڵا)و عوسمان چاپچی خاوەنی گازینۆکەو کچێکیو کوڕێکی فوئاد عوسمانی کوێخای

---

[1] -کاکی کاکان-بەرگی یەکەم کاکە مەم بۆتانی، ل262.
[2] -کرکوك دراسە سیاسیە وأجتماعیە، ل71، وریا جاف.

گەڕەکی (خاسە)ی تیا بوو ژمارەی برینداریش گەیشتە (130) کەس. لەم لاشەوە هەندێك لەئەندامانی بەرگری میللی هەڵیان کوتایە سەر بنکەی پۆلیسی ئیمام قاسمو دەستیان بەسەر چەكو جبەخانەکەیدا گرت لەگەڵ (18)چەکی دەزگای پۆلیس دا)[1] پێشتریش لەڕاپۆرتەکەدا ئاماژە بەکێشەی لەپێشتری نێوان کوردو تورکمان دەدریٚو لەو نێوانەشدا تورکمان تاوانبار دەکرێت.

لەم کێشەیەدا، خوێنەر کە بەوردی ئەم راپۆرتەی پۆلیس دەبینێ دەستە پاچەی دەزگای پۆلیسی بۆ دەردەکەوێ، دەزگایەك کە لەبنەڕەتا ئەرکی پاراستنی ئاسایشی هاووڵاتیانەو بەپێی دروشمە بریقەدارەکە لەخزمەتی گەلدایە، راپۆرتەکە سیمای لەکۆڵ خۆکردنەوەی پێوە دیارەو زیاتر لەپاکانەکردن دەچێت بۆ خۆی، وریا جاف لەکتێبەکەیدا لەچوارچێوەی راپۆرتەکەی پۆلیسەوە چەند پرسیارێ ئاراستەی ئەو دەزگایەی ئەو سەردەمە دەکات کە پێویست ناکات ئێمە دوبارەی بکەینەوە، لەڕاپۆرتی دەزگای ئاسایشی ئەو سەردەمەشدا شتێکیتردەگوترێ، لەڕاپۆرتی یەکەمیاندا دەزگای ئاسایش کە لەبەڕێوەبەری ئاسایشی کەرکوکەوە بەژمارە (6433) لە1959/7/15 ئاراستەی بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتی کراوەو لەڕاپۆرتی دووەمیشدا لە1959/7/20 (دەستەیەك سەربازی کوردی نێو لیوای چواری فەوجی چوار تاوانبار دەکرێت)[2] راپۆرتەکەی دەزگای ئاسایش بەپێچەوانەی راپۆرتەکەی پۆلسیەوە کورد تاوانبار دەکات یاخود راستر سەربازە کوردەکانی لیوای چوار، لەڕاپۆرتی دووەمیشدا حزبی شیوعیو بەپلەی یەکەم فاتح داود جەباریو پارێزەر جەبار پیرۆزخان. لەڕاپۆرتەکەدا هاتووە کە ئەمانە خەڵکیان کوشتوەو بەئۆتۆمبیل خەڵکیان راکێشاوە ئایا؟ رێی تێدەچێت جەبار پیرۆزخان کە بۆخۆی بەپیشە پارێزەرەو پیاوێکی تا بڵێی نیشتمانپەروەرو تێکۆشەرە بەو کارە هەستێ کە لەڕاپۆرتەکەدا هاتووە دوای روداوەکە حکومەت هەستا بەدورخستنەوەی لیوای چوار کە ئەویش بۆ خۆی پاشتر کاریگەریەکی خراپی لەسەر دانیشتوان بەجێهێشت، چونکە دورخستنەوەی لیوای چوار لەکەرکوك هۆیەکی گەورە بو بۆ ئەوەی دەست لەکورد بکرێتەوە (لیوای چوار زۆربەیان کوردبون)[3].

---

[1] –هەمان سەرچاوە.

[2] –هەمان سەرچاوەی پێشوو.

[3] –چاوپێکەوتن لەگەڵ شێخ عەبدوڵلا بابەعەلی بەرزنجی لەمانگی 1997/7/7.

لــەژێر ڕۆشــنایی ڕاپۆرتەکــەی دەزگــای ئاسایــشی کــەرکوکا لیــوای چــوار لەکــەرکوك دورخراوەتــەوە ئەمــە بێئــەوەی بــەوردی لەڕوداوەکــە بکۆڵرێتــەوە، پێدەچــێت لــەنێوان ئاسایش‌و پۆلیسدا بەبەرنامە سیناریۆکە داڕێژرا بێت لایەکیان کورد تاوانبارکەن‌و لایـەکیان تورکمــان، تــەنیا جیــاوازی نــاوەرۆکی ئــەم ڕاپۆرتانــە بەســە بــۆ ئــەوەی کــوردو تورکمــان دوژمنەکانیان بناسن. سەیر لەوەدایە لەگەرمەی ڕوداوەکەدا کە حکومـەت‌و حزبـی شـیوعی هەلیان بۆ هەڵکەوتوە ئاگرەکە خۆش بکەن (تورکمانـەکان زۆربـەیان بـۆ خۆپاراسـتن مـاڵی کوردیان هەڵبژاردوە کەچی دوای لەبەرامبەر کوشت‌و بڕی کوردا نـەك هەڵوێـستیان نـەبووە بگرە بەشداریان کردووە).

مـام سـاڵح جـاف بـرای وریـا جـاف کـە منـداڵی شـارەکە بـووە لـەبارەی بڕینـی مەرکـەزی پۆلیسی ئیمام قاسمەوە گێڕایەوە (لەگەڕەکی ئیمام قاسم پیاوێك هـەبوو نـاوی (سمایـل) بـوو ناسراو بە(سمایلە قەڵەو) مقاومـە شـەعبی بـوو هـەر ئـەو ڕۆژە (واتـە 14ی تـەموز) لەگـەڵ دوانی‌ترا هەڵیکوتایە سەر مەرکەزەکەو (مەشجەبی چەکی مەرکەز)ەکەیان شکاند کـە (81) چەکی یانزە تیری تیا بو چەکەکان دابەشکران بەسەر خەڵکاو هەرکەسە چـەکێکی بـرد- مـام سمایـل دەیگـوت بـڕۆن ئـەو تۆرانیانـە بکـوژن!! تورکمانـەکان لەقـەڵای کەرکوکـەوە تەقـەیان دەکــرد بــۆ پارێزگــاری لــەخۆیان، بــەڵام پارێزگــار ئاگــاداری کردنــەوە ئەگــەر خــۆ نــەدەن بەدەستەوە ئەوە ئاوەکەیان لێدەبڕن ناچار تورکمانەکان خۆیان دایە دەستەوە).

دکتــۆر عبدالــستار تــاهیر شــەریف دەڵــێ (3 ڕۆژی 14و 15و 16ی تــەموز 3ڕۆژی کارەساتەکە بوو).

دواتر سوپا لەبەغداو جەلەولاوە دەگەن‌و تاڕادەیـەك دنیـا ئـارام دەبێتـەوە. دەبـێ بڵـێین هەر لەڕۆژی (7/15) واتە ڕۆژێ دواتر نیوە ئارامیەك گەڕایەوە شـار دکتـۆر نـوری تاڵـەبانی دەنوســێ (چــەند یەکەیــەکی ســەربازی لەبەغــداوە گەیــشتنە کــەرکوك‌و چــەند لێپێچینەوەیەکیان کرد کە تا ئێستا شوێنەواری ئەو لێپێچینەوەیە بەسـەر شارەکەوە ماوە).

---

-کرکوك‌و محاولات د.نوری تاڵەبانی، ل51.

-چاوپێکەوتن لەگەڵ مام ساڵح جاف لە1997/7/2.

-دیدارێك لەنوسینگەی گۆڤاری پەیڤین ساڵی 1997.

-کرکوك محاولات ل51 دکتۆر نوری تاڵەبانی.

سەبارەت ڕووداوەکە جگە لەوەی کە حکومەتی تورکیا بەڕەسمی (فەڕمی) ناڕەزایی دەربڕیوە زۆربەی ڕاگەیاندنی وڵاتانی دەرەوە هەریەکە بەشێوەیەك باسیان کرد بۆ نموونە لە1959/7/19 ڕۆژنامەی ئیتلاعاتی ئێرانی دەنوسێ (500 کوژراو لەپێك هەڵپژانەکاندا بووە)، هەروەها (یەکەیەکی سەربازی عیراقی پەیوەندییان کرد بەشیوعیە کوردەکانەوەو دەستیان کرد بەکوشتنی سەرانی عەرەبو تورکمانی لایەنگرانی قاسم)[1] !!

لە1959/7/20 هەمان ڕۆژنامە دەنوسێ تا ئێستا لەکورکوك (1000)کەس کوژراوەو (45)برینداره!! هەروەها دەنوسێ هێزی ئاسمانی عیراقیبنکەی شیوعیەکانی کەرکوك بۆردومان دەکاتو (180)ئەفسەری عیراقی لەکەرکوك دیل کراوەو هتد. چەند دەزگاو ڕاگەیاندنێکی تریش لەوە باشتر نالێن. لەوەش سەیرتر محەمەد حەسەنین هەیکەلی ڕۆژنامەنوسی ناوداری میسری دەنوسێ (بەدەستی شیوعیەکان (3500)کەس لەکەرکوك کوژران)[2] !!

لە1959/7/19 عبدالکریم قاسمی سەرەك وەزیران لەبارەی ڕوداوەکەوە وتارێکی خوێناوی لەکەنیسەی (ماریوسف)دا، ئەم وتارە سەرەتایەکی خەتەرناك بو بۆ کردنەوەی دەستی تورکمان لەکورد، بەداخەوە سەرجەم هەنگاوەکان، ڕاپۆرتەکان، ڕاگەیاندنەکان، تەنانەت ڕۆژنامەکانی ئێرانو ڕۆژئاوا بەو شێوەیە کاریان کردووە کە ئاگری کێشەی نەتەوایەتی نێوان کوردو تورکمان خۆش بکەن خەڵکی ساویلکەی هەردوو نەتەوەکەیش تەفرەیان خواردوە ئەگینا لەسەردەمی (خەلیفە متەوەکیل)ەوە (847-861ز) کوردو تورکمان پێکەوە لەم شارەدا ژیاون بێئەوەی هیچ کێشەیەکی وا ڕوبدات کەچی لەکتوپڕێکداو لە (1958/7/16)ەوە واتە لەو ڕۆژەوە کە تەبەقچەلی سەرکردایەتی فیرقەی دووی کەرکوك وەردەگرێ کوردو تورکمان دەبنە دوژمنی باوەکوشتەی یەکترو تەنانەت ئەو لیژنانەش کەدروستی دەکەن بۆ پاراستنی برایەتیو تەبایی هیچی بۆ ناکرێت، ئەمە لەکاتێکدا لیژنەی هاوکاری نیشتمانی لەباشترین خەڵکی دوو نەتەوە کە دروست کراوە کە لەلایەن کوردو تورکمانەوە گوێیان لێدەگیرێت لیژنەکە بریتی بو لە:- کوردەکان (موکەڕم تاڵەبانی، حسێن بەرزنجی، عبدالقادر بەرزنجی، عومەر مستەفا (عومەر دەبابە) تورکمانەکان محەمەد حاجی حسین، تەحسین ڕەئفەت، عەتا خەیروڵلا مەجید

---

[1] -کرکوك دراسە سیاسیە واجتماعیە وریا جاف، ل90.

[2] -سەرچاوەی پێشوو.

حەسـەن) ئاماژەمـان بەوتارەکـەی قاسـم دا دەبـێ ئـەوەش بڵـێین کـە وتارەکـە تەنانـەت ژمارەی بریندارو کوژراویشی زیاد پێوەنابوو گوتبوی (79) کـەس کـوژراوە!! هـەروەها (46) کەس خراونەتە ژێر خۆڵەوە: کەچی لە2ی کانونی دووەمی 1960دا دێتەوەو دەڵێ ژمـارەی کوژراوەکان تەنیا (31) کەس بوو. لەڕاستیشدا ژمـارەی کـوژراوو برینـدارەکان بـەم جۆرەیـە ژمارەی کوژراو 32 یان 33 کە 29یان تورکمانو ئەوانیتر کوردن.

ژمـــارەی برینـــدار (130) برینـــداربون کـــە(124) کەســـیان تورکمـــانو (6) یان کورد بون .

سـەبارەت رووداوەکـە زۆر لایـەنو رێکخـراو رونکردنـەوەی خۆیـان دا، بـەڵام بەگـشتی زۆرکەمیان راستیەکانیان وەك خـۆی باسـکرد ئەمـەش لـەوێوە هـاتوە هـەر لایـەنو رێکخـراو حسابی وردی بۆ ئەو رۆژەو ئایندەی خۆی کردووە.

رێکخراوەکـانی مامۆسـتایان، کرێکـاران، لاوان، ژنـان هتـد، کۆنەپەرسـتی تاوانبـار دەکـەن، حزبـی شـیوعی ئیمپرالیـزمو کۆنـەخوازان، تۆرانیـەکانو بـەکرێگیراوانی کۆمپانیـای نـەوت هەروەها هۆیەکی کەی دەگێڕنـەوە بۆ پێکهاتەی کۆمەڵایەتی شارەکە تورکمانـەکان شـیوعیو بـەرگری میللـی تاوانبـار دەکـەن، کـورد دەیـەوێ خـۆی لێ دەربـاز بکـات لەگـەڵ ئەوەشـدا تورکمانـەکان هەنـدێکیان دور لەهـەر بنەمایـەکی زانـستی دەیانـەوێ هۆکـارە سـەرەکیەکانی بگێڕنەوە بۆ کورد، لەکاتێکدا کورد بۆ خۆی لەو شارەدا قوربانی بـووە هـیچ یـەکی لـە(قائیـد فیرقـە)کـانی ئـەو سـەردەمەش لەگـەڵ کـورد نەبونـە وەك ئـەوەی کـە (نـازم تەبەقـچەلی لایەنگری تورکمانو جەنابی لایەنگری شیوعی بون نەك کورد) .

(محمود عبدالوهاب)یش کەلەکاتی رووداوەکەدا بەوەکالەت قائیـد فیرقـە بـووە هاوسـۆزی کورد نەبوە، بەڵام دەبێ ئـەوە بگـوترێ هـەر لەمـەرگی هیدایـەت ئەرسـەلانەوە تورکمانـەکان هەندێکیان نەك بەگشتی بەچاوی رقەوە تەماشای کوردیـان کـردوە، لەکاتێکدا هەموولایـەك ئـەوە دەزانـن کـە هیدایـەت ئەرسـەلانی ئـامیر ئینزیبـاتی سـەربازیو دەسـتنێژی تەبقـچەلی لەداخ ئەوە دڵی وەستا کەمینە نراوەکەی بۆ بەرزانی نەمری نـابوەوە بەتاڵکرایـەوە تەنانـەت کـاکی کاکـان لەبیرەوەریەکانیـدا دەڵـێ هـاتنی مـەلا مـستەفای بـارزانی 1958/10/20 بـۆ کەرکوكو گەڕانەوەی لە1958/10/25 بەوێدا نازمی زۆر نیگەران کردبوو هـەروەها ئـەوە

---

–کاکی کاکان بەرگی یەکەم کاکە مەم بۆتانی.

–تێکدەرێك لەکەرکوك، لەتیف فاتیح فەرەج کەرکوك ژمارە (5) ل80.

–د.عبدالستار تاهیر ئاران ژمارە 4 ل5.

بڵاوكرایەوە كە (گوایە تۆرانیو شۆڤینیە عەرەبەكان دەیانەوێ لەكەركوك بەرزانی تیرۆر بكەن بۆیە عبدالكریم بەزۆر نازمی ناچاركرد كە پێشوازیەكی گەرمی بەرزانی بكەنو گیانیشی بپارێزن)[1] ، لەگەڵ ئەوەشدا لەهاتنەكەی مەلا مستەفای بارزاندا بۆ كەركوك هەندێ دروشم لەلایەن كوردەوە گوتراوە كە توركمانی نیگەران كردوەو (عەزیز قادر) لە(تأریخ السیاسی لترکمان العراق)دا باسی دەكات بۆ نمونە دروشمی:

**كەركوك شاری كوردانە**

**باڵێ دەرچێ بێگانە**

لەكاتێكدا هیچ ئاماژەیەك بۆ توركمان نیە لەم دروشمەدا كەچی توركمان بۆ خۆیان وای بۆ چونە كە مەبەست لە(بێگانە) توركمانە.

هەندێ وردە كێشەی تریش هەبوە پێش رووداوەكەی 1959 وەك ئەوەی هەندێك خەڵك لەجیاتی میدالیای كۆتری ئاشتی سەرە پشیلەو شتی وایان كردووە بەیەخەیانداو كێشەی خانەی مامۆستایانی كچانو خوێندكارە توركمانەكان. رووداوەكەی كەركوك برینێكی قوڵە لەجەستەی ئەو شارەداو تا ئێستاش وەكو پێویست سارێژ نەبوە بۆیە زۆر جار لەقسەو باسەكاندا، لەنوسراوو راگەیاندنەكاندا هەڵدەدرێتەوە، قوربانی یەكەم لەو رووداوەدا كوردو توركمان بوون، ئەو كوردو توركمانانەی سەدان ساڵ پێشتر برایانەو دور لەشەڕ پێكەوە ژیابون لەگەڵ ئەوەشدا تەنانەت (ئەو لیژنەی بەدواداچونو لێپێچینەوەیەی كە سەرهەنگ عبداللە عبدالرحمن سەرپەرشتی كردوە لیژنەیەكی بێلایەن نەبوەو ژێر بەژێر لەگەڵ پارێزەرە توركمانەكانو هەندێك خەڵكی تردا رێككەوتوە بۆ لێدانی كورد)[2] عبداللە عبدالرحمن كە سەرۆكی لیژنەی لێپێچینەوەی رووداوەكە بووە نەك هەوڵی سارێژكردنی برینەكانی نەداوە بگرە قوڵتری كردوەتەوە بۆیە پارتیو كورد هەوڵیان داوە كارەكانی ئەو لیژنەیە رابگیرێ، بەو پێیەی كورد گەلێكی ئاشتی خوازو غەریب دۆستنو زۆر رێزی ئەو كەمینانە دەگرن كە لەولاتەكەیاندا دەژین ناكرێ بەپێوەری عبداللە عبدالرحمن حكومەت بەربێتە گیانی كوردو هەرچی نەشیاوە بیكات، ئەوەی عبداللە بەرنامەی بۆ دارشتبوو لەڕاستیدا سڕینەوەی كورد بوە لەكەركوك هەر بۆیە سەرەتا كوردەكان ئەوانەی لەگەڕەكە توركمان نشینەكان بونە بەپەلە پڕوزێ ئەوێ یان

---

[1] -كاكی كاكان. كاكە مەم بۆتانی.
[2] -كركوك محاولات د.نوری تاڵەبانی ل51.

بەجێهێشتووە دواتریش کورد ناچاربووە ڕێگای تر بگرێتە بەر هەرچەندە خوالێخۆشبوو عبدالرحمن زەبیحی (مامۆستا عولەما)ی بەرپرسی ئەو سەردەمەی پارتی لەکەرکوك لەگەڵ توندوتیژی نەبوە، بەپێی سەرچاوەکانو ئەو چاوپێکەوتنانەی لەگەڵ خەڵکانی ئەو سەردەمە کردومانە روداوی کەرکوك بەڕادەیەك رۆشنبیرانی کوردیشی وروژاندوە کە شێخ رەئوف لەشیعرێکیدا بەدرێژی روداوەکەمان بۆ بگێڕێتەوەو لەسەرەتادا بڵێ ناونیشانی شیعرەکە (ئاژاوەی عەسکەرەکان)ە لام وایە:

لەچاردەی تەموز ساڵی پەنجاونۆ
برینی کۆنەم دیسان هاتە سۆ
کوشتن راکێشان تالآنی عیباد
فیتنەی ئاسوری هێنایەوە یاد
چاردەی تەموز بوو وەقتی ئێوارە
شار رازابوەوە ئەتگوت بەهارە

تا:

ئەسبابی فیتنە چۆن لەسەرچی بوو
لای من وەهایە تەبەقچەلی بوو[1]

راستە تەبەقچەلی کاتی روداوەکە لەوێ نەماوە، بەڵام شێخ رەئوف دەیەوێ پێمان بڵێ سەرەتای فیتنەکە دەستی ئەوی تیابووە ئەمەش هەمان خاڵی هاوبەشە کە هەموو، یان زۆربەی سەرچاوەکان بەتایبەت کوردیەکان لەسەری کۆکن لەگەڵ ئەوەشدا (ئەم روداوە خوێناویە دژ بەهەموو دابو نەریتو ئاکارو رەوشتی کوردایەتیو مرۆڤایەتی بوو)[2].

هەر بۆیە پارتیش ویستویەتی بە ئاراستەیەکی زۆر بێلایەنی خۆی بپارێزێ لەڕوداوەکە بەرپرسانی ئەو سەردەمەی پارتیش چ زەبیحیو چ کاکی کاکان بەو شێوەیە مامەڵەیان کردووە تەنانەت کە کار گەیشتوەتە تێزاب رژاندنو تیرۆرکاری هەندێك لەئەندامانی پارتی سەروی خۆیان بەترسنۆك لەقەڵەم داوە. قوتابیانی پارتیو هەندێك بوێر لەوانە شەهید عەلی عەسکەری هەوڵیان داوە کە ئەم شەڕ فرۆشیە سنورێکی بۆ

---

[1] -یادگاری خانەقا شێخ رەئوفی خانەقا.
[2] -د.عبدالستار تاهیر ئاران 4 ل5.

دابنرێ، هەندێك لەكەسایەتیە ناسراوەكانی توركمان لە كەركوك بەپێچەوانەی هەڵوێستی كوردەكانەوە دەچون داڵدەی ئەو شەلاتیانەیان دەدا كە بەربونە گیان كورد، لەوانەی كەبەدەستی توركمان كوژران (یەكەم قوربانی محەمەدە مینی شەربەتچی بوو كە تەمەنی 50 ساڵ بوو لەبەردەم دوكانەكەیدا كوژرا) .

محەمەدە مینی شەربەتچی پیاوێكی ناسراوی ناوچەكەو دوكانەكەی هەمیشە جێگای پارتی بوو، پاشتر مەلا صدیق بلوكێنی رۆشنبیر لەناو پاسدا تیرۆركراو تێزابیان كرد بەدەموچاوی فەتحولڵا خەیاتاو هەوڵیان دا تێزاب بكەن بەئەحمەدی حاجی رەزادا، ئەو، ئەو پیاوەی گرت كە تێزابەكەی تێگرت، بەڵام كە بردیە پۆلیس خانە، ئەحمەدیان گرتو ئەویان بەردا، ئەحمەد حاجی رەزای رۆستەم لەبری ئەوەی خەڵات بكرێ كرایە ژوورەوە هەروەها لەقوربانیەكانیتر حەمەساڵح تۆفیق بەگ، حاجی عەلی عەجەم، نائیب عەریف مەجید سلێمان، ئەمانەیان تیرۆركران یان تێزابیان پیاكرا، لەبەرامبەردا كوردیش دەستیان كرد بەهەڕەشەو لەو نێوانەدا سەلاح ئاوچی كوژرا بەم شێوەیە دەستی دوژمن كاری خۆی كردو لەهەردوو نەتەوە دەیان خەڵكی بێتاوان بونە قوربانی هەندێ لەسەرچاوەكان ئاماژە بەوە دەدەن كە توركمانەكان دەیانویست بەپارە كورد بكڕن بۆئەوەی كوردی پێ بەكوشت بدەن، لەوانە كوردێكیان بەكرێ گرت بۆ كوشتنی عەلی عەسكەری، لەساڵانی 1959-1960لەمنارە نەخشینە توركمانەكان چەند كوردێكیان تیرۆركرد، رۆژ بەڕۆژ بارودۆخەكە بەرەو خراپی دەچوو، حكومەتیش لەبری كوژانەوەی ئاگرەكە هەمیشە خۆشتری دەكرد، ئەم دیاردەیە تا ساڵی 1963 درێژەی كێشا* .

ساڵی 1963 بەعس كودەتایان كردو لە8ی شوبات هاتنە سەر كورسی دەستەڵات، توركمانەكان بەهاتنی بەعس كردیان بەئاهەنگو شایی، لێرەوە ستەمی چەند مانگەی بەعس دەست پێدەكات بەرامبەر كورد.

***ستەمی 1963 لەكورد**

---

–چاوپێكەوتنی شێخ عەبدوڵڵا بەرزنجی.

* هەروەها مەلا مەحمود غەرەبو عەریف حەمە فەرەج و مامۆستا محەمەد قەرەداخیش بەركەوتون، عەریف حەمە فەرەج چاوەكانی لەدەستدا.

(ئەفسەرانی ئازاد) سەرقاڵی روخاندنی رژێمی قاسم بون (تاهیر یەحیا) نامەیەكی بەو مەبەستە ئاراستەی سكرتێری ئەو سەردەمەی پارتی (برایم ئەحمەد) كردو داوای لێكرد لەروخاندنی رژێمی قاسمدا پشتگیری كوردیان بۆ مسۆگەر بێت سكرتێری پارتی لە1962/4/2 وەڵامی دایەوەو تەنیا مەرجیشی ئەوەبو دان بە ئۆتۆنۆمی كوردستانا بنرێ ئەگەر قاسم روخا، عبدالكریم قاسم راستە پێشتر بەهۆی ئەو پێشوازیەگەرمەوە لەبارزانی كردبوو كورد خۆشیان دەویست، بەلام لەلایەكەوە لەبەرامبەر هەڵگیرسانی شەر دژ بەكوردو لەلایەكیترەوە بەو هۆیەوە كە بەربوە گیانی كوردو ئەندامانی پارتی. كورد ئەو سۆزەیان بەرامبەری نەمابوو، لە1963/2/8 بەپشتگیری ئینگلیزو ئەمریكا كودەتاكە كراو سەریگرت، (هەر لەسەعاتی یەكەمەوە كودەتاچیەكان بەربونە گیانی شیوعیو چەپەكانی ترو یەكەم قوربانیش، جەلال ئەوقاتی) فەرماندەیی هێزی هەوایی عیراقی بوو) [ ] ، هەریەكە لەسەلیم فەخری، سەعید مەتەر، جەلال بالطە تەها بامەرنیو عەزیز شەریف خۆیان گەیاندە ناوچەكانی شۆرشی كوردستان پارتی شەری راگرتو چاوەرێی ئاكامەكانی نیشتنەوەی كودەتاكەی كرد. لەراستیدا رەنگە ئەم روداوانە لەسەدان نوسراوو كتێبدا باس كرابن بۆیە لەسەر هەندێكیان ناوەستین. رژێمی تازەی بەغدا سەر بەدوو هێڵ بوون عبدالسلام محەمەد عارفی سەرۆك سەر بەئەمریكاو دۆستی عبدالناصرو ئەحمەد حەسەن بەكری سەرەك وەزیرانو عەلی ساڵح سەعدی جێگری سەر بەبەریتانیا، پرۆژەی رژێمە تازەكە هەر لەسەرەتاوە سرینەوەی ئەوانی تر بوو دەیانوسیت جارێ لەشیوعیەكان رزگاریان بێت دواتر بەربنە گیان كوردو لەمەشدا وا رێكەوتبون كە سوپایمیسرو سوریاش بەهانایانەوە بێن، بەعسیەكان هیچیان لە گیرفاندا نەبوو بۆ كورد هەر بۆیە كاتی خۆشی تاهیر یەحیا وەڵامی نامەكەی برایم ئەحمەدی نەدابووەوە، دوای سەركەوتنی كودەتاكەش بە(10) رۆژ (جەلال تاڵەبانی) ئەندامی مەكتەبی سیاسی پارتی لەگەڵ وەفدەێكا لە1963/2/18 چونە بەغداو لە(19ی 2) بەغدا پێیانی گوت (مەسەلی ئۆتۆنۆمی كورد پەیوەندی بەهەموو عەرەبەوەیە دەبێ پرسبەهەموو لایەك بكرێ)!! لەوێوە تاڵەبانی سەردانی عبدالناصرو بن بیلای كرد، كورد لەئانو ساتی دەست پێكردنەوەی شەردابون لە1963/3/4 تاهیر یەحیا هاتە كوردستانو لە1963/3/9 لەبەیانێكدا بەعسیەكان دانیان بە(مافە نەتەوەییەكانی گەلی كوردا نا لەسەر بنەمای لامەركەزی)، بەلام ئەم دان پیانانە زیاتر لەچاو بەستەكیو تەفرەدان دەچوو، بۆیە هیچ درێژەی نەكێشا، پرۆژەی

[ ] –دەستنوسێكی رۆژانەی ئەو سەردەمە كە وەك رۆژژمێر هەندێك لەروداوەكانی رۆژانەی تیا تۆمار كراوە.

نەخشەیەکی گڵاو بۆ تواندنەوەی کورد لەنیوەی دووەمدا دانرا، نەخشەی دیجلە (تایگرس) بەم شێوەیە بوو لەشکری عیراق لەناوەندەوەو لەشکری ئێران بەرەو سلێمانیو تورکیا بەرەو موسڵ. بەعس لە1963/6/9 هێرشی بۆ سەر کوردستان دەست پێکرد،لە6/10 داوای لەشۆڕش کرد بێ هیچ داوایەك خۆی بدات بەدەستەوە. ڕۆژانی 9و10ی 1963/6 هەزاران کوردی کەرکوك لەگەڕەکە کوردەکان گیرانو بەرەو زیندانەکانی ئەبو غرێبو ناو کەرکوكو موسەیەب بەڕێکران.. لەناو کەرکوکدا تالانو برۆیەك دەستی پێکرد کە لەمێژوودا وێنەی نەبووە تەنانەت مەغۆلیش ئەوەیان نەکردووە، هەندێك لەسەرچاوەکان ئاماژە بەتالانکردنی ژنو کچیش ئەدەن، بەعسیەکان گەڕەك گەڕەك کەوتنە تالانکردنی کەرکوكو هەر ئەو دەمە چەند گەڕەكو شوێنێکیان وێرانو تالان کرد. لەوکاتەدا تورکمانەکان لەبری ئەوەی پشتگیری کورد بکەن لەشارەکەدا لەگەڵ بەعسیەکانداو بەبۆنەی سەرکەوتنی بەعسەوە ماڵ بەماڵ دەست نیشانی کوردەکانیان دەکرد، کەچی بەعس دواتر چی بەکورد کرد کەمتری بەتورکمان نەکرد، جاشی عەرەبو کورد بەناوی فرسان وەلیدو فرسان سەلاحەدینەوە، کە بەدرەدین عەلی پارێزگاری هەولێر دروستی کردبون وەك سەگی هار بەربونەگیانی کوردو ئەو ڕۆژە دروشمە دزێوەکان:

احن البدو ـوين العدو
احن العرب اهل الغيرة
نطرد الاكراد من ها الديرة

کەرکوكو دەوروبەریان پڕکردبوو، جاشەکان لەهیچ شتێ نەدەپرینگانەوە لەشۆڕیجەو ئیمام قاسمو ڕەحیم ئاوا زۆر ماڵ تالان کراو ڕوخێنرا، بازاڕی ئاخوڕ حسین پاش تالانکردن بەبلدۆزەر ڕوخێنرا، شۆراو لەگەڵ ئەوەشدا کەتالانو وێران کرا چی پیاوی تیا بوو گیرا*.

لەو ڕۆژە ڕەشەی کوردا تورکمانەکان داوای جێبەجێکردنی (3) خاڵیان لەبەعس کرد:

1-لەسێدارەدانی کورد بەبیانوی بەشداری لەکارەساتی 1959.

2-دەرکردنی کورد لەکەرکوك بەبیانوی ئەوەی حکومەتو تورکمانیان بەکارهێناوە بۆ خانوکردن.

3-دانی مافی تورکمان لەبەشداری حکومەوت وەزارەتدا.

---

* بۆ سەرجەم ئەم باسانە جگە لەهەندێك سەرچاوەی نوسراو دەیان خەڵکی ناوچەکە قسەیان بۆ کردوم لەوانە مام نادر کەرکوکی ئێستا لەسەرچنارە، مامۆستا فایەق کۆمەڵەی روناکبیری، شێخ عبداللە، باوکمو هتد.

ئەم داوایانە لەلایەن ئەو وەفدەوە خرایە بەردەست حکومەت کە بۆ پیرۆزبایی سەردانی بەغدایان کرد.

لە1963/6/23 (29) کەس لەباشترین رۆڵەکانی ئەم شارە لەسێدارەدران کە بریتیبوون لە:

1-شێخ مارف شێخ کەریم بەرزنجی-پارێزەر. 2-جەبار پیرۆزخان-پارێزەر.

3-حسێن عەبدولکەریم-پارێزەر. 4-ئیحسان حوسێن ساڵەیی.

5-نوری عەبدوڵلا. 6-نوری سەید وەلی.

7-فەتاح ساڵح زەنگەنە. 8-عطا جمیل.

9-عبدالحافظ حاجی شەریف. 10-فاتح داودجەباری.

11-موختار بەرغەش. 12-نەجمەدین نادر شوان.

13-کەریم خەڵەف رەمەزان. 14-محەمەد عەزیز حەسەن.

15-تالێب عومەر. 16 -مەهدی مەردان.

17-مەحمود حاجی عەلی بەستێ. 18-حسێن خورشید.

9-تۆفیق مستەفا. 20-عبدالرحمن سعید محمد.

21-خلیل ابراهیم سمین. 22-خورشید مەحمود بەستە.

23-مەحمود مەجید. 24-عبدالرحمن کاك برا.*

لەمانە فاتح مەلا داود ئەفسەر بوو، شێخ مارف سەرۆکی شارەوانی بوو مامۆستا مەهدی مەردان عەرەب بوو بەرپرسی بنکەی ئیمام قاسمی (بەرگری میللی) مقاومە شەعبی بوو. بەم شێوەیە بەعس خەلاتی خۆی پێشکەش بەشاری کەرکوك کرد، ئەمە جگە لەوەی زیندانەکان پڕکرابون لەکورد. کاك نادر کەرکوکی کە ئەو کاتە لەموسەیەب بەتەنیشت حاجی عەلی بەستێوە بووە هەواڵی مەرگی مەحمودیان پێداوە، حاجیگوتویەتی (ئەی ئەوە نیە ئەمانەش هەمو کوڕی منن لەگەڵما لەزیندانان) شەهیدەکان هێنرانەوە کەرکوكو لەتەنیشت گۆڕستانی شێخ محیالدین خرانە چاڵەوە لەهاتنی بەعسیەکاندا کەرکوك

---

–بگەڕێوە بۆ کتێبەکانی وریا جافو دکتۆر نوری تاڵەبانیو سەرچاوەکانیتر.

* سەبارەت ناوی لەسێدارەدراوەکان لەیەکێ لەژمارەکانی رێگای کوردستاندا 29کەسن لەوانە ئەم ناوانەش دێن عادل سید حسن، رحیم سعید، مجید حسن، احمد محمد امین، تۆفیق مستەفا، نەسیم عەنبەر، ناوی عبدالرحمن کاکە برانییە، محمد عزیزوکەریم خەڵەف لەسەرچاوەی تردا محمد حسنو کەریم رەمەزان نوسراوە.

گەورەترین زیانی بەركەوت هەر ئەو ساڵە واتە ساڵی (1963) دەیان گوندی دەوروبەری كەركوك وێران‌و كاول كران لەوانە شۆڕاو لەبەشەكانی ئایندەدا لەسەر وێران‌و كاولكردنی گوندەكانی قسەی زۆرتر دەكەین، بەدرێژایی ساڵانی شەستەكان كەركوك ئاسودەیی بەخۆیەوە نەبینی تا بەیانی 11ی ئازاری (1970) لێرە بەدواوە بۆ ماوەی چوار ساڵ لەزۆر بواری ئەدەبی‌و هونەریدا ئەم شارە پێشكەوتنێكی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی، بەڵام ئەمە لەیەك دوو ساڵ زیاتر درێژەی نەكێشاو لەساڵانی (1975) بەدواوە جارێكی‌تر نەگبەتی رووی كردەوە دانیشتوانە راستەقینەكەی ئەم شارە، لەدواجاردا دەبێ بڵێین سەرجەم سەرچاوە تازەكانی دۆست‌و بێگانە سەبارەت بەرێژەو باری كۆمەڵایەتی كەركوك شتیان گوتووە، هەوڵدەدەین لانی كەم بەخێرایی ئاماژەیەكیان بدەینێ، مەحمود دوڕە لەكتێبەكەیدا (مەسەلەی كورد) ئەڵێ لەنیوە پتری خەڵكی لیوای كەركوك كوردن، مەحمود دوڕە ناسیونالیستێكی عەرەبە سەرەڕای ئەوەش ئەو راستیە ناخاتە ژێر لێوەوە، گرنگی ئەم قسەیە لەوەدایە ئەڵێ لەنیوە پتر هەرچەندە ئەو بەژمارەو بەڵگە دەری ناخات، بەڵام لەنیوە كەمترە كە پێكەوە، عەرەب‌و توركمان‌و كلدان‌و ئاشوری‌و جوو تا دوایی دەگرێتەوەو لەناو ئەمانەداعەرەب كەمینەیەكە، دكتۆر شاكر خسباك لەكتێبی (كوردو مەسەلی كورددا) ئەنوسێ لیوای كەركوك 52.5٪ی كوردن، بێگومان لەهەموو ئەو سەرژمێری‌و ئامارانەدا كە كراون زۆربەی كوردی ناو كەركوك‌و دەوروبەری، یان هەر نەنوسراوە، یان بەعەرەب‌و توركمان نوسراون، هەندێك جار كورد خۆی ئامادە نەبووە بەشداری ئەو سەرژمێریانە بكات لەترسی سەربازی‌و كاروباری تر، بۆ ئەم بەشدارنەبون‌و نەنوسینە بڕو بیانوو لای كوردو لای حكومەتیش هەبووە، تاقە سەرژمێریەك كە تاڕادەیەك جێی متمانەترو زانستیانەتر بێت لەوانی دی سەرژمێری (1975)ە هەرچەندە ئەمیش لەفرت‌وفێڵ‌و ساختەكاری بەدەر نیە، بەڵام وەك ئەوانی‌تر نا بۆیە گوتمان جێی متمانەو باشترە، كوردیش بەردەوام لەدانیشتن‌و گفتوگۆكاندا سەبارەت كەركوك دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سەرژمێریە، هەموو سەرژمێریەكان لەبارو دۆخی نائاسایدا كراون، چونكە عێراق بەگشتی‌و كوردستان بەتایبەتی هەر لەسەردەمی دروست بونی عێراقی نوێوە تا ئەمڕۆش بۆیەك ساڵ ئارامیان بەخۆیانەوە نەدیوە، هەر بۆیە لەو دۆخە نائارامەشدا حكومەتە یەك لەدوا یەكەكان بەبەرژەوەندی خۆیان پێواویانە، نەك بەبەرژەوەندی گەلانی (عێراقی

---

–كەركوك‌و سیاسەتی تەعریب دەزگای راگەیاندنی (ی.ن.ك) 1985.

بەزۆر دروست کراو) لە م نێوانەشدا یەکێ لە گرنگترین خاڵی بەرژەوەندییەکان نەوتە. هیلال ناجی ئەنوسێ (نەوتی کەرکوك لە کوردستان هۆکارێك بووە تا ناسیۆنالسیتە عەرەبەکان دان بەمافی نەتەوایەتی کوردا نەنێن بەڵام نابێ عەرەب وا بیربکەنەوە، چونکە خۆیان نەوتی زۆر لە خاکەکەیاندا هەیە)[78] لێرەوە دەبینین چ بەرژەوەندییەك لە سەروی بەرژەوەندی گەلانی عێراقەوە بووە بێئەوەی هیچ سەرکردەو ناسیونالیستێکی عەرەب پاشهاتەکانی ئەو داگیرکاریە لێك بداتەوەو ئاکامەکانی بخوێنێتەوە ناسیونالیستە عەرەبەکان بۆ ئەوەی ڕێژەی کورد لەناوچە نەوتیەکان کەم کەنەو خۆیان دەست بەسەر خێرو بێری وڵاتەکەدا بگرن بەلێشاو عەرەبیان لەو ناوچانە نیشتەجێ کردووەو لەم ڕێگایەشەوە پەیوەندی قوڵو هەزار ساڵەی عەرەبو کوردیان بەرەو کاڵبونەوەو کەناری مەرگ بردووەئەم حکومەتە عەرەبیو ناسیونالیستانە بەچاوپۆشین لە هەموو ڕاستیەکانی مێژوو بەم کارە هەستاون، ئەدمۆنس کە باسی ڕێگای نێوان موسڵو بەغداو ناوچەکانی نێوانیان دەکات دەڵێ (زۆربەی زۆری ئەم وڵاتە کوردن) هەروەها دەلیلی عێراقی بۆ ئەسڵی (13) هۆزی کەرکوكو دەورەبەری لە ساڵی 1936دا لاپەڕە (691) دەنوسێ (ئەم سیانزە هۆزە، خۆیان کوردن، سیان عەرەب یەکێکیان تورکمانی بەیات)[79] لێرەدا دەبێ بڵێین بەیاتیەکان بۆخۆیان لە ناوخۆیاندا دەڵێن ئێمەش (2) لقین، بەیاتی توکمان بەیاتی عەرەب "ئایەتوڵا مەردۆخیش" لە کتێبەکەی خۆیدا مێژوی کوردو کوردستان وەرگێڕاوی عبدالكريم محمد رشيد، تەنیا بۆ کورد ناوی (18) هۆز دەبات لە کەرکوكو دەوروبەری بەم جۆرەی خوارەوە:

1-بەرزنجی

2-تاڵەبانی

3-جەباری

4-دەلۆ (دەلۆیی)

5-زەند

6-ساڵەی

---

(78) کەرکوكو سیاسەتی تەعریب.

(79) الاتحاد ژمارە 23 ل10 نوسینی پارێزەر هەڵکەوت محمد کریم.

(عـەرەب کردویـانێتی بەسـاڵحیو هەنـدێك لـە دەوڵەمەنـدەکانی بەغـدا هـەرخۆیان بەعەرەب دەزانن لە کاتێکدا بەگشتی ئەمانی تر خۆیان بە تیرەیەکی کوردی سـەربەخۆ یـان سەر بە شوان دەزانن)

7-باجەڵان

8-جاف

9-داودە (داویێ)

10-زەنگەنە

11-شوان

12-کاکـەی (هەنـدێك تورکمـان بـێ ئـەوەی تۆزقاڵێـك ئاگاداری مێـژوبن دەیانـەوێ ئـەم هـۆزە بکـەن بـە تورکمـان کەسـێکی وەك عـەزیز قـادر سەمانـچی (هیجـری دەدە)ی کاکـەی دەکاتە تورکمان).

13-ئۆمەربل (عومەربل)

14-کرەی

15-گاخۆر "گاخوار)

16-هەمەوەند

17-شێخ بزێنی

18-بیبانی (بێبانی)[80]

جگە لەم 18 هۆزە کە لە مێژوی ناوچەکەدا ڕۆڵێکی دیاریان هەبوەو لە ناویاندا دەیـانو سـەدان کەڵـەپیاوی تێکۆشـەری وەك کـەریم بـەگی فـەتاح بـەگو سـەید محمـدی جـەباریو کوێخا ڕەشكو برایم خانی دەلۆو سەید ئەحمەدی خانەقاو محمد بەگی جـافو ناسـراوەکانی زەنگەنەو تاڵەبانو کاکەییو تادوای.

کـە بۆخـۆی لەسـەر نوسـینو کۆکردنـەوەیان کتێبـی سـەربەخۆی دەوێ ئەمـە جگـە لـە چەندین ژنی دیارو هەڵکەوتو کـە شانبەشـانی پیـاو لـە شـەڕو شـۆڵو بەرگریـدا لەمەیدانـدا بونە وەك کوێخا نەرگزو (نەعنێر*) کە لە شۆڕشەکەی بـرایم خانـدا نـاوی هـاتووە، ئایـەتوڵا

---

[80] مێـژوی کـوردو کوردسـتان، ئایـەتوڵا مـەردۆخی وەرگێڕانـی بـۆ کـوردی عبـدالکریم محمـد ڕشید.

* بڕوانـە لاپـەڕەکانی 167–168 لـە کتێبـی شۆڕشـی ئیـبراهیم خـانی دەلـۆ 1920 نوسـینی مستەفا نەریمان.

مـەردۆخی نێـوی ئەیوبیـەكانیش دێنـێ ئەمـە جگـە لـەوەی دەبێـت بڵـێین گێـژو ڕۆژ بەیانیەكانو تیرە سەربەخۆكانی جاف لەناو ئەم هەژدە هۆزەدا نـین كـە ئایـەتوڵا مـەردۆخی باسیان دەكاتو مێژویەكی دیاریان هەیە لەناوچەكەدا بۆ نمونە لـە ڕۆژبەیانیـەكان پیـاوێكی هەڵكەوتوی وەك مامۆستای مێژوونوس (مەلاجەمیلی ڕۆژ بەیانی) هەیە.

بەپێی هەمان قسەی دەلیلی عێراقی لاپەڕە (143) پالێوراوەكانی مەجلیسی نەتـەوەیی خولی (شەشـەم) 8ی ئابی (1935) كـە شـەش كـەس دیـاری كـراوە بـۆ لیـوای كـەركوك (4) كورد، یەك عەرەب، یەك توركمان.

(كوردەكان ئەم زاتانە بون:

1-داود بەگی جاف

2-دارا بەگی جاف

3-عەلی ڕەزا عەسكەری

4-فایـەق تاڵـەبانی، شایەنی گوتنـە لـەم جۆرە هەڵبژاردنـەدا سیماو ڕێـژەی نەتـەوەییو هەروەها ئاینو ڕەگەزو ئاستی كۆمەڵایـەتی ڕەچاو دەكرا)[81] بـەم پێیـە ئەگـەر ڕێژەیـەكی تەواو لەسـەر ژمێـری كورد لەبـەر دەست بوایـە لـەو سـەردەمەدا دەمـانتوانی بڵێین 6/1 ی كەركوك توركمـانو هـەر ئەوەنـدە عـەرەبو 6/4ی كورد بـووە واتـە لـەنیوە زیـاتر. بـەپێی سەرژمێرییەكی ساڵی "1930"ش ڕێـژەو دابەشـكردنی دانیـشتوانی كـەركوك بـەم شـێوەیە بووە:

| | |
|---|---|
| كورد | **67.703 كەس** |
| عەرەب | **26.561 كەس★** |
| توركمان | **28.741كەس** |
| جوو | **8.472كەس★** |
| مەسیحی | **1.228 كەس★[82]** |

گومـان لەڕاسـتی ئـەم سـەرژمێریە هەیـە بەتایبـەتی ژمـارەی عـەرەبو جوو پێدەچێت زۆری پێوەنرابێت. هەر لەوێـدا ڕێـژەی گـشتی كـورد بـە (49.5٪) هـاتووە، بـەڵام سـێ چوار

---

(81) الاتحاد ژمارە 23 ل 10 پارێزەر هەڵكەوت محمد كریم.
(82) سەردەمی قەڵەمو موراجەعات ل 76 نەوشیروان مستەفا.

ساڵێك بەر لەم سەرژمێرە ساڵی "1925" لەکاتی گفتو گۆ لەسەر کێشەی ویلایەتی موسڵ لە کەرکوك بەپێی سەر ژمێری عێراقی عەرەبی.

کورد 81.400 کەس بووە

عەرەب 26.654 کەس

تورکمان 28.741 کەس

ڕێژەشیان بەم جۆرە بووە کورد 59.5٪ عەرەب 19.5 ٪ تورکمان 21٪ پێدەچێت تێکەڵیەك لەنێوان ئەم دوو سەرژمێریەدا هەبێت کارەسات لەوەدایە بەپێی ئەم دوو سەرژمێریە کورد لەبری ئەوەی لەماوەی ئەو (5) ساڵەدا زیاد بکات کەچی (13.697) کەس کەمی کردوە!! جاوەرە ئەمە حاڵی سەرەتای دروست بونی دەوڵەتی عێراقی بێت دەبێ ئێستا چۆن بێت.

لە ساڵانی حەفتاداو بەتایبەتی لەنیوەی یەکەمدا (2) باخچەی ساوایانو (28) خوێندنگای سەرەتاییو (12) خوێندنگای ناوەندیو دوا ناوەندی کچانو کوڕان لە کەرکوك هەبووە زۆربە، یان هەموویان ناوەکانیان کوردی بوەو وانەی کوردیان تیا خوێندراوە، هەندێك خوێندنگا ناوەکانیان بەم جۆرە بوو.

1-ناوەندی کاوە

2-ناوەندی چەمی ڕێزان

3-ڕێگای ئازادی

4-خانزاد

5-ئامادەیی کوردستان

6-ناوەندی ئیمام قاسم

7-پیرەمێرد

8-مەولەوی

9-بەرزان

لەکۆی نۆ کتێبخانە (5)ی هی کوردو ((4)ەکەی تر هی عەرەبو تورکمان بوو ناوی کتێبخانە کوردیەکان بەم شێوەیە بوو.

(هەنـدرێن، ئاسـۆ، دارا، گـەل، حمـەامین عەسـری)[83] ئـەم کتێبخانانـە هـەموو کتێبێکـی قاچاغو یاساغیان تێدا دەست دەکـەوتو بنکەیـەکی باشـی هۆشیاریو ڕونـاکبیری ناوچـەکە بـون، دواتـر یەکەیەکـە ئـەو کتێبخانانـە داخـرانو هـەیانبو خاونەکانیـشیان توشـی گێرمـەو کێشەو لێپێچینەوە بوو لەوانە جەبار ئاسۆی خاوەنی کتێب خانەی ئاسـۆ لـە سـاڵانی پـەنجاو پێشتریش کتێب خانەی کوردی لـە کەرکوکـدا هـەبوو، یـەکێ لـە خـاوەن کتێبخانـەکانی ئـەو سەردەمەی پەنجاکان کتێبخانەکەی عومەر بێکەس بوو لە شەقامی سیروانی ئەوسا، عومـەر بێکـەس حوسـێن بـەرزنجی کـە کوڕەکـەی ئـازادی نـاوە هـەر خۆشـی نوێنـەرو بەڵێنـدەری گۆڤارەکانی ئەو سەردەمە بوو بۆ نمونە گۆڤاری هیوای ئەو سەردەمە بـاوەڕ پێکراوەکـەی لـە کەرکوك عومەر بێکەسە[84]

هەنـدێك لـەو کتێبخانانـە بـەردەوام لـە ڕۆشـنبیرانو هونەرمەنـدانی شـارەکە جمـەیان دەهات، لـە پـەنجاکانو شەسـتەکانو حەفتاکانـدا لەشاری کـەرکوك دەیـان تیپـی تـۆپی پـێ میللی هـەبووە کـە ناوەکانیـان کـوردی بـووە، ئـەم تیپـە میللیانـە لەسـەر بنـچینەی گـەڕەك دروست دەکرانو بەهەموو گەڕەکـەکانی کەرکوکـدا بـڵاو بووبونـەوە سـەرجەم، یـان زۆربـەی یـاریزانی هانـدەران لـە کـورد بـون، تیپـەکانیش بریتیبـوون لـە (مهابـاد، دەرسـیم، یـەکێتی شوان، سۆلاڤ، ئاسۆ، ئازادی قـادر شـەریکەو هاوڕێکانیو تـادوای)[85] ئـەم تیپانـە تـا ناوەنـدی حەفتاکان ناوەکانیان هەر کوردی بوو لەو ساڵەوە ئیتر ڕژێم بەزۆر ناوەکانی پێ دەکـردن بـە عەرەبی.

گیانی کوردایەتی لای کوردی کەرکوك زۆر بەرزە هـەر بۆیـە بـچوکترین بـوارو باریـان بـۆ ڕەخـسابێت یەکـسەر کـاڵای نـاوی کوردیـان بڕیوەتـە بـەر کۆگـاو یانـەو تیـپو مزگـەوتو خوێندنگەو گەڕەكو شەقامەکان.

چـوار سـاڵی (1970-1974) گـەواهی ڕاسـتی ئـەم قـسەیەی ئێمـە ئـەدەن. ئەمـە جگـە لـەوەی لـەو چـوار سـاڵەداو پێـشتریش زۆربـەی منداڵـەکانیان بـەکوردی نـاو نـاوەو لـەم شـارەدا زۆرتـرین "ئازاد" ناو هەیە کە ئەمەش بۆ خۆی مانایەکی قـوڵی هەیـەو نیـشانەی تینویـەتی ئەو خەڵکە دەگەیەنێ بۆ ئـازادی تەنانـەت سـیان لـەو تێکۆشـەرانەی کـە سـاڵی "1963" لـە

---

[83] الاتحاد ژمارە 23 ل 10 پارێزەر هەڵکەوت محمد کریم.
[84] بگەڕێرەوە بۆ گۆڤاری هیوا ساڵی 1957.
[85] یاریچیو شارەزایانی بواری وەرزش لەو شارە لەوانە مامۆستا تاریق شەهید هـەڵۆو هتـد قسەیان بۆ کردوم.

سێداره دراون منداڵەکانیان ناوی ئازاده ئەمە تەنیا ئەو سیانەی کە لە نامەکاندا ناوی منداڵەکانیان نوسیوه ئەوانیش (مەحمودی حاجی عەلی بەستێ کە کوڕەکەی ئازاد لە ساڵی 1982 لە ڕاپەڕینەکەی خوێندکاراندا تیا چوو دواتر دەگەڕێینەوه سەری) هەروەها سەید نوری سەید وەلی منداڵەکانی ناویان ئاواتو ئازادو شێرزاده، ئەمە جگە لە حوسێن بەرزنجی کە کوڕەکەی ئازادی ناوه[86]

زۆربەی ماڵەکان ئەگەر کوڕیان بوبێت ناوی ئازد، یان شۆڕش بوەو بەپلەی یەکەم ئازاد دێت.

شاری کەرکوك وەك شارەکانی تری کوردستان ساڵەها ناوی شوێنو جێگاو ڕێگاکانی بەکوردی بونەو ئەم کوردی بونەش بووه بە ناسنامەی ناسینەوەی، لە ڕۆژگارێکی وەك ئەمڕۆدا، ناو گرنگیەکی زۆری هەیە بۆ لێکۆڵینەوەو ورد بونەوەو خوێندنەوەو هەڵسەنگاندنی، مێژوی زانستی لێکۆڵینەوه لە ڕەچەڵەك، بۆ دۆزینەوەی بنەماو بنچینەی ناو هەنگاوی گرنگی هەڵهێناوه، هەردوو شۆرشی ئەیلولو شۆڕشی نوێ ڕۆڵێکی کاریگەریان لە کوردی کردنی ناوی نەوەی نوێدا بینیوەو بەتایبەتی "کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان" وای کرد کە زۆربەی زۆری دانیشتوانی باشوری کوردستان ناوی نەوەکانیان بە کوردی بنێن.*

ئەم ناوه کوردیانەی خوارەوەی کەرکوك بۆ ئەمڕۆو داهاتوو دەست مایەیەکی باشن بۆ لێکۆڵینەوەی دیرۆکی ئەوشاره (گۆڕستانی گومەزی ئیمام محمد گۆڕستانی غەریبان- شێخ محی‌الدین، بەرتەکیە، منارەی دانیال پێغەمبەر کورد ئەڵێ "دانیار"، قەڵا، گڵچیەکان، زێوێ، گاورباخی، چوار باغ، خانی بۆرەکیەکان "بۆرەکیەکان هۆزێکی کوردن لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتەوه ڕویان کردۆتە کەرکوكو دەوروبەری زۆریشیان چونەتە کوەیتو شوێنەکانی تر ئەمانە زیاتر خەڵکی پیشەکارو بازرگانی بچوك بوونە"

حەڵواچیەکان- ئاسن گەران، سەی سەروەر، سەرچنار، باخی فەرهاد، حەسیرەکە، خانەقای سەید ئەحمەد، تەکیەی تاڵەبانی، مزگەوتی مەلا بامیە ئەحمەد ئاغاو تادوای) ئەمە جگە لەناوی گوندەکانی دەوروبەری کەرکوكو تەواوی سنوری پارێزگاکەو دانیشتوانەکەی.

---

[86] بگەڕێرەوه بۆ دەقی نامەی شەهیدەکان کە لە پاشکۆی ئەم کتێبەدا هەن.

* لەم بارەیەوه لێکۆڵینەوەیەکی وردم بەدەستەوەبوو پوختەیەکم نارد بۆ کوردستانی نوێ کاتی خۆی ڕوناکی نەبینی.

لەم شارەدا زۆر ڕۆڵەی تێکۆشەرو دڵسۆز هەڵکەوتون لە هەموو بوارێکی ئاینی، سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابوری، هونەریو ئەدەبیدا ڕۆڵی بەرچاویان گێڕاوە، وەك هەر شارێکی تری کوردستان شاری کەرکوك لە هەموو بوارەکاندا سوارچاکی خۆی هەبوەو ڕیزکردنو ناوهێنانو لەسەر نوسینیان دەیان کتێبی دەوێو لەوانە ناوی وایان تێدایە کە هەڵدەگرێ کتێبی گەورە لە بارەیەوە بنوسری، لێرەدا تەنیا دەستەیەك ناوی دیاری چەقی شارەکە دەنوسینو کەمتر دەچینە سەر ئەوانی دەوروبەر "مەبەست قەزاو ناحیەکانە" ئەم ناوانەی خوارەوە کە لێرەدا نوسراون مستێکن لە خەروارێك.

1-شێخ محیالدین کەرکوکی

2-شێخ حەسەنی قەرەچێوار

3-محمد بەگی جاف

4-حاجی مەحمود بەستێ

5-عبدالرحمن خالص

6-شێخ عەلی

7-شێخ مەحمودی شۆڕیجە (قوتب)

8-سەعید ئەفەندی نائیب

9-مەلا عەلی حیکمەت ئەفەندی

10-شێخ عەلی تاڵەبانی

11-مەلا جەمیل ڕۆژ بەیانی

12-مەلا ناسیحی سەرۆکی زانایان

13-مەلا زاهیر

14-مەلا ئەحمەدی ڕۆژبەیانی

15-شێخ ڕەزای تاڵەبانی

16-خالسی کوڕی شێخ ڕەزا

17-سابیری

18-ئەسیری

19-مەلای جەباری

20-تاهیر فواد

21-مامەند کەرکوکی

22-سەمەدی خانەقا

23-لوتفی

24-ڕەنجوری

25-مەلا مەحمودی خادم سەجادە

26-هیجری دەدەی کاکەیی شاعیری ناوداری کوردو دۆستی پیرەمێردی فەیلەسوف

27-محمد صادق

28-محمد راسخ

29-رەهبەر

30-بەها

31-سەید ئەحمەدی خانەقا

32-شێخ عومەری عەسری

36-لەتیف حامد

37-جەبار جەباری

38-غەمگین

39-حەسەن کەنۆش

40-خەلیل منەوەر

41-مستەفا نەریمان

42-حسین خانەقا

43-شێرزاد جەباری

44- عەلی مردان

45-رەفیق حیلمی [87]

تا دوای ئەمە جگە لە سەدان ناوی هونەرمەندو لاوچاكو شۆڕشگێڕی تر..

لە سەرەتای سەرهەڵدانی شۆڕشی چەکداری کوردستانەوە بەسەدان قارەمان لەم شارەوە میدالیای کوردستانیان پێبەخشراوەو چەندین سەرکردەو سیاسیو ڕوناکبیری گەورەی تیا

---

[87] بەشێك لەم ناوانە یان زۆربەی حوسێن بەرزنجی لەلاپەڕە دووی بەیانی ژمارە 19ی تشرینی دووەمی 1974 ئاماژەی پێداون.

هەڵکەوتووە کە لە هەموو بوارێکدا ناو نەهێنانیان کەلێنێکی گەورە دەخاتە مێژووی باشووری کوردستانەوە، لەو ناوانەی لە سەرەوەشدا ناویان هات تێیاندایە خاوەنی چەندین دەست نوس‌و نوسراوی دانسقەو نایابن، هەردوو خانەقای سەید ئەحمەدو تەکیەی تاڵەبانیەکان سەرەڕای بونی ساردیەك لە نێوانیاندا هەمیشە بنکەی کوردایەتی بونەو بەردەوام کورد پەروەران لەوێوە وانەی کوردایەتیان خوێندووە، ژنانیش لەم شارەداو بەتایبەتی لەناو هۆزەکانی دەوروبەردا جگە لە سەرجەم کردەوەو کارەکانی دەرەوەدا هاوکاری پیاوانیان کردوە بۆخۆشیان ئازادییەکی بەرچاویان هەبوەو لەکۆڕو مەجلیسی پیاواندا دانیشتون‌و قسەو بیروڕای خۆیان دەربڕیوە، جگە لە کاری ماڵەوەو پەروەردەو بەخێوکردنی منالّ، لە درەو، شەن، کۆڵکێشی گێرە، کاروانی، شوان‌و سەپانی‌و جوت‌و کشت‌و کاڵدا ڕۆڵیان هەبوەو لە ئامادەنەبونی پیاواندا ژن دوو ئەرکی خۆی‌و پیاوی ڕاپەڕاندوە، تەنانەت لە شەڕو شۆڵیشدا جێ دەستیان دیار بووە بەهاوکاری کردنی شۆڕشگێڕان‌و بەرزکردنەوەی ورەیان‌و تیمار کردنی زامدارەکان‌و تادوای، ئێستا ئەگەر سەفەرێکی خێرا بە گەڕەکێکی کەرکوکی چەند ساڵ لەمەوبەردا بکەین‌و لەگەڵ ئێستادا بەراوردی بکەین تاس دەمانباتەوەو لەبەردەم ئەو گۆڕانکاریە گەورەیەدا سەرسام دەبین کە ڕژێمەکانی عێراق بۆ سڕینەوەی کوردی بونی ئەو شارە چۆن کاریان کردووە. لەم شارەدا تا دروست بونی عێراقی عەرەبی نوێ، عەرەب بۆ دەرمان چنگ نەکەتووە (قسەمان لەسەر ناوشارە "مەرکەز") جگە لە حەدیدیەکان کە پێشتر لەگەڵ دانیشتوانی ئەم شارەدا تێکەڵ بونەو لەپێش دروست بونی عێراقی عەرەبی‌یەوە هۆزێکی گامێش بەخێوکەر بونەو هەر لەنزیك کەرکوك بونە (تا سەرەتای پەنجاکانیش حەدیدیەکانی (جدیدە) کوێخاکەیان کورد بوو ناوی حەمە عەلی موختار بوو)[88]

هەرچەندە پێشتر لەسەردەمی دروست بونی عیراقی عەرەبیداو لەسەر دەستی بەریتانیا هەوڵدراوە بەناوی فەرمانبەری‌و کاری ترەوە عەرەب بهێنرێتە کەرکوك ئینگلیز خۆشییان بەچارەی کوردی ئەم شارەدا نەهاتووە لەبەر ئەوەی زۆربەی کوردەکانی ئەم شارە بەشداری شەڕی شوعەیبەیان کرد لەوانە (ڕەفعەتی ئیسماعیل بەگی داودو نامیقی عەلی ئاغای ئامۆزای‌و. سەید ئەحمەدی خانە قاش لەو

---

[88] دیداری شێخ عبداللە بەرزنجی ئێستا کارگێڕی مەڵبەندی گەرمیانە.

**ناودارانەی کوردی کەرکوکن کەبەخۆیان و پیاوەکانیانەوە دژی ئینگلیز چونە غەزاو لەشەڕی شوعەیبەدا بەشداریان کرد)**[89] .

**ئەمە هۆیەکی گرنگ بووە بۆ ئەوەی بەریتانیا کوردیان خۆش نەوێ بەتایبەتی لە شارێکی وەك کەرکوکداو کار بۆسڕینەوەی سیمای کورد بونی بکەن بۆیە لەو (40،50) ساڵەی کە عێراقیش لەبن دەستیاندا بوو بەردەوام هانی دەستەڵاتدارێتی عەرەبیان دەدا بۆ ئەوەی ڕێژەی عەرەب لەناو کەرکوكو دەورو بەری زیاد بکات ئاخر چۆن وانەکەن لەکاتێکدا (بەشی هەرە زۆری ئەو سێ هەزار کوردەی چونە شەڕی ئینگلیز بریتی بون لە لایەنگرانی شێخ مەحمود کوڕ گەلی داودەو دەلۆو زەنگەنە و هەمەوندو جاخی دەورو بەری کەلار)**[90] **و لەناویاندا ((نامیقی عەلی ئاغای داودە))**[91] **شەهید بووە، هەندێك جار دەبێ بگەڕێینەوە بۆ پێشتر لە کاتی مەبەست، رقی ئینگلیز لە کوردو کەرکوك پەیوەندی بەو سەرهێشانەوە هەیە کوردو کەرکوك بۆ ئینگلیزیان دروست کردووە، دیارترین لە خەڵکانی کەرکوك لە شۆڕشی شێخ مەحمودا بەشدارو هاوکار بوونە، بەتاڵەبانەکانیشەوە کە هەمیشە ئینگلیز هەوڵی داوە لەگەڵ شێخ مەحمودا نێوانیان تێك دات ئەمەیان بابەتێکی درێژ ترە ئێستا ئەگەر بگەڕێینەوە سەر گەڕەکە کۆنەکانی کەرکوك دەبینین بەم جۆرەیە:**

**1-شاترلو دانیشتوانی، کورد، مەسیحی، تورکمان، عەرەب لەگەڵ هاتنی بەعسدا بەتەواوەتی کوردی تیاکەم کرایەوە.**

**2-تەپەی مەلا عەبدوڵا، کورد، تورکمان، کەمێك مەسیحی بەهاتنی بەعس سیماو پێکهاتەی ئەم گەڕەکەش گۆڕا.**

**3-قۆریە، حەمام عەلی بەگە کورد، تورکمان، کەمێك مەسیحی.**

**4-ئەحمەد ئاغای کۆن، گەڕەکی شوان، کورد، تورکمان، کەمێك مەسیحی، شوان بەناو هۆزی شوانەوە ناونراوەو ئەم گەڕەکە یەکێ لەگەڕەکە هەرە کۆنەکانی ناوشارە.**

**5-تیکساس، کورد، تورکمان، چەند ماڵێکی کەمی مەسیحی، بەعس تەعریبی کرد.**

---

[89] **کوردو شەڕی شوعەیبە دکتۆر کەمال مەزهەر ژمارە 125ی رۆشنبیری نوێ 1990 لاپەڕە 36–40.**

[90] **پەراوێزی پێشوو.**

[91] **هەمان پەراوێز.**

6-(نیوکەرکوك) کەرکوکی نوێ کوردو تورکمانو کەمێك مەسیحی بەعس تەعریبی کرد. نیو کەرکوك= ئەڵماس.

7-عەرەفە، مەسیحی، کورد، تورکمان، بەعس شێواندی.

8-رەحیم ئاوا 99٪ی کورد بوو ئەم ساڵانەیی دوای بەعس بەتەواوەتی شێواندیو ناوەکەشی کردە ((حی ئەندەلوس))!!

9-حی معلمین، کورد، تورکمان، مەسیحی بەعس شێواندی.

10-خانوەکانی شەریکەی نەوت، کورد، تورکمان، مەسیحی بەعس شێواندی.

11-ئەحمەد ئاغای تازە کورد، تورکمان، مەسیحی، بەعس شێواندی.

12-ساحەی تەیران (ئیمام عەباس) کورد، تورکمان، مەسیحی بەعس شێواندی.

13-عەرەسە، کوردو تورکمان کوردی خانەقینیو چەند ماڵە عەرەبێك ساڵی 1991 روخێنرا.

14-حەسیرەکە، هەموو، یان زۆربەیان کوردن.

15-جوت قاوە، بازاڕی گەورە کوردو تورکمان.

16-شۆڕیجە. ئەم گەڕەکە لە چەندین بەش پێکهاتووە لەوانە لەتیف ئاوا، رەشید ئاوا، چینگڵ ئاواو تادوای هەمویان کوردی قەرەحەسەنو جەباریو زەنگەنەو شوانن.

17-ئیمام قاسم، گەڕەکێکی کۆنە، لە ڕوی سیاسیو رۆشنبیریو کۆمەڵایەتیەوە تایبەتمەندی خۆی هەیە، سەرجەم، یان زۆربەی زۆریان کوردن وەك رەحیم ئاواو شۆڕیجە، بەعس لەم سێ گەڕەکە زۆر بەداخە بۆیە بەردەوام لە هەوڵی تەعریب کردنیاندایە.

18-زێوێ، گەڕەکێکی کۆنی کەرکوکە، زۆربەیان کوردن.

19-ئیسکانی تازە، ئیسکانی کۆن، زۆربەیان کوردو کەمێك تورکمان بەعس شێواندی.

20-یادگار هەمویان کوردبوون بەعس شێواندی.

21-ئاخر حسین، زۆربەی زۆریان کورد بوون لەگەڵ تورکمان بەعس شێواندی.

22-بەرتەکیە، زۆربەیان کورد بوون.

23-تسنی کۆن، گوندەکە+ تسعینی نوێ گەڕەکەکە تورکمانو کوردبون بەعس شێواندی.

24-موسەلا، کوردو تورکمان.

25-ئازادی، چەند هەزار ماڵێك ئەبوو هەموو كورد بوون، تاقە ماڵە عەرەب لە كۆندا ماڵی (عەلاوی) بوو عەلاوی عەرەب بوو خاوەن مەڕو ماڵات بوو ئەم كابرایە بوو بوو بەكورد، ئێستا ئەم گەڕەكە نزیكەی (1000) ماڵە عەرەبی لێ نیشتە جێكراوە. بەعس بەو بیانووەی نزیكی باروت خانەو سەربازگەكانە بەردەوام نیازی چۆڵكردنی ئەم گەرەكەی هەیەو لە هەموو خزمەت گوزاریەك بێبەشی كردون. لەسەرتای حەفتاكانەوە تا ئێستا بۆری ئاوەكانی ئەم گەڕەكە تینوی ئاون..

26-عاشور هەموو كورد بوون.

جگە لەم گەڕەكانەی سەرەوە كە ناومان بردن شوێنەكانی دیكەش بەعس شێواندنیو لەگەڵ ئەوەشدا چەندین گەڕەكی عەرەبی تازەی دروست كرد.

لە سەردەمی دەستەڵاتی (عبدالكریم قاسم)دا ڕێگا درا بەخەڵكە دەست كورتو هەژارەكان لە ئازادیو نێوان ئیسكانو یادگارو شۆریجە چەند هەزار خانویەك دروست بكەن. ئەم خانوانە ناونران "جەمهوری" ئاماژە بەشۆڕشی چواردەی تەموزو دروست كردنی كۆماری عێراق، بەعس لە ماوەیەكی كەمی ساڵی "1963"دا ئەم خانوانەی هەمو تەخت كردو زۆر بەشیان تالآن كران.

ئەم شارە هەر لە سەردەمی هاتنی فەیسەڵەوە تا ئێستا (كاتی نوسینی كتێبەكە) هەرگیز ئاسودەیی بەخۆیەوە نەدیوەو بنكەی ئاژاوەی نەتەوایەتیو مل ملانێ بووە، رژێمەیەك لەدوایەكەكانی عێراق بەردەوام هەوڵی ئەوەیان داوە ئاگری فیتنەی دوو بەرەكی خۆش بكەنو لەم پێناوەدا سامانێكی زۆریان بەخت كردووە.

كەركوك هەمیشە گرفتو خاڵی یەكەم بووە لە گفتو گۆكانی كوردو بەرامبەردا هەر لە ساڵی "1961"ەوە كە گەلی كورد یان راستتر بەشێك لە ئاغاو بەگزادەكانی كورد بڕیاری شۆڕشیان داو ناچار پارتیش پشتگیری كردن، گرنگتین خاڵی بە یەك نەگەیشتنو لەیەك نەگەیشتن لەسەرجەم رێكەوتنو گفتو گۆو دانوستانەكاندا مەسەلەی كەركوك بووە، دیارە مەسەلەی كەركوكیش بەستراوە بەو نەوتە زۆرەوە كە هەر لە سەردەمی هیرۆ دۆتسەوە گڕە شینەكەی ئەچێ بە ئاسماندا، نەوت نەگبەتیەكی گەورە بووە بۆ خەڵكی ئەم شارە بەتایبەتیو كورد بەگشتی لەبەشی ئایندەدا زیاتر لەو بارەیەوە قسە دەكەین، نەوت نەیهێشت كورد ئاسودە بێت بەتایبەتی نەوتی كەركوك، (هیلال ناجی) گوتەنی (نەوت ڕێگا بەرژێمە تەماع كارو چاوبرسیەكان نادات، ئازادی كوردان بەپێی خواستی خۆیان دان پیا

بنـێن) هـەر لـەم بارەیەشـەوە فـەهمی هوەیـدی دەڵـێ (دۆزینـەوەی بڕێکـی زۆری نـەوت لـە ناوچەی کەرکوك دا زیاتر هۆکاری سەرەکیبو بۆ پەیوەست کردنـی کـەرکوك بـە حکومـەتی عێراقیـەوە) [92] دواتـر هـەر ئـەو پەیوەسـت کـردنو لکاندنـە بـە عێراقـی عەرەبیـەوە بـو بەمایـەی ئـەو کوێرەوەرییـە گەورەیـە بـەڵام ئاکـامی هـیچ داگیرکاریـیـەك تاسـەر نـیـەو چارەسـەری داگیرکـارو فاشیـستەکانی مێـژووش لـە چارەنوسـی هیتلـەرو مۆسـۆلۆنیو حەمەڕەزاو سۆمۆزاو تشاد شیـسکۆ چاکتر نابێـت لـە دواجاریـشدا هـەردەبێ کـوردو کـەرکوك ئـاوێزانی یـەکتربن، لـەم چـەند وتوێـژەی خـوارەوەدا لـەنێوان کـوردو حکومـەتی عێراقیـدا بایەخی کەرکوك زیاتر دەردەکەوێ:

1-ڕێکەوتنی (5)ی ئازاری ساڵی "1963" یەکـەمین هـۆی بـەبن بەسـت گەیـشتنی ئـەم ڕێکەوتنە، دابڕانی قەزای چەم چەماڵ بوو لە کەرکوكو خستنە سەر سلێمانی ئـەو قەزایـە، ئەم کارە بە (بەیانێك) لەلایەن (ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشـەوە!!) لـە (15-5-1963) جێ بەجێکرا، ڕژێم بەم کارە ئـەو مافـەی بـۆ هـەولێرو سـلێمانیو قـەزاکانی سـەر بـەلیوای موسـڵ ڕەوا بـوو کـە دواتـر پارێزگـای دهۆکیـان لـە سـاڵی 1968 لێ پێکهـات، کـەرکوکی لێ بێبەری کردو هـەنگاوی ئاشـکرای بـۆ دابڕینـی کـەرکوك لـە کوردسـتان نـا، بۆیـە لـە (10-6-1963) شەڕ هەڵایسایەوەو ڕژێم بەو فرسان وەلیدانەی باسمان کـردن کەوتـە ویـزەی کـورد، پیرەژنێکی ناوچەی شوان لەو سـەردەمەدا بەدەسـتی خـۆی "حـەوت" کراسـی ژنانـەی لەبـەر (یابەیەکی فرسان وەلید) ژماردوە ئەمە تنۆکێکە لە دەریای دزیو تاڵانی ئـەو دراوسـێو بـرا موسوڵمانانە.

2-ڕێکـەوتنی (10-2-1964) یەکێکـە لـە خاڵـەکانی بەیـەك نەگەیـشتنی کـوردو ڕژێـم دیـسان لیـوای کـەرکوك بـوو (تاکۆتـای شەسـتەکان لـەبری پارێزگـا بەیەکـە کارگێڕیـەکان دەگـوترا لیـوا) سـاڵی (1964) بەشـێوەیەکی بـێ وێنـەو بـەربڵاو سیاسـەتی (عەرەبانـدن) تـەعریب لـە کـەرکوكو دەوروبـەری دەسـتی پێکـرد وەزیـری نـاوخۆی ئەوسـا (سـوبحی عبدالحمیـد) بـەیانێکی بـەناوی حکومـەتی عێراقیـەوە دەرکـرد بـۆ ڕاگرتنـی هەڵمـەتی عەرەبانـدن، ئەمـەش لـەفێڵێك زیـاتر هیـچی تـر نـەبوو ئـەگینا چـۆن ڕێی تێدەچـێت حکومـەتێ خـۆی سـەرقاڵی تـەعریب بێـتو بـە بەرنامـە ئـەو کـارە بکـات چـۆن وەزیـری

[92] کەرکوك پێش کۆسـۆڤۆ کـەوتوە لـە پیلانـی وێـران کـردنو پاکتاوکردنا نوسینی فەهمی هوەیدی وەرگێرانی ئەندازیار تەها سۆڵەیی لە بڵاوکراوەکانی مەڵبەندی کەرکوکی ی.ن.ك.

ناوخۆکەی بەگژ ئـەم کارەدا دەچـێتەوە کوردو ڕژێـم دیسان لەسـەر دیاری کردنـی سـنوری جـوگرافی کوردسـتان پێـك نـەهاتن‌و لـەڕۆژی (1-4-1965) شـەڕ دەستی پێکردەوە.

3-بۆ یەکەم جار لە مێژوودا کـەرکووك بەبۆنـەی بـەیانی 11ی ئازاری سـاڵی 1970ەوە تاڕادەیـەك ئاسـوەیی‌و باشـی بەخۆیـەوە دی، بەنـدی "14"ی ئـەو بەیانـە ڕاسـتەوخۆ پەیوەندی بەکەرکوك‌و شوێنەکانی دیکەوە هەبوو کەمایەی پێك نەگەیشتن‌و لـە سـەر گوتن بون لەلایـەن کـوردو ڕژێمـەوە. سـەرەڕای هـەموو کـەم‌و کوڕیـەکان ئـەم بەیانـە وای کـرد کـە کورد لەو شارەدا بۆوێرێ سەر بەرز بکاتەوەو لە پرۆسەی خوێندندا لـەپاڵ زمـانی عەرەبیـدا زمان‌و وێژەی کوردیش بخوێنرێت، گرنگ ترین خـاڵی بـەیانی 11ی ئـازار ئەوەیـە کـە ڕژێـم بـەپێی بەنـدی یەکـەمی هـەمان بـەیان دان بـەکوردێتی کەرکوکـدا دەنـی، لەلایـەن خـودی "ئەحمـەد حەسـەن ئەلبـەکرەوە" شـەوی (11-3-1970) لـە ئیزگـەی رادیـۆو T.Vبەغـداوە بەیانی 11ی مارت خوێندرایەوە لەخاڵی یەکەمدا هاتووە (زمانی کـوردی شانبەشـانی زمـانی عەرەبی زمانێکی رەسمیە لەو ناوچانەی کە زۆربەی دانیشتوانی کوردن)*

لەبەندی (8) یشا هاتووە (گێرانەوەی دانیشتوانی دێهاتە عەرەب‌و کوردەکان بـۆ شـوێنی پێشویان)* تادوای.

بـەڵام هـەر لەلایـەن حکومـەتی عێراقیـەوە بـڕو بیـانوو بـۆ بەیانەکـە هێنرایـەوەو هـەر خێرا کەوتە تەعریب کردنی کەرکوك‌و دەوروبەری لێرەوە.

(کەرکوك‌و چەند شارو شارۆچکەو ژمارەیـەکی زۆر لـە دێهاتـە کوردیـەکانی سـنور کـە مەڵبەندی نەوتن، بوون بە خاڵێکی گرنگی دروست بونی کێشەی نێـوان حکومـەتی عێـراق‌و نەتـەوەی کـورد، چـونکە مـیری دەیویـست ئـەو ناوچـانە لـە سـنوری دەسـتەڵاتی دەزگاکانی ئۆتۆنـۆمی بێنێتـە دەرەوەو بیانخاتـە سـەر دەسـتەڵاتی پایتـەخت، بـە بیـانوی ئـەوەی گوایـە کورد نشین نیـیە، جەماوەری کوردستانیش بەتونـدی بەرپەرچـی ئـەو هەڵوێـستەی میریـان دایەوەو دڵنیای‌و سوربونی خۆیان ڕاگەیاند لەمـەڕ کوردسـتانێتی کـەرکوك‌و ناوچـەکانی تـر، بۆیـە بەنـدی 14ی ڕێکەوتنامـەی 11ی ئـازار "جێبـەجێ کردنـی سـەرژمێری گـشتی بـوو" لەعێراق دا، بۆ دەستنیشانکردنی ناوچە کورد نـشینەکان، کـە ئەبوایـە دەسـتەڵاتدارێتی هـەر شارو ناوچـەیەك بـەپێی ڕێـژەی سـەرژمێری نەتەوایـەتی ناوچـەکە بێـت. بـەڵام حکومـەتی

---

* بگەڕێرەوە بۆ دەقی بەیانی 11ی ئازار.

عێراق لە جیاتی ئەوەی بڕیاری سەرژمێری گشتی جێبەجێ بکات، کەوتە بەعەرەب کردنی شاری کەرکوكو قەزاو ناحیەکانی. بۆ ئەوەی بتوانێ لە داهاتودا کێشی تەرازوی سەرژمێری شارەکە بەلای عەرەبدا بشکێنێتەوە)[93] بەم شێوەیە لە مپەرەکانی بەردەم جێبەجێکردنی بەیانی ئازار لەلایەن حکومەتی عێراقیەوە قوت کرانەوەو زۆری پێنەچوو دوای هەڵوەشاندنەوەی بەیانی ئازار حکومەت سەرجەم ناوە کوردییەکانی گۆڕی بۆ نموونە:

خوێندنگاکانی بەم شێوەیە گۆڕی

1-پیرەمێرد کرا بە البکر

2-مەولەوی کرا بە الادریسی.

3-یانزەی ئازار کرا بە مەیسەلون

4-چەمی ڕێزان کرایە الرافدین

5-زێوەر کرایە ئەندەلوس

6-بێکەس کرایە الحسن بن الهیثم

7-هەڵمەت کرایە العراقیە

8-بەرزان کرایە ام ایمن

9-کاوە کرایە معاذ بن جبل

10-کوردستان کرایە عبدالملك بن مروان. و تا دوای تەنانەت ناوی کتێبخانەکانیش گۆڕا ئاسۆ بو بە طلیعة، دارا بوبە الحریە، هەندرێن بو بە تأمیم.

4-ریکەوتنی ساڵی 1974 (ئەم چوار ساڵە درێژە کێشانی بەیانی ئازار بوو بە سوودی ڕژێمو شکستی بزووتنەوەی کورد هەر بۆیە لەگەڵ هەرەسا ئۆتۆنۆمیە کارتۆنیەکە جاڕدراو لەنێو شۆڕشی کوردیشدا خەڵکانێك دایانەپاڵ حکومەتی عێراقی) پاش پاشەکشەی ڕژێمی عێراق لەبەیانی مارت بەتایبەتی سەبارەت بەندی چواردەو سەرژمێری کەرکوكو ناوچەکانی وەك کەرکوك. ڕژێم دووبارە دەستی کردەوە بە عەرەباندنی کەرکوك، ئەو ساڵەی کوردو ڕژێم لەسەر مێزی دانوستاندن بوون، کەرکوك خاڵی دەستپێکی دانیشتنەکان بوو، لای کورد کەرکوك دەبوایە سەر بەناوچەی ئۆتۆنۆمی بێت. لای ڕژێم پێك هاتەیەکی

(93) کەرکوكو سیاسەتی تەعریب (ی.ن.ك) 1985

نەتەوایەتی تێکەڵ لە کەرکوك هەبوو ئەمەش وای کرد ئەم شارەش وەك سەرجەم شارەکانی تر (بەغدا، موسڵ، رومادی) لەژێر چەتری حکومەتی مەرکەزیدا بێت، حکومەت لەو چوارساڵەدا، ڕوی خۆی لای دنیای دەرەوە سپی کردەوە، لە ڕوی ئابوریەوە تەواو خۆی گرتەوە، پیشەسازی وولاتی بەرەو پێش برد، (نەوتی بەعسان) وەك خۆیان دەڵێن خۆماڵی کرد!! کێشەی کوردی لە دەرەوە وەك کێشەیەکی ناوخۆ ناساند، چاکیو جبەخانەی زۆری دەست خست، پەیوەندی خۆی لەگەڵ دەرو دراوسێدا بەرەو پاکی برد، لەبەرامبەردا کورد لەچوار ساڵی هودنەدا نەیتوانی پەرە بە دیبلۆماسیەتی خۆی بدات، هێزی پێشمەرگە تاقەتی پڕوکابو زۆربەی سەرانو پلەدارەکان جێگای گەرمیان دەست کەوتبو، گرفتەکانی نێو ڕیزەکانی کوردەواری چارەسەر نەکرابو، باڵی چەپ و ڕاست بەچاوی سوكو ڕقەوە دەیانڕوانیە یەکترو سەدان هۆکاری تر کە بۆ خۆی کتێبێکی تایبەتی دەوێ!! لە هەمانکاتا هەردوو قەزای کەلارو چەم چەماڵ هەویەیان لە کەرکوك سەندراو خرانە سەر سلێمانی، بەم پێیە یەکەی کارگێڕی شاری کەرکوك شێوێنراو رژێمیش لەگەڵ حەمەڕەزا شای ئێرانو هەواری بومیدیانی جەزائیردا پێك هاتن، بەرێکەوتن نامەی جەزائیر هێشتا نەچوبووە بواری کردەییەوە، لەوە دەچێت کورد زۆر پەلەی ئاشبەتاڵی بوبێت لەم بارەیەوە دەیان لێکۆڵینەوە کراوە، (سەدام، شا، بومیدیان) وەك یەك سێکۆچکەی ڕەش لەپێناوی لەناوبردنی هیواو ئاواتی نەتەوەیی کوردا کڵاوی برایەتیان لەسەرنا!!

"سەدام حوسێن " گەر بۆماوەیەکی کاتیش بێت بەهۆی ڕێکەوتن نامەی جەزائیرەوە لەشەڕو شۆڵی کورد ڕزگاری بوو، بومیدیانیش رۆڵی ئەو دایکە بێوەژنەی گێرا کە بە (قوزەڵقوت) ڕازی بوو، کوردیش ئاشبەتاڵی کرد.

5-لە وتووێژی ساڵی "1983" یشدا کەرکوك بەردی بناغەی کێشەکان بوو.

لە ڕاستیدا ئەم مێژووە بە وتووێژی ساڵی "1984" رۆیشتووە بەڵام هەر لە ساڵی "1983"وە کاری بۆ کراوە راستتر لە مانگەکانی کۆتایی "1983"ەوە ئەوەتا لە "15تشرینی دووەمی 1983" مام جەلال کۆبونەوەیەکی لەگەڵ (30) کادیری سیاسیو عەسکەری کردووە بۆ ئەوە رایان لەبارەی گفتو گۆوە وەربگرێت"[94]

---

[94] 25 ساڵ سەروەری (رۆژمێری رووداوەکانی ی.ن.ك) 1975–2000 کۆکردنەوەو ئامادەکرنی ئازاد خانەقینی، چاپکراوی خاك.

هەڵبەتــە لــەبارەی ئــەم گفــتو گۆیــەوە "نەوشــیروان مــستەفا" لەبــەرگی ســێیەمی بیرەوەریەکانی دا "خولانەوە لەناو بازنــەدا" دیوی نــاوەوەی ڕوداوەکانی کوردستانی عـیراق 1984-1988 بەدورو درێژی قسەی کـردووە کـە زیـاتر ئـەوەیان مەبەستی ئێمـە نیـیەو خوێنەر دەتوانیٚ لەو بارەیەوە بگەڕێتەوە بۆ ئەو کتێبە بـەڵام پێدەچێت لـەم ڕێکەوتنەشـدا کـە هێـشتا نـاکریٚ نـاوی ڕێکـەوتنی لێبنـریٚ، عێـراق بـە هـەمان شـێوەی "یـانزەی ئـازاری 1970" دەڕواننــە کـەرکوكو بەبەشـێکی جیانـەکراوە لـە عێراقـی عـەرەبی دەزانـن، چۆن لەڕێکەوتنی "1970"دا یـەکێ لـە نوێنـەرەکانی عـیراق بـە هەڵچوونەوە دەڵێ (مـن ئـەڵێم کـەرکوك شـارێکی کـوردی نیـەو سوریـشم لەسـەر ئـەوەی کـە کـەرکوك کـوردی نییـە)[95] لـەجیٚی خۆیـدا مــستەفا بــەرزانی وەڵامــی ئەداتــەوە، لــە ووتوێــژی 1983شـدا لـەبارەی کەرکوکـەوە دەسـتی دەسـتیەك لەلایـەن حکومــەتی عیراقیــەوە بــەکورد دەکرێـت، لەگــەل ئەوەشدا یەکێتی سورن لەسەر ئەوەی هەر چۆنێکە شتێك لە حکومەت بکەنـەوە بـەڵام وەك دەبیــنین لــە کۆتایــدا ئــەم ڕێکەوتنــەش هــیچ بەرهــەمێکی نابێــت، یــەکێك لــەو خاڵــە سەرەکیانەی لە خولی یەکەمی گفتو گۆکاندا قسەی لەسەر کراوە (ئاسایی کردنەوەی هەلو مـەرجی کوردسـتان، بەتایبـەتی ناوچـە تـەعریب کراوەکـانی کـەرکوك، خانـەقین، سنجارو.. دێهاتی ڕاگوێزراو)[96] .

ســەیر لەوەدایــە ســەدام حوسـێن دوای خوێندنـەوەی مەحزەرەکـە دەڵێ (لەسـەر هـەموو شتەکان ڕازیم لەسەر کەرکوك نەبێت)[97] بـەم شـێوەیە یـەکێتی پـاش ئـەوەی تێگەیـشتووە کە حکومەت دەستی دەکاتو تورکیاش بەهەموو هێزی خۆیەوە دەیـەویٚ ئـەم گفـتو گۆیە هیچ ئـەنجامێکی باشـی بـۆ کـورد نـەبێت لـە (15-1-1985) بـە ڕاگەیانـدنی بـەیانێك کۆتـایی بـەگفتو گـۆ دێنـیٚو هـەر ئـەو ڕۆژە ڕژێـم لـە نـاو کەرکوکـدا "مەنعـە تەجـەول" ڕادەگەیەنیٚو دەکەوێتە ڕەشبگیرێکی کوێرانەو هەزاران هاووڵاتی دەگرێت.

6-چونە سەرمێزی گفتو گۆی مانگی "4ی ساڵی 1991" لێرەشـدا ڕژێـم سـەرەتا لەسـەر هـەموو بڕگـەکانی ڕێکەوتنەکـە بەفاریزەشـەوە پێـك هـاتبوو تەنانـەت ئـەو بەندانـەش کـە چارەنوسی کەرکوكو خانەقینو شـەنگارو شـوێنە تـەعریب کراوەکـانی دیکـەیان پێوە بەنـد بوو، حکومەت بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر هاتبوە پێشەوەو پەلەی ئەوەی بوو ڕێکەوتنەکە

---

[95] من اوراقی سامی عبدالرحمن ل81.

[96] خولانەوە لەناو بازنەدا (دیوی ناوەوەی ڕوداوەکانی کوردستانی عیراق (1984–1984) نەوشیروان مستەفا ئەمین ل11.

[97] هەمان سەرچاوەی سەرەوە.

سەربگرێت، کەچی لە پڕێکدا هەر کە لە ڕوسیا پەرلەمان تەوق کرا رژێمیش پشتی لە رێکەوتنەکە کردو لە هەرچی گوتبوی پەژیوان بووەوە لە هەیڤی (9) دا رێکەوتن پاش (5) مانگ بێنەوبەرە گەیشتە بن بەستو لەمانگی "10"ی هەر ئەو ساڵەدا مۆڵگاکانی رژێم تابانی مەڤان پاککرانەوەو ئەوەش ناونرا ڕاپەڕینی دووەمو لە کۆتای ساڵەکەدا بەتەواوەتی پەیوەندی نێوان کوردو رژێم بڕا لێرەوە رژێم زۆر بەربلاوتر لە ساڵی "1974" بەدواوە لە ساڵی "1991"دا، دوای نەمانی پەیوەندی دەستی کرد بەشالاوی دەرکردنی کورد لە کەرکوك‌و خانەقین. لەو رێکەوتنەشدا تاریق عەزیز چۆن لە گفتو گۆی ساڵی 1983دا هەمیشە بە هەڵچونەوە لەبارەی کەرکوکەوە قسەی دەکرد ئەمجارەش گوتی (کەرکوك بۆ کورد وەك ئەندەلوسە بۆ عەرەب) واتە چۆن عەرەب دەبێ تامردن خەون بە ئەندەلوسەوە ببینێ کوردیش دەبێ تا مردن هەر بلێ شارێکمان هەیە ناوی کەرکوکە. ئەوەی ماوە سەبارەت بە مێژوی نوێی کەرکوك بگوترێ‌و نەگوتراوە ئەوەیە هەر لەسەردەمی دامەزراندنی حکومەتی یەکەمی کوردستانەوە (1918-1922) لەهەردوو جارەکە مەلیك مەحمود سور بوە لەسەر ئەوەی کەرکوك لەچوارچێوەی حکومەتی کوردستاندا بێت، مەلیك زانیویەتی حکومەتی کوردی ئەتوانێ بەو سامانە سروشتیەی هەیەتی ببێتە حکومەتێکی دیارو پێشکەوتوی ناوچەکە بۆیە بەردەوام لە خەیاڵی ڕزگارکردنی کەرکوکا بووە کە دواتر دێینە سەری، بەلام جێی داخە هەندێ هەڵەی دەوروبەری مەلیك‌و ئەو ڕۆژگارەو عەقڵی کوردی، مەسەلەی کوردستانی لەسیڤەر بە لۆزان‌و لەیەکبون بە جۆبلاو سپارد، ئەم هەلانە لەسەرو بەندی حکومەتی مهاباد "1946"و لە رێکەوتنی "1970"و ڕاپەڕینی "1991"دا بەتەواوەتی لەناو نەچوون.

دەبێت ئەوەش بلێین کە باشترین سوارەکانی نێو سوپای شێخ مەحمود لە خەڵکانی دەڤەری کەرکوکن لەوانە کەریم بەگی فەتاح بەگ کە بۆخۆی شەرەفی جارێك دروست کردنەوەی حکومەتی پێ دەبڕێت سەید محمدی جەباری، سوارەی داوێ‌و شوان‌و زەنگەنەو تاڵەبان‌و تا دوای ئەمە جگە لە شۆڕشی سەربەخۆیی برایم خانی دەلۆ لە کفری لەگەڵ ئەوەشدا کورد گوتەنی چەم بێ چەقەڵ نابێت.

کەرکوکی نوێ هەمیشە شارێکی سەربازی پڕ عەماری چەکەو لە سەربازگە دەچێت تا شارو چوار دەوری بەسوپاو رەبایە تەنراوە ئەمەش نیشانەی ترس‌و دڵەراوکەو دڵنیانەبونی حکومەتی عیراقە لە کەرکوك‌و کوردی بونی کەرکوك:

رژێمی بەعس لە ساڵی هاتنە سەرکاری‌یەوە وەك دەستەڵاتداری عێراق بەجارێك نەخشەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و دیموگرافی کەرکوکی گۆڕی و بەشێوەیەك کە سەرجەم پەیوەندی‌یە کۆمەڵایەتی و نەتەوەییەکانی ئەو شارە بەرەو هەڵوەشاندنەوە بچێت، هەروەها عەرەبگەلێکی زۆری لەهەموو لایەکەوە تێڕژاند بەشێوەیەك ئیتر سەرژمێری "1957"یش کەجێی متمانەو باوەڕی کورد بوو دەسکاری کرا، چونکە ڕژێم لەو بەبڕهێنانی عەرەبەدا بۆ نیشتە جێ‌کردنی یەکجاریان لە کەرکوك‌و ڕزگار بوون لە (دەردەکورد) سیجلی ساڵی 1957ی بۆ زۆرێك لەو عەرەبانە کردووە.

لەگەڵ ئەوەشدا کە مێژوی هیچ ماڵێکی عەرەب لەو شارەدا ناگەڕێتەوە بۆ (100) ساڵ لەمەوبەر لەهەمو کەرکوك‌و ناوچەی کەرکوکیشدا ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ (100) ساڵ لەمەوبەر یەك بستە زەوی نەعەرەب نەتورکمان لەو خاکەدا وەك "مۆڵك" نی‌یە ئەوەش کە پاشتر بوەتە هی ئەوان پێشتر هی کورد بووە بەپێی قسەی "حەنا بەتاتو" مولکی کەرکوك فڕی بەسەر تورکمان‌و عەرەبەوە نی‌یەو هی ئەم بنەماڵانەیە، سەید ئەحمەدی خانەقا، ساداتی کاکەیی بەگزادەکانی جاف، شێخانی تاڵەبانی‌و بابانیەکان جگە لە مولکی تایبەتی هۆزەکانی دەوروبەر مێژووی تورکمانەکانیش لەم ناوچەیە پێشتر ئاماژەمان پێ‌دا دەگەڕێتەوە بۆ کەی، ئەگەر چی هێندێك ئەو مێژووە دەگێڕنەوە بۆ زۆر زووتر بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر خاوەن مولك‌و زەوی فراوان نەبونە لەناوچەکە.

## بەشی دووەم

## نەوتی کەرکوك

بەدرێـژایی سـەدەی رابـردو بگـرە تـا ئـەمڕۆش نـەوت یـەك لـە چـاكترین چـەكە ئابورییەكانی جیهانەو ئەو وڵاتانەی خاوەن ئەو چەكەن هەمیشە كە ئـابوری كۆمەڵەكـەیان لەبارودۆخی ئەوانی تر باشـترە. ئەمـە جگـە لـەو وولاتانـەی كـە نـەیانتوانیوە وەك پێویـست سود لەو سامانە گرنگەی ژێر زەوی ببینن لەپێناوی باشكردنی ژیانی هاوولاتیاندا بـۆ نمونـە وڵاتێكی وەكو عێراق.

نەوت جگە لە كوردستان لە زۆر وڵاتی تردا ڕۆڵی لە چارەنوس‌و سەربەخۆی ئـەو وڵات‌و نەتەوانەدا بینیـوە بـۆ نمونـە وڵاتـە عەرەبیـەكانی وەك كوەیـت، سعودیە، ئیمـارات‌و تـادوای، هـەروەك لەگەرمـەی مـل ملانێكـانی نێـوان دوو بلـۆكی ڕۆژهـەڵات‌و ڕۆژئـاوادا وڵاتـە خـاوەن نەوتـەكانیش پێگەیـەكی تـری گەمـە سـەرەكیەكانی نێـوان ئـەو دوو بلۆكـە بوونـە لەلایـەكی تریشەوە زلهێزێكی وەك ئەمەریكا سەرەڕای بونی نەوت لەچەند ویلایەتێكی خۆیـدا كەچـی بەدرێـژایی دەیـان سـاڵ لەسـەدەی ڕابـردو یـەك لـە پڕكرێـارترین نـەوتی جیهـان بـوەو لـەو بارەیـەوە نـەوتێكی زۆری عـەمباركردووە، ئێمـە هـەوڵێكی زۆرمـان دا سەرچـاوەی باشمـان لـەبارەی نەوتـەوە دەسـت كـەوێت لەگـەڵ ئەوەشـدا كـە كـەم بـوو هـەر دەستەوەسـتان نەوەستاین‌و بەگرنگمان زانی ئەم بەشە لەدوو توێی ئەم كتێبەدا بێت، ئەگەرچـی هەنـدێك نوسـراوی پچڕپـچڕ هـەن لـەبارەی نەوتـەوەو كـاتی خۆشـی گۆڤارێـك لـەعێراق دەرچـووە هەرناوی نەوت بـووە بـەڵام هـیچ یـەكێ لەوانـە بەكـەڵكی ئـەم بەشـە نـەهاتن لەبـەر ئـەوەی زۆربـەی بابـەت‌و نوسـینەكان پەیوەنـدیان بەلایـەنی هونەرییـەوە هەیـە پێدەچـێت ئـەم دیاردەیـە لـە وڵاتێكی وەكو ئەمەریكاشـدا هـەروابێت بۆیـە نوسـەرانی ئـەوێش گلـەیی ئـەوە دەكـەن كـە تـا شـەڕی كەنـداو ئـەو بابەتانـەی لەسـەر نـەوت نوسـراون لـە ئەمـەریكا ئەگـەر زۆریش بن بەڵام زیاتر بایەخیان بەلایەنی هونـەری داوە، ئەمـە لەكاتێكـدا ئـەو چـەكە واتـە نەوت‌و بەپێی ناونانە باوەكەی "زێڕی ڕەش" زیاتر لەدوای سیاسەت‌و كـاری سیاسـیدا ڕۆڵـی هەبوەو، تەنانەت لەو پێناوەدا وەك كـارتی سیاسی‌و گەمـەی دیبلوماسـی چـەندین ڕێكـەوتن نامەو یەكگرتنی ئابوری لـەنێوان وڵاتـە خـاوەن نەوتەكانـدا بـەڕێوە چووە كـە لـە هـەمویان دیـارتر ڕێكخـراوی ئۆپیكـە كـە ڕۆڵێكـی كـارا لـە خـستنە ڕووی بـازاڕو هەڵكـشان‌و داكـشانی نـرخی نـەوتی بـازاڕدا دەگێـڕێ. هەرچـەند هـەمان ئـەو ڕێكخـراوەش لـەناوخۆدا گیروگرفـت‌و كێـشەی تایبـەتی خـۆی هەیـەو ئەمـەیان بابـەتی ئێمـە نییـە، لـەبواری شـەڕو شـۆڵ‌و مـل

ملانێشدا نــەوت جێ پەنجــەی دیــاربووەو تەنانــەت یــەکێ لــەهۆکارە ســەرەکیەکانی شــەڕی کەنداو نەوتە.

دەرچونی عێــراق لەشــەڕی "8"ســاڵەیدا لەگــەڵ ئێــران لــە دۆخێکــدا بــوو کــە لــە ژێــر قــەرزێکی زۆری ڕۆژئــاواو عەرەبــدا دەینالاّنــد، قەرزەکــە بــە (70) مليــار دۆلار مەزەنــدە دەکرێت، عێراق بەوپێیەی خۆی بە پارێزەری نەتــەوەی عــەرەب دەزانــێ پــێ ی قــورس بــوو عــەرەب داوای قــەرزی لێبکــەن بۆیــە نــەك هــەر ئامادەنــەبوو قەرزبداتــەوە بگــرە کەوتــە بڕوبیانو گرتن بە کوەیت کە (10) مليار دۆلاری بداتێ، کوەیت نەدەچووە ژێر ئـەوبارە، عێــراق دەمێکــە کوەیــت بەبەشــێك لــەخۆی دەزانــێو کــاتی عبــدالکریم قاســم ئــەم بابەتــە زیندوکرایەوەو عبدالکریم داوای کرد کوەیت ببێتە قەزایــەك لــە عێــراق پاشــتر بەعــسیەکان دانیان بەکوەیتا نا، کەچی لە گەرمەی قەرزاری عێراقدا جارێکی تــرو بەشــێوەیەکی تــر ئــەم بابەتە هاتەوە سەرزاران، بــڕو بیانوی عێــراق بــە عــەرەب بەگشتیو کوەیت بەتايبــەت ڕۆژ بــەرۆژ لــە زیــاد بونــدا بــوو ســەرەتاکانی شــەڕ دەرکــەوتبون لــە ڕۆژی 16ی تــەموزی ســاڵی 1990 تاریق عەزیز وەزیری کاروباری دەرەوەی عێراق گوتی ((هەندێ لە وڵاتــانی عــەرەبی لە جیاتی ئەوەی لەم کاتە ناسکەدا یارمەتیمان بدەن، پیلانمان لــەدژ دەگێــڕنو نــەوتی ئێمــە دەدزنو پارەکەشی دەخۆن، دەبێ ئەوان بزانن ئێمە لەسەر بڕیاری خۆمان سوورینو تامــافی یاسایی خۆمان وەرنەگرین دانانیشین، ئێوە دەتانەوێ ڕۆڵەکانی ئێمە دەوڵەمەنــدو هــەژار لــە برســا بمــرن ئێمــە هــیچ کاتێــك ڕێگــەی بــەدیهاتنی ئــەو ئارەزوەتــان نــادەینو دەیبەینــە گۆڕەوە))*

ئەم نامەیە وڵاتــانی عــەرەبی ناوچەکەی نیگــەران کــردو تــرسو دڵــە ڕاوکــەی خــستە دڵــی کوەیتیەکانــەوە، مەبەســتی تــاریق لــە دزینــی نــەوتی ئێمــە نــەوتی نێــوان کوەیــتو عیراقــە کــە عێــراق دەیگــوت کوەیــت دەیــدزێو دەیفرۆشــێ. یــەك ڕۆژ دوای نامەکــەو وتەکەی تاریق عەزیز سەدام لە 17ی تەموز گوتی : (بەداخەوە دەوڵەتەکانی کوەیــتو ئیمــارات بــەفرتو فــێڵو کــەڵك وەرگــرتن لــە دڵــی پــاکی ئێمــە، نــەوتێکی زۆر بەرهــەم دەهێننو دەیفرۆشــن، بــەم کردەوەیــە نرخــی نــەوت دەشــکێنن، لــەوەش زیــاتر کوەیــت

---

* تاریق عەزیز لەگەڵ ئەم وتەیەدا یاداشتێکی دایە (شازلی قولەیبی سکرتێری گشتی وڵاتــانی عەرەبو کوەیتی بەدزینی نەوتی رومێلە تاوانبــار کــردو گــوتی بــایی (2.9) بليــۆن نــەوت لــەو ناوچەیە دزراوە.
بگەڕێرەوە بۆ ل98 النفط الاكراد كمال مجيد.

بەبێ ئاگاداری ئێمە لە چاڵە هاوبەشەکانی نێوانمان نەوت بەرهەم دێنێ و دەیفرۆشێ و دیناریێکمان ناداتێ، بۆیە ئیتر نیازپاکی و ڕوی خۆش چارەسەر نیەو ناچارین هێز بەکار بێنین).

دەبینین نەوت چی بیانویەکی گەورە بووە لای عێراق بۆ ئەوەی پەلاماری کوەیت بدات، ئیتر ئەوە بوو لە (2)ی ئاب عێراق بە (6) سەعات کوەیتی گرت، هەندێك خڕکردنەوەی هاوپەیمانی و هێرشی ئەمەریکا لە دژی عێراقیش هەر دەبەستنەوە بە بونی نەوتەوە نەك دڵسۆزی بۆ سەرانی کوەیت. هەر بۆیە کاتێ جۆرج بۆشی سەرۆکی ئەمەریکا بڕیاری دا کە هێزەکان هەر هێزی بەرگری نەبن (ژمارەیەك خەڵکی ئەمەریکا لەبەرامبەر بۆش وەستان و دژی شەڕەکە بوون و شەڕەکەیان تەنیا بە شەڕی نەوت زانی و گوتیان نابێ لاوەکانمان بکرێنە قوربانی نەوت). گرەوی شەڕەکە دەست پێکردن و کۆتایی پێهێنانەکەی نەوت بوو، لێرەشەوە بایەخی نەوت خۆی دەنوێنێ، ئەگەر وڵاتە خاوەن نەوتەکان بە ئاوەزەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو سامانە سروشتیە بایەخدارە بکەن ئەوە هەرگیز ڕۆڵەکانی وڵاتەکەیان ڕووت و قوت نابن، بەڵام ئاخۆ بەعس دەزانێ بەو شیوەیە هەنگاوبنێ لێرەوە دەچینە سەر کرۆکی باسەکەی خۆمان کە نەوت بۆ ئێمە وەك شانۆکارانی کوردی کەرکوك لە حەفتاکاندا ناویان نابوو (بونی ئەم زێرە ڕەشە بۆ ئێمە خوێنی گەشە). لەڕاستیدا بونی نەوت لە وشوێن و ناوچانەی کوردستان کە نەوتیان تێدایە لەبری ئەوەی ببێتە هۆکارێك بۆ باشکردنی ژیانی ئابوری و بژێوی دانیشتوانەکە کە چی بوەتە مایەی کوێرەوەری بەدرێژایی دەیان ساڵ لە هەر گوندێکی کوردستان بۆنی نەوت هاتبێت ئەو گوندە بەر شاڵاوی ڕاگواستن و وێران کردن کەوتووە)

نەوت لەگەڵ ئەوەشدا کە بە بایەخ ترین سامانی ژێر زەوی کوردستانە، بەڵام هەرگیز وەك پێویست بۆ کوردستان و خەڵکەکەی سودی لێ نەبینراوە دکتۆر عبدالرحمن قاسملو لە لێکۆڵینەوەکەی خۆیدا کە ساڵی 1963 چاپ کراوەو 1962 تەواو بووە لە بارەی ئەم سامانە گرنگەوە دەڵێت (گرنگترین سامانی ژێر زەوی کوردستان نەوتە، تا ئێستا لە کوردستان نزیکەی (2600) ملیۆن تۆن نەوتی خاو دۆزراوەتەوە کە نزیکەی (8٪) ی هەموو زەخیرەی نەوتی دنیای سەرمایەداریە)[1]

---

[1] کوردستان و کورد د. عبدالرحمن قاسملو ل18.

ئەم سامانە بایەخ دارە هەرگیز کورد سودی لێنەبینیوەو هەمیشە لەلایەن دوژمنانەوە بەکاربراوە، لەکاتێکدا تەنیا لە عێراق داهاتی نەوت لەسێ ساڵی (1972، 1973، 1974) بەم جۆرە بووە دەبێ بڵێین نەوتی عێراق لە یەکی حوزەیرانی ساڵی 1972 بەعسێنرا ئەوەی کە بەعس ناویان ناوە خۆماڵی کردن داهاتەکە بەم جۆرە بووە (ساڵی 1972(572) ملیۆن دۆلار، ساڵی 1973 ئەم پارەیە هەڵکشاوە بۆ (1.84) بلیۆن دۆلار، ساڵی 1974 (5.7) بلیۆن دۆلار)[2]

لەم نێوانەدا نەوتی کەرکوک چاکترین و پاکترین جۆری نەوتی کوردستانەو عێراقیش زۆرترین بەرهەمی نەوتی لە چاڵە نەوتەکانی کەرکوکەوەیەو ﴿(3/2)ی نەوتی هەموو عێراق لە کەرکوک دەردەهێنرێ﴾[3] تەنانەت لەسەر ئاستی دنیاش شاری کەرکوک گرنگترین شارە لەڕوی بونی نەوتەوە. ئەم شارە نەك هەر لە کوردستان یان باشوری کوردستان یان ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بگرە لە تەواوی دنیادا نەوتەکەی بەپاکترین و چاکترین و پوخت ترین نەوت دیاری کراوە، بونی نەوتیش لەم شارەدا دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی سەرهەڵدانی مەشخەڵی بابەگوگوڕ، واتە لەو ڕۆژەوە کە ئەم ئاگرە کلپەی سەندووە نەوتیش بونی بەناوچەکەدا بلاو بۆتەوە، هیرۆدۆتیس ناوی باباگوڕگوڕو گڕە پیرۆزەکەی دێنێت و لەشێوەی ئەفسانەیەکدا بۆمان باس دەکات واتە ساڵی ("570 پ.ز" نەوت لە کەرکوك دۆزراوەتەوەو لەشێوەی ئەفسانە باسی لێوەکراوە)[4] درەنگتر عوسمانیەکان لەڕێگەی شارەزایانەوە بەبونی نەوتی کەرکوکیان زانی ئەویش لەڕێگەی گوڵبا نگیانەوە (گوڵبانگیان لەو کاتەدا ڕاوێژکاری دارایی سوڵتانی عوسمانی بوو، یەکەم کەس بوو کە ساڵی 1890 خەبەری بەسوڵتان دا کە ئەو مەڵەبەندە نەوتی تێدایە)[5]، هەر ئەم گوڵبەنگیانە دواتر 5%ی نەوتی کەرکوك و ویلایەتی موسڵ هی ئەو بوو بۆیە پێیان دەگوت (جەنابی سەدی پێنج) لەو ڕۆژەشەوە کە مەسەلەی ویلایەتی موسڵ باشوری کوردستان لەباکوری جیاکرایەوەو خرایە سەر عێراقی عەرەبی و لە ساڵی 1926 پەیمانێك لەنێوان تورکیاو عێراق و بەریتانیا ئیمزا کرا، بەریتانیا موسڵی بۆ خرایە سەر عێراق، یەکەم بیری

---

(2) جینۆساید لە عێراقدا میدڵ ئیست وۆچ-و. سیامەندی موفتی زادە ل96.

(3) پەراوێزی یەکەم ل 81.

(4) هاواری کەرکوك ژ 2 کەرکوك شاری ئاگری هەمیشەیی ئامادەو وەرگێرانی گولەر سیامەنسوری ل36.

(5) سەرچاوەی یەکەم عبدالرحمن قاسملو ل 82.

نەوت لێدانی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1927، ئینگلیز لە هەموو کەس زیاتر پەلەی بو لەوەی ویلایەتی موسڵ لە چنگی تورك دەربکاتو بیخاتە سەر عێراق، ئەو کاتە کەرکوك وەك سەرجەم شارو ناوچەکانی تری کوردستانی باشور جیا بوو لە عێراقی عەرەبی بۆیە لە خستنە سەر عێراقی ویلایەتەکەش زۆربەی دانیشتوان ناڕازین (ساڵی 1929 کۆپانیای نەوتی عێراق (ئای، پێ، سی) لەبری کۆمپانیای نەوتی تورکی دامەزرا)[6]

دەبێ ئەوە بزانین کە ساڵی 1925 بەپێی پەیمانێك ئیمتیازی نەوتی کەرکوك درابو بە تورکیا ساڵی (1935) بەدوو ڕێگای بۆڕیەکانی تەرابلوس‌و حەیفادا (چوار ملیۆن) تۆن نەوتی کەرکوك گەیشتە بازاڕەکانی ئەوروپا هێڵی کەرکوك حەیفا لە ساڵی (1932) دروست کرا درێژی ئەم بۆریە (1008) کیلۆمەترە هێڵی کەرکوك- تەرابلوس ساڵی (1932) دروست کراو درێژیەکەی (850) کیلۆمەترە بەرلەوەی قسە لە سەر داهاتو بەرهەمی نەوتی کەرکوك بکەین دەبێ بگەڕێینەوە بۆ ئەو کێبەرکێیەی دەوڵەتە زلهێزەکان هەر لە ساڵی (1907) لەبەرخاتری دەریا نەوتی ژێر کەرکوك لەگەڵ یەك دەستیان پێ کرد. لەوکێبەرکێیەدا هەرەیەکە لە ئەمەریکاو فەرەنساو بەریتانیاو ئەڵمانیاو تورکیا بەشداربوون، لەم گرەوەدا بەریتانیا داشی لە هەموان سوارتربوو بەختی لەبەختی هەموان لەبارتربوو بەوەی هەر لە ساڵی (1921)ەوە عێراقی خستە ژێر رکێفی خۆیەوە بەویلایەتی موسڵ‌و نەوتی کەرکوکیشەوە بەپێی ڕێکەوتن نامەی سایکس بیکۆ ساڵی (1916) ویلایەتی موسڵ بەر فەرەنسا دەکەوت بەڵام ئینگلیزەکان زۆربەی ناوچەکانی ویلایەتی موسڵیان داگیرکردبوو پێش مۆرکردنی ئاگر بەستی (مۆدوروس) لە ساڵی (1918)ەدا، لەبەر ئەوەی ناوچەیەکی دەوڵەمەند بوو بەنەوت‌و گرنگیەکی جوگرافیای‌و ستراتیژیکی بوو هەوڵی ئەوەیان دا پارێزگاری پێوە بکەن. فەرەنسیەکانیان ڕازی کرد بەوەی لەبری ئەوێ لە شوێنێکی دیکە قەرەبویان بۆبکەنەوەو هەرکاتێکیش نەوتیان لە چاڵە نەوتەکانی کەرکوك دەرهێنا پشکێکیان لە کۆمپانیاکە بدەنێ)[7]. بەم شێوەیە بەریتانیا فەرەنسایان لەویلایەتی موسڵ دوور خستەوەو خستیانە بەر دەستی خۆیان ئەگەر چی وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا سێ ساڵ دواتر ویلایەتەکە خرایە سەر عێراقی عەرەبی‌و (9) ساڵ دواتر ئەم عیراقەی ئیستا باشوری کوردستانی بە یەکجاری خرایە سەر

---

[6] کوردستانی نوێ ژ. (1605) ڕۆژی 22-6-95 د. نوری تاڵەبانی ل3-ب3.
[7] الاتحاد ژمارە 324 1996/6/25. دکتۆر نوری تاڵەبانی.

واتـه لـه سـاڵی 1926. وڵاتـی هەمیـشه ڕۆژ هـەر لـه دوای بەمانـدێت کردنـی عێـراق و بەسـتنەوەی ویلایـەتی موسـڵ بـەم عێراقـەوه. کەوتـه پـشکنینی بـەردەوامو درێـژەی بەکردەکەیدا، ئەوەبوو ئیتر بۆ یەکەم جارو یەکەم بیری نـەوت لـه 14 یـان 15ی تـشرینی یەکەمی ساڵی 1937 فیشکەی کردو دوای (1520) پێ نەوتی ئەو بیره چوو بـه ئاسمانـداو خـەونی بـەریتانیا هاتـەدی ئـەم یەکـەم چاڵگەیه نـاوی نـرا چـاڵگەی باباگوڕگوڕ بـەم بۆنـه پیرۆزەوه ئاهـەنگێك سـازکراو فەیـسەڵیش لـەو ئاهەنگـەدا بەشـداری کـرد یەکـەم تەقینـەوه (80) پێ یان (140) پێ چووه بـه ئاسمانـداو سەرچاوەکان قسه لەسـەر هـەردوو ژمارەکـه دەکەن بەڵام لای من دووەم راسـترەو بـه پـێی سەرچاوەکان لـەوکارەدا بیـست کـەس بونەتـه قوربـانیو بەرهـەمی ڕۆژانـەی ئـەم چـاڵگەیه (92.000) نـەوەدو دوو هـەزار بـەرمیل (بۆشـکه) بـوو دکتـۆر شـاکر خـصباك 15ی تـشرینو مامۆسـتا عبـدالرزاق حـسنی 14ی تشرینی داناوه بۆ ڕۆژی دەرهێنانەکه دەبێ ئەوەش بڵێین که بەریتانیا زۆر پـێش ئـەو سـاڵه لـه لایـەن عوسمانیـەوه ڕێگـەی پێـدرابوو پـشکنین لـه ناوچـەکەدا بکـات ((هـەر لـه سـاڵی 1909وه تیمـه پـشکنەرەکانی بـەریتانیا لـه ناوچـەکەدا بـەدوای کانـه جۆربەجۆرەکانـدا دەگـەڕان))[8]. سـەیر لـەوەدابوو (لـه نـەوتی کـەرکوك مۆنۆپۆلـەکان سـاڵانه 400 تـا 500 ملیـۆن دۆلاریـان دەخـوارد)[9]. و خـەڵکی ڕاسـتەقینەی شـارەکەش هـی وایـان تێـدا بـوو نـان نەبوو بیخواتو ڕۆژانه سەدان کرێکار چاویان لەوەبوو کەسێك بیانبات بۆ ئیش!!

(له کۆتایی ساڵی 1955دا 44 چاڵه نـەوت لـه چاڵه نەوتـەکانی کـەرکوك خرایـه گـەڕو لەهـەمان سـاڵدا 25 ملیـۆن تـەنی لێ دەردەهێنـرا)[10] هـەروەها ڕێـژەی بەرهـەمی نـەوتی کەرکوك کۆتایی ساڵی 1970 گەیشته (50) ملیـۆن تـەن لـه سـاڵێکداو لـەم بارەیـەوه دکتـۆر عبدالرحمن قاسملو دەنوسێ (گەورەترین کانگای نەوتی کوردستـان لەبابـەگوڕ گوڕی نزیـك شاری کەرکوکه کـه مۆنۆپـۆلی ئیمپریالیـستی شیرکەتی نـەوتی عێـراق دەریـدێنێ بەرهـەمی نەوتی کوردستان له ساڵێکدا زیاتر له 50 ملیـۆن تـۆن واتـه نزیکـەی (90٪)ی هـەموو ئـەو زەخیره نەوتەیه که له کوردستـان دۆزراوەتـەوه)[11]. کارخانـەی نـەوتی کـەرکوك چـەندین

---

[8] هەشتا ساڵ، جلال جوهر عزیز. گۆڤاری کەرکوك ژماره 4 ل 31.

[9] کوردستانو کورد/ د. عبدالرحمن قاسملو

[10] جوڵانەوەی ڕزگاری نیشتمانی کوردستان عـەزیز شـەمزینی وەرگێڕانی فرید ئەسەسـەرد ل 17.

[11] کوردستانو کورد/ عبدالرحمن قاسملو ل19.

بۆڕیو هێڵی ستراتیژی گواستنەوەی لەسەر دروست کراو نەوتی کەرکوك لەڕێگای ئەم هیلانەوە گەیشتە دورترین ناوچەی دنیاو بەدنیادا بلاوبوەوە، ئەم هێلانە کەرکوكو دنیای دەرەوەیان بەیەکەوە بەستەوە، ئەمە بێ ئەوەی بونی ئەم پەیوەندیە بازرگانیە بەهێزە کار بکاتە سەر گۆڕانی سیمای شارەکەو بەرەو پێشەوەی بەرێت، نەك بەرەو پێشەوە نەچوو بگرە ڕۆژ بەڕۆژ ئەم شارە سیماکانی شاری لەدەست داو تەنانەت هەندێك لە گەڕەکەکانی لە هەموو خزمەتگوزاریەکی پێویست بێ بەشن، ئەم هێلانە نزیکەی (83٪ی تەواوی هێڵی گواستنەوەی نەوتی عێراق پێك دێنن)[12].

دکتۆر شاکر خصباك دەنوسێ (لە کۆتایی سالانی 1970 بەرهەمی بیرە نەوتی بابەگوڕگوڕ گەیشتە (50) ملیۆن تەن، ئەم بیرە نەوتانەی کەرکوك چاکترین نەوتی وڵاتی عێراق پێك دێننو ڕێژەی بەرهەمیان 4/3ی بەرهەمی وڵاتە) مەحمود ڕەزا لە سیاسەتی دەولی ژمارە 11 ئەنوسێ (70٪ی بەرهەمی گشتی پەترۆڵی عێراق هی چاڵگەی نەوتی کەرکوکە)[13]. پرۆفیسۆر باڤیچ دەنوسێ (75٪ی سەرجەمی بەرهەمی نەوتی عێراق لە کوردستانەوە هەڵدەقوڵێ)[14] نەوتی کەرکوك هەرچەندەو هەر ڕێژەیەك بێت گرنگ ئەوەیە هەرگیز لەپێناوی خەڵکە ڕاستەقینەکەی ئەوشارەدا بەکار نەهێنراوەو بگرە لە دژی بەکار هێنراوە. ئەگەرچی بەشێك لە خەڵکی هێنراو بۆ ئەو شارە بەئاشکرا بارو زروفو ژیانیان لەبەشە ڕاستەقینەکە باشترەو مرۆڤ بەڕوونی لەبەراوردی نێوان ئەم دوو بەشەدا دوو شار دەبینێ، دوو شاری تەواو لێك جیاواز دەبێ ئەوەش بڵێین کە جگە لە کەرکوك لە چەند شوێنێکی تری باشوری کوردستان نەوت هەیە وەك چاڵگەکانی خانەقینو موسڵ، حکومەتی عێراقی لە هەموو ڕوویەکەوە بە پلەی یەکەم پشت ئەستورە بە نەوتی باشوری کوردستانو ئەم عێراقە لە ساڵی (1921)ەوە لە سایەی ئەم زێڕە ڕەشەی باشوردا دەگوزەرێو نەوت دەیان ستەمکارو سەرمایەداری گەورەی دژی کوردو ئازادی کورد دروست کرد، تەنانەت سەرەڕای بونی نەوت لە عێراقی عەرەبەیشدا لەڕۆژێکدا کە کورد بواری بۆ ڕەخسا لەگەڵ عێراق بچێتە سەر مێزی گفتوگۆ کەچی دواتر عێراق کەرکوکی نەخستە چوارچێوەی حوکمی زاتیەوە، لەم بارەیەوە "دیمتری زیگریسکی دەڵێ (شاری کەرکوك کە لە

---

[12] ئالای ئازادی 1995/10/8 ژمارە (190) نەوزاد عەزیز.

[13] سیاسەتی دەولی ژمارە 11.

[14] کوردستانو مەسەلەی کوردی پرۆفیسۆر باڤیچ ل 15 چاپخانەی شەهید جەعفەر.

نـەوتا دەوڵەمەنـدە نەخرایـە سـەر حـوکمی زاتـی)[15] بـۆ خـۆی جیاکردنـەوەی کـەرکوك لـە باشوری کوردستان واتە دەست خستنە ناو بینەقاقای ئابوری باشـوری کوردسـتان، نەخـستنە سـەری ئـەو شـارە جگـە لـەوەی کارێکـە بـۆ ئـەوەی هەمیـشە لـە ڕوی ئابوریـەوە باشـوری کوردسـتان چـاوبڕێتە عێراقـی عـەرەبی، لەلایـەکی تریـشەوە بۆنانـەوەی دوو بەرەکیـە لـە نێوان گەلانی ناوچەکەدا، چ ئایندەو چ ئێستا ئەگەر هەر کـەرکوك وەك بەشـێك لـە باشـوری کوردستان سەیری نەکرێت ئەوا هەرگیز ئـەم ناوچـەیە ئاسـوودەیی بەخۆیـەوە نابینێت، بـۆ ئایندەی کوردیش نەوتی کەرکوك بایەخێکی تایبەتی هەیـەو لـە ئێـستاشەوە تـا دەیـان سـاڵی تـر نـەوت بایـەخی خـۆی لەدەسـت نـاداتو ڕۆژ بـەڕۆژ ڕۆڵـی زیـاتر لـە پێشخـستنی ئـابوری جیهانـدا دەگێـڕێ بۆیـە نـاکرێ کـورد کـاراتر لەسـەری نەیاتـە وەڵام، پرۆفیـسۆر بـاڤیچ لـەم بارەیـەوە دەڵـێ "دیـارە ئێـستا مەسـەلەی دروسـت کردنـی دەوڵـەتێکی کـوردی لـە عێراقـدا مەسەلەیەك نیـیە لە ئـارادا بـێ، بـەڵام هـەرکاتێ ئـەم مەسـەلەیە بێتـە پێـشەوە دەبـێ ئـەو راستیە لەبەر چاوبگرین کـە هـەر جـۆرە سـەربەخۆییەك بـۆ کـورد مەحاڵـە بتوانـێ بـەپێوە خۆی بگرێو بپارێزێ ئەگـەر قـەزاو ناحیـەکانی دەشـتە پـڕ نەوتەکـەی موسـڵو کـەرکوكو هەولێر نەخرێتە سەر دەوڵەتەکەوە"[16]کوردسـتانی باشـور جگـە لـە کـەرکوكو خانـەقینو موسڵ لەچەند شوینێکی تـری وەك دەشـتی کۆیـەو چەمـچەماڵ نـەوتی هەیـەو ئـەمڕۆ بـیرە نەوتـەکانی چەمـچەماڵ سـەریان داپۆشـراوە بـەو بیـانوەی تێـچوونی دەرهێنانەکـەی زیـاتر دەکـەوێت لـە بەرهەمەکـەی، ئەمـە جگـە لـەوەی لـە بنـاری گلیـشدا نـەوتێکی زۆر هەیـەو ماوەیـەکی زۆر ئـەو نەوتـە لـەژێر ڕکێفـی کـارپێکردنی شـێخ حەمیـدی تاڵـەبانی دۆسـتی ئینگلیـزدا بـووە، سـەردار پـشدەری لەسـەردانێکیدا بـۆ چەمـچەماڵ بەرامبـەر خەڵکەکـە گوتبووی (بەداخەوە ئێوە لەسـەر دەریایـەك نـەوتنو کەچـی ناچارن چاوتان لـە جلیکانـە، جلیکانـەبێت کـە لـە کەرکوکـەوە دێـت) سـەرجەم ئـەم چـاڵو چـاڵگەو چـاوە نەوتانـەی کوردسـتان بـەهۆی شـەڕو شـۆڵی درێـژ خایـەنو کـوردەوە بـەهۆی داگیرکردنـی باشـوری کوردستانەوە لەماوەی نزیکەی لە سەدەیەك لەمەوبەرەوە بەهیچ شێوەیەك بۆ خێـرو بێـری کرود بەکار نەهێنراوەو عەبدوڵڵا پەشێو گوتەنی:*

---

[15] کوردستان مێژوویەکی بێ جوگرافیا دیمتری زگێرسکی، بەرەی کوردستانی ژ 11 ل 20.

[16] کوردستانو مەسەلەی کوردی پرۆفیسۆر باڤیچ ل15 چاپخانەی شەهید جەعفەر.

* عبداللە پەشێو دوانزە وانە بۆ مندالان، وانەی هەشتەم.

**مناڵەکان**

**ئەی برسیە ژین تاڵەکان**

لةسةر سنطة

**نەوتاوییەکەی بابەگوڕگوڕ**

**نزیک ... تاڤگەی**

**سەرەو ژوری زێڕینی گڕ**

**گڵکۆیەکی بچکۆلەم دی**

**لێی نوسرابوو**

**ئالێرەدا... مناڵێکی چاوگەشی کورد لەبرسا مرد**

چیا لە کتێبەکەی خۆیدا دەنوسێ (چاڵگەی نەوتی کەرکوك درێژترینو گەورەترین چاڵگەی نەوتی جیهانە، لەناوچەی جەبەڵ بۆرەوە تا دێبەگە درێژ دەبێتەوە ئەم چاڵگەیە (222) چاڵە نەوتی تێدایە) [17]. ئەم چاڵانە بەردەوام زیادیان کردووە دابەش بونی ئەم (222) چاڵە بەم جۆرەیە:

| | |
|---|---|
| 1-بابەگوڕگوڕ | 54 چاڵەنەوت |
| 2-قوشقایە | 24 چاڵە نەوت |
| 3-ئاڤانە | 18 چاڵە نەوت |
| 4-هەنجیرە | 32 چاڵە نەوت |
| 5-سارەلو | 14 چاڵە نەوت |
| 6-سەربەشاخ | 21 چاڵە نەوت |
| 7-جەبەل بۆر | 22چاڵە نەوت |
| 8-قوتان | 38 چاڵە نەوت |

[17] ئەمنی ستراتیژی مامۆستا چیا دەزگای ناوەندی کۆمەڵە.

چیا له درێژەی نوسینەکەدا دەڵێ جگە لەوەی دەیان چاڵە نەوتی سەرداخراوی تر لە سنوری کەرکوکدا هەن، هەروەها ئەم ژمارەیە چاڵگەکانی بای حەسەنو زەمبوری لێ بەدەرە. ئەو هێڵانەی نەوتی کەرکوك دەگوازنەوە بریتین لە :

1-هێڵی بۆڕی کەرکوك- حەیفا لەسەر دەستیبەریتانیاو فەرەنسا ڕاکێشرا 12 گرێیە، توانای گواستنەوەی یەك ملیۆن تەن نەوتی لە ساڵێکدا هەیە، لە کەرکوکەوە تا (حەدیثة) دەچێتو لەسەر فورات دەبێتە دوولقەوە.

لقی یەکەم/ بەرەو خۆرئاوا بۆ تەرابلوس دەکشێ درێژی (60) کیلۆمەترە.

لقی دووەم/ بەرەو خۆرهەڵات بۆ حەیفا دەکشێ درێژیەکەی (748) کیلۆمەترە.

2-هێڵی کەرکوك- بانیاس. ساڵی (1950) دەست کرا بەڕاکێشانی (30 تا 32) گرێیە، هاوتەریبە لەگەڵ بۆڕی هێڵی کەرکوك- تەرابلوس. وزەی گواستنەوەی (130) ملیۆن تەنە، لە وێستگەی (K.1)کەیوەنەوە دەست پێدەکات لەبەندەری بانیاسی سوریا کۆتایی دێت درێژییەکەی بەگشتی (888) کیلۆ مەترەو ساڵی 1953 تەواو بوو.

3-هێڵی کەرکوك-یۆمۆرتالیك، ساڵی (1973) ڕێکەوتنی عێراق- تورکیا لە سەر ئەم هێڵە مۆرکرا. لە (3-1-1977) کرایەوەو درێژیەکەی (1005) کیلۆمەترە (345) کیلۆمەتری لەخاکی عێراقو (660) کیلۆمەتری بەخاکی تورکیادا تێپەڕ ئەبێو (16) گرێیە، تەواوی ئەم هێڵە جگە لە (15-20) کیلۆ مەتری نەبێت بەگشتی بەخاکی کوردستاندا ڕاکێشراوە، ساڵی (1984) ئەم هێڵە فراوان کراو ڕادەی ناردنو ڕاکێشانی ڕۆژانە گەیشتە یەك ملیۆن بۆشکە (بەرمیل)، ساڵی (1987) هێڵی دووەمی کەرکوك- یۆمۆرتالیك ئەنجام درا ئەم هێڵە لە کەرکوکەوە بەرەو فیشخابورو لەوێشەوە بەرەو بەندەری جیهان لە دەریای سپی ناوەڕاست درێژ دەبێتەوە[18] بەگشتی لەڕێی ئەم سێ هێڵەو هێڵی ستراتیژیەوە نەوتی کەرکوك بەپێی قسەی کاك "فاتح حمەڕەش" کە بۆ خۆی لەشەریکەی نەوتی کەرکوك کاری کردووە بریتین لە:

1-باب دیگازین بابەگوڕگوڕ

2-باب دیگازین هەنجیرە

3-باب دیگازین قوتان

---

[18] ئالای ئازادی، نەوزاد عەزیز ژمارە 190 1995/10/8 گواستنەوەی نەوتی باشور + گۆڤاری النفط والعالم.

4-باب دیگازین شۆڕاو

5-باب دیگازین جەبەل بۆر

6-باب دیگازین زەمبۆر 1

7-باب دیگازین زەمبور 2

8-باب دیگازین بای حەسەن

9-باب دیگازین دڕکە

10-باب دیگازین سارەلو

11-باب دیگازین مەلحەوالی

هەریەکە لەم باب دیزگازینانە نەوتی (10تا 50) بیرکۆدەکەنەوەو دەینێرنە کۆمپانیای کەرکوك (ستاپ لاین) لەویشەوە بۆ یۆنیتەکانو لەپاش کولاندن لە یۆنیتەکاندا دەچێتە قازانەکانی کەیوانەوە بۆ دەرەوە[19]

جگە لەوهێڵە سەرەکیانە، چەند هێڵێکی تری گواستنەوەی ناوخۆ هەن لەوانە:

1-هێڵەکانی گواستنەوەی نەوتی خاو بۆ پالاوگەکان

أ-هێڵی پالاوگەی ئەلۆەند چالگەی نەفتخانە

ب-هێڵی پالاوگەی دۆرە چالگەی نەفتخانە

ج-هێڵی (K.2) بێجی- دۆرە

2-هێڵەکانی گواستنەوەی نەوتی خاو بۆسەر هێڵەکانی دەرەوە.

أ-هێڵی بای حەسەن- کەرکوك.

ب-هێڵی چەمەبۆر- کەرکوك.

ئەمە بەکورتی تیشکێك بوو بۆسەر نەوتی کەرکوكو چۆنێتی دابەش بونو دەرهێنانو ناردنە دەرەوەی، نابێ ئەوەشمان لەبیر بچێت کە حکومەتی عێراقی لەرێگای ئەو چالگانەوە بەردەوام نەوتی ناوچەکانی تریش بەرەو ووشك بون دەبات هەر بۆ نمونە نەوتەکانی، کۆیەو چەمچەماڵ، ئەوەی پێشتر باسمان کرد لەبەر ئەوەی زۆربەی ئەو دەریا نەوتە لەسەر یەك هێڵنو بەیەك رەگەوە گرێدراون وەك پێشتر ئامـاژەم پێدا سالی 1992 سەردار پشدەری سەرمایەداری کورد بەمەبەستی بیرکردنەوە لە دەرهێنانی نەوتی ئەم ناوچانە

---

[19] بیرەوەریم لە کەرکوك فاتح حمە ڕەش کەرکوك گۆڤار ژمارە 8، ل 117 بۆ 126 هەروەها چاوپێکەوتنێکی کاك فاتح لەو بارەیەوە.

سـەردانی ئـەم دوو شـارەی کـرد، ئێـستا بـە هیمـەتی ئەنـدازیارانی کـوردو بـە کـەمترین پێداویستی نەوتی کۆیە بەرهەم دەهێنرێو لەم کارەدا یەکێتیو حکومەتی یەکێتیو خودی مام جلال پـشتگیریەکی تـەواوی ئـەو دەسـتکەوتە دەکـەنو تـەواوی سـەرمایەکەی لـە لایـەن ئەوانەوە دابین کراوە.

تەواوی بۆڕیو هێڵەکانی گواستنەوە، لەساڵی (1991)ەوە بـەهۆی ئابلۆقـەی ئابوریـەوە داخرابـون تالـەکاتی کـاراکردنی بڕیـاری (986)ی نەتـەوە یـەکگرتوەکان جـارێکی تـر ئـەو بۆڕیو هێڵانە تینویەتیان شکا. دەبێ بڵێین تەنیا ئەو نەوتەی لەنێو هێڵی کـەرکوك- یۆمـۆر تالیکـدا مـابوەوەو تاکردنـەوەی بڕیـاری نـەوت بـە خـۆاك عێـراق ڕازی نـەبوو بـۆ کاروبـاری خزمەتگوزاری بیفرۆشێ بای یەك ملیارو 600 ملیۆن دۆلار بوو.

سەبارەت بە داهاتی نەوتی عێراق بەگشتی گۆڤاری عالەمیئیسلامی دەڵێ:

عێراق لەچوارچێوەی ئۆپیکا ڕۆژانـە (2.800.000) بۆشـکە نـەوتی ناردوەتـە دەرەوە، ئەمە لە مانگێکی بەردەوامدا دەگاتە (84.000.000) ملیۆن بۆشکە (بەرمیل)و لەساڵێکدا یـەك ملیـارو هەشـت ملیـۆن بۆشـکە، ئەگـەر سـێ لەسـەر چـواری نـەوتی عێـراق نـەوتی کوردسـتان بەگشتیو کـەرکوك بەتایبـەتی بێـت ئێـستا ڕوون دەبێتـەوە نـەوتی کوردسـتان چ ڕۆڵێکی  لە ئابوری عێراقدا گێڕاوە.

لەسـەر دەسـتی ڕژێمـی بـەعس لەیـەکی حـوزەیرانی 1972دا نـەوت عێراقـی کراچـیا وتـەنی بەعـسێنرا بـەبێ ئـەوەی لـەو بـەناو خۆمـاڵی کردنەشـدا ئـەو داهاتـە زەبەلاحـە لـە خزمەت کارگەو کارخانەو مانیفاکتۆری باشوری کوردستاندا بخرێتە گەڕو دەستی کـاری ئـەم ناوچانە بخرێتە گەڕ کەچی لەبری ئـەوە لـەو ڕۆژەوە حیزبـی بـەعسو دەسـتەڵاتی عێراقـی سونی عەرەبی کەتەنیا 15٪ی کۆی دانیـشتوانی عێراقـی دروسـت کـراو پێـك دێـنن نـەوتیان وەك چەکێك بـۆ سـەرکوتکردنی بزوتنـەوەی ڕزگـاری خـوازی کـوردو گـەلی کوردسـتان بـەکار هێنا، لەهەموی سەیرتر ئەوەیە دنیا ئابلۆقەی ئابوری بەهۆی سەرکێشیەکانیەوە لـە سـالانی (1991) بـەرەو ژور خـستوەتە سـەر عێـراق، عێـراقیش لـە سـالی (1992) وە ئابلۆقـەی ئـابوری خـستوەتە سـەر کوردسـتانی باشـورو تەنانـەت ڕێگانـادا نـەوتیش خـەلك بیهێنـیو زستانی وا ڕێکەوتووە بەرمیلی نـەوت بگاتـە (1000) دینـاری چاپی سویـسری ئێـستاش لـە (42) کیلۆمـەرتی نێـوان کـەرکوكو چەمـچەماڵو هـەموو خاڵـەکانی تـری نێـوان ڕژێـمو کوردستاندا وەك کفری، قوشتەپە، کەڵـەكو سنوری بادینـان، لـە دەریـا نـەوتی کەرکوکـەوە

خـەڵك بەدەبـەی (5) لـیترێو (10) لـیترێو بـەترسو لـەرز نـەوت لـە كوردسـتانەوە بـۆ كوردستان دەگوێزێتەوە.

سەبارەت چاڵگەی نەوتی زەمبوریش هاوڵاتیەكی ناوچەكە پێی گوتین ئـەم چـاڵگەیە لـە چەند بیرێك پێك هاتووە لەوانە:

1-بیری ژمارە 14 لەنێوان ئاخجە مەشەتو قەڵغانلودایە.

2-بیری ژمارە 8 لەنێوان بیری ژمارە 14و بیری ژمارە 6 دایە.

3-بیری ژمارە 6 لەنێوان بیری ژمارە 8و بیری ژمارە 4 دایە

4-بیری ژمارە 4 لەنێوان بیری ژمارە 6و زەمبوردایە.

5-بـیری ژمـارە 2 لـەنێو زەمبـور خۆیدایـەو یەكـەم بـیرە كـە لێـدرابێت جگـە لـە بیری تر كە نازانین

هەروەها دەبێت ئەوەش بڵێین كە لە گوندی كۆرومۆرەوە نەوت بـەبۆڕی راكێشراوە بۆ زەمبور[20].

## نەوتو ئابوری عێراقو شەڕی كورد

دەوڵەتی عێرای عەرەبی سونی بەدرێـژایی تەمـەنی شـەڕی كوردانی كـردوەو نـەوت لـەو ڕۆژەوە ڕۆڵێكی كارای لەو شەڕەدا بینیووە (لە دروسـت كردنـی دەوڵەتەكـەدا ئـەوەنـدە بایـەخ بەئیرادەو ویستی دانیـشتوانی ناوچـەكەو بـە لێكدانـەوەی (ئیعتبـارات)ی نەتـەوەییو دینـیو مەزهەبی نەداوە، ئەوەنـدە بایـەخی داوە بەمـسۆگەركردنی دەسـتكەوتو قازانجـەكانی خـۆی لەمەسـەلەی پـەترۆڵیو ئـابوریو سیاسـیو سـتراتیژیدا)[21] ئەمـە سـەرەتای دروسـت كردنـی درزێكـە كـە دواتـر شـەڕێكیماڵوێرانكـەری لێدەكەوێتـەوە لكانـدنی هـەرێمی چیا ناوچـەی سـەوز ویلایـەتی موسـڵ یـان میـسۆپۆتامیای سـەرو، كـە ئەمـە ناوەكـانی پـێش لكانـدنێتی بـەعێراقی عەرەبیـەوە، بەعێراقـەوە لەبـەر بـونی نـەوت بـوو، چـونكە هـەر لـە (ڕۆژی 4ی مارتی ساڵی 1925 ئینگلیز ئیمتیازی نەوتی عێراقیان وەرگرت)[22] ئیتر چش لـەوەی ئـەو گەلانـە چیان بەسـەر دێت هەنـدێك لەسەرچاوەكان ئامـاژە بـەوە دەكـەن كـە ئینگلیـز هـەر

---

[20] چاوپێكەوتن لەگەڵ كاك محمد جبار خەڵكی ناوچەكەیە ئێستا لە شۆڕش كـەرتی پیریـادی دادەنیشێ.

[21] عێراقو مەسەلەی كورد ل2 ی.ن.ك چاپخانەی شەهید برایم عەزۆ 1984

[22] ڕۆشنبیری نوێ ژ 136 ساڵی 1995 دكتۆر كەمال مەزهەر ئەحمەد.

لەسەرەتاوە نیازی نەبووە شیعە کە زۆرینەی عێراقی عەرەبی پێك دێنن بباتە سەر کورسی دەستەڵاتی عێراقی، لە کاتێکدا شیعە (52٪) زیاتری گەلی عێراق پێك دێننو سونەی عەرەب تەنیا (15٪)و کوردیش (28٪) پێك دێنن ئینگلیز بۆ ئەوەی تای تەرازووەکە تا ڕادەیەکی باش هاوسەنگ بکات کوردستانی لکاند بە عێراقی عەرەبیەوە. شێخ مەحمود لە هەوڵەکانیدا بۆ دروست کردنی حوکم داریێتی کوردستان سەرکەوتو نەبوو قسەکردن لەسەر هۆکارەکانی سەرنەکەوتن زۆرنو دەشێ ئەگەر لەبارەی شێخەوە قسەبکەین بگەڕێینەوە سەری بەلاّم دەبێ ئەوە بڵێین"کە زۆربەی گوندەکانی نزیك کانە نەوتەکان باجیان دەدایە شێخ مەحمودنەك ئینگلیز)[23] ئینگلیز پڕ بەدڵ لەمە بەداخ بوو بۆیە لە بەرامبەر نەوتی کەکوکدا نیازێکی خراپی هەبوو ئەگەر ڕەشید عالی گەیلانی سەربکەوتایە دکتۆر کەمال مەزهەر دەڵێ (ئینگلیز بەنیازبونە ئەگەر شۆڕشی مایسی 1941 سەربگرێ ئەوانیش بیرە نەوتەکانی کەرکوك کاول بکەن)[24]

ئەمە لەبەر ئەوە ناکە نەبادا ئەو نەوتە بکەوێتە دەست ڕەشید عالی گەیلانی لەبەر ئەوە کە نەکەوێتە دەست کورد ئێستاش ئەوە ڕوون نەبۆتەوە کە بۆچی ئینگلیز سەرەڕای ئەوەی کە دەیان دۆستی چاکی هەبوو لەناو کوردا لەوانە مستەفا پاشای باجەلاّن، شێخ حەمیدی تاڵەبانی، سەرانی داودە، بابەکر ئاغای پشدەرو تادوای جگە لە خەڵکانی بەکرێگیراو کەچی نەیوەیستوە کورد ببێت بەهیچ ئەگەرچی شێخ مەحمود بەپێی قسەی ڕەفیق حیلمی داوای لەویڵسن کردووە کە پشتگیری ئینگلیزی بۆ مسۆگەر بکات بۆ دامەزراندنی حکومەتی کوردی، ئەم بابەتە ئاو زۆر دەکێشێو لەوانەیە تیرۆرکردنەکەی جەمال عیرفانی بیرمەندو زانا، هەروەها کوشتنو تیرۆری عارف سائیبی شاعیرو منەوەر، تەنگ پێهەڵچنینی ڕەفیق حیلمی، گرتنی ئەحمەد موختار بەگ، حساب بۆکەس نەکردن جگە لە خزمو خوێش هەمو ئەمانە هۆکاری تربن.. سەیر لەوەدایە وەك ئێستا ڕۆشنبیران کافر کراون تەنانەت ڕوناکبیرێکی وەك جەمال عیرفان کەلەو ڕۆژەدا بیری لەپەرپێدانی بازرگانی توتن کردووەتەوەو هانی خەڵکی داوە ئازادانە بیر بکەنەوەو بەرهەمیان زیاد بکەن تیرۆرکرا، ڕەفیق حیلمی دەڵێ شێخ قادر زۆر ڕقی لەمنەوەرەکان بووەو خۆشی بەچارەیاندا نەهاتووە، ئەمانە هەموو بابەتی ترن، ئێمە مەبەستمان بوو بڵێین گەرچی

---

[23] گاڵتەوگەپ و ڕۆشنبیری نوێ ژ 136 ساڵی 1995 دکتۆر کەمال مەزهەر.
[24] چەند لاپەڕەیەك لەمێژوی کورد ل153 بەرگی دوەم. د.کەمال مەزهەر.

مـەلیك سـەرەتا پـێش فەیـسەڵ کرایـە هـی هـەمو عێـراق‌و کوردستانیـشی بـە خـەڵك‌و دارو بەردو نەوت‌و ئاوەوە پێشکەش کرا... گەورەترین شـەڕێ کەبەرامبـەر کـورد کـرا لـە کودەتـا شـومەکەی (8-2-1963)و دواتـر لـە سـاڵی (1968) بـەدواوە دەسـتی پێکـرد ئەگەرچـی شۆڕشی کوردستان پـێش (63) هەڵگیرساو هـەر لـە (61)ەوە چـەند هـەزار کەسـێك بوبونـە قوربـانی، پێـشتریش شۆڕشـی بـەرزان دەسـتی پێکردبـوو بـەڵام لـەدوای (1968)ەوە ئـیتر حیزبی بەعسی فاشی بەتەواوەتی جێ‌پێی خۆی قـایم کـردو بووبـە حـاکمی رەهـای گـەلانی دەوڵەتی عێراق‌و دەستی بەسـەر خێـرو بێـری ئـەم وڵاتـەدا گـرت مانـەوەی حیزبـی بەعـسی دەسـتەلاتداری عێراقـی جگـە لـەزەبرو زەنـگ‌و کوشـت‌و بـڕو رێگەنـەدان بـەدەنگ‌و ڕەنگـی جیاواز پەیوەندی بەباری ئابوری عێراقەوە بەگشتی‌و نەوت بەتایبەتی هەیـەو لەوەشـدا کـە "لـە 64٪ی نـــەوتی عێـــراق لـــە کوردســـتاندا هەیـــە"[25] واتـــە نـــەوتی ژێـــر زەوی خـــاو بەرهەمنـەهێنراو، نـەوت گـرنگترین فاکتـەری سەرخـستن‌و بـەرەو پێـشەوە بردنـی ئـابوری عێـراق بـووە بـە درێـژایی تەمـەنی، ئەمـە لەگـەڵ ئەوەشـدا هـەر نـەوت فاکتـەری سـەرەکی پڕچەك کردنی حکومەتە یەك لەدوا یەکەکانی عێراق بـووە، بەدرێـژایی سـاڵانی دەسـتەلاتی بـەعس عێـراق بـووە بەحکومـەتێکی میلیتـاری تونـد ڕەو و پـشت ئەسـتور بەناوەنـدو پایتەخت‌و موسڵ‌و سەرانی هێزی سەربازی‌و سەرانی دەستەلاتی سیاسی‌و هەڵسوڕانی وڵاتـی لەو شارانەوە پێگەیاندوە بێ ئەوەی بەو بایەخەوە بڕوانێتە شارە شیعەکان‌و کوردستان، بـۆ ئەم مەبەستەو بۆ خزاندنی عەقڵی کەسێتی عێراقـی بـەهۆی بـارە ئابوریـە باشـەکەو نەوتـە زۆرەکەیـەوە پارەیـەکی زۆری هەڵڕشـت، دروسـت کردنـی سـوپای بـێ شـومارو پێـك هێنـانی چەندین یەکەی سەبازی هەمە چەشن لـە عێراقـدا بەپلـەی یـەك بـۆ سـەرکوتی بزوتنـەوەی کوردایـەتی لەلایـەك‌و چاوترسـاندنی شـیعە لـە لایـەکی ترەوەبـوو، لەگـەڵ ئەوەشـدا کـە بزوتنـــەوەی کـــورد لەعێراقـــدا هـــەرگیز بوێرانـــە داوای ســـەربەخۆی نـــەکردوەو لـــە هەڵوەشاندنەوەی پارتی هیواوە مەگەر حیزب‌و گروپی بـچوك بـچوك ئـەو دروشمـەیان بـەرز کردبێتـەوە. کـە بەکودەتایـەکی بەعـسیانە لـە ڕۆژی (8/2/1963)، عبـدالرکیم قاسـم،و هاوڕێکـانی لـەکار خـران‌و بەعـسیەکان دەسـتەلاتیان گرتـە دەسـت‌و بـێ سـێ‌و دوو کەوتنـە وێـزەی کوردەکـانی کـەرکوك‌و بـەم کـارو کردانـە ڕووی رژێمـەکانی پێـشترو تەبەقچەلیـشیان سـپی کـرد، ئەمانـە هـەر لـە سـەرەتاوە مـوژدەی بوژانـەوەی عەرەبایـەتی‌و عەرەبـچێتیان

---

[25] چیا سێکوچکە ل186، چاپی دووەم.

هێنابوو، ئەم موژدەیە لەسەر حسابی گەلانی تـرو بەتایبـەتی گەلی کوردو لەسـەر حسابی شـوێنانی تـرو بەتایبـەتی کـەرکوك لەبنەڕەتیـشا ئـەم کردەیـە لـەپێناوی دەسـت گـرتن بـوو بەسەر نـەوتی کـەرکوکا. تێکشکانو دوبـارە هاتنـەوەیان لـە سـاڵی (1968)دا ئـەم جـارە ڕق ئەستور ترو شارەزاتر لەکاروباری خۆ پڕکردناو شکستەکەی ساڵی (1963) ئـەوەی لا ڕوون کردبونەوە کە تاکە فاکتـەری مانـەوەیان لەسـەر کورسـی دەسـتەڵات، سـەندنەوەی نەوتـە لـە شیرکەتی‌نەوتو خـۆیی کردنیـەتی واتـە، بەعـساندنی نـەوتی کودرسـتان، حکومـەتی بـەعس لەهەرمەترسیەك گەورەتر لـە دانیـشتوانی کـوردی کـەرکوك زارە تـرەك بوبـوو، ئـەم ئـەوەی دەزانی کە کوردی کەرکوك دەست لـە شـارەکەیانو کـورد دەسـت لـە کـوردی بـوونی کـەرکوك هـەڵناگرنو هەمیـشە ئـەو شـارە لەهەربۆنـەو بوارێکـدا ڕەخـساوبێت کـوردی بـوونی خـۆی ڕاگەیانـدووە بۆیـە ئـەم ترسـەی بـەعس تـا ڕادەیـەك لەجێی‌خۆیدا بـوو ئەگـەر چـی هـیلال نـاجی گوتـەنی (عـەرەب خۆیـان نـەوتیان هەیـە)، بـەعس وای دانـابوو لـە خۆمـاڵی کردنـی نەوتـدا دەتوانێـت بەسـەر زۆر تەگـەرەو تـەنگـو چـەڵەمەدا زاڵ بێـتو مەسـەلەی کـوردیش بەهۆی دەسەڵاتە ئابوریەکەیەوە لەبار بەرێت بەتایبەتی لە دنیای دەرەوە.

**بە قەولی خۆیان :**

1-خۆماڵی کردن عێراقی دەبردە ئاستێکی بەرزی ژیارو شارستانیەتو کارگەو کارخانـەو فابریقەی زۆری لێ بنیات دەنرا، ئەمە دور لە لێکدانـەوەی دیمـوکراتیزە کردنـی وڵاتو پـەرە پێدانی گیانی پێکەوە ژیان بەتایبەتی بۆ ولاتێکی فرە نەتەوەو ئاینی وەکی عێراق.

2-پێـی وابـوو لـە بەسـەنعەتی کردنـی وڵاتـدا، کوردەکـان دێنێتـە ژێـر بـارو هەسـتی نەتەوەیی لەنێو دەبات!!

3-لەسیاسـەتی دەرەوەی‌داو لـەکاری دیبلۆماسیدا عێـراق بـەم چـەکە خۆماڵیـە دەتـوانێ دۆستو هاوکارو هاونیەتی زۆر بۆ خۆی دەستە بەر بکات.

4-لەسیاسـەتی ناوەوەیـدا هـەم لـەڕوی چـەكو جبەخانـەوە پـێش دەکـەوێت هـەم سـۆزی عەرەبـو دانیشتوانی تر بەم خۆماڵی کردنە بەلای خۆیدا ڕادەکێشێت.

کارەسات لەوەدایە بەعس سەرەڕای نەوتی زۆرو زەمینەی لەبار بۆ پێشکەوتن، زەمینـەی لەبار بۆ سەرخستنی سیاسەتی خۆی، بەهۆی ئابوریە باشـەکەیەوە کەچـی هـەر لـە سـەرتاوە بـواری دەنگـی جیـاوازی نەهێـشتەوەو کەوتـە وێـزەی هـەمو دەنگـە جیاوازەکـان تەنانـەت حیزبی شیوعی هاوبەرەیشی لەو هەڵمەتە بێ بەش نەبوو بۆیـە حیزبـی شـیوعی بەناچـاری

بەرەی چۆڵ کرد، بەعس بۆ سەرکوت کردنی گەلانی عێراقو دەنگی جیاواز دەیان داموودەزگای سەرکوتکەری دروست کرد لەوانە:

1-دائیرەی ئاسایشی گشتی (موخابەرات) ئەم دەزگایە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە پۆلیسی نهێنی حیزبەوە هەیە کە سەدام ساڵی 1980 دروستی کرد. بۆماوەی چەندین ساڵ بەرزان ئیبراهیمی زڕ برای سەدام سەرپەرشتی ئەم دەزگایەی دەکرد.

2-دائیرەی زانیاری سوپا (استخبارات) ئەم دەزگایە لە گەڵ ئاسایشی گشتیدا تۆڕێکی بەربلاوی تیرۆرو کوشتنی نهێنین.

3-دائیرەی ئاسایشی ناوخۆ (الامن): بەحساب پاراستنی ئاسایشی ناوخۆی لەسەرە ماوەیەکی زۆر وەتبانی زڕ برای سەدام بەڕێوەی دەبرد.

4-دائیرەی ئاسایشی حیزبی بەعس (ئاسایشی حیزب).

5-دائیرەی ئاسایشی سەرەك كۆمار (ئاسایشی تایبەت)*

6-پۆلیسی نهێنی.

7-پۆلیسی نهێنی چاودێری بیانی.

8-پاسەوانی سنور.

9-فیدائی سەدامو .....تادوای

سەرجەم ئەمانە کۆمەڵە دەزگایەکی سەرکوت کەرن بەپێی قسەی (سەمیر خەلیل) نوسەری کتێبی (کۆماری ترس) لە وڵاتێکدا ئەم هەموو دەزگایە هەبێتو لەکۆی لە (65٪) خەڵکی شار کە ئەمە ڕێژەی دایشتوانی شارە لە عێراقدا (50٪) خرابێتە خزمەتی حیزبەوە زۆر ئەستەمە بیر لە دیموکراتیەتو مافی مرۆڤو ڕای جیاواز بکرێتەوە.

1ی حوزەیرانی ساڵی 1972نەوت عێراقی کراو بەم بۆنەیەوە وتارو ئاهەنگو جەژن ڕێك خرا، بەعسی عێراقو ناسیۆنالیستی عەرەبو هەندێ نائاگای سیاسی ناوخۆو بێگانە لە هەر نەتەوەو زمانێك ئەم کردەیان بە گرنگترینو پڕ بایەخترین دەستکەوتی (سەرکردایەنی شۆڕش!!) زانیو زۆربان لەسەر وت.

بەعس دەمێ بوو بەم خەیاڵەوە ئەتلایەوەو ئەیویست بیکات بەواقیع بۆ ئەم مەبەستە لە زۆر وتارو نوسینو ئەدەبیات دا گرنگی نەوتو ڕۆڵیان لە پێش خستنی

---

* سوودم لە دەست نوسێك وەرگرتوە کە پێدەچێت چەند نوسەرێکی ئەمەریکی دوای شەڕی کەنداو نوسیبێتیان.

وڵاتـا روون کردوەتـەوە، ئەگەرچـی سـەرجەم ئـەم نوسـینانە بەدیـدێکی بەعـسیانە نوسراونو بایەخێکی زانستی هێندە بەرچاویان نیە.

چـوار سـاڵی دەسـتەڵاتی پـێش خۆمـاڵیکردن بـەوردی لێکدراوەتـەوەو ئەگـەرەکانی سـەرکەوتنو سـەرنەکەوتن، چاكو خراپـی ئـەم هـەنگاوەیان شـەنو کـەو کـردووە سـەرانی بەعس لەیەکێ لەو نامیلکانـەی بـەم بۆنەیـەوە چاپو بلاویـان کردووەتـەوە بـەناوی (نفطنـا فـي محـاولات الألتفـاف الـى التـأميم) لاپـەرە (11) چـاپی سـاڵی (1972) وەزارەتـی رۆشنبیری دەڵێن: ئەم خـشتەیەی خـوارەوە ئامـاری دە ساڵەی 1960-1969ی دەرهێنـراوی نێردراوو داهاتی نەوتی عیراقیە بەجونەیهی ئیستەرلینی

| ساڵ | دەرهێنراو بەملیۆن تەن | نێدراو بەملیۆن تەن | جونەیهی ئوستەرلینی بەملیۆن |
|---|---|---|---|
| 1960 | 46.5 | 44.5 | 95 |
| 1961 | 48 | 45.8 | 94.8 |
| 1961 | 48.2 | 45.9 | 95.1 |
| 1963 | 55.2 | 53.2 | 110 |
| 1964 | 60.3 | 58.2 | 126 |
| 1965 | 63.1 | 60.6 | 131.3 |
| 1966 | 66.5 | 64.1 | 140.7 |
| 1967 | 58.5 | 56.1 | 131.6 |
| 1968 | 72.6 | 69.4 | 203.2 |
| 1969 | 73.3 | 69.9 | 187 [26] |

نەوتی عیراق پتر لە(75٪)ی برتییە لەنەوتی کوردستانو دەبینین بەو داهاتو پارە زۆرەی سەرەوە رژێم هەمیشە شەڕی کوردی کـردووە لـەبری ئـەو پارەیـە بـۆ خزمـەتگوزاری بەکاربەرێ ئەم رژێمە بەم نـەوتی کوردسـتانە هەمیـشە شـەڕی کوردانی کـردووە، هەربەمـە کەوتە سوتاندنو روخاندنی (5) هەزار گوندو ناحیەو قەزا تەفروتوناکران (هەنـدێکیان بـۆ چـەندین جـار پـاش ئاوەدانکردنـەوەی خەڵكەکـە (گونـد هەیـە 4-5 جـار سـوتێنراوەو روخێنراوە لەساڵی 1963 تا 1988).

[26] -نفطنا في محاولات الألتفاف الى التأميم ص11، 1972.

جینۆسایدو ئەنفالو شوێن ونکردنی پتر لە(180.000) هەزار گەورەو بچوکی مرۆڤی کورد، کیمیابارانی هەڵەبجەو نزیکەی دوو سەت شوێنی ترو کوشتنی زیاتر لە(5) هەزار کەس، شەڕی (8) ساڵەی عیراق-ئێران، هەڕەشەی هەمیشەیی عیراق لەئیسرائیلو وڵاتانی دەوروبەر، هاوکاری بەردەوامی ئەم ڕێکخراوو ئەو حزب لێرەو لەوێ، شەڕی کوەیتو گرتنی، هەموو ئەمانە بەو چەكو جبەخانە سەربازیە بەڕێوەبراوە کە بەو نەوتە پێکەوەنراوە، ئەمە جگە لەوەی هەموو ئەو دەزگاو هێزانەی پێشتر قسەمان لەسەریان کرد موچەو یارمەتیان لەپارەی ئەو نەوتە دابین دەکرا. کەرکوكو دەوروبەری پتر لەهەر شوێنێك بەر ئەم شاڵاوی لەنێوبردنە کەوتون هەر لەساڵی (1963) بەدواوە، دەیان گوند لەو سنوری کەرکوکەوە لەناوچە نەوتیەکان بەرشاڵاوی تەعریبو سوتاندنو ڕاگواستن کەوتون، سەرجەم ڕژێمەکانی عیراق مانەوەی خۆیان بەپاراستنی نەوتی کەرکوکەوە بەستوە لەنیوەی یەکەمی ساڵی (1963)و پاش ئەوەی (شیرکەتی نەوت بەکردار بۆی سەلما کە ڕژێمەکەی (عبدالکریم قاسم) چی تر ناتوانێ دەزگاکانی نەوتی کەرکوك لەهێرشی کورد بپارێزێ گەرا بەدوای ئەڵتەرناتیڤێکی لەقاسم بەهێزتردا ئەوەبو تایەر یەحیا تکریتیو کۆمەڵێ ئەفسەری تر کە بە(ئەفسەرانی ئازاد) ناسرابونو سیمای شۆڤێنێستیو ناسیونالیستی توند بەدیدو بیروبۆچونیانەوە دیاربوو بەپشتی ئەمریکاو بەریتانیا لەخەونی کودەتایەکی سەربازیدا بوون تا ڕۆژی 1963/2/8 کودەتا کراو عبدالکریم کارکەنار کرا)[27] بەم شێوەیە وەك پێشتریش ئاماژەمان پێدا عەرەب لەنا(ناسیوناليستی) قاسم ڕزگاری بوو لە1963/6/10 دوای چوار مانگو دوو ڕۆژ بەسەر کودەتادا، شەڕی لەگەڵ کورد دەست پێکرد، هەر لەسەرەتاوە ڕژێم کۆمەڵێك بەیانی عەسکەری بۆ پاراستنی نەوتی کەرکوك لەترسی هێرشی کوردان دەرکرد، لەم بەیانانەدا بەئاشکرا عەرەباندنی کەرکوكو شاربەدەرکردنی کورد دیارە.. شەڕ دەستی پێکرد. ڕژێم بەردەوام بوو لەدروستکردنی پشتێنەی ستراتیژیو ئەمنی بەچواردەوری ناوچە نەوتیەکانی کوردستاندا، دروستکردنی ئەم پشتێنەو هێڵە ستراتیژیو ئەمنیانە بوو بەهۆی روخانو سوتانو کاولکردنی دەیان گوندی کوردان وەك (سۆنەگۆلی، یاروەلی، جەوەڵبۆر، وەلی پاشا، قزڵقایە، مەحمود ئاوا پەنجا عەلی)و هەتا دوایی بەر ئەم هێرشە کەوتن. هەروەها

[27] –یاداشتو نوسینی تایبەتی کەسێکی نادیار بەناوی شەستەکانو شۆڕشی کورد.

لەسنوری قەزای دوبز پتر لە(22) گوندو لەناحیەی سەرگەڕان (دواتر بەعس کردی بەقودس) (14) گوند سوتێنران‌و تەعریب کران، بەعەرەبی بەدو.

تەنیا سەرژمێریەکانی ئەو وێرانکاریەی سالآنی (1987-1988) لەکەرکوك دەمانگەیەنێتە ئاکامێکی وا کە تا رژێمی بەعس بمێنێ لەکەرکوك، ئەمە لەکردەکانی‌دا دەردەکەوێ. (دکتۆر مارف عومەرگوڵ) لەژێر ناوی (کورد قڕان‌و یاسای نێودەوڵەتان) بەم سەرژمێریە زیانەکان نیشان دەدات:

ساڵی 1987-1988 لەسنوری کەرکوك.

1-781 گوند سوتێنراو تەخت کرا.

2-6 ناحیە تەخت‌و وێران کرا.

3-39.187 خانوبەرە وێران کران.

4-45.777 خێزان ئاوارەو بەندو بێ سەرو شوێن کران.

5-381 قوتابخانە، 657 مزگەوت، 69 نەخۆشخانە وێران کران.

6-(52) عەماراوو ماتۆڕی ئاوی گەورە (47) جێگای مامر بەخێوکردن (دواجن) (75) مەکینەی ئاش (135) کارێزو ئەستێڵ تەقێنرانەوە.

7-(157) تەکیەو خانەقاو مەرقەدو شوێنەواری ئاینی وێران کران.

8-(1435) رەزوو باخ سوتێنران.

9-(17.200) تراکتۆرو مەکینەی هەمەجۆر سوتێنران‌و تالآن کران.

10-472.720 مەڕو بزن (15) هەزار رەشەوڵاخ تالآنکراو فەوتێنران.

11-(570.000) تەن گەنم‌و جۆو دانەوێڵە فەوتاو سوتێنرا..[28]

ئەمە جگە لەپەلەوەرو ماتۆڕی بچوك‌و وڵاخی باری‌و کشتوکاڵ‌و حەوزی ماسی‌و ئۆتۆمبیل‌و ماتۆڕو شمەکی ماڵ‌و تا دوایی.

بەم جۆرە دەردەکەوێ کە دەستەڵاتی میلیتاری عیراقی پشت قایم بەنەوتی کوردستان شەڕێکی کاولکارانەو نەبڕاوەی لەگەڵ کوردان راگەیاندووە. ئەم نوسینە کورتەیەك بوو لەڕۆڵی نەوت لەپێشخستنی ئابوری عیراق‌و پڕچەك کردنی سوپای عیراق‌و بەکارهێنانی

---

[28] –رێبازی نوێ ژ(6)، ل116 د.مارف عومەرگوڵ.

لەدژی کورد. لێرەوەیە زۆر جار بەسالآچوانی کۆتایی سەدەی رابردوو خۆزگەیان بەسەردەمی پاشایەتی دەخوارد (سەعدەدین ئیبراهیم)* نوسەری دیاری میسری دەڵێ:

**(دنیای ئێمە، دنیایەکی سەیرە کاربەدەستانی کۆماری عیراق بەناوی کۆمارییەوە هەرهەمان دام‌ودەزگای پاشایەتیان داناوەتەوەو لەملهوڕی بەردەوامن، مەگەر بەگۆڕینی ناو رژێمێك دەگۆڕێ؟!)، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەوپێیەی کە لەسەردەمی پاشایەتیدا لانی کەم ئازادی حزبایەتی و تاڕادەیەك ئازادی رۆژنامەگەری و ئازادی مانگرتن و خۆپیشاندان هەبوو بۆیە ئەو خۆزگەیەی بەسالآچوان بۆ گەڕانەوە سەرەڕای ئەوەی گەڕانەوەیە تا رادەیەك لەجێی خۆیدایە.**

---

* پێم وابێ هەر ئەم کاتی خۆی لەنیسان یان ئازاری 1965 ئەندامی ئەو وەفدە میسریە بو کە لەگەڵ وەفدێکی عیراق لەسەر کورد لەقاهیرە کۆبونەوەیەکیان کرد یان تەوەرێك لەکۆبوونەوەکە لەسەر کورد بوو. ئەو کۆبونەوەیە سەرتاسەر دژایەتی کوردی تیاکرا، ئەندامانی هەردوو وەفدەکە بریتی‌بوون لە: وەفدی میسری: (کەمال رەفعەت –سەرۆك، حسێن زهوان خلاف، کەمال الحناوی، فتحی الدویب، شعراوی جمعە، السید علی السید، حکمت ابوزید، ابراهیم سعدالدین، امین عزالدین، احمد بهاالدین، لطفي الخولی) ئەندامان.
وەفدی عیراق: (عبدالکریم فرحان–سەرۆك، فراد الرکابی، هاشم علی، ادیب الجادر، خیرالدین حبیب، عبدالعزیز دوری، عبداللطیف کمال) ئەندامان.

# بەشی سێیەم

## بەعەرەب کردنی کەرکوك

رژێمـە یـەك لەدوایەکـەکانی (عێراقـی دروسـت کـراو) لەفەیـسەڵەوە بـۆ سـەدام جگـە لەشەڕی بەئاشکراو کوشتوبڕی کـوردان لـەو شـەڕانەدا کـە بۆمـاوەی دەیـان سـاڵ بـەکوردیان فرۆشتوەو تێیدا هەزاران کـەس بونـەتـە قوربـانی، بـەنهێنیو لـەژێرەوەش هـەردەم لەهـەوڵی لەناودانو سڕینەوەی دیـرۆكو زمـانو دابو نـەریتو کـەلتورو کەلـەپوری نەتـەوەی کورددا بونەو لەجیَی ئەمە هەوڵی نەخشکردنی دیرۆكو زمانو دابو نەریتو کەلتورو کەلـەپوری عەرەب بونە لەناو ئەو رژێمانەدا رژێمی بەعس لەهەمویان زیاتر ئـەم کردەیـەی پەرەپێـداو لەخوێندنگاکاندا خوێندنی مێژووی عەرەبو جوگرافیای عەرەبو ژیانو چیرۆکی عـەرەبو شیعری عەرەبی، لەسەرەتاییەوە بۆ کۆلێژەکان برەوی پێدراو پارەی بـۆ تـەرخان کـرا، سـەیر لەوەدایە بەعس لەپرۆژەی دەستوری کۆماری عیراقدا، بەندی شەش لەدەرگای یەکەم دەڵیَ:

**(گەلی عیراق لەعەرەبو کورد پێك هاتووە، تا دوای)[1] هەروەها لەبەندی (7)دا دەڵیَ:**

(زمانی عەرەبی زمانی فەرمیَیە،زمانی کوردیش لەناوچەکانی ئۆتۆنـۆمی لـەپاڵ زمـانی عەرەبیدا زمانی فەڕمیَیە)[2].

لـەوەش سـەیرتر ئـەوەیـە بەندەکـە نوسـراوە گـەلی عـیراقو نەنوسـراوە گـەلانی عـیراق نوسراوە پێك هاتووە نەك پێکهاتون، لەڕاسـتیَدا دەبوایـە بنوسـرایە گـەلانی عـیراق لـەکوردو عەرەبو کەمایـەتی دی پێـك هـاتوون. لەبەنـدی حەوتـدا دەڵـیَ زمـانی کـوردی لـەپاڵ زمـانی عەرەبیـداو لەناوچـەی ئۆتۆنـۆم زمـانی رەسمیـە کەچـی زمـانی عـەرەبی بـۆ هـەموو عـیراق بـەپیَی سـەرجەم پـرۆژەی دەسـتورکەش ئـەو دەسـتورە بـۆ عـەرەبو لـەپێناوی عـەرەبی عیراقیدا داڕێـژراوە تـا رادەیـەك ئـەو یـەك دوجـار ناوهێنـانی کوردەش لەخەڵەتانـدن زیـاتر هیچی تر نییە، ئەو لەبەنـدەکانی تـردا عـیراق بەپارچـەیەك لەنیـشتمانی عـەرەبو جـەژنی نەتـەوەیی بـە17و30تـەموز دەزانـیَ!! لەبەنـدی حـەوتی ئـەو پـرۆژەی دەسـتورەدا دەنوسـیَ زمانی کوردی زمانی رەسمیە لەناوچە ئۆتۆنۆمەکان کەچی هەموو منداڵە کوردێکی ناوچـەی ئۆتۆنۆم (مەبەست لەئۆتۆنۆمە کارتۆنیەکەی بەعسو سەدامە) عومـەر موختـارو عبـدالقادر جـەزائیریو سـەعد زەغلـولو رەشـید عـالی گـەیلانیو عبـدالوهاب شـەوافو تـا دوایـی

---

[1] –**مشروع دستور جمهوریه العراق، ل11، الماده السادسه.**

[2] –**هەمان سەرچاوە بەندی حەوتەم دەقی مادەکان بەم جۆرەیە:** المادة السادسة (يتكون شعب العراق من العرب والأكراد، ويقر الدستور حقوق الاكراد القومية ويضمن الحقوق المشروعة للعراقين كافة ضمن وحدة الوطن والدولة) المادة السابعة اللغة العربية هي اللغة الرسمية وتكون اللغة الكردية لغة رسيمة الى جانب اللغة العربية في منطقة الحكم الذاتي.

دەخوێنێت‌و دەناسێت. کەچی دەگمەن (شەرەف خانی بەدلیسی‌و ئیحسان نوری پاشاو شەریف پاشاو جەلادەت بەدرخان‌و سمکۆی شکاك‌و کەریمی عەلەکەو ئەسیری)و تا دوای دەناسن سەرەتای تەعریب لێرەوە لەپرۆسەی پەروەردەوە دەست پێدەکات، پەروەردە لەعیراقدا بەهەموو مانایەك دەزگایەکە بۆ تەعریبکردنی ئەوانی‌تر، ئێمە خوێندکارانی نیوەی دووەمی حەفتاکان‌و سەرەتای هەشتاکان (سەرەتایی) هەمومان (عەباسی کوڕی فیرناس)و (ئیبن هەیسەم)و (حاتەمی تائی)و (عومەری کوڕی عبدالعزیز)و بنەماڵەی هاشمی‌و تا دوایی دەناسین‌و دەزانین ئەوانە چین‌و چیان کردووە کەچی لەیەك کتێبی نەمێژوو نە پەروەردەی بەناونیشتمانی نەعەرەبی‌و نەکوردیش یەك وشەیان تەنانەت لەسەر شێخ مەحمودیش تیانیە لەکاتێکدا ئەو بە(3،4) هەزار کەسەوە دەچێتە شەڕی شوعەیبە!! هەموومان (وطن المدی‌و نەشیدە عەرەبیەکانمان) پێ لەبەر دەکرا کەچی یەك سرودی کوردیمان لێ قەدەغە بوو ناچار خۆمان لەڕێگەی ئیزگەی دەنگی گەلی کوردستان‌و ئیزگەی کوردستانی عیراق‌و ئیزگە کوردیەکانی رۆژهەلاتەوە سروده کوردییەکانمان لەبەردەکرد. ئەم بارە ناهەموارە لەڕوی سیاسی‌و کۆمەلایەتی‌و هۆشیاری‌و دەرونیەوە کاری کردۆتە سەر کەسێتی مرۆڤی کورد، هەمیشە کورد لەم بەشەدا لەبەردەم هەڕەشەی سڕینەوەدا بووە بۆیە دەبینین بەدرێژایی لەسەردەمی دەستەلاتی عوسمانی‌و تورکیا لەو شارەو لەکودستانیش، هەندێك کورد بۆ هەڵسوڕانی بەرژەوەندیان خۆیان کردوە بەتورکمان، خەڵکانی بەتەمەن‌و شارەزا یان بەتایبەتی لەشاری کەرکوك نەوتچی* و ئاوچی‌و یاقوبیەکانیش لەبنەڕەتا دەبەنەوە سەر کوردو تەنانەت یاقوبیەکان دەبەنەوە بۆ یەك دوو بنەماڵەی گوندی قایتەوەنی ناوچەی زەنگەنە، لەبەهێزی دەستەلاتی عەرەبدا هەن هیچ نەبێت بۆئەوەی تۆزێ موبارەك تربن لەخەڵکی‌تر خۆیان کردووە بەعەرەب*

خۆ هەر کاتێکیش ماوەیەکی کەم کورد بۆی هەڵکەوتبێت ئەو شارە رزگار بکات هەموان بونەتەوە کورد وەك ئەوەی (سەید بەگ شاعەلی) میری سۆران ماوەیەك رزگاری‌کردو هەروەها وەك راپەڕینی ساڵی (1991). لەگەڵ ئەوەشدا بەهۆی ئەم بارە نالەبارەوە بەدرێژایی مێژوو هەزاران زاناو داناو هۆشیارو روناکبیرو خوێنەواری

---

* نەوتچی، نەفتچی زادە (ئەمانە ئیمتیازی دەرهێنانی نەوت‌و فرۆشتنیان هەبو بەخەڵکی ناوچەکە)، د.نوری تاڵەبانی.

* جێی داخە گەورە روناکبیرو عەلامەیەکی وەك مەلا عبدالکریمی مودەڕیس کە خزمەتێکی یەکجار مەزنی بەدیرۆکی ئەدەبی کوردی‌و کورد کردوە کەچی لەبنەماڵەی زانایاندا زۆربەی بنەماڵە بەرەچەڵەك‌و لەزەردەشتەوە کوردی کوردستان دەباتەوە سەر عەرەب‌و دەیانکاتە سەیدو پشتوێن سەوز، لێرەدا ناکرێ ئەو بنەمالانە جارێکی‌تر ریزبکەینەوە.

کورد لەبۆتەی تورك‌و فارس‌و عەرەبدا تواونەتەوە، پرۆسیسی بەعەرەبکردنی کەرکوك بەچەندین قۆناغدا تێپەڕیووە لەلایەن رژێمەکانی عیراق بەگشتی‌و بەعس بەتایبەتی هەنگاوی زلی بۆ نراوە ترسناك ترین قۆناغی بەعەرەب کردن دەکەوێتە قۆناغی دەستەڵاتی بەعسەوە بۆ نموونە:

1-تێکدانی نەخشەی ئیداری کەرکوك‌و گواستنەوەو زیادکردنی شارو شارۆچکە بەپێی بەرژەوەندی عەرەب بەڕادەیەك لەساڵی 1976دا بە(مەرسومێکی کۆماری) کەرکوك هێندە تەسك کرایەوە تا ئەوەی کرا بەدوو قەزا، (مەرکەزی کەرکوك‌و قەزای حەویجە).

2-درێژەدان بەڕاگواستنی کوردەکانی کەرکوك. دەکرێ بڵێین ترسناك ترین ماوەی راگواستن دەکەوێتە نێوان ساڵی 1991-2000 کە لەم ماوەیەدا بەپێی ئامارەکان لەهەولێر (133)هەزارو لەسلێمانی (108) هەزار ئاوارەی کەرکوك هەیە، ئەمە جگە لەوەی سەدان ماڵ هەیە نەنوسراوە..

3-نیشتەجێکردنی عەرەبی کۆچەری‌و "بەدو" هەروەها هێنانی ماڵە عەرەبی دورو نیشتەجێکردنیان.

4-گۆڕینی ناوی کوردی‌و ناونانی عەرەبی، گۆڕینی هەموو ئەو سیماو رووکارانەی کە بۆنی کوردیان لێدێت بۆ عەرەبی.

5-دەست کاریکردنی سەرژمێری ساڵی 1957 کە دواتردێینە سەری، دکتۆر نوری تاڵەبانیش لەکتێبەکەیدا ئاماژەی پێداوە.

6-دامەزراندنی فەرمانبەرو مامۆستای عەرەب لەکەرکوك‌و عەرەباندنی دام‌و دەزگاکان بەفەرمانبەرو کارمەندی عەرەب.

7-عەرەباندنی کۆمپانیای نەوت‌و دورخستنەوەی کرێکاری کورد لەشەریکەی نەوت‌و دەرکردنیان لەکەرکوك‌و گواستنەوەیان بۆ سلێمانی‌و دهۆك.

8–بەعساندنی گەڕەك بەگەڕەك‌و شوێن بەشوێن‌و تەنانەت چەندین ناحیەو گوند هەر بۆ نمونە سەرگەڕان‌و قەرەهەنجیر کەدوەمیان پڕکرا لەماڵە عەرەب‌و ناویشی نرا (رەبیع).

9-بێزارکردنی کوردەکانی کەرکوك بەئەزیەت دان‌و بانگ کردن‌و لێپێچینەوەو تەنگ پێهەڵچنین.

10-بەسیخوڕکردنی خەڵك بەسەر یەکترەوە.

ئەمانەو چەندین کردەوەی دیکە لەدەمی عەرەباندنی کەرکوکا پیادەکراون، هەر ئەم بەعسەی ئێستا (ساڵی 2000 مان مەبەستە) لەنۆمانگەی دەستەڵاتی (1963) یاندا تەنیا

لەنۆ مانگدا (8) هەزار خێزانیان لەکەرکوك دەرکرد تەنیا گوناهی ئەو هەزاران خێزانە کورد بونیان بوو.

هەر ئەو ساڵە (1963) لەقەزای دوبز کە ئەو کاتە ناحیە بوو (22) گوندی کوردانی داگیرکردو کردنی بەعەرەب (قەرەدەرە، عەمشە، مەرعی، قوشقایە، قەڵای عەرەبەت، هەنجیرەی بچوك، قوتانی خەلیفە، قوتانی کوردەکان، مامە، عەلە غێر، شێر ناو، تەقتەق، کونە ڕێوی، گورگە چاڵ، شێخان، چەخماخە، مەلحە) ئەم ناوانە هەموو کوردین یەك دوانێکیان نەبێت کە لەگەڵ کورددا ماڵە عەرەبیش دەژیان بێ کێشەو گرفت، لەناحیەی سەرگەڕان، کە کرا بەقودس و لەهەولێرەوە خرایە سەر کەرکوك (14) گوندی تەعریب کران وکوردەکانیان تیا دەرکرا، عەشیرەتی بەدوی عەرەبیان بەسەرۆکایەتی (عەواسی سەدید) بەسینی قورسی عەرەبی تیا نیشتەجێ کرا[3]، سەیر لەوەدایە بەدرێژایی مێژوو لەم ناوچەیەدا بەتایبەتی کوردو عەرەب (عەرەبی کۆچەری) وەکو براو کەسی یەك ژیاون و هەمیشە ماڵ و منداڵیان تێکەڵ بووە، هاووڵاتیەکی عەرەب بۆی گێڕامەوەپێش هاتنی بەعس و زووتریش بەر لەساڵانی پەنجا کوردو عەرەب لەسەر مەچەك و ڕانی یەکتر دەنوستن بێئەوەی ڕۆژێ لەڕۆژان شتێك رووبدات، هاتنی بەعس و تێکدانی ئەو پەیوەندیە وای کرد کە ئەم دوو نەتەوەیە، نەوەکانی ئەم دوو نەتەوەیە بەیەك نامۆو لەیەك دابڕاو بن و تەنانەت بەچاوی رقیشەوە سەیری یەکتر بکەن، چونکە بەعس ئەم دوو نەتەوەیەی کردە دوژمنی یەك و وەك دوو گەلی سەردەست و ژێر دەست وێنەی کێشان، پێشتر (یاسین الهاشمی) سەرەك وەزیران لەسەردەمی پاشایەتیدا بەنیشتە جێکردنی (العبید والجبور) لەناوچەی (حەویجە) ویستی ئەو ئاوە بڕێژێ کە دواتر بەعس ڕشتی..

بەعس هەر بەکەرکوکەوە نەوەستاو لەتورانیەکان خراپتری بەکورد گوتووە، چۆن تورك و (کەمال ئەتاتورك) بەکوردیان دەگوت (توركی چیا)!! بەعسیش لەهەموو دروشمەکانیدا کوردی وەك پارچەیەك لەنەتەوەی عەرەب زانیوەو وا تەماشای کردووە با لەدەستور راگەیاندنیشدا ئاماژە نومای کردبێت، پێش هاتنی بەعسیش رۆژنامەی

---

[3] –مامۆستا چیا، ئەمنی ستراتیژی، سەرچاوەی پێشوو، دەبێت بڵێین راستە خەڵکانی وەك عەواص حدیدو، عەلی دحام و لەو بابەتە پیاوی خراپ و جێبەجێکەری نەخشەی دەسەڵات بوون هەڵبەت هەشبو ئامادە نەبو لەسەر ئەرزو ئاوی کورد نیشتەجێ بێت، عوبێدەکانی سەرەتای حەویجەش بەپرسی مەلیك مەحمود نیشتەجێ بوون.

(الثورة)ی سەردەمی (قاسم) کە (سەعدون حەمادی) سەرنوسەری بوو لەشوباتی 1961 نوسیبووی (ان العراق شعب واحد ولیس مجموعه من الشعوب)[4].

ئەم رستە دزێوە کە لەبنەڕەتا بۆنی جینۆسایدی گەلانی غەیرە عەرەبی لێدێت هیچی لەتورکی چیاو وەچەی جنۆکەو ئەو پڕوپاگەندە بێناوەڕۆکانە کەمتر نییە، عیراق گەلێکە نەك کۆمەڵە گەلێك ئایە (الثورة) مەبەستی لەو گەلە لەعەرەب زیاتر کێیە؟ ئایا کوردو تورکمانو سائیبەو سریانیو تا دوای عەرەبن یان کۆمەڵێ گەلو نەتەوەی سەربەخۆو خاوەن سیماو دابو نەریتو ئاکارو رەوشتی خۆیانن؟! بەعس بەردەوام هانی دەرەبەگو سەرمایەدارەکانی عەرەبی داوە زەویو زاری سنوری کەرکوك لەکوردەکان بکڕنەوە، هەندێك جار زۆر لەهاوولاتی کورد کراوە کە زەویەکەی بەعەرەب بفرۆشێ، هەر بەعس هانی دەرەبەگو خاوەنزەوی ئەو شارەی داوە زەویو زارەکانیان بەعەرەب بفرۆشن، دەبێ بڵێین بەپێی قسەی (حەنا بە طاطو) لەتەواوی کەرکوك یەك خاوەن موڵکی عەرەب یان تورکمان نەبووە کە زەویوزاری لەسەروی (30) هەزار دۆنمەوە هەبێت، خاوەن موڵکەکانی کەرکوك بریتیبوو لە:

1-جاف بەگزادە جاف 539333دۆنم سلێمانی، دیالی، کەرکوك.

2-سەید رۆستەم سەید محەمەد کاکەیی کاکەیی 191039دۆنم کەرکوك.

3-تاڵەبانی 137163 دۆنم کەرکوك، دیالی.

4-بابان (کوردی موستەعرەب) 81353دۆنم کەرکوك، دیالی.

5-سەید ئەحمەدی خانەقا خانەقا 42351دۆنم کەرکوك[5].

لە(30) هەزار دۆنم بەرەو خواریش هەر خەڵکی کورد بونە، بەڵام بەعس بەفرتوفێڵ دەیان گوندو زەوی زۆر چاکی کشتوکاڵی لەچنگی کورد دەرهێناو بۆ عەرەبی داگیرکرد تەنها لەعەرەباندنی سنوری قەزای دوبزا (دبس) (1500) جوتیاری کورد لەزەویو زاری خۆیان دابڕانو ناوچەکەیان تەعریب کرا ئەم (1500) جوتیارە بەهۆی ئەو دابڕانەوە دەربەدەرو ئاوارە بون، پرۆسەی تەعریب لەگەڵ مەرگی قۆناغی یەکەمی بەعسا تا رادەیەك راوەستا تا ساڵی (1968) کەدیسان تەعریب دەستیپێکردەوە لەساڵانی (1970) تا (1974) پرۆسەکە زۆر لەسەرخۆ بەرێوەدەچوو، بەڵام هەر دوای نەمانی گفتوگۆو راگەیاندنی (ئۆتۆنۆمی کارتۆنی) پرۆسەکە بەشێوەیەکی بەربلاو دەستیپێکردەوە.

---

[4] –مێژوو دەڵێ، (جەزا چنگیانی)، 1991 چاپی ئەڵمانیا.
[5] -العراق، کتاب الاول حنا بطاطو، لاپەرە 81 بۆ 86.

ناو شارو کرێکارانی کارگەکان کە هەموو ئەم جارە بەتەرعیب کردنی کرانە عەرەب)[6] دەستیٛ پیٛکرد.

خودی سەدام حوسێنی جێگری (ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر) سەرۆکی ئەو دەمە خۆی بەشداری ئەم هەڵمەتە گلاَوەی کرد، کاتی هاتنی بۆ کەرکوك بە بۆنەی تێپەڕبوونی ساڵیٛ بەسەر بەیانی ئازاردا، بنچینەی گەڕەکی (وەحدە=-حوریە)ی دانا، ئەم بنچینە دانانە بوو بەبنچینەی شێواندنی سیمای کوردێتی کەرکوك بەعس هەر بەوەوە نەوەستا لە(1975/3/6) لەکۆبونەوەی ئۆپیکا کە لەجەزائیر کراو لەپەراوێزی کۆبونەوەکاندا بەستیٛ قۆڵی لەگەڵ ئێران‌و جەزائیر دانیشتن‌و لەوێدا عیراق وازی لەزۆربەی مافەکانی کەنداو هێنا (مافی خۆی) بەس بەمەرجیٛ شا یارمەتی‌شۆڕشی کورد نەدات‌و ئاوڕیان لیٛنەداتەوە. کارەسات لەوەدایە حکومەتی عیراق گەلی کورد لەباشوری کوردستان بەپارچەیەك لەعیراق حیساب دەکات‌و لەولاوە ئامادەیە بۆئەوەی هیچ نەداتە کورد مافی خۆی بداتە ولاتێکی تر!! عەرەباندن (تەعریب) لەگەرمەی گفتوگۆکانیشدا نەوەستاوەو کاری بۆ کراوە لەسەرجەم ماوەی گفتوگۆکانیشدا بەعس هەوڵی داوە سود لەئارامی دۆخەکە ببینیٛ بۆ زیاتر جێبەجێکردنی خواستەکانی خۆی لەگفتوگۆی شەستەکاندا، لەرێکەوتننامەی 70دا لەگفتوگۆی 1983ی یەکێتی‌و عیراقدا، لەگفتوگۆی (1991)ی عیراق‌و بەرەدا. هەروەك چۆن سودی لەبارودۆخی دوای راپەڕینیش بینیووە بۆ زیاتر چەسپاندنی پرۆسەی تەعریب، هەر لەچوارچێوەی پرۆسەی تەعریبدا هەنگاوێکی تر گۆڕینی ناوی شوێنەکانە کە پیشتر ئاماژەمان پێدا. رژێمەکانی عیراق بەگشتی‌و بەعس بەتایبەتی پیس ترین‌و چڕترین کاریان لەکردەی عەرەباندندا گۆڕینی ناوی شوێنەکان بوو لەکوردی‌یەوە بۆ عەرەبی بۆ نموونە دوا ناوەندی کوردستان کرایە (عبدالملك بن مروان)و ئاسۆ کرایە (طلیعة)، حزبی بەعس لەو هەڵمەتەدا ناوی دوکان‌و چایخانەو کۆگاو مزگەوت‌و قوتابخانەو بازاڕو باڕو حەمام‌و جادەو نەخۆشخانەو گەڕەك‌و گۆڕستانەکانیشی گۆڕی) لەڕاستی‌دا یەك گۆڕستانی عەرەب کە مێژووەکەی‌کۆن بێت لەو شارە نیە. یەکەم هەوڵی عەرەباندنی ناوی شوێنەکان لەناوی کەرکوکەوە دەستی‌پیٛکرد ئەوەبو بە(مەرسومێکی کۆماری) کە (1976/1/29) دەرچوو کەرکوك ناوەکەی کرایە (تأمیم) دەقی مەرسومەکە (بڕیارەکە) دەڵیٛ:

**مەرسومی کۆماری ژمارە 41 رۆژ 1976/1/29**

---

[6] –کەرکوك لەچاوی مێژوودا ل15، نۆڤەمبەری 1991 ئەکرەم.

(استنادا الى موافقة مجلس قيادة الثورة والمادة الرابعة من قاون المحافظات رقم 159 لسنة 1969-المعدل وبناء على ما عرضه وزير الداخلية رسمنا بما هوات
1-احداث محافظة باسم صلاح الدين.
2-ابدال اسم محافظة كركوك بأسم محافظة التأميم ويتبعها كل من الأقضية التالية:
أ-مركز كركوك. ب-قضاء الحويجة.

على وزير الداخلية تنفيذ هذا المرسوم
كتب ببغداد في اليوم الثامن والعشرين من شهر محرم
احمد حسن البكر
رئيس الجمهورية)[7]

هەر لەناو شارەکەدا هەستا بەگۆڕینی ناوی گەڕەکەکان بۆ ناوی عەرەبیو دەیان گەڕەکی عەرەب نشینو عەرەبی دروست کرد کە هیچ یەکێکیان نە لەسەرژمێری ساڵی (1947)، نە لەسەرژمێری ساڵی (1957)دا نەبون. دەبێ بڵێین لەسەر ژمێری ئەو دوو ساڵەدا هیچ گەڕەکێك نیيە لەکەرکوکا کە پێی بڵێن ئەمە بەتایبەتی گەڕەکی عەرەبانە، حکومەت کەرکوکی کردە (تأميم)و لەکاروباری فەرمیدا (تأميم) دەنوسرێ، بەڵام تەنانەت عەرەبیش زۆربەیان هەر دەڵێن کەرکوكو ئەو ناوە لەناو خەڵکدا وەکو خۆی ماوە. لەو گەڕەکە عەرەبیانەی حکومەت بۆ تەعریب کردنی کەرکوك دروستی کرد.

1-حی مثنی
2-حی کرامە (لەنێوان ئازادیو ئیسکانا)
3-خانوەکانی قەراغ خاسە لەئیمام قاسم.
4-حي الشرطة.
5-الحرية.
6-الوحدة.
7-العروبة.

ئەم چوارەی دوای هەر چواریان لەسنوری شۆڕیجە کراون.

8-قادسية الاولى.

---

[7] –لەڕۆژنامەکانی ئەو سەردەمەدا دەقی بڕیارەکە هەیە ئێمە دەقی بڕیارکەمان دانەگرت ئەوەی مەبەست بونوسیمان، هەر بەهەمان ژمارە بڕیار سەلاحەدین دروست دەکرێو دوزی دەخرێتە سەر، سەیر ئەوەیە کەرکوك بەو کۆنیيە 2قەزاو تکریت یەکسەر چواری ئەدرێتێ!!

9-واحد آذار.
10-واحد حزيران.
11-حي الواسطي.
12-حي الخضراء.
13-دوبز.
14-جيش الشعبي.
15-شقق سكنية في مصلى.
16-شقق سكنية في شورجة.
17-الفين دار.
18-دور الضباط وجبةالثانية، الثالثة، الرابعة.
19-دور الجسر الرابع.
20=دور السكك الحديد.
21-دور حي الغاز.

**هەروەها**

(1-مستوطنه ی (دور استخلاص الكبريت-موظفين) كه هەمويان عەرەبی باشوری عیراقن‌و بەعسین.

2-مستوطنه ی(دور استخلاص الكبريت-عمال) كه هەمويان عەرەبی باشوری عیراقن.

3-شاكر العزاوی كه سەرەك عەشیەرەتەو بەدوری یەك كیلۆمەتر كۆمەڵێ لە(1، 2) هۆزی عەرەبی كۆكردۆتەوە بۆ پارێزگاری كردنی كارگەكە، زیاتر لە15ماڵن.

4-مستوطنه ی مەیسەلون لای چراغ (100ماڵ) ساڵی 1977 دامەزراوە.

5-مستونه ی حەیفا، عەشرەتی شەرگاوی ساڵی 1977 (150 تا 200ماڵ) لای عومەر بەگ.

6-مستوطنه ی یافا لای قوشقایە 100 تا 150 ماڵ ساڵی 1977 دامەزراوە.

7-مستوطنه ی رافدین سەروی قەرەدەرە بەلای قەرە عەربەتەوە.

8-مستوطنه ی (قدس) بەلای دوبزەوە (100 تا 150) ماڵ.

9-مستوطنه ی (دور منتسبی الامن والاستخبارات).

11-مستوطنه ی (التأميم).

12مستوطنه ی (30) تەموز[8].. هتد.

بۆ زیاتر رونکردنەوەی پرۆسەی تەعریبی ناوشار بڕوانە ئەم خشتەیەی خوارەوە

| ژ | ناوی گەڕەك | سالّی دروست بون | ژ. خانوو | شوێن/ تێبینی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | حي الكرامه | 1970 نەخشەی کێشرا | 600خانو | سەرجادەی کەرکوك-سلێمانی |
| 2 | حي المثنى | 71-72تەواوبوو | 500خانو | نێوان ئیسکانو ئازادی |
| 3 | الفین دار+4000 | 1979دەست پێکرا | 6000خانو | مقاولاتی ناوخۆو بێگانە دروستیکرد |
| 4 | عمل الشعبی | سالانی 72تا85 | 1000خانو | سەرجادەی کرکوك-دبز بۆ کرێکاری غازو کبریتو نەوت |
| 5 | حي الضباط | سالانی70تا85 | 500خانو | بۆ ئەفسەرە پلەدارەکان |
| 6 | هي البعث | سالانی 70-85 | 800خانو | تسعین کۆن بۆ بەعسیەکان |
| 7 | حي الواسطي | = = = = = = = | 1950خانو | لەسەر ری بەغدا-تکریت |
| 8 | دور السكك | = = = = = = | (8،7)پێکەوە | لەسەر ری بەغدا-تکریت |
| 9 | حي الغرناطة | = = = = = | 2600مالّ | دەستی چەپی جادەی بەغدا |
| 10 | حي الاشتراكي | = = = = = | پێکەوە | هاوشانی خاسەو تسعینی نوێ |
| 11 | حي الحجاج | سالانی 70-85 | 2950مالّ | لەمبەری خاسە سەر رێگای لەیلان شۆڕجەو |

[8] –ئەمنی ستراتیژی عیراق و سێکوچکەی بەعسیان، ئەمین قادر مینە، چاپی دووەم 1999، ل252 هەر لەو کتابەدا بەدورودرێژی ئەم بابەتە قسەی لەسەر کراوە کە پێویست ناکات ئێمە دوبارەی بکەینەوە.

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | | | | قەسابخانە تازەکە |
| 12 | حي الوحدة | = = = = = | | |
| 13 | حي الحرية | = = = = = | | |
| 14 | حي العروبة | = = = = | | |
| 15 | دور الآمن | = = = = = | 220ماڵ | لەنێوان شۆڕیجەو حوریە |
| 16 | دور ضباط | = = = = | 100ماڵ | بۆ ئەمنو سیخوڕەکان |
| 17 | حي القتيبة | = = = = = | 750ماڵ | بەرامبەر دور الامن ودور الضباط |
| 18 | کوژراوەکانی قادسیە | 1982-1981 | 200زەوی | نێوان حي المثنى وحي الكرامة |
| 19 | نێوان لەیلانو کەرکوك | هاوینی 1981 | 33.000 پارچە زەوی | بەدوو قۆناغ یەکەم 8هەزار پارچە زەوی+19هەزار دینار دوەم 25 هەزار پارچە زەوی |
| 20 | شوقەکان | ساڵانی1980 | 400ماڵ | نێوان موسەڵاو قەسابخانەی کۆن دەهەزاریەکان |
| 21 | حي البعث | = = = = | 200ماڵ | ئیمام قاسم بۆ بەعسیە پیسەکان امن واستخبارات |
| 22 | قادسیەو شوێنی دیکە | ت/یەکەمی 86و دواتر | 30.000هەزار پارچە زەوی | بەسەر عەرەبدا دابەشکرا جگە لەهەزاران پارچەیتر |
| 23 | دوبز | 70بۆ 80 | 1500 تا 1600 ماڵ | لەنێوان کرکوك-دبز بۆ عەرەب |
| 2 | بەدوەکان | 83-72 | 6000ماڵ | لەناوچەی کەرکوك |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 4 | | | | |
| 25 | بەهۆی دیکەوە | 1994-1963 | هەزار ماڵ | بەبیانوی‌و هەمەچەشن لەتەواوی کەرکوکا |
| | گەڕەك‌و شوێن‌و جێ | | 100.000 ماڵ زیاتر | |

هەروەها سەرگەڕانی کردە قودس، ناحیەی سەرگەڕان، چیا لەکتێبەکەیدا سێ کوچکەی بەعسیان دەنوسێ (ئەم ناحیەیە لەساڵی 1963 تەعریب کرا، سەرلەنوێ ساڵی 1976 تەعریب کراوەتەوەو، عەشیرەتی جبوری عەرەبی بۆ هێنراوە)و سەرجەم گوندەکانی ئەم ناحیەیە عەرەبی تیا نیشتەجێ کراوە.

قەرەهەنجیریش کە گوندێکی کۆنی کوردنشینەو دانیشتوانی لەخەڵکی ناوچەی شوان‌و قەرەحەسەن پێك دەهاتن‌و لەسەر جادەی نێوان سلێمانی کەرکوك بوو حزبی بەعس کردیە شارۆچکەو تەعریبی کردو ناویشی نا (رەبیع) دبزی کردە دبس‌و بەم جۆرە کەوتە تەعریبکردنی ناوەکان، گۆڕینی ناو بەلای رژێمی بەعسی کۆلۆنیالستەوە هۆیەکە لەهۆیەکانی سڕینەوەی کوردبوون، بۆیە لەو پێناوەدا سەدان ملیۆن دیناری خەرج کردووەو لەناو شارێکی کۆنی کوردەواریدا شارێکی عەرەبی دروست کردووە، ئەوەی وای کردووە کە بەعس پشتی بەم کارەوە نەیەشێ ئەوەیە.

1-بەم کارە کەرکوك لەچنگی کورد دەردەهێنرێ‌و دەبێتە شارێکی عەرەبی، هەروەك چۆن بەڕەوتی مێژوو موسڵ بو بەشارێکی عەرەبی.

2-هەموو ئەو خەرجی‌و زیانانەی لەڕژێمی بەعس دەکەوێت لەکیسەی ئەو دەرناچێت‌و هەر لەداهاتی نەوتی کەرکوك خۆی دەردەچێ، ئێمە ئەگەر بزانین کە داهاتی نەوتی عیراق لەساڵی (1980) گەیشتۆتە (25)بلیۆن دۆلارو لەو داهاتە 80٪ی نەوتەکە لەکەرکوك دەرهێنرابێت ئەوا نزیك (20)بلیۆن دۆلار لەو پارەیە دەسکەوتی نەوتی کوردستانە. لێرەدا دەردەکەوێ کە بۆچی بەعس پشتی بەو پارەیەوە نەیەشاوەو بگرە قازانجی گەورەش دەکات، بەعس لەدرێژەی ئەم هێرشی تەعریبی شوێن‌و جێگەو رێگەو ناوەدا لەساڵانی (1980) بەدواوە هەوڵێکی بێوچانی خستەگەڕ بۆئەوەی تەنانەت رێگە نەدات دایك‌و باوکی کورد ناوی منداڵەکانیشیان بەکوردی بنێن لەکاتێکدا شۆڕشی نوێ لەدەست پێکەوە

بەکوردیکردنی ناوی منالآنی کردە یەکێ لەئامانجە سەرەکیەکانی شۆڕش، لەسالآنی هەشتا بەدواوە ئەو دایكو باوکەی منالّەکەیان لەکەرکوکدا لەدایك بێتو ناوی کوردی لێبنێن دوچاری دەیان کێشەو بێنەو بەردەی دەکەن بۆیە دەبینین لەو شارەدا لەسالآنی حەفتا بەدواوە ناوەکان زۆربەیان دەبنە عەرەبی ئەمە جگە لەماوەی گفتوگۆی نێوان یەکێتیو بەعس کە لەکەرکوکدا جارێکیتر منالآن بەکوردی ناونرانەوەو لەو ماوانەدا دەیان خێزان منالّەکانیان ناو نا هەلّۆو هەلّمەتو شوان بەناو پێشمەرگەوە.

چیرۆکی ناوی کوردی لەکەرکوك وەك چیرۆکی ناوی ئەمازیغی دێتە بەرچاو سالّی 1998 کە لەمەغریب باوکێ منالّەکەی ناو نا(نۆمیدیا) سەرهێشەیەکی گەورەی بۆ دروست بوو و لەکەرکوکیش ئەو بەزمە بەشێوەیەکیتر هەیەو ئەو فەرمانبەرانەی لەنەخۆشخانە یان لەدەزگاکانی تۆمارکردنی ناوو ناسنامەی شارستانین بۆ تەعریبکردنی ناوێکی کوردی هەزاران بڕوبیانوو دێننەوە بەپێی قسەی دکتۆر ئازاد شێخانی (حکومەتی بەعسی عیراق لەچوارچێوەی تەعریبا هەر ناوچەیەکی بەرەو رۆژهەلآت لەکەرکوك دروست کردبێت ناوێکی فەلەستینی لێناوە وەك (قودس، حەیفا، تادوایی، بەلآم بەرەو رۆژئاوا جۆرێکیتر لەتەعریب بەکارهاتووە)[9] سەرجەم ئەو گەڕەکانەی ناو کەرکوك کە پێشتر ناومان بردو بەنیازی تەعریب دروست کراون نە لەسەرژمێری (1947) نە لەسەرژمێری (1957)دا نین. دکتۆر نوری تالّەبانی لەکتێبەکەیدا (ناوچەی کەرکوكو هەولّدان بۆ گۆڕینی واقیعی نەتەوایەتی) دەلّێ (حکومەتی عیراقی هەر بەتەعریبی ئەو ناوانەوە وازی نەهێنا لەگەڕەكو شوێنەکانی ناو کەرکوك بەلّکو سەرجەم ئەو گوندانەی کە لەئاکامی تەعریبدا روخاندنیو لەسنوری ناوچەی بابو باپیر دوری خستنەوەو لەئۆردوگا زۆرەملێکان نیشتەجێی کردن لەهەندێ مەرکەزی قەزاو پارێزگاکانی دیکەی بێئەوەی هیچ پێداویستییەکی ژیانیان بۆ دابین بکات ناوی عەرەبی لەم ئۆردوگایانەش نا وەك (الصمود، القدس، القادسیە)[10].. تادوایی. بەم جۆرە ئەو ئۆردوگایانەش کە بۆ ئەو خەلّکە (سیڤیل) مەدەنیە دروست دەکرا کە لەگوندی بابو باپیرو زەویوزاری خۆیان دوردەخرانەوەو دەخرانە ژێر چاودێری توندوتیژی دەزگاجاسوسیەکانی حزبی بەعسەوەو ئەم ئۆردوگایانە لەشێوەی زیندانێکی گەورەدا دروست کرابوون حزبی بەعس جگە لەوەی لەچوارچێوەی

---

[9] –دکتۆر ئازاد شێخانی/ رۆژی 2001/9/8 کات (6)ی ئێوارە. بارەگای کۆمەلّەی روناکبیری کەرکوك کۆڕێك بەناوی (سیاسەتی تەعریبو هەلّوێستی دەولی).

[10] –پەیڤین ژمارە (1) لاپەڕە (54) دکتۆر نوری تالّەبانی.

دەستورە کاتییەکەدا ئاماژە بەبونی کورد دەداتو تەنانـەت دان بەئۆتۆنۆمیـەکی کارتۆنیـشدا دەنێ بۆ کورد کەچی رێگەی نادات حزبی سیاسی بۆ خۆی دروست بکاتو لـەژێر پەرچـەمی حزبی بەعسدا دوو حزبی کارتۆنی هەبوو کە زۆرێك لەڕۆشنبیران سـەبارەت بەبونـە ئەنـدام لەو حزبە کارتۆنیانەدا بڕوایان وابوو ئەوە (جاشـی جاش بوونـە) بۆیـە دەگوترا کورد هـەر ببێتە پیاوی بەعس باشترە راستەوخۆ بێت نەك لەڕێگەی کەسێکی ترەوە لەناویـشدا حزبـی بەعس بەهیچ شـێوەیەك جێگای کوردی تیا نـەبوەوە لەبەرئـەوەی نـاوی حزبەکـە (حزبـی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی) بو ئێمە قسەمان لەسـەر ناوەکەو گرێکانی نـاوی نیـە. قـسەمان لەسەر ئەوەیە کە ئەو دەڵێ عەرەبیو دێ کورد لەو حزبەدا بەزۆر رێك دەخات وەك ئـەوەی لەخوێنـدنگاو پـەیمانگاو زانکۆکـان دەیکـرد. ئـەوە بۆخـۆی هەڵوەشـانەوەی بەنـدەکانی دەستورەکەو تەنانەت ئۆتۆنۆمیە کارتۆنیەکەش بوو..

ئەڵبـەت لەکەرکوکـدا ئـەم پرۆسـەیە قورسـتر بـوو لەبەرئـەوەی کـەرکوك نەدەچـوە چوارچێوەی ئۆتۆنۆمی کارتۆنیەوە.

### *دەسکاریکردنی سجلی 1957:

(عیراقی دروست کراو) هەر لەو رۆژەوەی دوستکرا کەوتە وێزەی کوردو هـەموو سـەرانی یەك لەدوایـەکی عـیراق. چەپو راسـتیان. کۆنـەخوازو پێـشکەوتنخوازیان بـڕوادارو بـێبڕوا. دەرحـەق بـەکورد تاوانبـارنو هـەمویان بەشـی خۆیـان بـەکورد کـردووە. لەفەیـسەڵەوە هـەتا سەدام. سەرجەم ئەوپەڕی درندەییان بەرامبەر کورد نواندووە. چونکە هـەر دروسـت بـوونی عـیراق بـەم شـێوەو قالۆرەیـە دروسـتبونێکی زۆردارانەیـە، تاوانبـاری فەیـسەڵیش بۆئـەوە دەگەڕێتەوە هەر زوو لەو قسەوقسەلۆكو بەڵێنانـە پاشگەز بوونـەوە کـە بـەکوردیان دابـوو. بگرە هەڵپەی ئەوەیان بوو چۆن ویلایەتی موسڵ (کوردستان) بخەنە ژێـر رکێفـی عەرەبـەوە دەبێ بزانین کە پێشتر عیراقو بەرتانیا لەبارەی کوردەوە شتی تریان دەگوت. دکتـۆر عـەزیز شەمزینی دەڵێ (عیراقو بـەریتانیا بەناچاری دانیـان نـا بەدەوڵـەتی خـاوەن شـکۆو دەوڵـەتی عـیراق بـۆ ئـەو کوردانـەی لەچوارچـێوەی سـنوری عیراقـدا دەژیـن مـافی دامەزرانـدنی حکومەتێکی کوردی لەچوارچێوەی ئەو سنورەدا دەسەلمێنن. هەردوکیان ئومێدەوارن گروپـە جیاجیاکانی کورد لەنێو خۆیاندا لەسەر شێوەو سـنوری دەوڵـەت رێکـەونو کوردەکـان چـەند

نوێنەرەێکی بەرپرسیار بۆ گفتوگۆ سەبارەت بەپەیوەندی ئابوریان بەدەوڵەتی خاوەن شکۆو دەوڵەتی عیراقەوە بنێرن)[11].

پێشتریش پێش ئەوەی حکومەتی عیراق دابمەزرێ حکومەتی کوردستان هەبوو، بەڵام ئەمانە ئەحمەد موختار بەگ وتەنی قسەی روت بوون ساڵێکیش دوای ئەم راگەیاندنە کە حکومەتی خاوەن شکۆو عیراق دایان لە11ی تەموزی 1923 هەردوو دیسان پێکەوە بەیانێکیان دەرکرد بەم جۆرەی خوارەوە:

1-حکومەت نایەوێ فەرمانبەری عەرەب لەقەزا کوردیەکاندا دابمەزرێنێ مەگەر کەسانی پێویستو شارەزا.

2-نایەوێ خەڵکی قەزا کوردیەکان ناچار بکات زمانی عەرەبی لەکاروباری (فەرمی) رەسمیدا بەکاربێنن.

3-پێویستەو دەبێ هەموو مافێکی دانیشتوان نەتەوەییو دینیەکانی ئەو قەزایانە پارێزراو بێت[12] پاشگەزبونەوەی وڵاتی هەمیشە سەربەخۆو عیراقی عەرەب لەم قسەو راگەیاندنانەی سەرەتای سەرهەڵدانی چەوسانەوەی کوردە هەر بۆیە هەر لەسەردەمی پاشایەتیدا (یاسین هاشمی) دەست دەداتە تەعریبکردنی ناوچەی حەویجە (مەلحە) پرۆسیسی چەوسانەوەو زەبروزەنگ لەهەر کوێیەکی‌تر زۆر زیاتر لەشاری کەرکوكو سنوری پارێزگاکە بەگشتی پیادەکراوە، لەبەرامبەر دەرکردنی هەر ماڵە کوردێکی کەرکوکی دوو ماڵە عەرەبی دور لەهەموو دابو نەریتو ئاکارو رەوشتو مێژویەکی‌ئەو شارە نیشتەجێ کراون. (هەرسێ کردەکە عەرەباندنی کەرکوكو کیمیابارانی هەڵەبجەو ئەنفالی کوردستان سەبارەت چەوسانەوەی نەتەوەیەك لەلایەن ستەمکارانەوە هیچ جیاوازیەکی نیەو هەرسێ کردەکە دەچنە خانەی جینۆسایدەوە). پێشتر باسی ئەوەمان کرد هەر لەساڵی (1937)ەوە مەلیك غازی (20)هەزار ماڵە عەرەبی لەسنوری پارێزگای کەرکوكو مەلحە (حەویجەی ئێستا) نیشتەجێ کرد. ئەمانەو دواترئەوانەی کە پاشتریش هێنرانە ئەو شارەوە چوارچێوەی سنورەکەی هەمویان بۆ بەرژەوەندی زیادکردنی عەرەب بەکارهاتنو

---

[11] –جوڵانەوەی رزگاری نیشتمانی کوردستان. دکتۆر عەزیز شەمزینی، وەرگێڕانی فەرید ئەسەسەرد ل162 ئەم دان پیانانە لە24ی تشرینی دوەمی 1922 راگەیاندرا.

[12] –القضية الكردية في العشرينات. د.عەزیز الحاج.

بەکارهێنران لەسەرژمێریەکانی دواتردا لەبنەڕەتا حەویجە نە قەزابوو نەئاوەدانی ساڵی (1925)یش کەویلایەتی موسڵ لکێنرا بەعیراقی عەرەبی‌یەوە شاری کەرکوکیش کرا بەلیواو لەم چوار قەزایە پێك هات (مەرکەز، کفری، گل، چەمچەماڵ) ئەوکاتە شتێك نەبوو ناوی قەزای حەویجە بێت، دکتۆر نوری تاڵەبانی دەنوسێ ژمارەی هۆزی (العبید) پاش (10)ساڵ لەنیشتەجێ‌کردنیان لەدەشتی حەویجە گەیشتنە (11) هەزارو (جبور) لەوەش زیاتر. تەنانەت لەساڵی (1957)دا (20) ساڵ دوای ئەو نیشتەجێ‌کردنە عەرەب لەپارێزگای کەرکوك گەیشتنە (109620) کەس (26981)کەسی لەسنوری ناحیەی حەویجەدا بووە. بگەڕێرەوە بۆ سەرژمێری ساڵی (1957).

بەعس لەگەڵ گرتنەدەستی دەسەڵات بۆئەوەی ڕێژەی عەرەب لەشارەکە زیاد بکات هەر ماڵە عەرەبێکی هێنابێتە کەرکوك دەسبەجێ (سجل نفوس)ی ساڵی (1957)ی بۆ کردووە، بۆیە سجلی (1957) چونکە لای کوردو بێگانە ئەو سەرژمێریە سەبارەت کەرکوك تاڕادەیەکی بەرچاو لەوانی‌تر باشترەو هەڵەو پەڵەی کەمتری تێدایە، بۆیە حکومەتیش مکۆم تر کاری بۆ شێواندنی ئەمەیان کردووە لەکاتێکدا دەکۆمێنتەکانی سەرژمێری ساڵی (1957) پارێزراوەو کەمو زیادکردن لەدوای ئەو کارناکاتە سەر ڕاستییەکان. لەسەرژمێری (1957)دا ژمارەی دانیشتوانی کەرکوك بەم شێوەیە بوو:

| زمانی دایك | ناوشاری کەرکوك | | | پاش ماوەی پارێزگاکە | | | کۆی گشتی پارێزگا | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | نێر | مێ | کۆ | نێر | مێ | کۆ | نێر | مێ | کۆ |
| کورد* | 21281 | 18266 | 40047 | 74110 | 73436 | 14754 6 | 95391 | 92203 | 187593 |
| عەرەب | 15008 | 12119 | 27127 | 41716 | 40777 | 82493 | 56724 | 52896 | 109620 |
| ئێرانی | 60 | 41 | 101 | 17 | 5 | 22 | 77 | 46 | 123 |
| تورکمان | 22564 | 22742 | 45306 | 18992 | 19073 | 38065 | 41556 | 41815 | 63371 |
| ئینگلیز | 391 | 243 | 634 | 42 | 21 | 63 | 433 | 264 | 697 |
| فەرەنسی | 22 | 13 | 35 | 6 | - | 6 | 28 | 13 | 41 |
| هیندی | 53 | 26 | 79 | 5 | 3 | 8 | 58 | 29 | 87 |
| کلـــدانی‌و | 774 | 735 | 1509 | 48 | 48 | 96 | 822 | 783 | 1605 |

* لەلیستەکەدا عەرەب یەکەمەو کورد دووەمە خۆمان وامان لێ‌کرد.

*لەبری تورکمان تورك نوسراوە.

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| سریانی | | | | | | | | | |
| هیتر | 226 | 192 | 418 | - | - | - | 226 | 192 | 418 |
| نادیار | 2684 | 2462 | 5146 | 113 | 25 | 138 | 2797 | 2487 | 5284 |
| گشتی | 63063 | 57339 | 120402 | 135049 | 133388 | 268437 | 198112 | 190727 | 388839[13] |

لێرەدا دەبێ بڵێین سەبارەت بەم ڕێژەو ژمارانەش کورد تێبینی خۆی هەیە، چونکە زۆربەی کوردەکان خۆیان بەتورکمان نوسیوە ئەمە جگە لەوەی سەبارەت بەو (5284) کەسەی کە بەنادیار نوسراوە بەڕاستی نیشانەی سەرسوڕمانی دەوێ لەڕاستیدا ئەم ژمارانە لەدەیان بەڵگەو دەکۆمێنتا نوسراون‌و تۆمارکراون. کەچی ڕژێمی بەعس تاکە مەرجی بەرامبەر ماڵە دە هەزارییەکانی ساڵانی هەشتا ئەوەبوو دەبێ سجلی نفوسیان بگۆڕنە کەرکوك‌و نەچنەوە شوێن‌و ڕێی خۆیان. بەعس بۆئەوەی ئیشوکاری سجلی نفوس گۆڕین‌و بێنەوبەردەی گواستنەوە نەبێتە مایەی سەر ئێشەی ماڵە عەرەبە هێنراوەکان کارئاسانی زۆری کرد لەوانە:

1-بەڕێوەبەرایەتی ناسنامەی شارستانی بەخەڵکانی سیخوڕو جاسوس پڕکردو کوردو تورکمانەکانی ئەو فەرمانگەیەی یان گواستەوە یان کارکەنارکرد، مەبەست لەمەش ئەوەبوو کە زۆربەی فەرمانبەرەکان بکاتە بەعسی‌و عەرەبە هێنراوەکان لەئیشوکاردا کێشەیان بۆ دروست نەکرێت.

2-زۆربەی ئەو فەرمانبەرە نوێیە عەرەبانەی لەو فەرمانگەو بەڕێوەبەرایەتییە دادەمەزران سەبارەت ترسناکی‌و زیادبوونی ڕێژەی کورد لەو شارەدا خولی تایبەتیان بۆ کرابوەوەو بۆ خۆشیان وا پەروەردە کرابون کە بەچاوی دوژمنەوە تەماشای کورد بکەن.

3-پارەو پوڵ‌و زەوی‌و خەڵاتی هەمە چەشن بۆ فەرمانبەرە عەرەبە نوێیەکان دابین دەکراو بەڕادەیەك هەرچیان پێویست بایە بۆیان دەستەبەر دەکرا.

بەم جۆرە سجلی نفوسی دانیشتوانی کەرکوك بەیەکجاری شێواو گۆڕانێکی بەرچاو لەکەم‌و زیادبونی دانیشتوانەدا سەری هەڵدا بەڕادەیەك جیاوازی نێوان سەرژمێری ساڵی (1957) بۆ ساڵی (1977) هێندە گەورەیە کە عەرەب بۆ خۆشیان بڕوایان پێنیە.

---

13 -كركوك دراسة سياسية و اجتماعية/ وريا جاف ص254.

ئەمە جگە لەوەی سەدان گوندی ناوچەکە لەکورد چۆڵ کران‌و عەرەبیان بۆ هێنرا کە ئەمەش کاری کردە سەر رێژەی دانیشتوان لەو گوندانە (حەشیشە، دەڵسی گەورە، دەڵسی بچوك، کۆمبز، رەحیم ئاوا، گرد رابیعە، عەتشانە، تەل مەغار، سێکانی، ئەرگۆن، سەی محەمەد) پێشتر لە زۆربەی ئەم گوندانەی کوردستان کوردو عەرەب پێکەوە دەژیان بێئەوەی ئەو پێکەوەژیانە کار بکاتە سەر پەیوەندی لەمێژینەیان. عەرەبە نیشتەجێکانیش ئەو خاکەیان بەخاکی کورد دەزانی نەك خاکی خۆیان، لەماوەی کەمتر لە(20) ساڵی دەسەڵاتی بەعسیاندا گەر بێت‌و ژمارەی سەرخێزانی هەر ماڵێك (ماڵە عەرەب) بە(5) کەس دابنێین ئەوا دەبێ لەوە تێبگەین کە لەو ماوەیەدا زیاتر لەنیو ملیۆن عەرەب لەپارێزگای کەرکوك نیشتەجێ کراوە.. لەبەرامبەر ئەم نیشتەجێکردنەدا بەرتاقای ئەوە ماڵە کورد دەرکراوەو دورخراوەتەوە لەزێدی باب‌و باپیری. بەعس پێی وایە رێگای بەعەرەب کردنی کەرکوك بەوە دەستەبەر دەبێت هەر ماڵە عەرەبێك بێت گورج سجلی (1957)ی بۆ بکات‌و هەر ماڵە کوردێ دەربکات خێراتر مافی بوونی لەو سجلەدا بسڕێتەوە. ئەمە بەتایبەتی لەو گواستنەوەی سجلانەدا دەستیپێکرد کە ساڵی (1988) بەبۆنەی ئەنفالەوە بەشێکی زۆریانی گواستەوە بۆ سلێمانی‌و هەولێرو شوێنەکانیتر. ئەم کارە سەرئێشەیەکی زۆری بۆ خەڵکە کەم دەرامەتەکە دروست کرد. دور لەهەموو بڕوبیانوو بوختانێك رژێمی بەعس بۆ زیاتر شێواندنی سیمای کۆمەڵایەتی ئەتنیکی‌و رەوشتی‌و دیرۆکی کەرکوك خراپ ترین نمونەی عەرەبی لەم شارە نیشتەجێ کرد. بەم جۆرە دەبینین حکومەتی عیراقی عەرەبی زۆرترین هەوڵی بەکارخست بۆ تێکدان‌و دەسکاریکردنی سجلی (1957). ئێستا ئەو ماڵە عەرەبانەی لەساڵانی (1963) بەدواوە هێنراونەتە کەرکوك‌و نیشتەجێکراون هەموویان سجلی ساڵی (1957)یان بۆ کراوە. زۆرێك لەو عەرەبانە سەرەڕای دابینکردنی هەموو پێداویستییەکانیان کەچی هەر خەون بەگەڕانەوەوە دەبینن گەڕانەوە بۆ شوێن‌و جێی خۆیان..

### *تێکدانی نەخشەی ئیداری:

رژێمەکانی عیراق‌و رژێمی بەعس بەتایبەتی بۆ دەربازبون لەو دەردەسەرییەی بەبۆنەی بونی کوردەکانی کەرکوك-ەوە توشیان هاتوە پەنایان وەبەر هەموو رێگایەك بردوە تا قوتاربن‌و کەرکوکیش لەکورد قوتاربکەن!! تێکدانی نەخشەی ئیداری کەرکوك یەکێك بو لەو کردانەی رژێمەکان‌و بەتایبەتی بەعس لەم پێناوەدا لەهەموویان زیاتر کاریکردوە. ئێمە پێشتر گوتمان لەساڵی (1925)دا لیوای کەرکوك لەم چوار قەزایە پێك هات (مەرکەزی کەرکوك، چەمچەماڵ، کفری، گل) کەچی

بەدرێـژایی سالانی دواتـر هـەر بـەخاتری ئـەوەی ژمـارەی عـەرەب سـەروتر چێت ئـەم قـەزاو ناحیانـە ئـەم بـەرەو ئەوبـەریان پێکـراوە، بـۆ نموونـە قـەزای دوز بەهـەر چـوار ناحیەکەیەوە (قادر کەرەم، نەوجول، ئامرلی، سـەلمان پاك) کفری بەهـەموو ناحیـەکانی (سەرقەڵای جەباری، کوڵەجۆ، قەرەتەپە) بەخشران بەدوو پارێزگای (دیالی، تکریت)، لەکاتێکدا کفری هەر لەسەردەمی عوسمانیەوە شوێنێکی دیارو بەرچاو بوەو هەمیشە مەرکـەزی ناحیـەو قـەزابوەو تکریتیش تـەنها سـاڵی 1976 کرایـە پارێزگـا قـەزاکانی چەمـچەماڵو کـەلارو ناحیـەکانی سـەنگاو ئاغجەلـەرو تیلـەکۆو پێبـازی خـستە سـەر سلێمانی ئەگەرچی دەبێ بڵێین قەزای چەمچەماڵ لەسـەردەمیعوسمانیدا تـا سـاڵی 1922 خـۆی لەسـەر سـلێمانی بـووە لـەدواجاردا کـەرکوك بـەم شـێوەیەی خـوارەوە لەکورد روت کرایەوە، بڕوانە خشتەکە:

| پارێزگای نوێ | ناحیە | روبەر کم$^2$ | قەزا | پارێزگاکە | ژ |
|---|---|---|---|---|---|
| تکریت | قـادر کـەرەم، نـەوجول، ئامرلی، سەلمان پاك | 4019 | دوز | کەرکـو ك | 1 |
| دیالە | سەرقەڵا، جەبارە، کوڵەجۆ، قەرەتەپە | نزیکەی 9.000کم$^2$ روبەرێتی | کفری | کەرکوك | 2 |
| سلێمانی | تیلەکۆ، پێباز | | کەلار | کەرکوك | 3 |
| سلێمانی | ئاغجەلەر، سەنگاو | | چەمچەماڵ | کەرکوك | 4 |

تێبینی: کەلارو چەمچەماڵ پێکەوە روبەری خاکەکەیان (4490)کم$^2$ پتری نەخشەی[14] کارگێڕی کەرکوك لەسەر دەستی رژێمی بەعس بەر هەڵوەشاندنەوە کەوتو عەرەبێنرا.

بەرلەوەی باس لەو هۆزو بنەماڵانـەش بکـەین کـە بەعـەرەب لەقەڵـەم دراون بـەخێرایی ئاورێك لەچۆنێتی یەکەی کارگێڕی کەرکوك ئەدەینەوە. هەر لەسـاڵی (1929-1930)یـەوە تا ئێستا:

ساڵی 1929-1930 یەکە بەڕێوەبەریەکانی لیوای کەرکوك بەم شێوەیە بووە:

1-مەرکەزی لیوا بریتی بـوو لەکـەرکوك، داقـوق، ئـاڵتون کـۆپری (پـردێ)، قەرەحەسـەن (لەیلان) شوانو مەلحە.

[14] –ئەمنی ستراتیژی عیراقو سێکوچکەی بەعسیان/ ئەمین قادر مینە م.چیا.

2-قەزای چەمچەماڵ بریتی بوو لەناحیەی چەمچەماڵ.

3-قەزای کفری بریتی بوو لەکفری، دوزخورماتوو، قەرەتەپە، قەڵای شێوانە.

4-قەزای گل بریتی بوو لەناحیەی گڵو سەنگاو[15]

-1936- ساڵی

| | |
|---|---|
| 1-مەرکەزی کەرکوك | قەرە حەسەنو شوان و داقوقی لەسەر لادراوە |
| 2-کفری | شەبیجەی لەسەر لادراوە |
| 3-چەمچەماڵ | ئاغجەلەر شوانو سەنگاوی خراوەتە سەر |
| 4-گل | کراوەتە قادر کەرەمو داقوق[16] |

-1947- ساڵی

| | |
|---|---|
| 1-مەرکەزی قەزا | قەرە حەسەن، ئاڵتون کۆپری، مەلحە، شوان |
| 2-چەمچەماڵ | ئاغجەلەر، سەنگاو |
| 3-داقوق | قادر کەرەم، دوزخورماتوو |
| 4-کفری | پێباز،قەرەتەپە، شێروانە[17] |

-1948- ساڵی

مەرکەزی قەزاوچەمچەماڵو کفری وەك خۆیان ماون، لەبری قەزای داقوق دوزکراوەتە قەزاو داقوقو قادر کەرەمی خراوەتە سەر.

-1957- ساڵی

| | |
|---|---|
| 1-کەرکوك | ئاڵتون کۆپری (پردێ)، حەویجە، شوان |
| 2-کفری | پێباز، قەرەتەپە، شێروانە |
| 3-چەمچەماڵ | ئاغجەلەر، سەنگاو |
| 4-دوز | داقوق، قادر کەرەم |

-1984- ساڵی

| | |
|---|---|
| 1-مەرکەزی قەزا | قەرە حەسەن، شوان، تازە، یایچی،داقوق، قەرەهەنجیر |
| 2-حەویجە | عەباسی، ریاز، زاب |

[15] –کەرکوك، گۆڤار ژمارە 4 ساڵی دووەم بەهاری 2001 مێژووی سەردەمە کارگێڕیو بەڕێوەبەرایەتیەکان ناوچەی کەرکوك/ بەشی یەکەم/ ئەژی.

[16] –سەرچاوەی پێشوو.

[17] –بڕوانە سەرژمێری ساڵی (1947).

3-دوبز ئاڵتون کۆپری، قودس (سەرگەڕان)

روبەری گشتی ساڵی (1984) بریتی بووە لە(10391)[18]

ساڵانی 1977-1987 چەند جارێکی تر گۆڕان بەسەر کەرکوکدا هاتووە

ساڵی 1988

قەرەهەنجیرو شوانو لەیلان بەر شاڵاوی ئەنفال کەوتنو وێران کران کە روبەرەکەیان بەگشتی (2202)کم² بوو.

ساڵی 1990-1991

| | |
|---|---|
| 1-قەزای کەرکوک | تازە خورماتوو، داقوق |
| 2-حەویجە | ریاز |
| 3-دوبز | پردێ |

ساڵی 1991-1992

| | |
|---|---|
| 1-قەزای کەرکوک | داقوق، تازە |
| 2-حەویجە | عەباسی، ریاز |
| 3-دوبز | پردێ، قودس[19] |

دەبینین بەردەوام شاری کەرکوک شارێکی سەقامگیرو ئارام نەبووە تەنانەت لەڕووی کارگێڕیشەوە هەرکاتێك رژێم ترسی ئەوەی لێنیشتبێت ناوچەیەکی کوردی سەربەو شارە لەڕوی رێژەی لەدایك بوونەوە بەرەو بەرزبوونەوە دەچێت بەهەرشێوەیەك بوە لەسەر ئەو شارە لایداوە ئەگەرچی ئەو یەکە عەرەبیانەش کە خراونەتە سەر شارەکە یەکەی هێنراون نەك مێژوویی. حکومەت هەر بەوەوە نەوەستاوە ئەم قەزا بکاتە ناحیەو ئەم ناحیە لابەرێ بگرە دەستیکردووە بەتەعریبکردنی هۆزو خێڵە کوردیەکانو هەولی داوە لەڕێگای بنەچە دروستکردنو فڕوفێڵو تەفرەدانی ترەوە زۆرێك لەوانە بەرێتەو سەر عەرەب لەوانە:.

1-سەرجەم کاکەییەکانی بەرجادەی بەغدا-کەرکوك ساڵی 1977 بەعەرەب نوسراونو چ وەك هۆزو خێڵو چ وەك ئاین هەولیان داوەلەکوردی دابڕن. لەڕاستیدا کاکەییەکان لەسەرجەم شۆڕشو راپەڕینەکانی کورددا بەشداربونەو بۆ خۆشیان بیروباوەڕەکەیان

---

18 –ئەمنی ستراتیجی عیراق ئەمین قادر مینە ل283.

19 سەرچاوەی ژمارە (15) نوسینی ئەژی.

بیروباوەڕێکی یەکجار کۆنی کوردستانەو تا ئێستاش زۆر بەیان هەمان ئەو بیروباوەڕەی خۆیان پاراستووەو دەیان شاعیری کوردی دیاریان تێدا هەڵکەوتووە لەوانە: (هیجری دەدە، میرزا خەلیل منەوەر، سەی عەباسی حیلمی، جۆپانی سوساوك، مەلا فەتۆش، مەلا زەینەڵ دارتاش، مەلا ئەڵماس خان، محەمەد جۆبان ئاسنگەر)* ئەمە جگە لەدە یان شاعیرو روناکبیرو کوردپەروەریتر سەیر ئەوەیە (عەزیز قادر سەمانچی) بیھۆ شاعیرێکی پایەبەرزی وەك هیجری دەدەی کاکەیی کورد دەکاتە تورکمان لەکاتێکدا کە هەموو دەزانین کە دەدە هیجری یان هیجری دەدە شاعیرێکی پایەبەرزیکوردە راستە بەتورکیو فارسی شیعری گوتووە، بەڵام کوردەو ناوی (محەمەد کوڕیقەیسەر کوڕی مام نەزەر)ە لەهۆزی کاکەییە بەتیرە (مام)ە لەنەوەی ناوداری پایەبەرزی کاکەیی خەلیفە عەزیز شارەزوورییە کەیەکێك بووە لەیارانی سوڵتان ئیسحاق کوڕی شێخ عیسی بەرزنجی لەساڵانی (1877-1952ز) ژیاوەوشیعری بەکوردیو تورکیو فارسی وتووە[20]. مستەفا نەریمان لەبارەیەوە دەڵێ (زۆربەی شیعرەکانیبەتورکمانیو فارسین لەو پارچە شیعرەی بەولاوە کە لەچلەی ماتەمی پیرەمێرددا خوێندویەتیەوە ئیتر بەکوردی هیچی بلاونەکردوەتەوە)[21] پیرەمێردو هیجری دەدە زۆر یەکیان خۆش ویستووە سەردانی یەکیان کردووە. هیجریدەدە زۆر سلێمانیشی خۆش ویستووەو توحفەی سلێمانی بەو عیشقەوە داناوە. پیرەمێرد لەبارەیەوە دەڵێ:.

---

* هەردەوێڵ کاکەیی بەم جۆرە باسی ئەو شاعیرانە دەکات.
1-میرزا خەلیل منەوەر. ناسراوە بەشاعیری چەوساوەکان (1863-1923ز).
2-سەی عەباسی حیلمی کاکەیی (1882-1962ز).
3-جۆپان یوسف جەمال، بەیەسوساوك کاکەیی بەناوبانگە، گەلێ شیعری هەمەجۆری بەشێوە زاری ماچۆ هەیە تا ئێستا بەرهەمەکانی کۆنەکراوەتەوە (1859-1925ز).
4-مەلا فەتۆش. فەتحوڵڵا کوڕی حەویش کاکەییە ئەم زاتە رابەرێکی ئاینی بووە، سرودی ئاینی هەیە لەکەرکوك هاتۆتە دنیاوە. هەر لەوێش کۆچی دوایی کردووە (1863-1919ز).
5-مەلا زەینەڵ کوڕی حەویش کاکەییە برای مەلا فەتۆشە. زۆربەی شیعرەکانی خۆشەویستین (1866-1922ز).
6-مەلا ئەڵماس خان یان خان ئەڵماس (1072-1138ك) ئەهلی حەق بووە.
7-محەمەد جۆپان ئاسنگەر کوڕی مەحمود کوڕی قەمبەرە (1890-1935ز).
بۆ زانیاری زیاتر بروانە گۆڤاری کاروان ژمارە (41)ی ساڵی چوارەم 1986 گەشتێك بۆ ناوچەی گەرمیان ل74-77 هەردەوێڵ کاکەیی.
[20] -هەمان سەرچاوەی پێشوو.
[21] -رۆشنبیری نوێ ژمارە (107)، 1985، توحفەی سلێمانی مستەفا نەریمان ل216.

هیجری دەدە هات بۆ سلێمانی

نەشئەو نەشیدەو سمێڵی هانی

خۆی زوو رۆییەوە شیعری جیٚماوە

خۆشیو شیعریشی بەناوو داوە[22]

ئەم بابەتە قسەی زۆرتر هەڵدەگریٚو ئەم کتێبە جێگای نیە. لێرەدا پێویستە بڵێین کاکەیی وەك هۆز هەموو کوردنو دەدەش پلەیەکی ئاینی، دینی کاکەییە، بەڵام کاکەیی وەك ئاین تورکمانیشی تیٚکەوتووە. کاکەیی نەك هەر خۆیان بەکورد دەزانن بگرە خۆیان بەباووباپیری راستەقینەی کوردو پارێزەری ئاینی راستەقینەی باووباپیری کورد دەزانن،کاکەیی بەسنوری قەسری شیرینو کرماشانو خانەقینو کەلارو شارەزورو ناو کەرکوكو گوندەکانی سنوری داقوقدا بڵاوبونەتەوە.

ئەمە جگە لەدەڤەری بادینانو موسڵو کوردستانی باکور، هەندێك لەگوندەکانی سنوری کەرکوك، داقوق کەباووباپیری کاکەییان بەدرێژایی سەدان ساڵ تیا ژیاوە بریتین لە(تۆپ زاوە، عەلی سەرای، زەنقیڕ، عەرەب کۆیی، مەتیق، عەلوەت پاشا، خۆرز)..

2-گێژ. ئەمانیش لەسنوری قەزای کفری دانو لە(20) گوندو ئاوایی نیشتەجێن ئاوایی سەرەکی گێژەکان (ئەبو عەلیقە) هۆزی گێژ سەدان تێکۆشەرو پێشمەرگەیان لەڕیزی کوردایەتیٚدا بووەو لەو پێناوەدا قوربانیان داوە. ئەمانیش وەك کاکەیی لەساڵی (1977)دا بەر شاڵاوی تەعریب کەوتن.

3-پاڵانی لە(7 یان 8) گوندی سنوری ناحیەی قەرەتەپە نیشتەجێن ساڵی (1977) بەر شاڵاوی تەعریب کەوتنو دورخرانەوەبۆ عیراقی عەرەبی (باشوری عیراق).

4-ساڵەیی. کرا بە(صالحی) لەساڵانی حەفتادا بەر شاڵاوی تەعریب کەوتن بەتایبەتی لەسەرژمێری ساڵی (1977)دا لەناوچەو شوێنەکانی گلو قەرە حەسەنو گوندی سەربیرو ناو شوانو ناوشاری کەرکوك هەن. خەڵکی رۆشنبیرو کوردپەروەریان تیا هەڵکەوتووەو دەیان شەهیدیان هەیە.

5-شێخ بوزێنی. هۆزێکی کۆنی کوردن پیٚدەچێت کاتی خۆی لەکوردستانی باکورەوە هاتبن. شێخ رەزای شاعیر شیعرێکی بەناوی شێخ بوزێنی هەیە، بەڵام ناوەرۆکی شیعرەکە

---

[22] –ژیان ژمارە 408/ 25ی ئابی 1934.

لەگەڵ ناونیشانەکەدا یەك نین. سەبارەت بەساڵەیی و شێخ بوزێنی شوان ئەم دوو هۆزە بەلقی شوان دەزانن.

ئەم پێنج هۆزەو چەندین هۆزو بنەماڵەی تر هەوڵی نەزۆکی بەعەرەبکردنیان دراوە.

6-هەروەها بەعس هەوڵی بەعەربکردنی شێخ و سەیدەکانی کوردستانی داوە لەکاتێکدا ئەم شێخ و سەیدانە بەڕەچەڵەك و باووباپیر کوردن و پلەوپایە ئاینییەکەشیان پەیوەندی بەپلەوپایەی عەرەبی و ئیسلامییەوە نیە. جێی داخە خەڵکانی ساویلکەو ناهۆشیار پێیان وابووە گەر ببنە عەرەب پیرۆزدەبن و بەئاگری دۆزەخ ناسوتێن. کاتی خۆیشی زاناعبدالکریمی مودەڕیس لەبنەماڵەی زانایاندا زۆری لێکردین بەعەرەب لەو بارەیەوە مەلا جەمیلی مێژوونووس وەڵامێکی داوەتەوە.

بەم جۆرە زیاتر لە42.488کم[2] لەخاکی کوردستان بەر شاڵاوی عەرەباندن کەوتووە کە دەکاتە 49.41٪ی سەرجەم خاکی باشوری کوردستان کەتێکڕای خاکی باشوری کوردستان (86.000کم[2])ە[23].

ئەمە مشتێك بوو لەخەروارو رەفتارو کردەوکاری رژێمی بەعس بەرامبەر بەگەلی کوردو خاکی کوردستان لەکەرکوك بەمەبەستی تێکدانی نەخشەی کارگێڕی ئەو شارە. هەموو ئەم کارانە دادی‌ئەو ستەمکارە مل هوڕانە نادەن کە بەزۆری زۆرداری دەیانەوێ خاکی دیکە داگیر بکەن و خێروبێرو خوێنی گەلانی دیکە بمژن. کوردی شاعیری گەورەی کوردو یەك لەئەندامانی سێکوچکەی بابان جوانی فەرموە:

کورد ئەوەند کوردن بەسەت شەیتان لەکوردی ناکەون
ئیکە خەڵکی بۆچی بۆ خۆی دەردی سەر پەیدا ئەکا[24]

حەقە ئەو رژێمە مل هوڕانە پاش بەهەدەردانی ئەو هەموو سەروەت و سامانە لەپێناوی سڕینەوەی خەڵکێکدا بیر لەئایندەی خۆیان و نەتەوەکەیان بکەنەوە ئەوەتا پاش سەدان ساڵ لەسەڕینەوەی (قیبتی و سائیبەو ئەمازیغ) لەسەردەستی عەرەب تا ئەوڕۆژەی ئەو گەلانە مانەوەو ئازادی و سەربەخۆییان دێتە دی. ئەو رۆژە خەونی ئەو گەنجە ئەمازیغیە دێتە دی کە دەڵی:

---

[23] –ئەمنی ستراتیجی عیراق و سێکوچکەی بەعسیان م.چیا. دەزگای ناوەندی رۆشنبیری کۆمەڵە ئایاری 1987.

[24] –دیوانی کوردی.

(نەخا نوومان دەوێ نەکار، بەڵام دەمانەوێ سەربەستو سەربەرز بژین).

***بەبەعسی کردنی کەرکوك (بەعساندن):**

هەر لێکۆڵەرێك کە بیەوێ لەمێژووی عیراقی دروست کراو بکۆڵێتەوە بەڕاستی بەرامبەر ئەو هەموو کارەساتو بگرەو بەردەیە سەرسام دەبێت رەنگە تورکیای لێدەرچێت لەو مێژووە کەمەدا گۆڕەپانی عیراق جێی پڕترین کارەساتو کودەتا بوبێت لەسەردەمی پاشایەتیداو دواتر لەگەل دورستبوونی (کۆماری عیراق)دا هەریەکە لەو حاکمو دەسەڵاتدارانەی کە هاتون تێکرا خەڵکی چەوسێنەرو تێکدەر بوونەو هەموویان ویستویانە بەزەبری ئاگرو ئاسن خۆبسەپێنن لەکاتێکدا تادەستیان لەکورسی دەسەڵات گیربووە لەدیموکراسیدا بێ وێنە بوونە چ عەبدولکەریمو چ دوو کوڕەکەی عارف چ ئەحمەد حەسەن بەکرو تا ئەمڕو بەگشتی بەچاوی دوژمنەوە سەیری کوردیان کردووەو بەردەوام لەخەونی ئەوەدا بونە سەرکوتی بکەن لەنێو ئەمانەدا سەدامو بەعس لەهەمویان خراپتر بونە، دزێوترین کارێك کە بەعس پێی هەستا بەعساندنی بەزۆر بوو. دەبێ بڵێین پێش بەعس تارادەیەك ئازادی سیاسی باشتر بووەو خەڵك توانیویەتیبۆخۆی حزب دروست بکات، بەڵام بەعس بەتەواوەتی بەرهەڵستکاری لەسەر گۆڕەپانەکە نەهێشتو کورد گوتەنی خۆی بوە بەکەڵەگا بەعس رۆژ بەڕۆژ لەگەڵ زیاتر جێ قایمبوونی کەوتە راوەدونانی نابەعسیەکانو ئازادی سیاسی قەدەغە کردو دەرگای بەڕووی هەموو حزبێکی ئۆپۆزسیۆندا داخستو تەنانەت یەکەم پەلاماریشی بۆ سەر حزبی شیوعی هاوپەیمانی زۆردڕندانە بەڕێخست بۆیە حزبی شیوعی بەناچاری جارێکیتر بەرەی بەجێهێشتو دایەوە شاخ. حزبی بەعس تەنها ئازادی سیاسی ئاشکرای بۆخۆی (حزبی بەعسی عەرەبی سۆسیالیستی) پێڕەوا بوو نەك کەسو لایەنکێیتر. سەیر لەوەدایە ئەم ناونانە لەگەڵ واقیعی کۆمەڵی عیراقیدا نایەتەوە لەبەرئەوەی پێکهاتەی دروستبونی دەوڵەتی عیراق بە(مۆزەخانەی رەگەزەکان) ناودەبرێ. ناسیۆنالیستی عەرەب یان زاڵی بیری شۆڤینیانە لای ئەندامانی ئەو حزبە عەرەبیە شۆڤێنیە بەڕەوای نەزانی تەنانەت ناوی حزبەکەش بکاتە (پارتی بەعسی عیراقی سۆسیالیستی) کەلانیکەم لەوێدا دەکرێ بڵێین جێگایکوردو تورکمانو کەمینەکانی دیکە دەبێتەوە. ناوەکە وا نەبوو کەچی بەعس بەزۆر گەلانی غەیرە عەرەبیشی لەحزبەکەی کۆدەکردەوەو تا ئێستاش بەردەوامە. بەعساندن بەلای حزبی بەعسی عەفلەقی-سەدامیەوە شێوەیەك بوو لەپاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی عەرەبو پاراستنی

ئاسایشی حزبی بەعس هەروەك چۆن كارێك بووە بۆ سڕینەوەو تواندنـەوەی نەتـەوەكانیتر لەبۆتـەی نەتـەوەیی عـەرەبـدا هەرچـۆن لـەڕابردوودا لـەو شـالآوانەداكە لەپـەنای بانگـەوازی دینییـەوە بـەڕێ دەخـرا هـەمان كـردە جێبـەجێدەكرا، بـەعس ئاسایـشی بـەم جـۆرە بـەكارهێناوە (بـۆ مانـەوەی خـۆتو بەگژداچـوونەوەی مەترسـی سـەركوتی بەرامبەرەكـەت بكە).

(بەعس هەموو بیروبۆچونەكانی خۆی لەسەرچاوەی رەگەزپەرستیەوە هەڵ ئـەهێنجێ هەوڵ ئـەدا گیـانی خـۆ بـەزلزانینو بەسوك سـەیركردنی میللەتانیتر، گیـانی داگیركەرانـەو پەلاماردەرانەو دەسـتدرێژكەرانە، گیـانی ترسـاندنو تۆقانـدن، كوشـتنو بـڕینو بـەزۆر سـەر پـێ دانەوانـدن.. لـەناو گـەلی عەرەبـدا بـچەسپێنێ لەمەشـدا تـا ئەندازەیـەكی زۆر لاسـایی كاروكردەكانی هیتلەرو نازیەكانی ئەڵمانیاو سەهیۆنیەكانی ئیسرائیل دەكەنـەوە)[25] بـەعس بـۆ خۆشـی لەنامیلكەیەكدا بـەناوی ئامـانجو مەبەسـتەكان (اهـداف وغایـات) دەڵـێ: (كەسـە نەتـەوە ناعەرەبـەكان كـە نـاتوانرێ لەكۆمـەڵی عەرەبـدا بتوێنرێنـەوەو بەشـێوەیەكی تـەواو بەعـەرەب بكـرێن دەخرێنـە ژێـر یاسـای تایبەتـەوە كـە ئـەركو مافـەكانیان بەشـێوەیەكی وادیـاری دەكـا نـەتوانن زیـان بەبەرژەوەندیـەكانی عـەرەب بگەیـەننو هـەر بەبێگانـەش دادەنرێن. مافی دەوڵەتی عەرەبیشە كە هەركاتێ بیەوێ ئەوانـەی زیـان بەبەرژەوەندیـەكانی دەگەیـەنن دەریـان بكـاو دروسـتكردنی قوتابخانـەو دامەزرانـدنی رێكخـراوو رۆژنامـە بەزمانەكـەیانو بانگـەوازی نەتەوایەتیـشیان لێ قەدەغـە بكـات)[26] بـەعس بـەم شـێوەیە بیردەكاتەوەو كە (دەوڵـەتی عـەرەبی)ش بـەكاردێنێ مەبەسـتی سەرتاسـەری ئـەو زەوییەیـە كـە خۆیـان ناویـان نـاوە نیـشتمانی عـەرەب بێئـەوەی هـیچ حیـسابێ بـۆ كـوردو ئـەمازیغو قیبتـیو زغبـیو كەمایەتیـە زۆرەكانی تـری ئـەو نیـشتمانە بـەزۆر بەعـەرەب كـراوە بكـەن. (لـەمادەی حەوتـەمی دەسـتوری پـارتی بەعـسدا كـە بیرۆكەیـەكی تایبـەتیان لایـە دەستنیـشانكردنی سـنورەكانی ناوەڕاسـتو شـاخەكانی پـشت گـۆو كەنـداوی بەسـراو دەریـای عەرەبی كردووە)[27] مەبەسـتی وەرگێـڕ ئەوەیـە بلـێ سـنورەكە بـەم شـێوەیە بـەعس رەسمـی كردوە بەم شێوەیە بەعس لەهەوڵی سڕینەوەی ئەوانی تردا بوە كە ئەمە بـۆ خـۆی دەچـێتە

---

25 –ئەمنی ستراتیژی عیراقو سێكوچكەی بەعسیان. ئەمین قادر مینە/ ل(65+69).

26 –هەمان سەرچاوەی پێشوو.

27 –كێشەی كـوردو ئاسایـشینەتەوەی عـەرەب، مهنـدس رجـائی فائـد. وەرگێڕانـی بـاوكی رەوەز، ل17.

خانەی جینۆسایدەوە ئەم کردەیە جارێك بەنەرمیو جارێك بەتوندیو جارێك لەسەرخۆو جارێکیتر بەزەبرو زەنگ پیادەکراوە بەعسی عەرەبی بێ رەچاوکردنی مافی کوردو تورکمانو مەسیحیو کلدانو.. تادوایی سوربوە لەسەر ئەوەی کە پێویستە مرۆڤی عیراقی سەر بە(حزبی ژیانەوەی عەرەبایەتی) بێت!! (سیاسەتی تەبعیس سالی 1963 دەستیپێکرد، بەلام پەرەسەندنی بەشێوەیەکی فراوانو توندوتیژ دوای ئاشبەتالی (1975) بوو)[28] دوای سالی 1975 حزبی بەعس کردەی بەعساندنی بردە هەموو شوێنێکەوە دایەرەو بەڕێوەبەرایەتیو مزگەوتو خوێندنگەو مالو.. تا دوایی تۆوی بەعسی لەهەموو جێگایەك تۆوکرد (بەعساندنو عەرەباندن لەعیراقدا تەواوکەری یەکنو ئەوی بەعس بوونی قبول بوبێت ئەوە یەکسەر عەرەبی بوونی قبول بووە) بەعساندنی کوردستانو کەرکوك بەتایبەتی هەولی زۆری بۆ دراوەو بەچەندین هەنگاو براوەتە پێشەوە لەوانە:.

1-دامەزراندنی بەعسیە عەرەبەکان لەدامو دەزگاکاندا.

2-بەعساندنی خوێندن.

3-بەعساندنی کوردو تورکمانو مەسیحیو.. تاودایی.

4-دابەشکردنی گەڕەکەکان لەسەر بنەمای یەکەی حزبیو بەعساندنی بەزۆر. لەخوارەوە لەسەر هەر یەکێ لەم خالانە بەکورتی دەوەستین تاکو رادەی ئەو شالاوی بەزۆر بەعساندنە لای خوێنەر زیاتر روون بێتەوە.

## 1-دامەزراندنی بەعسیە عەرەبەکان:

دەسەلات بەردەوام دامو دەزگاکان لەخەلکی خۆی پڕدەکاتەوەو تا بۆی بکرێ خەلکانی تری لێ بێبەری دەکات لەسەردەمی عوسمانیەکاندا دامودەزگاکانی کوردستان (ویلایەتی موسل) بەخەلکی تورکمانو لەسەردەمی عیراقی عەرەبیدا بەخەلکی عەرەب پڕکرایەوە بەدەگمەن کورد پۆستە گرنگەکانی هەلسوڕانو بەڕێوەبردنی وەرگرتووە مەگەر ئەوانەی لەکوردی کەوتون لەگەل ئەوەشدا دەبێ بلێین زۆر کەسیش بەهەولو هیمەتیخۆیان چ لەسەردەمی عوسمانی چ لەسەردەمی عیراقی عەرەبیدا دەسەلاتیان وەرگرتووە، بەلام هەر کاتێك زانرابێت کە دەبنە مایەی هەڕەشە یەکسەر لەناودراون بۆ نمونە: (تیرۆرکردنەکەی

---

[28] –عیراقو مەسەلەی کورد (ی.ن.ك) 1984 چاپخانەی شەهید (برایم عەزۆ).

بـەكر سـدقی). دوای هـاتنی بـەعسو پاشـتر لەسـەردەمی ئۆتۆنۆمیـە كارتۆنیەكـەوە دامودەزگاكانی كوردسـتان تـا راپـەڕین بەخـەڵكی كورد، بـەڵام بەعـسی پڕكراوەتـەوە كەچـی لەكەركوكو خانـەقینو شـەنگارو.. تـادوایی نـەك هـەر كوردێك رۆژێ لـەڕۆژان لەسـەردەمی بەعسدا پۆستێكی گرنگی نەدراوەتێ بگرە هەر كوردێكیش كارێكی میری بەدەستەوە بوبێت لێی سـەندراوەتەوەو دورخراوەتـەوە، حزبـی بـەعس بەمەبەسـتی دامەزرانـدنی بەعـسیە عەرەبەكان لـەجێگای ئـەو كوردانـەی كـە دەردەكرێنو دوردەخرێنـەوە كارئاسانیەكی زۆری كـردووەو هـەرگیز بـەلای پـسپۆرایەتیو شـارەزاییدا نەچـووە گـرنگ ئـەوە بـووە عـەرەبێك دابمەزرێنێ كە خزمەتی بیروبۆچوونی حزبی بەعس بكات بەتایبـەتی لـەكاتی هێنـانی ماڵـە عەرەبـەكانی خـواروودا بـۆ كـەركوك یەكـسەر ئەنـدامانی خێزانەكـەی بێكەنـدو كۆسـپو بڕوبیـانوی بڕوانامـەو شـتی لـەو بابەتـە دامەزرانـەوە. بـۆ ئـەم مەبەسـتە تەزكیـەی حزبـی بەعس لەسەروی هەمو شتێكەوە بوو، تەزكیە تەنانەت بۆ نەخوێندەوارەكانیش رۆڵـی خـۆی بینیـوەو سـەرجەم ئـەو نەخوێندەوارانـەش كـە هێنـراون بۆئـەوەی بـیر لەگەڕانـەوەو جێهێـشتنی كـەركوك نەكەنـەوە دامـەزرێنراون (دەسـەڵاتدارێتی عـیراق هەسـتا بـەهێنانی چـەندین عـەرەبو دامەزرانـدنیان وەكو پۆلیـسی نـاوخۆیی یـان كرێكـاری نـەوت تـەنها لەبەرئەوەی عەشایەرن)[29] . ئەوانەی كە دەكرانە پۆلیس یان كرێكار لەشوێنی جگـە لـەوەی كەدەبونە رەقیبو كوێخا بەسـەرئەوانی تـرەوە دەبونـە جاسوسـیشو بـەردەوام كـاری ئـەوان نوسـین بـوە لەسـەر كـوردو توركمـان بێگومـان بـەخراپ. لەكاتێكـدا بـەعس بـۆ دامەزرانـدنی عەرەبـە بەعـسیەكان ئـەو ئاسـانكاریەی دەكـرد، بـۆ كـوردو توركمـانو كەمایەتیـەكان بەپێـچەوانەوە لەشاری كـەركوك دا دامەزرانـدنو دەسـت بـەكاربونیان روبـەڕووی چـەندین كۆسپو تەگەرە كردووەتەوەو ئەمـسەرو ئەوسـەرێكی وای پـێكردون تـا بەتـەواوی بێـزاربن. بەم شێوەیە وای لێدەكردن كە خۆیان داوا بكەن كە یان لەكوردسـتان یـان لـەخواروی عـیراق دابمەزرێنـرێن. لەدامەزراندندا هەرگیز ئاستی هوشیاریو كارامەیی رەچاو نـەكراوە هێنـدەی ئـەوەی ئاسـتی پەیوەنـدیو پلـەی حزبـی رەچـاو كـراوە. لـەم كردەیـەدا زۆربـەی بەعـسیە عەرەبە هێنراوەكان لەشوێنەكانی تـرەوە بـۆ كـەركوك لەشـوێنی ئـەو كوردانـەی دەركـراونو دورخراونەتــەوە دامــەزرێنراون لەشــەریكەی نــەوتو كارگــەو كارخانــەو نەخۆشــخانەو

---

[29] -كـەركوك پێـشی كۆسـۆڤۆ كـەوتووە لـەپیلانی پاكتاوكردنـا، نوسـینی فـەهمی هوەیـدی وەرگێڕانی ئەندازیار تەها سوڵەیی.

دەزگاکـانی دیکـەدا. فـەهمی هوەیـدی دەڵێـت (گواسـتنەوەی ئـەو ژمـارە فەرمانبـەرو کارمەندانەی کە مابونەوە، لەمامۆستایان‌و کارمەندو کرێکارانی کۆمپانیـای نـەوت‌و کـەرت‌و دام‌و دەزگاکـانی حکومـەت بـۆ دەرەوەی پارێزگـای کـەرکوك، پاشـان هێنـان‌و دامەزرانـدنی عەرەب لەشوێنەکانیان)[30] بەم شێوەیە دامەزرانـدنی بەعـسیە عەرەبـەکان لەدام‌ودەزگاکانـدا هـەم لـەو رووەوە خرایـە خانـەی پرۆسیـسی بەعـساندنەوە کـە بـەدەرکردنی کـوردو کەمایەتیەکانیتر جێگایان بۆ ئەکرایەوە هەم لەو روەوە کـە لـەدەزگاو کارگـەو فابریقەکانـدا عەرەبـە بەعـسیە دامـەزراوەکانی کـرد بەسیخوڕو جاسـوس بەسـەر هاوکـارو هاوپیـشەکانی خۆیـەوە پرۆسـەی روتاندنـەوەی دام‌ودەزگـا کـارگێڕی‌و حکومیـەکان لـەکورد بەتـەواوەتی لـەدوای ئاشـبەتاڵی سـاڵی (1975)ەوە جێبـەجێکرا بەڕادەیـەك خوێندنگـە هـەبووە سـاڵی (1970) سـەرجەم یـان زۆربـەی مامۆسـتاکانی کـورد بـووە کەچـی هـەمان خوێنـدنگا سـاڵی (1985) گـەر سـەردانێکت کردبـا یـەك مامۆسـتای کـوردت لێنـەدەدی هەرچـەندە لـەنێو گەڕەکە سەراپا کوردیەکانیشدا بوبێ..

## 2-بەعساندنی خوێندن:

رژێمی بەعس بۆ زیاتر بەعساندنی کـەرکوك خوێنـدنگاو قوتابخانەکانیـشی لـەو هێرشـە بێبەش نەکرد، لەخوێنـدنی سـەرەتاییەوە تـا کۆلێـژەکان بـێ رەچاوکردنی تەمـەن لـەڕێگای (طلائع وفتوة و سـەربازگەی هاوینـەی خوێندکارانـەوە) کەوتـە بەعـساندنی منـاڵ‌و گـەنج‌و لاوەکانی کورد، خـودی سـەدام حوسـێن بـۆ راکێـشانی لاوان‌و خوێنـدکاران بـۆ نێـو ریزەکـانی بـەعس دەیگـوت (نکـسب الـشباب لنـضمن المـستقبل). لاوان پـەیوەس دەکـەین بـۆ مسۆگەرکردنی ئاینده. ئەم قسەیە زۆر لەقسەی هیتلەرو مۆسۆلۆنی دەچێت لـەو کاتـەدا کـە دەیانویـست لاوانـی ئـەڵمانیاو ئیتالیـا بـەرەو بـەرەکانی مـردن بنێـرن. راسـتە لەشـارەکانی هـەولێرو سـلێمانی‌و دهـۆك زمـانی کـوردی لەخوێندنگەکانـدا دەخـوێنرا، بـەڵام سـەرجەم پرۆسەکە لەو سێ شارەش لەخزمـەتی بەعـسیکردنی لاوانـدا بـوو، لـە کـەرکوك کارەکە زۆر ترسناك بوو لەبەرئـەوەی لـەدوای پیلانـی جـەزائیر یـەك وشـە خوێنـدن لەکەرکوکدا نـەماو هـەمووی بـوو بەعـەرەبی دکتـۆر جـەمال نەبـەز لەنامیلکەیەکدا کـە سـاڵی (1957) وەك زنجیرەیـەك بـۆ ژیانـەوەی میراتـی نەتەوایـەتی کـورد بەچـاپی گەیانـدووە بەشـی سـێیەم (خوێنـەواری بـەزمانی کـوردی) لەسـەرەتادا دەڵـی (خوێنـدن بـەزمانی بێگانـە نیـشتمان

---

[30] -کەرکوك پێشی کۆسۆفۆ کەوتووە. فەهمی هوەیدی وەرگێڕانی ئەندازیار تەها سوڵەیی.

پـەروەری‌و هەسـتی بـەرزی نەتەوایـەتیمان ئـەمرێنێ‌و تـا لەوزەمانـدا بێـت خوێنـەواری بەزمانی خۆمان بڵاوبکەینەوەو بیخەینە برەو)[31] لەسەردەمی بەعسدا نەك هەر خوێنـدن‌و خوێنـەواری بـەزمانی عـەرەبی بـوو لەکەرکوکـدا بگـرە دەبوایـە لـەنێو پۆلـدا هـەموو پرۆسـەکانی گوتنـەوەی وانـە، قـسەکردنی ئاسـایی نێـوان مامۆسـتاو خوێنـدکار بـەزمانی عـەرەبی بوایـە ئەمـە جگـە لـەوەی لەزۆربـەی پـەیمانگاو کۆلێـژو تەنانـەت ئامادەییـە پیشەییەکانیـشدا مـەرجی وەرگـرتن ئـەوە بـوو کـە قوتـابی حزبـی بێـت‌و تەزکیـەی حزبـی بەعـسی هـەبێت. وەرگـرتن بەتەزکیـەی حـزب زۆر جـار خوێنـدنکارانی ناچـار دەکـرد پـەنا بەرنـە بـەر بەعـسی‌بوون، هەرچـەند بـەهۆی تەزکیەشـەوە سـەدان خوێنـدکار هیـواو ئاواتەکانیان کوژراو نەیانتوانی بگەنـە ئـەو کۆلێـژو پەیمانگایـەی کـە خـەونی پێـوە دەبیـنن سـەربازگەی هاوینـەی خوێنـدکاران کـە رژێـم لەهاوینـدا بـۆ مەشـقی خوێنـدکاران لەشـێوەی مەشقی سەربازی‌و چالاکی سەربازی ئەیکردەوە هەر خوێندکارێك بەشـداری نەکردایـە ئـەوا دەرئـەکراو بەئاسـانی وەرنەدەگیرایـەوە مەگـەر بـەلێبوردن یـان خـەڵاتێکی تایبـەتی خـودی سـەدام هـەر بۆیـە دەبیـنین زۆرجـار وەك خۆیـان گوتـەنی (مەکرەمـە) مۆڵـەتێکی تریـان دەدایەوە خوێندکاران‌و ئەوەشیان ناودەنا (مەکرەمەی رەئیس)[*].

حزبـی بـەعس بـۆ مەبەسـتی بەعـساندنی خوێنـدن جگـە لەوانـەی تایبـەتی وتنـەوەی (رۆشـنبیری بەعـسی ) قوتابیـانی بـۆ گیـان یـەك‌و بەسـەریەکەوە ئـەکردە سیخوڕو دەزگـا ئەمنیەکەی خۆی بەناو خوێندکاراندا بڵاودەکـردەوەو لەهـەر قوتابخانەیەکدا مامۆسـتایەکی تایبـەتی بەعـساندن هـەبوو کـە هـەرکاری ئـەوەبوو قوتابیـان بکاتـە بەعـسی‌و چـاودێری جموجـوڵی قوتابیـان بکـات. ئـەم مامۆسـتایە راسـتەوخۆ سەرپەرشـتی ئـەو قوتابیـە بەکرێگیراوانەی دەکرد کە لەنێو پۆلەکاندا سیخوڕی سەر هاوڕێکانیان بوون. ئـەم سیخوڕانـە ئیمتیازاتی تایبەتی‌و نمرەی بەعـسی‌بونیان هـەبوو جگـە لـەوەی زۆرجـار دەکرانـە کەڵـەگای

---

[31] –خوێنەواری بەزمانی کوردی. جەمال نەبەز/ 1957. چاپخانەی نور. بەغدا.

[*] جاری وا هەبوو بەبێ بونی هیچ بیانویەك تەنیا لەبەرئەوەی بۆ نمونە خوێندکار نمرەکانی لەپـەنجاو شەسـتەکاندایە یـەك دووسـاڵ ئـەو خوێنـدکارەی دواناوەنـدی تـەواو دەکـرد لـەهیچ شـوێنێك وەرنـەدەگیرا دواتـر سـەدام مەکرەمەیـەکی رادەگەیانـدو خێریـان بەخوێندکارەکـە دەکرد!!

جگـە لـەوەی لـەزانکۆو پـەیمانگاکان وانـەی (ثقافـة) هـەبوو لەسـەرەتایی‌و نـاوەدیش (پـەروەردەی نیـشتمانی) هــەبوو کــە ســەرجەم وانــەکانی بریتی‌بــوون لەبەعــساندنی خوێندنکاران. لەم پەروەردەی بەناو نیشتمانیەدا قسە لەسەر کۆماری عیراق‌و حزبی قائیدو سەرۆکی فەرمانـدەو ئەو شتانە دەکرا!!

سەر مامۆستایانیش بەم جۆرەش لەڕێی پارمەتی نمرەو دیاریەوە هەوڵی دەدا سەرنجی نابەعسیەکان رابکێشێ بۆ بونە بەعسی. ساڵانی نیوەی دووەمی هەشتاکان (1985 تا 1989-1990) سەرەڕای ئەوەی قسە لەکرانەوەو شتی لەبابەتی ئازادی حزبی دەکرا کەچی زۆر بەتوندوتیژی بەعساندنی لەناو خوێندنگاکاندا دەستی پێکرد بەم شێوەیە لەهیچ یەکێ لەخوێندنگاکاندا نابەعسی نەما مەگەر بەدەگمەنو زۆر کەم. بەتایبەتی لەشاری کەرکوكو دەوروبەری بەتەواوەتی خوێندنو خوێندەواری بەعسێنرا.

### 3-بەعساندنی کوردو تورکمانو مەسیحی:

رژێمی بەعس لەکەرکوك بەعساندنی بۆ دانیشتنو بەڕێوەچونی کاروباری هاووڵاتیان وەك مەرجێك بەسەر کوردو کەمایەتیەکاندا چەسپاند. واتە (ئیجباری کردن) بۆئەوەی ناچاربن ببنە بەعسی. مەبەست لەمە ئەوەیە هاووڵاتی بۆئەوەی بتوانێ دانیشێ لەکەرکوك بەتایبەتی هاووڵاتی ناعەرەب دەبێ بەعسی بێت یان گەر بیەوێ کاروبارەکانی گیری تێنەکەوێ دەبێ بەعسی بێ بۆ ئەم مەبەستە:

1-تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندنو رۆشنبیری وەك گۆڤارو رۆژنامەو T.Vو رادیۆی خستەگەڕ.

2-خەڵکانی بەعسی لەدەرەوەو لەناو خێزاندا کرد بەسیخوڕ بەسەر ئەوانی دیکەوە بەشێوەیەك باوكو کوڕ لەیەك کەوتنە نهێنگریو بەعسیەکانی زاڵ کرد بەسەر ئەوانی دیکەدا ئەمەش تاکتیکی باش بوو بۆئەوەی سەرجەم ئەندامانی خێزانەکە بکرێنە بەعسی تەنانەت لەزیندانەکانیشدا نابەعسیەکان هەمیشە ئازارو ئەشکەنجەی زۆرتر ئەدرانو لەنێو زیندانیشدا بەعساندن پیادە دەکراو (رەفیقو نەسیرو ئەوانە هەبوون) ئەم بەعساندنە سەرتاسەریە لەپێناوی لێك هەڵوەشانو تەفروتوناکردنی کۆمەڵی کوردەواری بوو (تەبعیسی کورد بۆ ئەوە نەبوە کە میری هەوڵ بدات دۆستایەتی کورد بۆ خۆی دابین بکاتو لەفیتی بێگانەو تەفرەخواردن بیانپارێزێ. تەبعیسی کورد بۆ بەگژاچونەوەی جولانەوەی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردستانو لاوازکردنی جولانەوەکەو کنەکردنی کۆمەڵی کوردەواری بووە)[32] ئەمە بووە مەبەستی سەرەکی بەعساندن لەکەرکوكو کوردستان بەگشتی ئەو ویستویەتی لەو رێگایەوە برزوتنەوەی نەتەوایەتیو هەستی شۆڕشگێڕیو کوردایەتی لەناخی مرۆڤی کوردو لەهەنگاویدا لاواز بکات.

---

[32] –عیراقو مەسەلەی کورد (ی.ن.ك) 1984 چاپخانەی شەهید برایم عەزۆ.

(بەعـــساندن بـــۆ بەگژداچـــونەوەی کوردایـــەتی بـــووە) بـــۆ خـــۆی خـــودی بزوتنـــەوی ژیانەوەکـەش بزوتنــەوەی ژیانــەوەی عــەرەب بــووە. بــەعس بــۆ بەعــساندنی گــشت جگــە لەهەڵبژاردنی پیاوانی خۆی لەوانەی بەئاسانی تەفرە دەخۆن‌و لێبونەتـەوە. هەوڵیـشی ئـەدا بۆ بەعساندنی:

1-دەوڵەمەندو بازرگانەکان.

2-سەرەك عەشرەت دەرەبەگەکان.

3-زاناو پیاوە ئاینی‌و مامۆستاکانی بیروباوەڕە ئاینە جیاجیاکان.

4-مامۆستاو کارنامە بەرزەکانی کۆلێژو پەیمانگا.

5-سەران‌و ئەندامانی ڕێکخراوە پیـشەییەکان وەك مامۆسـتایان. خوێنـدکاران، جوتیـاران، کاسبکاران، ئەندازیاران، پارێزەران، ڕۆژنامەنوسان‌و نوسەران..هتد بۆ خۆی ئـەم ڕێکخراوانـە لـەژێر سـایەی پەرچـەمی بەعــسا درێــژەیان بــەژیان‌و بــوون دەداو لەدەزگایــەکی بەعــسی بـەولاوە هیـچی تـر نـەبوون بەگـشتی مەبەسـت لەتـەبعیس کردنـی ئـەم توێـژو گروپانـەی سەرەوە سەرنج ڕاکێشانی گشت بـوو هەرچـەند لـەم کردەیـەدا وەك‌و ئـەوەی خـۆی دەیـەوێ نەیتوانی ئامانجی تەواو بپێکێ‌و بـۆی نەچـوە سـەر، بـەڵام کارگەیـشتە ئـەوەی تاکـە پێـوەری دڵسۆزی بەعسی بوون بێت لەعیراقدا بۆیە سەدام خۆی دەیگوت:

**(هەموو عیراقی‌یەکی دڵسۆز بەعسی‌یەکی دڵسۆزە گەر ئینتیمایشی نەبێ)**

لــەم مەبەســتەیدا بــەعس‌و ســەدام بەشــێوەیەك کــار لەگەورەکردنــەوەو فراوانکردنــی بــەعس دەکــەن کــە گوایــە دڵــسۆزی لەهــەناوی بەعــسەوە ســەرهەڵدەدا. ڕژێمــی بــەعس بــۆ بەعـساندنی کـەرکوك جگـە لـەو هەنگاوانـەی سـەرەوە (ماڵـە ڕەوشـت نزمـەکانی عەرەبیـشی بــەکارهێنا بــۆ ئــەم مەبەســتە ئــەو جــۆرە ماڵانــەی لەکــەرکوك‌و لەگەڕەکــە کوردەکانــدا نیشتەجێ دەکرد) ئەمە لەگەڵ تورکمان‌و کەمایەتیەکانی تردا هەروا بوو چۆن لەگەڵ کورد ڕەفتاری دەکرد لەگەڵ ئەوانیش هـەروا ڕەفتـاری دەکـرد. جگـە لـەوەی ئـەم گەلانـەش کرانـە سیخوڕ بەسەریەکەوە سەیر لەوەدایە حکومەتی عیراق دوای برانـەوەی شـەڕی عـیراق ئێـران 1988 بەسـاختەو لـەبن دەمـامکی بەعـسدا هـەوڵی بڵاوکردنـەوەی پڕوپاگەنـدەی ئەوەیـدا گوایە ریفۆرم‌و دیموکراتیەت‌و فرەحزبی پێقبوڵە. ئەم کارەش زیـاتر لـەپێناوی ئـەوەدا بـوو

کە بزانن چەند خەڵکی عیراق بەگشتیو کوردستان بەتایبەتی بەپیری ئەم درۆو دەلەسانەوە دەچن تا توشی گێروگرفتو بێنەوبەردە بن.

### *کۆچ پێکردن، تاراندن، ڕاگواستن:

بەرلەوەی قسە لەسەر بەزۆر دەرکردنی کورد بکەین لەکەرکوک پێویستە ئەوە بزانین کە (ڕاگواستن، کۆچ پێکردن، دەرکردن) سێ چەمکی جیا لەیەکترن، بەلام لەبنەڕەتا هەرسێکیان یەکن حکومەتی عیراقیو بەعس بەتایبەتی بەرامبەر کورد هەرسێ ڕێگاکەی گرتۆتەبەر چ لەبەرامبەر کوردە فەیلیەکان کە لەبەغدا دەریان کردنو دەستی بەسەر ماڵو سامانیاندا گرتو چ بەرامبەر خەڵکی کەرکوک کە بەردەوام بەزۆر رایان دەگوێزێ چ بەرامبەر ناوچە ستراتیژیو بەناو سنوریەکان کە بەزۆر کۆچی پێدەکردنو لەخاکو زەوی باووباپیر دوری دەخستنەوە، ئەڵبەت جگە لەدوو هەوڵی عەرەباندنو بەعساندن بەتایبەتی لەکەرکوکدا کاتێ هەردوو پرۆسەی پێشوو نەیانتوانی ئامانجەکانی ئەم حزبە بپێکن پەنای بردە بەر ڕاگواستنی کوردەکان ئەم کارە زۆر بەچڕی لەساڵی (1963)وە دەستی پێکردو تا نوسینی ئەم لێکۆڵینەوەیەش بەردەوامە..

ڕژێمی بەعس بۆ دەرپەڕاندنو پاکتاوکردنی کورد لەکەرکوک زۆر ڕێگای گرتەبەر لەوانە:

1-بەناوی پشتێنەی ئەمنیو پاراستنی کۆمپانیای نەوتەوە چەندین گوندی تێك داو شوێنەکەیانی کردە سەربازگە.

2-بەبیانوی ئەوەی کە خێزان هەیە کوڕی لەشاخەو کەسوکاری لەدەرەوەیەو بەشداری بزوتنەوەی کوردایەتی دەکات چەندین خێزان لەماڵو خانوی خۆی لەکەرکوک دورخرایەوە بەم جۆرە دەرکردنی کورد لەکەرکوک لەدورخستنەوەی زێدی بابو باپیر بو بەپرۆسیسی بەردەوامی بەعسو پای سێیەی سێکوچکەی بەعسیان دوای هەوڵی ڕژێمی بەعس بۆ کەمکردنەوەی ڕێژەی کورد لەکەرکوک لەدوای سەرژمێری (1987)ەوە بەرەشترین کردەی مێژوویی کۆتاییهات کە ئەنفالی سەرتاسەری کوردستانی ساڵی (1988) بوو زیاتر لە1\3ی قوربانیانی ئەنفال دەکەونە سنوری پارێزگای کەرکوکەوە کە خۆی دەدا لە(70) هەزار بێسەروشوێن.

**1-ڕاگواستنی کوردەکان:**

(لەکەرکوك‌و ناوچەکانی سەر بەکەرکوك رۆژانە دەیان خێزان رادەگوێزرێن، لەوێ کورد لەبەردەم سێ رێگادایە، یان دەبێ بەڕەسمی دان بەگۆڕینی نەتەوەکەیدا بنێ (لەنەتەوەی کوردەوە بۆ نەتەوەی عەرەب) یان دەبێ کۆچ بکات، لەمەشدا گەر باشوری عیراق هەڵبژێرێ دەتوانی کەل‌وپەلەکەی ببات گەر هەرێمی کوردستان هەڵبژێرێ ئەوا هەموو پارەو کەل‌وپەلێکی لێدەستێنن‌و دەست بەسەر خانوو بەرەو زەوی‌و زارەکەیدا دەگرن)[33] هەندێك لەو خێزانانەی کە بەناچاری‌و لەپێناوی سەروەت‌و سامانەکەیاندا بۆ ماوەیەکی کاتی دەبن بەعەرەب، ناوی منالەکانیان کوردیەو هەموو کەسوکاریان لەکوردستانە، شێتی حکومەتی عیراق لەوەدایە پێی وایە گەر خێزانێك خۆی کرد بەعەرەب لەکوردی دەکەوێ، ئەمە دێڕە شیعرەکەی کوردی شاعیرمان بیر دەخاتەوە، کورد بەگشتی‌و کوردی کەرکوك لەسایەی ئەم حزبە شۆڤێنیەدا هەرگیز ئاسودەییان بەخۆیانەوە نەدیوە. هەمیشە لەژێر هێرش‌و هەڕەشەدا بونە، دروستکردنی ئۆردوگای شێوە سەربازی تەنراو بەڕەبایەو دابڕانی خەڵکەکە لەخاك‌و شوێنی خۆیان. جگە لەهێڵە سنوریەکانی نێوان تورکیا-عیراق، ئێران-عیراق، سوریا-عیراق‌و راگواستنی کوردە فەیلیەکان‌و دەرکردنیان بەبیانوی ئێرانی بونەوە.

کەرکوك سەرەکی ترین پێگەی راگواستن بووە، پێشتر ئاماژەمان بەرەفتارەکانی بەعس دا لەم شارەدا، ئەم کردەیە وەك وتمان سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ (9) مانگی دەستەلاتی بەعس لەساڵی 1963 ئەو کاتە جارێك (8) هەزار خێزان‌و جارێك (21) گوندو پتر لە(1500) جوتیار لەکەرکوك دەرکران، هەزاران کەس لەخەڵکی کەرکوك بێگومان کورد بەزۆری‌و کەمێکیش تورکمان‌و ئەوانیتر لەزیندانەکانی موسەیەب‌و شوێنەکانی تری ناوشار تونەدکران‌و زۆربەی ئەوانە تاکە مەرجی بەربونیان ئەوە بوو کە ئەو شارە بەجێبێڵن، هەڵبەت ئەوانە ماڵ‌و سامانیان تالان کراوە، عەرەب لەکەرکوکا چەندین گەڕەکی تالان کردو سوتاندو وێرانی کرد. ساڵی 1974 (15) گوندی هەردوو هۆزی داودەو کاکەیی تاپۆکرایە سەر عەرەبە هێنراوەکان‌و کوردەکان دەرکران، ساڵی پێشتر (1973) بێ هیچ هۆیەکی تەندروستی، هۆشیاری یان سیاسی (118) کرێکار لەکۆمپانیای نەوت دەرکران‌و عەرەبیان لەجێگا دانرا.. ساڵی 1977 بۆ دروستکردنی جادەی (60)ی سەدان خێزانی کورد لە گەڕەکی شۆریجە بێجێگاو رێگا کران‌و رێگاش نەدرا جارێکیتر لەناو شاری کەرکوك خانوو بکەنەوە، ئەمە جگە لەهەزاران خێزانی کورد لە گەڕەکی کۆماری کە

---

[33] -کێشەی کوردو پێکهێنانی دەوڵەتی عێراق ل28، دکتۆر فوئاد مەعسوم، و.ب.رەوەز

بەعس بەتەواوەتی تەختی کرد. بەگشتی _زیاتر لە36.684کم$^2$ لەخاکی کوردستان بەر شاڵاوی دڕندانەی ڕاگواستن‌و کۆچ پێکردن کەوتوە کە 42.66٪ی خاکی کوردستانی باشور پێک دێنێ)[34]واتە نزیکەی نیوەی خاکی کوردستان بەرشاڵاوی ڕاگواستن‌و کۆچ پێکردن کەوتووە، لەوانە تەنیا ئەوەی لەسەرچاوەکاندا باس کراوە لەسنوری کەرکوک‌و خانەقین‌و دیالە، ئەوەی زانراوە 407گوند کە کۆی خێزانەکانیان لەسەرو (22) هەزار خێزانەوەیە، ئەگەر بۆ هەر خێزانێک (5) سەر خێزان دابنەین کۆی ڕاگواستراوەکان دەکاتە (110) هەزار کەس لەکاتێکدا دەبێ بزانین ئەو گوندانەی گەرمیان‌و خەڵکی گەرمیان بەگشتی زۆریان ئارەزوو لەمناڵی زۆرەو خێزانەکان زۆربەیان لەسەرو (6و 7) کەسەوەن. ئەم ژمارانە دەکەوێتە پێش کارەساتی ئەنفالەوە کە بەتەواوەتی سنوری پارێزگای کەرکوک‌و گەرمیان بەر پاکتاوکردنی ڕەگەزی کەوت‌و شاڵاوی ئەنفال لەتەواوی گوندەکاندا ئاوەدانی نەهێشت‌و سەرجەم ناوچەکە بوو بەناوچەی یاساغ کراو، ئەم حاڵەتە تا ڕاپەڕینی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان درێژەی کێشاو لەدوای ڕاپەڕینەوە تا ئێستا پرۆسەی ئاوەدانکردنەوە زۆربەی گوندەکانی گەرمیانی گرتوەتەوەو تا ئێستا (662)[35] گوند ئاوەدان کراوەتەوە. بۆ زیاتر شارەزابون لەپرۆسەی ڕاگواستن بڕوانە ئەم خشتەیە کە بەشێکی بچوکی ئەو گوندانەیە کە پێش شاڵاوی ئەنفال بەر ڕاگواستن کەوتوون بەهۆی بونی نەوت‌و شەڕی کوردستانەوە:

| ژمارەی ماڵ | ناوی گوند | ژ | ناوی شار | ژ |
|---|---|---|---|---|
| نەزانراوە | مەلا عەبدوڵڵا | 1 | قەزای کەرکوک | 1- |
| نەزانراوە | تۆپزاوە | 2 | یایچی | |
| (100) سەد ماڵ | عەلاوە مەحمود | 3 | داقوق | |
| (25) ماڵ | چەورکە | 4 | | |
| (20) ماڵ | جەبەڵ بۆر | 5 | | |
| (100) ماڵ | قەرە دەرە | 6 | | |
| (30) ماڵ | عەمشە | 7 | | |

34 –م. چیا ئەمنی ستراتیژی عیراق‌و سێکوچکەی..

35 –چوار ساڵ کارو خزمەت‌و بوژاندنەوەو ئاشکراکردنی سیاسەتی ڕاگواستن‌و تەعریب. ئامادەکردنی ڕاگەیاندنی پارێزگای کەرکوک.

| ژ | ناوی شار | ژ | ناوی گوند | ژمارەی ماڵ |
|---|---|---|---|---|
| 2- | قەزای دوبز ناحیەی مەرکەز | 8 | مەرعی | (25) ماڵ |
| | | 9 | قوشقایە | (100) ماڵ |
| | | 10 | قەڵا عەربەت | (15) ماڵ |
| | | 11 | هەنجیرەی بچوك | (30) ماڵ |
| | | 12 | قوتانی خەلیفە | (15) ماڵ |
| | | 13 | قوتانی کوردەکان | نەزانراوە |
| | | 14 | سێکانیان | (50) ماڵ |
| | | 15 | شۆڕاو | (100) ماڵ |
| | | 16 | باجوان | (40) ماڵ |
| | | 17 | شێخان | نەزانراوە |
| | | 18 | گورگە چاڵ | (15) ماڵ |
| | | 19 | نادر ئاوا | نەزانراوە |
| | | 20 | عەلا غێر | (70) ماڵ |
| | | 21 | مامە | نەزانراوە |
| | | 22 | درکەی کوردان | (60) ماڵ |
| | | 23 | ئەبو خورجەی یەکەم | نەزانراوە |
| | | 24 | ئەبو خورجەی دووەم | نەزانراوە |
| | | 25 | شیرناو | (45) ماڵ |
| | | 26 | چەخماخە | (60) ماڵ |
| | | 27 | تەق تەق | نەزانراوە |
| | | 28 | سمایل ئاوا | (8) ماڵ |
| | | 29 | کونە رێوی | نەزانراوە |
| | | 30 | چراغ | نەزانراوە |
| | | 31 | مەلحە | نەزانراوە |
| | | 32 | زەرب کێف | نەزانراوە |
| | | 33 | خانەکە | نەزانراوە |

| ژ | ناوی شار | ژ | ناوی گوند | ژمارەی ماڵ |
|---|---|---|---|---|
| | | 34 | بای حەسەن | نەزانراوە |

36

تـەنیا لەناحیـەی دوبـز (29) گونـد کـە ژمـارەی خێزانـی (17) گونـدیان (781) خێزانــە ئەمــە جگــە لەگونــدەکانی یــارووەلی و ســۆنە گــۆلی و گونــدەکانی ناوچــەی قەرە حەسەن و.. تادوایی.

تا ئەم چرکەساتەش (کاتی نوسـینی لێکۆڵینەوەکە مـانگی 2001/1/6) (108) هـەزار بۆ سنوری سلێمانی و کـەرکوکی ئـازادو (133) هـەزار بـۆ هـەولێر دورخراونەتـەوە ئەڵبـەت ئەوانەی کە نوسراون لای لایەنـە پەیوەنـددارەکان کـە بەگشتی دەکاتـە (241) هـەزار کـەس واتە نزیکەی چارەکە ملیۆنێك ئەمەش لەساڵی (1991 ەوە بۆ ساڵی 2001)ە.

پاشتر لەپاشکۆی ژمـارە (1)دا (راگواسـتن وەك سیاسـەتی جینۆسـاید) زیـاتر لەوبارەیـەوە قسەمان کردووە.

## 2-راگواستنی هەمە بیانوو:

حکومـەتی عیراقـی لـەرێگای هێنانـەوەی بڕوبیـانوی زۆرەوە هەمیـشە ویـستویەتی کـورد لەکەرکوك دوربخاتەوە. بۆ ئەم مەبەستەش پـەنای بردوەتـە بـەر هـەموو کردەیـەك بۆ نمونە:

أ-کاتێك کە مامۆستایەك لەمامۆستا کوردەکانی کـەرکوك بیویـستایە دابمـەزرێ حکومـەت لەناوچـەی (ئۆتۆنـۆمی)دای دەمەزرانـد. بـەم بیـانووە مـاڵو خێزانەکـەی دەگواسـتەوە بـۆ سنوری پیشەکەی. زۆربەی مامۆسـتاکانی کـەرکوك لەسـلێمانی و هـەولێرو قـەزاو ناحیـەکانی ئەم دوو پارێزگایە دادەمەزراند. ئەمە سەبارەت پیشەو کارەکانی دیکەش هەروا بوو.

ب-ئەگەر سەربازێکی کوردی کەرکوك سەربازی نەکردایەو هەڵبهاتایـەو رووی بکردایەتـە گونـدەکان ئـەوا رژێـم کەسـوکارەکەی دەرئـەکردو دەسـتی بەسـەر سـەروەت و سـامانەکەیاندا دەگـرت و بەدەسـتی خـاڵی دەیـانی بـرد لەشـوێنێ دای دەگـرتن دەیگـوت بـڕۆن بـۆ لای کوڕەکانتان.

---

36 – م. چیا ئەمنی ستراتیژی عیراق و سێکوچکەی بەعسیان.

ج-بەبیانوی بیروباوەڕی سیاسیو کوردایەتیو پێشمەرگایەتییەوە پاش گرتنو دەست بەسەرداگرتنی ماڵو خانوو دوور دەخرانەوە.

د-بەنیازی دروستکردنی شەقامێك یان پردێك یان هەر شتێکی لەو بابەتە چەندین خانوی هاووڵاتیانی کوردی تەخت دەکردو ڕێگەشی نەئەدان جارێکیتر لەکەرکوکدا خانوو بکەنەوەو دور ئەخرانەوە بۆ دەرەوەی کەرکوك.

نمونەی (60)مەتری گەڕەکی شۆڕیجە ساڵی (1977).

ئەم ئامارەی خوارەوە پێش کارەساتی ئەنفالو بەتەواوەتی خاپورکرنی کوردستان کراوە بەهۆی شەڕی کوردستانەوە لەپارێزگاری کەرکوكو قەزاو ناحیەکان:.

1-قەزای مەرکەز کەرکوك ناحیەی لەیلان (قەرە حەسەن) (4)گوند (139)خێزان.

2-ناحیەی شوان (9)گوند (339)خێزان.

3-ناحیەیقەرەهەنجیر حکومەت ناوی نا (رەبیع) (8)گوند (350)خێزان.

4-قەزای دوبز ناحیەی ئاڵتون کۆپری (پردێ) گوندەکانی (قەرە سالی سەرو، قەرەسالی خوارو، حەساری گەورە).

5-قەزای دوز ناحیەی سلێمان پاك (سەلمان پاك) (1)گوند (18)ماڵ.

6-ناحیەی نەوجول (16)گوند (970)ماڵ.

7-ناحیەی قادر کەرەم (6)گوند (166)ماڵ.

کۆی گشتی (47) گوند (1982) ماڵ جگە لەنەزانراوەکان[37] پێویستە بڵێین لەکارەساتی ئەنفالدا (1287) گوند کە کۆی گوندەکانی سنوری پارێزگای کەرکوك بوو بەر شاڵاوی ئەنفال کەوتن. گوندە کوردنشینەکان ئێستا لەمانە (625)گوندی تا ئێستا بەخاپورکراوی لەژێر رکێفی بەعس دایە[38] لەشاڵاوی ئەنفالیشدا جگە لەم گوندانە (12)

[37] –چیا. ئەمنی ستراتیژی عیراق و..

[38] –چوار ساڵ کاروخزمەت راگەیاندنی پارێزگای کەرکوك.

ناحیە بەتەواوەتی هەڵوەشانەوە لەوانە قەرە حەسەنو قەرەهەنجیرو قادرکەرەمو رێدار (شوان) ئاغجەلەرو سەنگاو.. تادوایی. بۆ زیاتر ئاگاداربوون بڕوانە ئەم خشتەیەی خوارەوە کە (زیاد عەبدولڕەحمان) لەکتێبەکەیدا (تونی مەرگ) دایگرتووەو ئامارێکی گشتی (10) قەزاو ناحیەیە کە بەر شاڵاوی ئەنفال کەوتوون:

| ژ | قەزاو ناحیە | کۆی گوندەکان | کۆی خانوەکان | کۆی خێزان | کۆی دانیشتوان | کۆی ئەنفال کراو | قوتابخانە | نەخۆشخانە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | تیلەکۆ | 81 | 1364 | 1409 | 7596 | 3680 | 4 | 1 |
| 2 | پێباز | 69 | 1849 | 2003 | 9124 | 4420 | 5 | 1 |
| 3 | قادر کەرەم | 87 | 4041 | 6211 | 3067 | 1486 | 25 | 4 |
| 4 | سەنگاو | 92 | 1970 | 2000 | 8 | 3 | 13 | 3 |
| 5 | کەلار | 24 | 1393 | 1796 | 1015 | 4922 | 7 | 1 |
| 6 | قەرەداغ | 80 | 2241 | 2273 | 9 | 4568 | 30 | 9 |
| 7 | چەمچەماڵ | 65 | 1898 | 1310 | 9430 | 5937 | 15 | 2 |
| 8 | ئاغجەلەر | 67 | 2813 | 2760 | 1225 | 5645 | 10 | 1 |
| 9 | بازیان | 55 | 1482 | 1542 | 4 | 7201 | 20 | 4 |
| 1 | دەربەندیخان | 57 | 2141 | 2159 | 1165 | 3689 | 15 | 7 |
| 0 | | | | | 3 | 5146 | | |
| | | | | | 1486 | | | |
| | | | | | 4 | | | |
| | | | | | 7616 | | | |
| | | | | | 1062 | | | |
| | | | | | 3 | | | |
| | کۆی گشتی | 677 | 21.19<br>2 | 23.79<br>9 | 123.99<br>7 | 60.57<br>6 | 144 | 33 |

[39]

[39] –تونی مەرگ، زیاد عەبدولڕەحمان. ل124، چاپی/ 1995.

هەڵبەت ئەم ژمارە هێشتا تەواو نیەو سەدان کەس نەنوسراوە یاخود ئەو دەمە لەژێر دەسەڵاتی رژێم بوونە لەسنوری کەرکوكو تکریتو حەویجە لەگەڵ ئەوەشدا:

1-رێژەی سەدی ئەنفال کراوەکان بۆ کۆی گشتی دانیشتوان برتیە لە48.45٪.

2- ئەم ژمارەیە بەبێ مەرکەزی قەزاو ناحیەکانە[40].

ئەمە جگە لەوەی ئەم ئامارە ناوچەی شوانو ناحیەیرێدارو قەرە حەسەنو سەرجەم گوندەکانی ئەو ناحیەو بەشێك لەگوندەکانی جەباریو بان ساڵەیو شێخ بوزێنیو گوندەکانی پردێی تیا نیە.

## بیانوی ئەنفالی کوردستان زۆر بوو لەوانە:

1-دانیشتوانی گوندەکان هاوکاری پێشمەرگە (یاخی بووە تێکدەرەکان) دەکەن ئەمە بەڕونی لەقسەکانی (عەلی حەسەن ئەلمەجید) لەکاسێتی تۆمارکراو دەردەکەوێ دەقی کاسێتەکە کاتی خۆی لەژمارەکانی رێگای کوردستانو لەکتێبی (جینۆساید لەعێراقداو پەلاماری ئەنفال بۆ سە کورد)یش هەندێکی بڵاوکراوەتەوە.

2-پێشمەرگە (یاخی بووە تێکدەرەکان) دەستی بێگانەیان راکێشایە کوردستانەوە) حکومەتی عیراقی بەردەوام بەگومانەوە لەو پەیوەندیەی نێوان کوردو ئێران دەڕوانیو بەبەشێك لەنۆکەرایەتی بۆ بێگانە لێکی دەداتەوەو بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردیش بەخەڵکانی تێکدەرو بەکرێگیراو پێناس دەکات.

3-لەنەمانی گوندەکاندا پەنا بۆ پێشمەرگە (یاخی بوو-تێکدەرەکان) نامێنێ. هەر بەڕاستیش وادەرچوو نەمانی گوندەکان کارێکی نێگەتیفی گەورەی کردە سەر هێزی پیشمەرگەو بارودۆخێکی خراپ بۆ پێشمەرگە هاتە پێشەوە. بۆ ئەم مەبەستە بڕوانە بیرەوەریەکانی ئەو پێشمەرگانەی پاش روخانی گوندەکان لەکوردستان مانەوە لەوانە بیرەوەریەکانی پێشمەرگەی شەهید (مەحمودی مامە عەزە) کە تەنانەت هاوڕێکانی خۆی خیانەتی لێدەکەن. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا لەناوشاری کەرکوك بەعس بەردەوام لەهەوڵی ئەوەدابوو کورد لەگەڵ تورکمان، تورکمان لەگەڵ عەرەب، کورد لەگەڵ عەرەب ئەمانە بکاتە گژیەکداو ئاژاوە بنێتەوە تا بیانوی ئەوەی دەس بکەوێ کە سەرکوتی کورد بکات.

---

[40] –تونی مەرگ، زیاد عەبدولڕەحمان ل124، چاپی/ 1995.

سەیر لەوەدایە بەعس چارەنوسی تەبەقچەلیو کارە دزێوەکانی دەزانیو کەچی هێشتا لەسەر ئەو میراتەکاری دەکرد. پێویستە لێرەدا بڵێین ئەم کردانە راستە راستەوخۆ لەگەڵ کورددا بەرێخراوە، بەڵام تورکمانیش بێبەش نەبووەو هەڵمەتی کوشتنو برینو راونان تورکمانو مەسیحیو ئەوانی دیکەشی گرتوەتەوە. جێی داخە ئەو گەلانە زۆر جار هەندێکیان مێژوویی پێکەوەژیانو هەموو بەها پیرۆزو پڕ بایەخەکانیان لەبیرکردووەو بەفیتی دەسەڵاتداران دەستیان چوەتە خوێنی کورد. سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە گوایە زۆرێك لەو شۆفێر کۆبتەرانەی هێرشیان دەکردە سەر ماڵو سامانی کورد لەبرا (غەیرە عەرەبەکان) بون. لەدوا جاردا جگە لەڕاگواستنی ئیداری کە پێشتر باسمان کرد بەعس کەوتە سڕینەوەی شوێنەواری لەمێژینە لەو شارەداو بەتەواوەتی قەڵای دێرینی کەرکوکی وێران کرد. کە یەکێ لەسیما شارستانیەکانی ناوچەکەو دەستەخوشکی قەڵای دێرینی هەولێر بوو. ئەم قەڵایە لانی کەم (500)خانووی بەسەرەوە بوو کە هەندێ لەو خانوانە دووماڵو سێ ماڵی تێدا بوو نزیکەی (3-4) هەزار هاووڵاتی لەسەر ئەو قەڵایە دەژیا. لەگەڵ هەموو ئەم سڕینەوەو کوشتو بڕو لەناودانەی بەرامبەر کورد دەکراو کراو کورد هەمیشە هەوڵی داوە لەگەڵ دانیشتوانی کەرکوك تەنانەت لەگەڵ ئەوانەش کە وەکو داگیرکەر هێنراونەتە ئەو شارە ویستویەتی بەئاشتی بژێت لەبەرئەوە لەبنەڕەتدا کورد لەوە گەیشتووە ئەگەر ئاشتی نەبێت هەرگیز ئەم شارە ئاسودەییو پێکەوە ژیان بەخۆیەوە نابینێ.

## (سەرژمێری ساڵانی 1957و 1977)

## *رێژەو سەرژمێریەکان:

لێرەدا دێینە سەر ئەو رێژەو سەرژمێریانەی بەردەوام حکومەتە عەرەبیەکانی عیراق لەکەرکوکدا لەهەوڵی گۆڕینو دەسکاریکردنیدا بوونە بەخزمەتی نەتەوەی عەرەب کاتێ بەوردی تەماشای ئەو رێژەو سەرژمێریانە دەکەینو ئەودەسکاریو یاریکردنە دەبینین کە حکومەتە یەك لەدوایەکەکانی عیراق لەپارێزگای کەرکوك کردوویانە بەڕاستی تاس دەمانباتەوە لەگەڵ ئەوەشدا پێکەنینمان بەئەقڵی سەرانی بەعس دێت کە بەو شێوە ناشرینە رووی خۆیان نیشانی دنیا دەدەن بۆ نموونە ئەمە کارەسات نەبێت چیە؟ رێژەی زیادبوونی عەرەب لەم شارەدا بەردەوام بەشێوەیەکی خەیاڵی هەڵکشێتو لەبەرامبەردا

کوردو تورکمان بچنە ئاو. تەماشای ئەم بەرزبوونەوەی کێرڤی زیادبوونەی عەرەب لەکەرکوك:

| | |
|---|---|
| **ساڵی 1957** | **28٪** |
| **ساڵی 1965** | **39٪** |
| **ساڵی 1977** | **44٪** [41] |

ئەڵبەت لەساڵی 1987یشدا ڕێژەکە بەرزبوەتەوە دەبێ ئەوە بزانین کە لەکۆتایی سیەکان تا ساڵی (1940) حکومەتی عیراق (27.705) عەرەبی هێناوەتە دەشتی حەویجە نیشتەجێی کردوون. ئەو عەرەبانە لەهۆزەکانی (ئەلعوبێد جبورو ئەلبو حەمدان) بوون. لەساڵەکانی دواتردا بەتایبەتی لەسەردەمی دەسەڵاتی بەعسدا ئەو ژمارەیە بەرزبووە، بۆ دەیان هەزار کەس هەر بۆیە گەلی کورد ناتوانێ و ڕێگا بەخۆی نادات دان بنێ بەهیچ یەکێ لەو سەرژمێریانەی حکومەتەکانی عیراق کردویانە، چونکە لەهیچ یەکێ لەئان و ساتەکاندا دیموکراسیەت لەعیراقدا نەبووە، بارودۆخی کوردستان ئارام نەبووە. زۆرێك لەخەڵکانی کورد لەبەر هەر هۆیەك بێت نەیانوێراوە ناسنامەی نەتەوەیی خۆیان ئاشکرا بکەن و ڕاستیەکە بنوسن. سەرژمێریەکە تەواوی دانیشتوانی نەگرتوەتەوەو بەهەر بیانویەك بێت دەست بەرداری چەندین شوێنی بوونە.

تاکە سەرژمێریەك کە لەم نێوانەدا گەلی کوردو بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد پشتی پێببەستێ و لەوانی دیکە بەڕاست تری بزانن. سەرژمێری ساڵی (1957)ە. لەڕاستیدا ئەم سەرژمێریەش گومان هەڵدەگرێ، بەلام ڕاست ترینیانە لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ بزانین هەر لەزووەوە شیرکەتی نەوتی کەرکوك (کۆمپانیای نەوتی کەرکوك) شۆڤێنیست و ناسیونالیستە عەرەبەکانی لەمەترسی زیادبونی کورد لەکەرکوك ئاگادارکردبوەوەو پێی ڕاگەیاندبوون کە بەرزبوونەوەی ڕێژەی لەدایك بوون لەناو خێزانە کوردەکان و زیادبونیان بەشێوەیەکی ترسناك هەڕەشە لەئاسایشی نەتەوەی عەرەب دەکات، پێشتر ئاماژەمان بەوەدا کە لەکۆتایی سەدەی نۆزدەدا کاتێ تیمە پشکنەرەکانی جیۆلۆجی ئەڵمانی دەرکیان بەبونی دەریا نەوتی ژێر خاکی کوردستان کرد، مرخیان لەم ناوچەیە خۆش کرد ساڵانی بەر لەجەنگی یەکەمی جیهانی کێ بەرکێیەکی باش لەسەر نەوتی کەرکوك لەنێوان بەریتانیاو تورکیاو روسیاو

---

[41] -جوگرافیای دانیشتوانی کوردستان ل30، عەبدوڵلا غەفور.

ئەمریکاو فەرەنساو ئەڵماندا کرا بۆ بونە خێوی ئەم نیعمەتە کە بەدرێژایی ساڵانی دواتر تا ئەمڕۆ باشترین چەکی هەڵکشانی باری ئابوریە ئەگەر بەدەست پیاوی ژیرەوە بێت ئەوەبو دواتر بەریتانیا داشی سوار بوو بەسەر ئەوانی تردا هەر چەندە بەریتانیا براوەی یەکەم بوو، بەڵام داگیرکەرەکانی جەنگی بێبەش نەکردو فەرەنساو ئەمریکاو تەنانەت ئەڵمانیاو تەنانەت پیاوێکی وەك (کۆلبەنکیان)یش پشکیان هەبوو لەو نەوتە. گەر فەرەنسا بایەخی باشوری کوردستان و ویلایەتی موسڵی زانیبا لەو بارەیەوە هەرگیز بۆ بەریتانیا دەستی لێهەڵنەدەگرت. بەریتانیاو عێراقی عەرەبیو تورکیای عوسمانی لەسەر ویلایەتی موسڵ کەتەواوی (عێراقی شیمالی) کوردستانی باشور دەگرێتەوە مشتومڕێکی زۆریان کرد، تورکیا دەیویست بەهەر شێوەیەك بێت ویلایەتی موسڵ ببەستێ بەوڵاتەکەی خۆیەوە بۆ ئەم مەبەستەش پەنای بۆ پڕوپاگەندەی یەك رەگەزیو یەك ئایینیو یەك رەچەڵەکی دەبرد. بەو نیازە زۆر هەوڵی لەگەل ئاغاو دەرەبەگو پیاوە ئاینیەکانی کورددا. لەم بارەیەوە هەوڵەکانی ئۆزدەمیر وەکو رۆژی روون دیارە. جێی داخە کوردیش ساویلکەبووەو دوای هەڵای ئاین کەوتووە. شەڕی شوعەیبە بەجیهاد زانراوەو دوسێ هەزار کورد لێرەوە چوونەتە جیهاد هونەرمەندێکی وەك کاوێس ئاغاش لەلاوکی شێخ مەحمودا دەڵێ (هاوار بکەنە تورکا کورد خائینە) ئەمە نیشانەی ساویلکەیی نەبێت هیچی تر نیە. تورکەکان کوردیان بەتورکی کێوی لەقەڵەم ئەداو سوکایەتیان پێئەکرد. ئەتاتورك پێش گەیشتنە دەسەڵات لەنێوماڵی کوردەوە دەستی پێکردو هەزار بەڵێنی درۆی بەکورد دا کەچی دواتر پشتی کردە سەرجەم قسەو بەڵێنەکانیو کوردی بەکۆنەخوازو کۆنەپەرستو گەڕانەوە بۆ سەردەمی عوسمانی تاوانبار کرد. لەوێ تەنانەت منداڵانی کورد فێرکرابوون بڵێن (بەختەوەر ئەو کەسەیە بڵێ تورکم) تا ئێستا لەئەتاتورکەوە ئەم هەوڵی سڕینەوەیە لەسەر دەستی ژەنەراڵەکانی تورك بەرێوەدەچێ. هەریەکە لەجەلال بایار عەدنان مەندەریس، چیللەر، مەسعود یەڵماز، بلند ئەجەویدو هاوکارەکانیان یەك شێوەنو گەورەترین هیوایان تورکاندنی کوردە، بەم شێوەیە تورك لەزۆر رێگاوە دەیویست رێژەی تورك لەویلایەتی موسڵ سەربخاتو بەدەیانبیانوی هەمەجۆر ویلایەتی موسڵ ببەستێ بەتورکیاوە. بەریتانیاو عێراقی عەرەبیش دەیانویست ویلایەتی موسڵ بخەنە سەر عێراقی دروست کراو وەك خرا ئەمەش بەوە دەکرا کە رێژەی عەرەب لەویلایەتەکەداو بەتایبەتی لەدوو شارە گرنگەکەی موسڵو کەرکوك بەرزبکرێتەوە. لەکاتێکدا کەرکوك گەورەترین

شاری کوردستان بوو بۆ مەبەستی زیادکردنی ڕێژەی عەرەب پێش عیراقی عەرەبی بەردەوام لەهەوڵی ئەوەدا بوو.

1-زۆربەی کوردەکان لەسەرژمێریو ریفراندۆمەکاندا بکات بەعەرەب وەك پێشتر رونمان کردەوە. بۆ ئەم مەبەستەش پەنای بردە بەر زۆر هۆو فاکت.

2–بەرژەوەندی دینیو ئینتەرناسیونالیستی ئیسلامی بۆ پێکانی مەبەستی سەرەوە بەکارهێنا. سەیر لەوەدایە ئەوانەی کە لەناو عەرەبدا باس لەبرایەتیو دۆستایەتی کوردو عەرەب دەکەن، باوكو فرزەندانە دەڕواننە ئەو پرسەو پێیان وایە پێویستە کورد لەقسەی عەرەبی دین برا دەرنەچێت، بەلاّم برایم ئەحمەد جوانی وتووە:

(لا نريد ان نكون تحت الشعوب ولا فوقها وانما نريد ان نعمل معها في سبيل الانسانيه واسعادها واننا نناضل لكي نستبدل الحرب بيننا وبين حكامنا بالسلم على قدم المساوات وحتى يحل الحب والوئام محل الحقد والكراهية في القلب)[42].

عەرەب نەك وای نەکردووە بەتایبەتی لەسەردەمی بەعسدا بگرە کار بۆ ئەوە کراوە کوردو عەرەب بەردەوام وەك دوو دوژمنی یەکتر سەیری یەك بکەن.

3-سنوری پارێزگای موسڵی بچوكو بچوکتر کردووەتەوە بۆئەوەی نەوەك ڕۆژێ لەڕۆژان کێشەی ویلایەتی موسڵ زیندوبکرێتەوە لای کوردەوە بێت یان لای تورکەوە ئەم مەبەستانەش بەعەرەباندنی (کوردستانو بەرتەسك کردنەوەی سنوری کوردستانی باشور ئەنجام دراوە) لێرەدا بۆ رونکردنەوەی پتر لیستەکان خۆیان ئەکەین بەشایەت، بۆ گەیشتن بەبڕیارێکی گونجاوو یەك لاییکردنەوەی کێشەی موسڵ بڕیاری پێکهێنانی لیژنەی لێکۆڵینەوە دراو لیژنەکە ساڵی (1925) لەکۆمیسیۆنی گەلان پێك هات بۆ گفتوگۆو خوێندنەوەی کێشەی ویلایەتی موسڵ لەسنوری ویلایەتەکەدا (3) لیست بە(3) ڕێژەی جیاواز ڕاگەیەنرا بەم شێوەیە:

1-لیستی سەرمێژی لەلایەن ئینگلیزەوە

ژمارەی کورد 424.720کەس

ژمارەی عەرەب 185.763کەس

---

[42] –الاكراد والعرب ابراهيم احمد ص1961/29.

2-لیستی سەرژمێری لەلایەن عێراقی عەرەبییەوە

ژمارەی کورد 494.007کەس

ژمارەی عەرەب 166.941کەس

3-لیستی سەرژمێری لەلایەن تورکیاوە

ژمارەی کورد 263.830کەس

ژمارەی عەرب 43.210کەس[43]

بەگشتی ژمارەی دانیشتوانی لیواکە بەم جۆرەبوو:

| نەتەوەکان | **تورکیا** 1923 | **بەریتانیا** 1921 | **عیراق** 1922 |
|---|---|---|---|
| کورد | 263.830 | 424.720 | 494.007 |
| عەرەب | 43.210 | 185.763 | 166.941 |
| تورکمان | 146.960 | 65.893 | 38.652 |
| یەهودی (جو) | 31.000 | 62.255 | 61.338 |
| یەزیدی | 18.000 | 30.000 | *26.257 |
| کۆچەری | 170.000 | ——— | ** ——— |
| مەسیحی | ——— | 16.837 | 13.977 |
| بەگشتی | 673.000 | 785.468 | 801.170 |

44

[43] –کەرکوك و سیاسەتی تەعریب ل14، (ی.ن.ك) ئازاری 1985.

* یەزی نەك یەزیدی. هەمو سەرچاوەکان کۆکن لەسەرئەوەی کە ئاینێکی کۆنی کوردەواری و ئەم رەگانە، یەزدی، کاکەیی، هاواری، هەموو لەیەك سەرچاوەوە هەڵدەقوڵێن دواتر گۆڕانیان بەسەردا هاتووەو ئەمانە هیچ پەیوەندیەکیان بەیەزیدی عەرەبەوە نیە. یەزد: یەزدان.

** کۆچەری مەبەست کوردە کۆچەریەکانە لەوانە جاف و هەرکی و ئەوانەی برادۆست تورکەکان ویستویانە بەوەش شتێ لەڕێژەو ژمارەی کورد کەم بکەنەوە.

[44] –کوردستان و کورد، د.عەبدولڕەحمان قاسملو، ل79.

ئەگەر سەیری (3) لیستەکەی پێشوو بکەین کە لێرەشدا دیسان ئاماژەی پێدراوە بەئاشکرا بەرزی ڕێژەی ژمارەی کوردی لیواکە دەردەکەوێ کە لەسەروی ئەوانیترەوەیە بەتایبەت عەرەب هەروەها ناڕاستی لیستەکەی حکومەتی تورکیا. لەهەمووی سەیرتر ئەوەیە کێشە کێشەی گەلی کوردەو ڕێگە نەدراوە، یان هەر مەبەست نەبوو یان کورد خۆی ئەوەی لەباردا نەبووە لیستێك ئامادە بکات، چونکە هیچ سەرچاوەیەك باس لەوە ناکات کورد خۆی هەوڵی ئەوەیدابێت خۆشی سەرژمێریەك بکات لەبەرئەوەی لەهەمویان زیاتر پرسەکە پەیوەندی بەکورد خۆیەوە هەیە. هەر ئەو ساڵە (1925) سەرژمێریو ڕێژەی دانیشتوانی شاری کەرکوك بەم جۆرەی خوارەوە بووە کە ئەمیش بەهەمان جۆر کورد خۆی نەلیژنەی سەرژمێری هەبوەو نەنوێنەری لەلیژنەکاندا بووە ئەگەرچی بەحساب کۆمسیۆنی کۆمەڵەی گەلان بۆ خۆی لەبری کورد سەرژمێریەکەی ئەنجام داوە!!

1-سەرژمێری کۆمسیۆنی کۆمەڵەی گەلان

| | | |
|---|---|---|
| کورد | 87.500 | ٪63 |
| عەرەب | 25.250 | ٪18 |
| تورکمان | 26.100 | ٪19 |

2-سەرژمێری عیراقی عەرەبی

| | | |
|---|---|---|
| کورد | 81.400 | ٪59.5 |
| عەرەب | 26.654 | ٪19.5 |
| تورکمان | 28.741 | ٪21 |

شاکر خصباك خاوەنی عیراقیو شیمالیو کوردەکانو کێشەی کوردو زۆر لێکۆڵینەوەی تر لەسەر کورد، هەرچەندە لێکۆڵینەوەکانی تاڕادەیەکی زۆر بایەخێکی زانستیان هەیە لەگەڵ ئەوەشدا وەکو عەرەبێك نوسیویەتی سەبارەت ڕێژەی سەدی کورد لەکوردستانی باشور دەنوسێ:

1-سلێمانی ٪100 کوردن

2-هەولێر ٪91 کوردن

3-کەرکوك ٪52.5 کوردن

4-موسڵ ٪35 کوردن[45]

---

45 –کرکوك. لمحات تاریخیە. لیلی نامق جاغ، ل9.

ڕێژەی دانیشتوانی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان (باشوری کوردستان) بەپێی زمانی دایك لەساڵی 1957دا بەم جۆرەی خوارەوە بووە:

| پارێزگا | کورد ٪ | عەرەب ٪ | تورکمان ٪ | سریانی ٪ | ئەوانیتر ٪ | سەرجەم ٪ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| موسڵ/ نەینەوا، دهۆك | 30.8 | 56 | 4.8 | 6.2 | 2.2 | 100 |
| هەولێر | 89 | 6.5 | 2.5 | 1.8 | 0.13 | 100 |
| سلێمانی | 98.6 | 1 | 0.1 | 0.1 | 0.2 | 100 |
| کەرکوك | 48.5 | 28.2 | 21.2 | 0.5 | 1.6 | 100 |
| هەرێمی کوردستان | 56 | 32 | 7.3 | 3 | 1.7 | 100 |
| عیراق | 16.6 | 79.2 | 2.1 | 0.9 | 1.2 | 100 |

[46]

ئەوەی مایەی لەسەر وەستانە ئەوەیە لەبری ڕێژەی کورد دوای (20) ساڵ لەساڵی (1977)دا زیاد بکات کەم دەکات لەکاتێکدا ڕێژەی لەدایك بوون لەشاری کەرکوك لە (10) لیوای تر باشترە بۆ نمونە ڕێژەی لەدایك بونی ئەم (11) شارە بڕوانە:

| | | | |
|---|---|---|---|
| کەرکوك | 5.5 | کەربەلا | 4.7 |
| حلە | 4.2 | دیوانیە | 3.5 |
| هەولێر | 2.9 | کوت | 2.7 |
| دولێم | 2.6 | سلێمانی | 2.3 |
| عەمارە | 3.1 | مونتەفیك | 2.1 [47] |
| دیالە | 3.5 | | |

تەنیا بەغداو بەسرەو موسڵ ڕێژەی لەدایك بونیان لەکەرکوك تیا بەرزترە لەبەرامبەردا ساڵی (1977) ڕێژەکان بەم جۆرەیان لێدێت.

ڕێژەی نەتەوەکان لەپارێزگاکانی هەرێمی کوردستانو عیراق ساڵی 1977:

---

[46] –پێکهاتەی نەتەوەیی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان لەنێوان ساڵانی (1957–1977) جەزا تۆفیق تالیب کەرکوك ژمارە 2+3، ل44.

[47] –ئاراستەی گشتی پەرەسەندنی دانیشتوانی لیوای سلێمانی/ د.شاکر خەسباك وەرگێڕانی لەئینگلیزیەوە عەتا قەرەداغی/ کورتەیسەرژمێری ساڵی 1954 ل263.

| پارێزگا | کورد ٪ | عەرەب ٪ | تورکمان ٪ | سریانی ٪ | هیتر ٪ | سەرجەم ٪ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| دهۆك | 76 | 18.5 | 0.2 | 5 | 0.2 | 100 |
| نەینەوا | 13.5 | 85.4 | 0.8 | 0.11 | 0.3 | 100 |
| هەولێر | 86 | 10.4 | 1.6 | 1.7 | 0.22 | 100 |
| سلێمانی | 94 | 5.5 | 0.1 | 0.06 | 0.7 | 100 |
| کەرکوك | 37.6 | 44.4 | 16.3 | 0.9 | 0.3 | 100 |
| هەرێمی کوردستان | 53.3 | 42.2 | 3.3 | 0.85 | 0.3 | 100 |
| عیراق | 16.1 | 81.7 | 1.2 | 0.6 | | 100 |

[48]

جگە لەعەرەب بەرێژەیەکی بەرچاو هەموو ئەوانیتر کەمیان کردووە، عەرەب بەرزبۆتەوە، زۆرترین رێژەی دابەزینی کورد دەکەوێتە پارێزگای کەرکوکەوە لە48.5٪ دابەزیوە بۆ 37.6٪ لەکاتێکدا عەرەب لە28.2٪ سەرکەوتووە بۆ 44.4٪!!!

ئەمە جگە لەوەی دەسکاریکردنێکی ترسناکە نیشانەی نائارامی کوردستانیش دەگەیەنێ، لەتەواوی سەرژمێریەکاندا بەهۆی کۆچ و کۆچ بەری و باری نائاسایی کوردستان و دورەشاری هەزاران کەس نەخراونەتە لیستی سەرژمێریەوە جگە لەوەی لەزۆر شوێنی وەك بەدرەو جەسان و شارەبان و خانەقین و مەندەلی بەبیانوی فارسی بوون و ئێرانی بوونەوە هەزاران کەس حساب نەکراوە هەر بۆ نموونە لەساڵی 1987یشدا دەیان هەزار خێزانی کورد سەرژمێری بۆ نەکرا.

***سەرژمێری ساڵی 1957و 1977 بەراوردێك:**

[48] –پێکهاتەی نەتەوەیی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان لەنێوان ساڵانی 1957–1977 جەزا تۆفیق تالیب. کەرکوك ژمارە 2+3، ل45.

لەهەموو سەرژمێریەکاندا گەمەی کەم بونەوەی کوردو هەڵکشانی ژمارەی عەرەب دوبارە دەبێتەوە بۆ نمونە 1957 باشترە لە1965، 1965 باشترە لە1977، 1977یش باشترە لە1987 رژێمە یەك لەدوایەکەکانی عیراقی عەرەبی هەردەم کردەی هەڵبژاردنیان بۆ بەرژەوەندی عەرەبو دەسەڵاتی عەربی بەکارهێناوە. ئێمە لەم پەرەگرافەدا ئەمانەویّ بەراوردێکی نێوان ساڵی 1957و 1977 بکەین تا رادەیەك بگەینە حەقیقەتی ئەو یاریکردنە، سەرژمێری ساڵی 1957 لەبەشەکانی پێشودا باسی ئەوەمان کرد کە تا رادەیەك لەسەرژمێریەکانیتر زانستیانەترو باشترە هەر بۆیە کوردیش متمانەی پێیەتی، بەپێچەوانەی ئەمیانەوە سەرژمێری (1977) سەرژمێریەکی تابلۆی پڕ فڕوفێڵو ساختەکارانەیە، ئەڵبەت ئەمە ناکاتە ئەوەی کە سەرژمێری سالانی 1965و 1987 باشترو پوخت ترن لەوەی 1977 نەخێر بگرە ئەو دوانەی پێشوو بەجۆرێك لەدرۆ هەڵکێشراون کە لەرسوایی بۆ دەسەڵاتدارانی عیراقی عەرەبی بەولاوە هیچی دیکە ناگەیەنن. مێژوونوس عەبدولرەزاق حسن لەعیراقی کۆنو نویدا پێکهاتەی پارێزگاو قەزاو ناحیەو روبەرو ژمارەی خەڵکی سەر بەلیوای کەرکوك ساڵی 1955 بەم شێوەیە دیاری دەکات.

| ناوی لیوا | قەزاکان | ناحیەکان | روبەر بەکیلۆمەتر چوارگۆشە | ژ. خەڵك |
|---|---|---|---|---|
| کەرکوك | مەڵبەندی کەرکوك<br>کفری<br>چەمچەماڵ<br>دوزخورماتوو | قەرە حەسەن، شوان، پردێ، حەویجە<br>قەلای شیروانە،پێباز، قەرەتەپە<br>ئاغجەلەر، سەنگاو<br>داقوق، قادر کەرەم | 5702<br><br>5221<br>2455<br>6998 | 147.806<br><br>49.359<br>29.811<br>59.029 |

49

[49] -العراق قديماً وحديثاً، ص93، د.عبدالرزاق الحسني.

لەو ساڵەشداو لەو کاتەشدا لەنزیکەی ئەو (300) هەزار سەرنشینەی لیوای کەرکوک ژمارەی کورد بەتەنها لەژمارەی عەرەبو تورکمان پێکەوە زۆر زیاترە، ئەمە جگە لەوەی باسی ئەوەمان کرد کە سەرجەم سەرژمێریەکان پڕە لەکەموکوڕیو زۆر شوێنی وەك خانەقینو مەندەلیو شارەبانو قۆرەتوو شوێنەکانی دیکەی تیا نیە.

د.خەلیل ئیسماعیل دەنوسێ (ساڵی 1975 تا ساڵی 1977 عەرەب ساڵانە ڕێژەی 5٪ زیادی کردووە)[50] هەر بەم شێوەیەو لەژێر سایەی رژێمی عێراقی عەرەبیدا(زیادبونی دانیشتوانی عەرەب لەپارێزگای کەرکوك بەڕێژەی پتر لە 90٪ پەرەی سەند)[51] لەساڵی 1957دا عەرەب 28.2٪و ساڵی 1977 بوەتە (44.4)٪ە، واتە ڕێژەی زیادبوونەکە (16.2٪)یە بەرامبەر بەم پەرەسەندنە لەڕادە بەدەرەی عەرەب، کوردو تورکمانو کەمایەتیەکان بەردەوام لەدابەزینو کەم بونەوەدابوونە بەتایبەتی کورد لەم نەخشەیەی خوارەوەدا بەم شێوەیە بەرزبونەوەی ڕێژەی عەرەبو نزم بوونەوەی ڕێژەی کوردو تورکمان سەرسوڕهێنەرانە بەدیاردەکەوێ:

| کورد | | عەرەب | | تورکمان | |
|---|---|---|---|---|---|
| 1957 | 1977 | 1957 | 1977 | 1957 | 1977 |
| 48.3 | 37.5 | 28.2 | 44.4 | 21.4 | 11.4 |

[52]

ئەمە بەرهەمی جموجۆڵی بێوچانی بەعسیە فاشیەکانە بۆ دابڕانی کەرکوك لەکوردستان لەکاتێکدا لەکۆی (17) هۆزی نیشتەجێی لیوای کەرکوك لەساڵی (1936)دا 13یان کوردن هەروەها لەعیراقی کۆنو نوێدا ناوی (18) عەشیرەتی کورد دێنی لەسنوری پارێزگای کەرکوك بەم چەشنە:

(جاف، تاڵەبانی، داودە، کاکەیی، شوان، ساڵەیی، شێخ بوزێنی، هەمەوەند، جەباری، دەلۆ، شێخان، زەنگەنە، زەند، ڕۆژبەیانی، بالانی، گێژ، لەك، ئەلۆوەند) جگە لەمانە هۆزی دیکەش هەن باس نەکراون لەوانە شێخانی بەرزنجە کە ژمارەیەکی زۆریان لەسنوری پارێزگای کەرکوك نیشتەجێن لەسەنگاوو قادر کەرەمو هەروەها شێخانی قەڵاسێوکەو لوڕو.. تادوایی.

لەلایەکی ترەوە (چیا) لەتوێژینەوەکەی خۆیدا کە نرخو بەهایەکی چاکی هەیەو ماندوبونێکی زۆری پێوە دیارە ناوی دوازدە هۆزی کورد دێنێ لەسنوری پارێزگای کەرکوك بەم شێوەیەی خوارەوە (لێرەدا نەنوسراوە چ ساڵێك زۆر گەڕام بەرچنگم

[50] –دوراییە مێژووییەکانی دابەشبونی جوگرافی عەرەب لەعیراق د.خەلیل ئیسماعیل، سیاسەتی دەولی6.

[51] –هەمان سەرچاوە، سیاسەتی دەولی ژمارە6.

[52] –هەمان سەرچاوە، سیاسەتی دەولی ژمارە 6.

نەکەوت، هەر بۆیە وەك خۆی نوسیمەوە هەرچەندە من گومانم هەیە ئەمە بۆ کاتی نوسینی کتێبەکە بێت).

| ژ | هۆز-عەشرەت | ژمارەی ماڵ |
|---|---|---|
| 1 | پالآنی | 350 |
| 2 | تیلشانی | 150 |
| 3 | زەنگەنە | 450 |
| 4 | تاڵەبانی | 1050 |
| 5 | جەباری | 500 |
| 6 | ساڵەیی | 200 |
| 7 | بیبانی | 400 |
| 8 | زەند | 600 |
| 9 | داودە | 1000 |
| 10 | لەیلانی؟! | 500 |
| 11 | شوان کێشكو فاسە | 2000 |
| 12 | شێخ بوزێنی | 600 |
| | 12 هۆز | 7800 ماڵ |

*

سەرەڕای ئەم راستیانەش حکومەت دوا تەقەلای بۆ بنبڕکردنی کورد لەکەرکوك پرۆسیسی ئەنفال بوو حکومەتی بەعس بەجارێ زارەترەکی لەڕێژەی زیادبوونی لەدایك بوون لەناو کورددا لەکەرکوك چوو بوو لەماوەدای (20) ساڵی (1957 بۆ 1977) کە بەگشتی رژێمی بەعس نزیکەی (10) ساڵ لەسەر کورسی دەسەڵات بووەو هەندێ جاریش هاوبەش بووە تێیدا، دەردەکەوێ چ کارێك بەکورد کراوە کۆتایی ئەم بەشەش بەم بەراوەدەی د.خەلیل ئیسماعیل دێنین کە لەسیاسەتی دەولی ژمارە (6)دا کردوویەتی.

ئەم بەراوردە لەپارێزگای کەرکوك بەپێی رەگەز بۆ هەردوو ساڵی (1957و 1977)ە بۆ دەرچونی رێژەی سەدی.

پێشتر ئێمە هەردوو سەرژمێریو رێژە سەدیەکەمان داگرتووە:

* لەوەدەچێ لەیلانی مەبەستی بان قەرە حەسەن بێت کە ئەوە تێکەڵەیەکی چڕە لەهۆزو عەشیرەتەکان. هەروەها ئەو ژمارە ماڵانە زۆر کەمە مەگەر بگەڕێتەوە بۆ سەردەمی سەرەتای هاتنی ئینگلیز.

| نەتەوە | ساڵی 1957 | ساڵی 1977 |
|---|---|---|
| کورد | ٪48.3 | ٪37.6 |
| عەرەب | ٪28.2 | ٪44.4 |
| تورکمان | ٪21.4 | ٪16.3 |
| هیتر | ٪2.1 | ٪1.7 |
| سەرجەم | ٪100 | ٪100 |

خوێنەر تێدەگات جگە لەعەرەب ڕێژەی دابەزینی نەتەوەو کەمایەتیەکانی دیکە چەند جێی سەرسوڕمانە، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا کەرکوك بەکوردستانی دەمێنێتەوە. شوێنەوارەکانی، ئاووهەواکەی، گۆڕستانەکانی، مێژووەکەی گەواهی ئەم راستیە دەدەنو لەو شارەدا نەك گۆڕستانێك بگرە(100) ساڵ لەمەوبەر یەك گۆڕی عەرەب نیە.

## پاشکۆی -1-

### راگواستن وەك سیاسەتی جینۆساید

**سەرەتا:**

هەر لەسەرەتای دروستبونی حکومەتی عیراقیەوە، 1921، پرۆژەی تەعریبی ناوچە کوردنشینە نەوتیەکان دەستی پێکرد لەموسڵو کەرکوك، ئەو مشتومڕەی لەسەر کێشەی موسڵ کرا وای کرد کە عەرەبەکان بیر لەوە بکەنەوە رۆژێ لەڕۆژان ئەم ناوچانە بەتەواوەتی لەکورد پاك بکەنەوە، هەڵوەشانەوەی پارێزگای موسڵ بەو شێوەیەو بەعەرەبکردنی ناو شارەکەو شوێنە بایەخ دارەکان سەرەتای ئەو کارەبوو، ئەوەبوو لەپارێزگای موسڵ ئەم سیاسەتە سەریگرتو ئێستا کورد خۆیشی کەمتر قسە لەسەر ئەو شارە دەکات، لەگەڵ لکاندنی باشوری کوردستان بەعیراقی عەرەبیەوە ساڵی 1925 بەدواوە

سیاسـەتی تـەعریب بەشـێوەیەکی بـەربلاو دەسـتیپێکردو هـەر لەسـاڵانی 1930 بـەدواوە مەلیکەکانی عیراق بۆ بەعەرەبکردنی کەرکوك کەوتنە گڕو بەدرێژایی سـاڵانی چـل‌و پـەنجا کار لەسەر ئەو پرۆسەیە کرا. پاش هاتنی حکومەتی کۆمـاریش 1968 رێگـایتر گیرایـە بـەر بـۆ سـڕینەوەی کـوردو زیـادکردنی عـەرەب، بـەعس بەشـانازیەوە بـاس لەسـەرکەوتنی ئـەو پرۆسەیە دەکەن‌و لەحەقیقەتیشدا پرۆسـەکە بـۆ ئـەوان سـەرکەوتنی بەدەسـت هێنـا ئەگـەر خۆمان هەڵە نەکەین، دەکرێ سیمای سەرکەوتنەکە لەم سێ سەرژمێریەدا بـەدی بکـەین کـە بێگومان ئێستا گۆڕانی زیـاتری بەسـەردا هـاتوە لەبەرژەوەنـدی بەعـەرەب بـوونی کـەرکوك. رێژەی عەرەب لەکەرکوك لەم سێ سەرژمێرییەدا بەم جۆرەیە:

(1957-28٪)　　　(1965-39٪)　　　(1977-44٪)

کارەسات لەوەدایـە لەبەرامبـەر ئـەم زیادبوونـە بێئەندازەیـە رێـژەی کـورد بەشـێوەیەکی سەرسوڕهێن دابەزیوەو لەگەڵیدا تورکمانیش هـەمان شـێوە کـەمی کـردوە، ئێمـە لـەم کورتـە نوسینەدا دەمانەوێ بەو شـێوەیە راگواسـتن بخوێنینـەوە کـە دەچـێتە خانـەی جینۆسـایدەوە بەو هیوایەی لەم بارەیەوە خوێندنەوەی زیاتر بکرێت:

***راگواستنی کورد:**

لەو چەنـد مانگـەی شـوباتی 1963 بـەدواوەو دواتـر لـەکۆتایی تـەموزی 1968 بـەدواوە پرۆسەی راگواستنی کورد چەندین شێوەو سیمای گرتە خۆی لەوانە:.

1-راگواستنی شارو ناوچە، رژێم لەم پێنـاوەدا چـەندین شـارو ناوچـەی کوردسـتانی سـەر بـەپارێزگای کـەرکوکی گواسـتەوەو نەخـشەی جیـوگرافی ناوچـەکەی بەتـەواوی شـێواند بـۆ نمونە گواستنەوەی قەزای چەمـچەماڵ بەناحیەکانیـەوە لـە1969دا. تـەنیا لەچـەند مـانگی دەستەڵاتی بەعـسی 1963دا جارێـك هەشـت هـەزار خێـزان‌و جارێـك 21 گونـد راگـوێزران، بـەبیانوی بـوونی نەوتـەوە 34 گونـدی تـر گوازرایـەوە، سـاڵی 1977 بـەهۆی دروسـتکردنی جـادەی (60)مەتریـەوە سـەدان خێزانـی شـۆریجەو جـەمهوری دەرکـردو ئـاوارەکرد، سـاڵی 1974 (15) گونـدی ناوچـەی کاکـەیی‌و داوێ تـا پـۆکردە سـەر عـەرەب‌و خاوەنـەکانیانی دەرکرد.

2-بـەناوی دروسـتکردنی پـشتێنەی ئـەمنی‌و پاراسـتنی شـەریکەی نەوتـەوە دەیـان گونـد گوێزرایەوە.

3-ڕاگواستنی هێزی کار، ساڵانی 1970 سەدان کرێکار لەشەریکەی نەوت دورخرانەوە چونکە کورد بون، ڕژێم هەربەوە نەوەستا لەشەریکە دەریانکا بگرە هەستا بەدورخستنەوەی خۆیان و خێزانیان لەشارەکە، تەنیا لەساڵی 1973دا (118) کرێکاری شەریکە گوازرانەوە بۆ سنوری سلێمانیو دهۆك و لەوێ لەکارگەو کارخانەو شوێنی تر دامەزرێنران.

4-ڕاگواستن بەهۆی پێشمەرگایەتیو کوردایەتیەوە، ڕژێم بەهۆی ئەوەی کە سەدان خێزان کوڕو کەسیان پێشمەرگە بوو هەستا بەدورخستنەوەیان لەشارەکەو زۆربەی ئەوانەش ماڵو سامانیان دەستی بەسەردا دەگیرا هەڵبەت ئەم شێوە ڕاگواستنەی خەڵك لەمێژوودا کەم وێنەیەو کەمترین دیکتاتۆرەکانی دنیا هەر لەجەنگیزو هۆلاکۆو تەیمورەوە تا دەگاتە هیتلەرو مۆسۆلۆنی بەم کارە هەستاون، ئێمە لێرەوە بۆمان دەردەکەوێ تەنیا کورد بوون بەس بووە بۆئەوەی لەو شارە دوربخرێیتەوە، هۆیەکەشی ڕونەو شۆڤێنیو نەتەوەپەرەستێکی وەك نەعمان ماهیر کەنعانی لەساڵی 1965دا لەنامیلکەیەکی پڕ جوێندا بەناوی (ضوء علي شمال العراق) دەڵی لەو شوێنانەی لەعیراقدا نەوت هەیە-یەك کورد نیەو کەرکوك و موسڵ و خانەقین ئەرزی عەرەبن زۆر لەنەتەوەپەرستەکانی تری عەرەبیش بەهەمان شێوە قسەیان کردوەو تەنانەت هەندێکیان دکتۆرو پایەی زانستیشیان هەیە لەوانە (دکتۆر فازڵ حسین) لەکتێبەکەیدا کێشەی موسڵ کەکتێبێکی دەکۆمێنتیە کەچی لەهەندێ شوێندا جڵەو بۆ هەستی نەتەوەیی شل دەکاتو دەکەوێتە هەڵەی واوە هەندێك عەرەبی تریش دەڵێن عەرەب حەق نیە بۆ نەوت وا لەکورد بکات وەك مەحمود دوڕە، (نەوت مایەی سەرهێشەیەکی گەورە بوو بۆ کورد بۆیە دەستەیەك هونەرمەندی کەرکوك لەسەرەتای حەفتاکاندا شانۆگەریەکیان ناو نا بوونی ئەم زێرە ڕەشە، بۆ ئێمە خوێنێ گەشە) نەوتی کەرکوك کە نزیکەی (70٪)ی نەوتی عیراقی پێك دەهێناو ڕۆڵێکی دیاری لەئابووری عیراقدا دەگێڕا بۆ کورد مایەی خوێنو ماڵوێرانی بوو، دیارە هەر کورد بوونی کەرکوکیش وای کردوە کە ئەو شارە هەر بەدواکەوتویی بمێنێتەوەو هیچ حکومەتێ بایەخ بەجوانکاری شارەکە نەدات.

سەرەڕای هۆکارەکانی سەرەوەی ڕاگواستن چەند هۆیەکی تریش هەبوون لەوانە:

1-نەبونە بەعسی کوردەکان، حکومەت بەزۆر لەگەڕەکە کوردەکاندا خەڵکی دەکرد بەبەعسی ئەوەشی نەیکردایە دیارە چارەنوسی ڕاگواستن بوو.

2-ئەوانــەش کــە خوێنــدنیان تــەواو دەکــردو دەچــوون لەفەرمانگــەو دامو دەزگاکانــدا دامــەزرێن. یــەکی لەمەرجــەکانی دامەزرانــدنیان ئــەوە بــوو کــە دەبــێ لــەدەرەوەی کــەرکوك دابمــەزرێن واتــە لەشــارەکانی چوارچــێوەی (ئۆتۆنــۆمی) بــەم شــێوەیە لــەدەرەوەی کــەرکوك دادەمــەزران و لەگــەڵ ئەوەشــدا ماڵیــان رادەگــوێزرا، ئــەوەش کــە ئامــادە نەبوایــە لــەدەرەوەی کەرکوك دامــەزرێ هــەر هــەمان چارەنوســی دەبــوو بــەم شــێوەیە بەدرێــژایی دەیــان ســاڵ بــەم هۆکارانە خەڵك لەکەرکوك دەرکران.

3-لەکارەساتی ئەنفالدا چەندین ناوچەو گوند (کرانە ناوچەی قەدەغەکراو) ئەوەش بوو بەهۆکارێکی تر بۆ راگواستنی خەڵکەکە بۆ نموونە لەجەباری و شوان و قادر کەرەم و شێخان و داوێ و ساڵەیی و تاد.

## *رۆڵی ئابووری راگوێزراوەکان لەشوێنی خۆیان:

دەبــێ بڵێین ســەرجەم ئــەو راگوێزراوانــە یــان زۆربــەیان لەشــوێن و ڕێی خۆیــان، خــاوەن کاروپیشەی خۆیانن، بۆ نموونە، فیتەر، وایەرمــەن سنعەت کار، بازرگان، دارتاشی، شارەزای ئەو کەسانە لەو کارو بارانەدا رۆڵێکی دیار لەپێشکەوتنی باری ئابوری ئەو شارەدا یاری دەکات، ئەمە جگە لەوەی بۆ خۆیان و بۆ خێزانەکانیان مایەی ئەوە بوو کە باش بژین و پێویستی رۆژانەیان دابین بکەن، لەڕاستیدا هەندێك ئامێری ئۆتۆمبیل و کاری کشتوکاڵی و سنعەتی لەسەر دەستی وەستاو شارەزایانی ئەو شارە دروست دەکرا کە جگە لەکەرکوك خۆی بۆ شارەکانی دیکەش دەڕۆیشت و دانیشتوانی عیراقی عەرەبی و کوردستان سودیان لێدەبینی، زۆربەی ئەو شارەزاو خاوەن کارە کوردانە کە لەجێگاو رێگای خۆیان دوور دەخرانەوە دەست دەگیرا بەسەر ماڵ و سەروەتیاندا، دورخستنەوەی ئەو خاوەن کارانە هەر ئەوە نەبوو کە لەکاروپیشەکەیان دابڕێن و تەواو، بگرە ئەوان لەبازاڕو کڕیاری خۆیان دور دەکەوتنەوە. دورکەوتنەوە لەبازاڕو کڕیار وا دەکات کە بۆ ماوەیەکی دورودرێژ خاوەن کار لەژێر باری تەنگژەی ئابوریدا بناڵێنێ لەحاڵەتێکدا ئەگەر جارێکیتر لەشوێنی دووەم کارەکەی چنگ کەوێتەوە گەر نا پاش ماوەیەك هەمان ئەو بابا بەرهەم هێنە دەبێتە بابایەکی مشەخۆرو لەگەڵ سوڕانی رۆژگاردا کارەکەش لەبیردەچێتەوە، هەموو ئەوانەی رادەگوێزرێن پێشتر لەشوێن و ڕێی خۆیان خاوەن کاروپیشەی خۆیانن دواتر ئەوەیان بۆ ناڕەخسێ کە لەوشوێنی دووەم هەمان کاروپیشە درێژەپێبدەن. ئێستا لەو دەیان هەزار راگوێزراوەی ناو شاری کەرکوك و خانەقین و دەوروبەر ئامارێکی کاروپیشە نەکراوە کە

ئـاخۆ ئـەو خەڵكانـەی لەشـوێنو ڕێی خۆیـان ڕادەگـوێزرێن هـەمان کاروپیـشە دەکـەن یـان لەکاروپیـشەی خۆیـان دابـڕاون، ئەمـە جگـە لـەوەی دەرکردنـی ئـەو خەڵکانـە لـەدەرەوەی کەرکوكو دەوروبەر دەبێتە هۆکاری دروستبوونی بەتاڵەیەکی زۆر هەروەك دەبینین زۆرێـك لەو خەڵکانە کە دەردەکرێن بێکار دەبن. لەئاکامی بونی بەتاڵەو بێکاریشەوە هەنـدێك جـار لادانو هەڵـە ڕوودەدات، کـە دەکـرێ هەنـدێك یـان زۆربـەی ئـەو لادانو هەڵانـەی ڕوودەدەن بگێڕینەوە بۆ باری ئابوری، کە لەوەشدا حکومەتی عیراقی بەرپرسیارە.

## *کاریگەری ڕاگواستن لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی:

ڕاگواستنی ئەو خەڵکە لەزێدی باب‌وباپیری کاردانـەوەی نێگـەتیڤی زۆر بـەجێـدەهێڵی چ لەسەر خەڵکە ڕاگوازراوەکە چ لەسەر ئەو شوێنەی بۆی دەچن، لەبەرئـەوەی هەمیـشە ئـەوان وەکو میـوان لەشـوێنی دووەم نیـشتەجێ دەبـن. دەکـرێ ئـەو کاریگەریانـە لـەم خاڵانـەدا چـڕ بکەینەوە.

1-پچڕانی پەیوەندی کۆمەڵایـەتی/ بـەهۆی ڕاگواسـتنەوە. بـۆ نمونـە پـچڕانی پـەیوەنـدی نێـوان دانیـشتوانی ئیمـام قاسـم یـان شـۆڕیجە لەدورکەوتنـەوەیان لەیـەکتر، بەتایبـەتی ئـەم کاریگەرییە لەسەر منداڵ زیاتر دەردەکەوێو ئـەو خەڵکانـە لەئاینـدەدا بـەهۆی دورکەوتنـەوە لەیەکتر نامۆدەبن بەیەكو یەك ناناسن.

2-زۆربەی کوردەکان بەتایبەتی نـەوەی نـوێ لەکـەرکوكو خانـەقینو شـوێنەکانیتر یـان عــەرەبیو تورکمــانی یــان هــەر عــەرەبی دەزانــن بەدورکەوتنــەوەیان ئــەو زمانــەیان لەبیردەچێتەوە، هەڵبـەت بـەدەر لەخواسـتی دوژمـن لەکـەرکوكو خانـەقین پەیوەندیەکـەش بـەهێزە بەدورکەوتنـەوە ئـەو پەیوەندیـە، هێـدی هێـدی بـەرەو لەناوچـون دەچـێتو ئـەو پەیوەندیـە کۆمەڵایەتیـەی نێـوان کـوردو عـەرەب یـان کـوردو تورکمـان بـەرەو سـستیو لاوازبوون دەچێت.

3-زۆرێك لەدابونـەریتو سیماو بـاری تایبـەتی ناوچـەکەی خۆیـان بەدورکەوتنـەوەیان ون دەکەنو لەگەڵ شوێنو خەڵکی نوێدا تێکەڵ دەبن.

4-دورخـستنەوەی کـوردو عـەرەبو تورکمـان لەیـەکتر لەشـارە کوردیـەکانی خانـەقینو کەرکوكو شوێنەکانی تـر وا دەکـات برینێکـی قـوڵ بکەوێتـە نێوان ئـەم نەتەوانـە. هەڵبـەت

حکومەتە یەك لەدوا یەکەکانی عیراقی عەرەبی بەو شێوەیە کاریان کردوە کە کوردو عەرەب، کوردو تورکمان، تورکمانو عەرەب بکەن بەدوژمنی یەکتر. شایەدی راستەقینەی ئەم قسەیەمان هۆسەی ئەو (فرسان)انەیە کە ساڵی (1963) عیراق بەری دانە گیانی کوردستان. بۆ نمونە (احن العرب اهل الغيرة نطرد الاكراد من ها الديرة) ئەم شێوە هۆسەیە چ رۆژگاری خۆی چ ئەمڕۆ شوێنەواری ماوە لەگەڵ ئەوەشدا کە هەرگیز کورد بەچاوی دوژمنەوە سەیری گەلی عەرەبی نەکردوە. شاعیرێکی وەك عەبدوڵڵا گۆرانیش لەو بارەیەوە دەڵێ:

برای عەرەبی چاو رەشم    تاڵ بوو بەشت تاڵ بوو بەشم
لەیەك بادە تاڵی نۆشین    برایی کردین بەهەنگوین

ئەڵبەت گەلێك هۆکاری دیکەی کۆمەڵایەتی هەن ئەگەر توێژەرێکی کۆمەڵایەتی لەم بابەتە بکۆڵێتەوە.

***کاریگەری راگواستن لەسەر خوێندکاران و باری خوێندەواری:**

راگواستنی کورد لەماڵو شوێنی خۆی بەبێ هیچ هۆکارێکی مەنتیقیو تەنیا لەبەرئەوەی کوردن، گەلێك شوێنەواری خەراپ بەجێدێڵێ، ئەم راگواستنە کاریگەریەکی نێگەتیڤانەی کردوەتە سەر باری خوێندنو خوێندەواری. زۆربەی ئەو خوێندکارانەی کە لەگەڵ ماڵە باوانیاندا رادەگوێزرێن کە دێنە شوێنی دووەم زۆربەیان ئارەزووی خوێندنیان نامێنێو وازی لێدێنن ئەوانەش کە بەردەوام دەبن ئاستی خوێندنیان دادەبەزێ، لەبەرئەوەی لەلایەکەوە لەشوێنی خۆیان خوێندن عارەبیە لەلایەکی ترەوە باری دەرونیان لەشوێنی خۆیان زۆر باشترە لەوەی کە لەشوێنی دووەم لەژێر خێمە یان هەر شوێنێکدا دەژین لەبارودۆخی دەرونی ناجۆردا ئەمە جگە لەوەی بەئاسانی لەگەڵ کەشوهەوای نوێدا چ وەك تێکەڵی لەگەڵ خوێندکاران چ وەك پەیوەندی بەمامۆستایانەوە لەسەرەتادا بەو خێراییە ناگونجێن، زۆرێك لەوانەش کەواز دێنن بەپێچەوانەی بەندەکانی مافی منداڵەوە شان دەدەنە بەر کاری لەش پروکێنو قاچاخ چێتیو کارێك کە هەمیشە ژیانیان لەمەترسیدایە، وازهێنان لەخوێندن بەهۆی راگواستنەوە پەیوەندی بەباری ئابوری ئەو خێزانەشەوە هەیە، هەندێك لەوان دوای راگواستن ناچارن شان بدەنە بەر کارکردن بۆ دابینکردنی بژێوی خۆیانو خێزانیان، چونکە کەمتر لەو خوێندکارانە لەبارێکی ئابوری

خراپدا توانای درێژەدانیان بەخوێندن دەبێت، زۆر کات حکومەت لەکاتی تاقیکردنەوەکانداماڵەکان رادەگوێزێ ئەمەش هۆکارێکی تری وازهێنانە بەو پێیەی ئەو خوێندکارانە ئەو ساڵەیان لەدەست دەچێت ئیتر بۆ خۆشیان ئارەزوویان لەسەر بەردەوام بون نامێنێ.

## *راگواستن‌و وێك نەهاتنەوە لەگەڵ بەندەکانی جاڕی گەردوونی مافی مرۆڤدا:

راگواستن‌و دەرکردنی خەڵك لەشوێن‌و رێی خۆی لەگەڵ سەرجەم بەندەکانی جاڕی گەردونی مافی مرۆڤدا نایەتەوە بەو پێیەی بۆ خۆی راگواستن پێشێلکردنێکی ئاشکرای مافەکانی مرۆڤە. لێرەدا راگواستن لەگەڵ چەند بەندو مادەیەکدا دێنینەوە کە ئاخۆ خودی هەڵگەڕانەوەکە لەبەندەکانی جاڕی گەردوونی ناچێتە خانەی جینۆسایدەوە؟

### بەندی سێیەمی جارەکە دەڵێ:

هەموو کەسێك مافی ژیان‌و ئازادی‌و ئاسایشی خۆی هەیە.

چ بەر لەراگواستن کە هاووڵاتی دەخرێتە ژێر گوشارو لێپرسینەوەوەو کۆپێنی خۆراکی لێداگیر دەکرێت‌و ئازار دەدرێت چ کاتی راگواستن مافی ژیان‌و ئازادی‌و ئاسایشی هاووڵاتی پێشێل دەکرێت کە تەنانەت رێگای نادرێ سەرجەم موڵك‌و سامانی خۆی بگوازێتەوە بۆ شوێنی دووەم.

### بەندی پێنجەم:

هیچ مرۆڤێك ئەشکەنجەو سزا نادرێت‌و رەفتاری توندوتیژو دڕندانەو ئابڕوبەری لەگەڵدا ناکرێت. سەرجەم ئەو خەڵکانەی لەکوردستانی بن دەستی حکومەتی عیراقیدا دەژین بەردەوام لەژێر سزاو ئەشکەنجەی دەروونی‌و جەستەیدان‌و ناچار بەبێزاربوون‌و جێهێشتن دەکرێن.

### بەندی شەشەم:

هەر کەسێك لەهەر شوێنێك بێت، مافی دان پێدانانی کەسایەتی قانونی هەیە.

سەرجەم ئەو خەڵکانەی کە بەر شاڵاوی راگواستن دەکەون مافی دان پیانانی کەسایەتی قانونیان بێ هیچ هۆیەك لێدەسەنرێتەوەو ئەدرەس‌و شوێنی لەدایك بوون‌و (شوناسی) یان دەگوازرێتەوە.

### بەندی نۆیەم:

هـــــيچ مرۆڤێـــــك نابێـــــت بەشـــــێوەیەكی رەمـــــەكی بگیرێـــــتو دەســـــت بەسەربكرێت یان دوربخرێتەوە.

حكومـــەتی عیراقـــی بۆئـــەوەی هاوولاتیـــان لەســـەر خـــاكو مـــاڵی خۆیـــان راگـــوێزێ هەمووریێگایـەك دەگرێتەبـەر، رۆژانـە كوێخـای گـەڕەكو بەرپرسـی حـزب دەچـنە سـەریو تـەنگی پێهەڵدەچـنن، لەلایـەن حزبـەوە (حزبـی بـەعس) بـانگ دەكرێـتو دەخرێتـە ژێـر پرسیارەوە، دەگیرێت چ خۆی چ شوناس، چ كۆپینی خۆراكەكەی دەست بەسـەر دەكرێـتو داگیر دەكرێت بۆ ئەوەی بەچۆكدا بێت پاشتر دوردەخرێتەوەو دەردەكرێ.

**بەندی سێزدەهەم:**

هـەموو كەسـێك ئـازادیی هـاتنو چـوونو هەڵبـژاردنی شـوێنی نیـشتەجێبوونی لـەنێو سنوری هەر دەوڵەتێكداهەیە.

هەڵبەت لەدەوڵەتەكەی خۆشیدا كەچی بەپێچەوانەی ئەم بەنـدەو حكومـەتی عـیراق بـۆ كورد چەند گلۆپێكی سوری بۆ چـەندین شـارو شـوێن داگیرسـاندنەوە لەوانـە بەغـدا، موسـڵ، كـەركوك، خانـەقین، شـەنگار..هتـد، كـورد بـەهیچ شـێوەیەك بـۆی نیـە لـەم شـارانە نشتەجێ بێت.

**بەندی پازدەیەم:**

1-هەموو كەسێك مافی هاونیشتمانێتی هەیە.

2-نابێت بەزۆر هاونیشتمانیەتی لەكەسێك بـسەنرێتەوە یـان مـافی گـۆڕینی نەدرێتێ.

رژێـــم كاتـــێ هـــەر هاوولاتیـــەك دەردەكـــات لەشـــوێنو جێگـــای خـــۆی ئـــەو مافـــەی لێدەسـەنرێتەوەو لـەو شـاردا كـە رادەگـوێزرێ مـافی هاونیـشتمانێتی نامێنـێ، هەڵبـەت ئـەم كـارەش لـەژێر زەبـرو گوشـاردا دەكـرێ بۆیـە دەبیـنین زۆربـەی ئەوانـەی دەردەكـرێن پاشـتر بەهەر رێگایەك بێت دەیانەوێ بگەڕێنەوە شوێنی خۆیان.

**بەندی هەڤدەیەم:**

نابێت رەمەكی موڵك لەهیچ كەسێك بسەنرێتەوە.

ئەو خەڵكانەی رادەگوێزرێن بواریان نادرێ تا خانوو بـەرەو زەویو زاریـان بفرۆشـن یـان ساغی بكەنەوە یاخود بیدەنـە كـرێ زۆربـەی ئـەو موڵكو خانوانـە دواتـر بـەبڕیاری حزبـی بەعس دەدرێتە عەرەبی هێنراوی باشوری عیراق.

**بەندی بیستو یەكەم:**

هەموو كەسێك چون یەك مافی وەرگرتنی كارو فەرمانبەریـە گشتیەكانی لەوڵاتەكەیـدا هەیە.

واتە هەموو كەسێك مافی خۆیەتی كارو فەرمانبەری لەو شـوێنەی دەیـەوێ وەربگرێـتو نابێ جیاوازی لەكەسێكەوە بـۆ كەسـێك هـەبێت، لەشـارەكانی كـەركوكو موسـڵو خانـەقینـدا ئـەم بەنـدە تـەنیا بـۆ عەرەبـەكان جێبـەجێ دەكرێـتو كـورد بـۆی نیـە دابمـەزرێ ئەگـەر بەپلەیەكی زۆر بەرزیش خوێندن تەواو بكاتو لەبوارەكـەی خۆیـدا تـەواو شـارەزابێت. هـەر مافی دامەزراندنی نیەو دەبێت لەدەرەوەی ئەو شارانە دامەزرێن.

***كاتێ ژمارە دێتە قسە:**

ئەگەرچـی تـا ئێـستا سـەرژمێریەكی وردی ئاوارەكـانی كـەركوكو خانـەقینو شـەنگارو شوێنەكانیتر نەكراوە، بەڵام بەپێی هەندێك لەئامارەكان كە پارێزگای كـەركوك كردویـەتی لەسنوری پارێزگای سلێمانیو كـەركوكی ئـازاد كـراو، سالانی (1991)و تـا (1995) زیـاتر لـە(14.849) خێـزان ئـاوارە بوونەكـە كـۆی ژمـارەی كەسـەكانیان زیـاترە لـە(100)هـەزار كـەس. ئـەم ژمارەیـە ئـاوارەو راگوێزراوەكـانی سـالانی حـەفتاو هەشـتاكانی تیانیـە. ژمـارەی تۆماركراو لەسنوری پارێزگای كەركوكی ئازاد بۆ ساڵی 1996 (360)خێزانـە، سـاڵی 1997 (702)خێزانە كە كۆی ژمارەی كەسـەكانیان (4262) كەسـە، سـاڵی 1998 (394) خێـزان كە كۆی ژمارەی كەسەكانیان (2446)كەسە دەركراوەكـان بـۆ سـنوری پارێزگـای هـەولێر بـۆ ساڵی 1997 (151)خێزان دەركراوەو بـۆ سـاڵی 1998 (54) خێـزان تۆمـاركراوە كـە كـۆی ژمـارەی كەسـەكان 1299كەسـە ئەمـە بـەپێی ئامارێـك كـە لـەگۆڤاری هـاواری كەركوكـدا بلاوكراوەتەوە، لەحەوت مانگی یەكەمی ساڵی 1999دا (232)خێزان بۆ سـنوری سـلێمانیو كـەركوكی ئـازاد راگـوێزراون كـە كـۆی سـەر خێزانـەكانیان دەكاتـە 1429كـەس*. لێـرەدا ئەگەرچـی بـەوردی سـەرژمێرو ئامـارێكی تـەواویش نـەكراوە هـەروەها راگوێزراوەكـانی كارەساتی ئەنفالو ئـەنفال كـراوو، بێسەروشوێنو لەسێدارەدراوەكانو.. لـەم ژمارەیـەدا نـین. دەركردنـی هـەزاران خێـزان لـەو شارەو دەوروبـەریو تـەواوی كوردسـتانی بـن دەسـتی رژێـم كاریگەریەكی زۆر دەكاتە سەر نـزم بوونـەوەی ئاسـتی رێـژەی كـورد لـەو شـارەدا ئەمـە جگـە لـەوەی سـەدان خێـزانیش بۆئـەوەی دەرنـەكرێنو رانـەگوێزرێن بەناچـاری خۆیـان دەكـەن بەعەرەب، خێزانـی وا هەیـە منالەكانیان بـەناوی شـەهیدانی كوردایەتیـەوە ناونـاوەو ئێـستا بۆئەوەی رانەگوێزرێن خۆیان بەعـەرەب لەقەڵەم داوە، ئـەم ژمارەیـە رۆژانـە ژمـارەی تـازەی

---

* لـەپێنج مـانگی دواتـردا نزیكـەی (200)خێزانـی تـر راگوێزرا واتـە لـەمانگی 8ی 1999 بـۆ كۆتایی مانگی 12ی هەمان ساڵ.

دێته سەرو تـا ئێـستاش نەتـەوە یـەکگرتووەکان هەڵوێـستێکیپۆزەتیڤی بەرچاوی نـەگێڕاوە کەمایـەی ئـەوەبێت حکومــەتی عیراقــی ناچــار بکـات دەسـت لەڕاگواسـتنی ئـەو خەڵکـە بێپاڵپشتە رابگرێ، بۆیە (حکومەتی عیراقی) بێگوێدانـە هـیچ دابو نـەریتێکی نێودەوڵەتی درێژە بەو کارە دەدات، دنیای کەریش تا ئێستا هیچ هەڵوێـستێکی نەنوانـدوە، دەبـێ ئـەوەش بڵێین کە ژمارەیەکی زۆر لاوی ئەو شـارە لەسـاڵی 1991دا زینـدانی کـرانو پاشـتر بـەردران. راپۆرتەکەی (ماکس ڤاندەر شـتوئیل) ئامـاژە بـەوە دەدات کـە لـەو گیراوانـە خـەڵکیش گوللـە بـاران کـراوە. هـەر چـۆنێك بێـت ئێمـە لێـرەدا زیـاتر مەبەسـتمان لـەدەرکردنو راگواسـتنە بەزۆرەکەیە.

***راگواستن وەك جینۆساید:**

هەڵبــەت لــەم کورتــە نوســینەی ســەرەوەدا گەیــشتینە ئــەوەی کــە رژێمــی عــیراق راگواستنیــشی وەك چـەکێکی کاریگـەر بەرامبـەر بـەکورد بـەکارهێناوە هـەر چـەکێکیش ئامـانجی سڕینەوە بێـت دەچـێتە خانـەی جینۆسـایدەوە بەگـشتی بـەپێی ئـەم بنەمایانـەی خوارەوە راگواستن جۆرێکە لەجۆرەکانی جینۆساید.

1-برسیکردن، رژێم بۆئەوەی خەڵك ناچار بکات بەوەی ئامادەی راگواستن بێت کـۆپینی خواردنەکـەی لێـداگیر دەکـات، هەنـدێك لـەوان پاشـتریش ئـەو کۆپینەیان نادرێتەوە.

2–بێکار کردن، هـەر کاتـێ رژێـم بیـەوێ کەسـێ دەربکـات، بەشـێوەیەك تەنگەتاوی دەکــات کـــە بـــواری کـــارکردنی نـــەبێت لـــەئاکامی راگواستنەکەشـــەوە بـــۆ خۆی بێکار دەبێت.

3-داگیرکردن، داگیرکردنیماڵو سامانو موڵكو تادوایی.

4-سڕینەوە، بەعەرەب کردنی ناوچەو خاك.

5-پێشێل کردنی مافەکانی مرۆڤ لەگەڵ جاڕی گەردونی مافدا نایەتەوە یەك.

6-زینداندیکردنو ئازاردان.

7-ســزدان بــەپارە، چ وەك بــەرتیل چ وەك رەشــوە چ لــەڕێگای تــرەوە کــە حکومــەت لەهاووڵاتیانی دەسێنێ.

8-شـاڵاوی ئـەنفال، ترسـناك تـرین شـاڵاوی کۆتاییـەکانی سـەدەی بیـستەم کـە لەسـنوری کـەرکوكو گـەرمیان زۆر دڕندانـە پیـادەکراو هـەزارانیان راپێـچی تـونی مەرگ کرا.

9-کیمیاباران، کیمیابارانی گۆپتەپەو شوێنەکانی تر کە تێیدا خەڵکێکیزۆر بونە قوربانی. کتێبی (جینۆساید لەعێراقداو پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد) ئاماژە بەوە دەکا کە لەسنوری پارێزگای کەرکوکا جگە لەگۆپتەپە شوێنی تریش بەر شالاوی کیمیایی کەوتوە.

10-ناوچەی قەدەغەو ئابلۆقەی ئابوری. چ وەك ئەوەی کە ناوچەیەکی فراوانی سنوری کەرکوك‌و خانەقین ناونراوە ناوچەی موحەڕەمە چ وەك ئەو ئابلۆقەیەی دەخرێتە سەر ناوچە گوندنشینەکان‌و بەردەوام لەژێر هەڕەشەدان.

جینۆساید: بریتییە لەدوو وشە، جینۆس+اوساید.

جینۆس= هۆز، خێڵ، بنەماڵە وشەکە گریکییە.

اوساید= لەناودان، سڕینەوە، لاتینییە لەئینگلیزیدا بووە بەجینۆساید (Genocide) لەکتێبی یاسای نێودەوڵەتیا هاتوە، کردەیەکە بەرامبەر کۆمەڵێك بەکاردەهێنرێ بەمەبەستی لەناودانی تەواو یان ڕێژەیەك لەخەڵك ئیتر ئەو خەڵکە هۆز، نەتەوە، رەگەز یان ئاین بێت بۆ زیاتر شارەزابون بڕوانە الشراره تشرینی دووەمی 1989.

# پاشکۆی ژمارە -2-

بنکەکانی ئاوارەکانی کەرکوك کۆمیتەی بالآی ئاوارەکان

| ژ | ناوی بنکە | شوێنی بنکە | ژ. خێزان | ژ. نەفەر | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|
| 1- | سایلۆ شەکرەکە، ئالیات | معمل شەکرەکە-گەراج-ناو سلێمانی | 260 | 1653 | ناو شاری سلێمانی |
| 2- | البان (بەکرە جۆ) | بەکرە جۆ | 145 | 892 | |
| 3- | عەینە (بەکرە جۆ) | بەکرە جۆ | 29 | 189 | |
| 4- | زراعە (بەکرە جۆ) | بەکرە جۆ | 19 | 129 | |
| 5- | دار الگلبە | سەرکارێز | 33 | 192 | |
| 6- | اصلاح | عەلوەکە | 70 | 389 | |
| 7- | مەحکەمەی عەسکەری | چوارباخ | 22 | 108 | |
| 8- | حسیب صالح | حسیب صالح | 104 | 603 | |
| 9- | ئەحمەد بۆن خۆش | شوقەکانی قالاوە | 72 | 476 | |
| 10- | قالاوە | شوقەکانی قالاوە | 228 | 1495 | |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| -11 | معهد اسلامی | گـــەڕەکی قـــالاوە لای مەوقفی پاسەکان | 47 | 314 | |
| -12 | مقر حزب الشیوعی | قالاوە | 34 | 226 | |
| -13 | مخیم کشفی | سەرچنار | 76 | 447 | |
| -14 | قلیاسان | قلیاسان | 46 | 271 | |
| -15 | جیش شعبی | نزیك ئەمنە سوتاوەکە | 152 | 912 | |
| -16 | شوقەکانی اسکان | اسکان | 67 | 414 | |
| -17 | حامیە أ/1 | سلێمانی – حامیەکە | 165 | 1008 | |
| -18 | حامیە أ/2 | سلێمانی – حامیەکە | 161 | 918 | |
| -19 | حامیە/ ب | سلێمانی – حامیەکە | 227 | 1398 | |
| -20 | دور الامـن (پـشت تربیـە) ئاوبارە | تربیـەی سـلێمانی- دور الامن | 209 | 1218 | |
| -21 | شوقەکانی راپەڕین | گەڕەکی راپەڕین | 32 | 193 | |
| -22 | ناوگەڕەکی راپەڕین | گەڕەکی راپەڕین | 67 | 284 | |
| -23 | معسکر سلام / 1 | معسکر سلام | 202 | 1210 | |
| -24 | معسکر سلام/2 | معسکر سلام | 167 | 1015 | |
| -25 | کەندەکەوە- تاسلوجە | نزیك دەواجنەکە | 32 | 204 | |
| -26 | ئازادی | معسکر سلام/ خانووی عسکری | 437 | 1757 | |
| -27 | گۆپاڵە | گۆپاڵە | 33 | 183 | |
| -28 | تەیناڵ | تەیناڵ | 31 | 168 | |
| -29 | تەکیەی کاکە مەند | کاکەمەند | 117 | 728 | |
| -30 | بازیان/ 1 کابینات | بازیان | 41 | 284 | |
| -31 | بازیان/ 1 کابینات | بازیان | 37 | 261 | |
| -32 | بازیان/ 1 کابینات | بازیان | 40 | 289 | |
| -33 | بازیان/ 1 کابینات | بازیان | 35 | 262 | |
| -34 | بازیان/ 1 کابینات | بازیان | 85 | 615 | |
| -35 | بازیان/ 2 کابینات | بازیان | 54 | 361 | |
| -36 | بازیـــان/2 ناحیـــە / کابینات | بازیان | 44 | 281 | |
| -37 | بازیـــان / 2 ناحیـــە / | بازیان | 73 | 535 | |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | كابينات | | | | |
| -38 | باينجان / كابينات | باينجان | 224 | 1549 | |
| -39 | بازيان/1 | بازيان | 117 | 793 | متفرقـه بازيان |
| -40 | بازيان/أ/2 | بازيان | 182 | 12.9 | متفرقـه بازيان |
| -41 | بازيان/ب/2 | بازيان | 144 | 858 | متفرقـه بازيان |
| -42 | بازيان/ج/2 | بازيان | 156 | 1048 | متفرقـه بازيان |
| -43 | بازيان/د/2 | بازيان | 106 | 632 | متفرقـه بازيان |
| -44 | بازيان/5/2 | بازيان | 138 | 884 | متفرقـه بازيان |
| -45 | بازيان/2/2+و | بازيان | 113 | 677 | متفرقـه بازيان |
| -46 | باينجان/أ | باينجان | 73 | 486 | متفرقـه باينجان |
| -47 | باينجان/ب1+ب2 | باينجان | 184 | 1257 | متفرقـه باينجان |
| -48 | باينجان /ج1+ج2 | باينجان | 122 | 855 | متفرقـه باينجان |
| -49 | باينجان/د | باينجان | 97 | 630 | متفرقـه باينجان |
| -50 | باينجان/ه | باينجان | 69 | 428 | |
| -51 | کەمپی ئاوارەکانی تەکیە | تەکیە | 114 | 818 | |
| -52 | جەمەلۆنـــــــــەکان / چەمچەماڵ | چەمچەماڵ | 4 | 14 | |
| -53 | قوتابخانەی فەلەستین | چەمچەماڵ | 10 | 52 | |
| -54 | اورزدی | چەمچەماڵ | 8 | 47 | |
| -55 | گەراجی کەرکوك | چەمچەماڵ | 11 | 63 | |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| 56- | تەنیشت کۆمیتە | چەمچەماڵ | 8 | 35 | |
| 57- | مەلعەبەکە + کارگەی سەهۆڵ | چەمچەماڵ | 5 | 44 | |
| 58- | قوتابخانەی باوایەکان | چەمچەماڵ | 10 | 66 | |
| 59- | قادرکەرەمیەکان | چەمچەماڵ | 11 | 52 | |
| 60- | قوتابخانەی ڕۆژ | چەمچەماڵ | 10 | 52 | |
| 61- | پیریادیەکان فەرعی /5 | چەمچەماڵ | 388 | 229 | متفرقە / ناوماڵەکان |
| 62- | شۆڕش+ سەنگاویەکان/6+7 | چەمچەماڵ | 156 | 753 | متفرقە / ناوماڵەکان |
| 63- | شۆڕش+ قەرەهەنجیر | چەمچەماڵ | 243 | 1372 | متفرقە / ناوماڵەکان |
| 64- | چەمچەماڵ/ 5،4،3،2،1،10،9 | چەمچەماڵ | 1173 | 6063 | متفرقە / چەمچەماڵ+ شۆڕش |
| 65- | متفرقەی چەمچەماڵ/ ترحیل+ نقل+ جیابوونەوە | چەمچەماڵ ئۆدوگاکان | 366 | 1838 | |
| 66- | رانیە / خەیمەکان | ڕانیە | 93 | 555 | |
| 67- | رانیە / نادیە سوتاوەکە | ڕانیە | 43 | 58 | |
| 68- | رانیە / جەمەلۆن | ڕانیە | 87 | 517 | |
| 69- | رانیە / قولوقەلات | ڕانیە | 49 | 269 | |
| 70- | رانیە / ئۆردوگا | ڕانیە | 44 | 251 | |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| -71 | رانیە / ق 1 | ڕانیە | 36 | 233 | |
| -72 | رانیە / ناوشار | ڕانیە | 89 | 459 | متفرقـە /رانیە |
| -73 | پیرەمەگرون | مجمع پیرەمەگرون | 43 | 250 | متفرقـە / مجمع |
| -74 | چوارقورنە | چوارقورنە | 116 | 663 | متفرقـە / چوارقور نە |
| -75 | حاجی ئاوا | چوارقورنە | 164 | 1005 | متفرقـە / حـاجی ئاوا |
| -76 | قەلادزە | قەلادزە | 34 | 200 | متفرقـە / قەلادزە |
| -77 | سەروچاوە | سەروچاوە | 23 | 130 | متفرقـە / سەروچـا وە |
| -78 | ئۆردوگا(ق) | رانیە | 15 | 72 | |
| -79 | سەنگەسەر | سەنگەسەر | 4 | 24 | |
| -80 | بنکەی تانجەرۆ | تانجەرۆ | 88 | 594 | |
| -81 | عەربەت | ناحیەی عەربەت | 59 | 384 | |
| -82 | هوانە | نزیك مخازنی هوانە | 56 | 339 | |
| -83 | شانەدەری /1+2+بلۆك 1 | شانەدەری | 159 | 1058 | |
| -84 | سید صادق | سید صادق | 59 | 406 | |
| -85 | سیروان | سیروان | 106 | 706 | |
| -86 | بنکەی شهدا | نزیك بنکەی تانجەرۆ | 29 | 173 | |
| -87 | زحقی | | 69 | 428 | |
| -88 | هەڵەبجە | هەڵەبجە | 31 | 164 | |
| -89 | خورماڵ | خورماڵ | 32 | 204 | |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| -90 | پێنجوین | پێنجوین | 199 | 1115 | متفرقــه / كۆیه |
| -91 | ئاوارەكانی كۆیه | شاری كۆیه | 160 | 900 | |
| -92 | ئاوارەكانی تەق تەق | ناحیەی تەق تەق | | | |
| -93 | بنكەی لیواكه | كەلار | 17 | 103 | |
| -94 | دەرەوەی لیواكه | كەلار | 11 | 73 | |
| -95 | فـەوجی عەسـكەری پـشت كۆیه | كەلار | 3 | 20 | |
| -96 | قسم داخلی | كەلار | 2 | 15 | |
| -97 | كەلار / دوز | كەلار | 190 | 1180 | متفرقــه / كەلار |
| -98 | كەلار / گەرمیان | كەلار | 199 | 1331 | متفرقــه / كەلار |
| -99 | كەلار / قەرەبلاخ | كەلار | 212 | 1306 | متفرقــه / كەلار |
| -100 | كەلار / كولەجۆ | كەلار | 791 | 5195 | متفرقــه / كەلار |
| -101 | كەلار | كەلار | 174 | 997 | متفرقــه / كەلار |
| -102 | برایەتی | باریكه | 17 | 93 | متفرقـــــه / برایەتی |
| -103 | مستشفای كۆن | كفری | 12 | 57 | |
| -104 | سەرای كۆن | كفری | 13 | 62 | |
| -105 | هۆڵی صناعه | كفری | 11 | 61 | |
| -106 | قوتابخانەی نەورۆز | كفری | 5 | 39 | |
| -107 | قوتابخانەی امام محمد | كفری | 4 | 17 | |
| -108 | هۆڵی هونەرمەندان | كفری | 11 | 47 | |
| -109 | قسم الداخلی | كفری | 7 | 20 | |
| -110 | كفری | كفری | 859 | 4990 | متفرقـــــه / كفـــــــری، بنكـــــــەی |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | 101و 107 |
| -111 | دربنديخان | دربندخان | 112 | 570 | متفرقـــــه / دربنديخان |
| -112 | متفرقـــەی نـــاو شـــاری سلێمانی | سلێمانی | 1837 | 10394 | متفرقه / ناو شـــــــاری سلێمانی |

# پاشكۆی -3-

## تێكدەرێك لە كەركوك

**سەرەتا:**

پاش نیشتەجێبونی توركمانەكان لە كەركوك چ لەسەردەمی خەلیفە موتەوەكیلدا (847-861ز) و چ لەسەردەمی سوڵتان مورادی چوارەمدا لەنیوەی سەدەی 17ی زایندا، توركمانەكان هەوڵیاندا لەگەڵ نەتەوەكانی دەوروبەر بەتایبەتی نەتەوەی كورد بە تەواوەتی خۆ بگونجێنین‌و لەوپێناوەدا هەردوو گەلی كوردو توركمان بەجۆرێك تێكەڵبوون كە جگە لە كاریگەری زمان‌و ئاكارو خوڕەوشت تەنانەت ژن‌و ژنخوازیش كەوتنە نێوانەوەو بەدەر لەناوەندی كەركوك توركمانەكان لەگەڵ گوندەكانی دەروبەریشدا خزمایەتیان دروستكردوو بەتەواوی پێكەوە وەكو پارچەیەكیان لێ هات... سادەیی‌و لەیەكتر گەیشتن‌و خەمخۆری بۆیەكتر ببون بەبەشێك لە خورەوشت‌و ئاكاری دانیشتوانی ئەو شارەو لەبواری بازرگانی‌و كاروباردا خاوەن سامانەكانی هەردولا متمانەو دڵنیاییەكی تەواو كەوتە نێوانیانەوەو پێكەوە لەشین‌و شایی یەكتردا بەشداربوون. ئەگەرچی بەردەوام هەوڵی تێكدان لەئارادبوەو هەوڵ دراوە ئەو پەیوەندییە شلوشاو ببێت‌و بگرە تێكبدرێ، لەگەڵ ئەوەشدا زۆرێك لەرۆشنبیرەكانی كوردو توركمان لەڕێگای هۆشیاركردنەوەی زیاترەوە ڕێگرییان لەم پیلانانە كردووەو هەمیشە لەو پێناوەدا شەونخوونیان كێشاوە، ناكرێ لە بوارێكی ئاوادا نكۆڵی لە ڕۆڵی كەسانی وەك هیجری دەدەو ئەسیری بكرێ ئەمە سەرەڕای كەسایەتیە زۆر ناسراوەكانی وەك شێخ محی‌الدین كەركوك، شێخ حەسەنی قەرەچێوار، خالسی، قوتب، شێخ رەزا، خادم سەجادە، سەید ئەحمەدی خانەقاو تادوایی، ئەمانە سەرجەم وەكو كەسایەتی پایەبەرزی ناوچەكەو ڕێنماییبەخش تەماشایان كراوە بێ ڕەچاوكردنی ئەوەی كە كوردن یان توركمان یان هەركەس‌و لایەنێكی تربن.. پەیوەندی كوردو توركمان بەدرێژایی سەدان ساڵ بەم جۆرە مایەوە تا ساڵی 1958و رونتر 16-7-1958 كاتی زەعیم نازم تەبەقچەلی سەركردایەتی فیرقەی دووی كەركوكی وەرگرت، هاتنی تەبەقچەلی بۆ كەركوك سەرەتای دەستپێكی گیروگرفتەكان‌و تێكدانی برایەتی دانیشتوانی

کەرکوك بوو، بەپێی دەستێوەردانی تەبەقچەلی لە کاروباری ئیدرایو بەپێی راپۆرتە ژێر بەژێرەکانی، هاتنی ئەو هەر لە سەرەتاوە بۆ گێرانی ئاژاوەیەك بووە. دوو رۆژی دوای شۆڕشی 14ی تەمووز!!

## تەبەقچەلیو کورد:

تەبەقچەلی سالّی (1913) لەبەغدا لەدایك بووەو بەپلەکانی سەربازیدا سەرکەوتوەو چەندین جار خەلاّتی سەربازی وەرگرتوە تا ئەو دەمەی کرایە قائیدی فرقەی دووی کەرکوك، هاوسەری تەبەقچەلی تورکمانی خەلّکی تەلەعفەر بوو. پاش گەیشتنی بۆ کەرکوك، تەبەقچەلی دەستی کرد بەتۆڕچنینی پیلانەکانیو بەمەبەستی تێکدانی نێوان کوردو تورکمان بەتایبەتی هەنگاوی نا ، لە ڕێگای دەست وەردانیەوە لە کاروباری ئیدارە، سەرۆکی شارەوانی کەرکوك موعتەسەم خەلیفەی بێ هیچ بیانویەك لابردو نورەدین واعیزی دانا، بەم کارەی لەلایەکەوە دلّی کوردی ئێشانو لەلایەکی دیکەوە درزێکی خستە نێوان پەیوەدییەکەوە (پەیوەندی نێوان کوردو تورکمان) بەوەی کە نورەدین کارەکەی قبولّ کرد (لە ئادابی گەلانی ئەم ناوچەیەو بەتایبەت هاولاّتیانی ئەو شارەدا ئاسایی نییە کە کەسێك بێ بیانوو لابرا کەسێکی تر بچێتە جێگاکەی..) تەبەقچەلی هەر بەوەوە نەوەستا. هەستا لەدژی داوای مەعاریفی کوردستان کە داواکرابوو ناوەندەکەی لە کەرکوك بێت ئەو لە راپۆرتێکدا بۆ ئیستخباراتی سەربازی رۆژی 9-9-1958 داوا دەکات کە نابێ ناوەندی مەعاریفی کوردستان لە کەرکوك بێتو نابێ مدیری مەعاریفی کەرکوك هەرگیز کورد بێت بەبیانوی ئەوەی کە کەرکوك تەنها شاری کوردان نیە. لەڕاپۆرتێکی دیکەدا لە 4-1-1959 بۆ هەمان شوێنو سەروتر دەنوسێ (چاکترین چارەسەرێك لە لیوای کەرکوکدا خوێندنە بەزمانی عەرەبی) بە بیانوی ئەوەی ئەگەر کوردی بێت تورکمانیش داوا دەکەن. ئەو بۆ ئەوەی هیچ بەکوردو تورکمان ڕەوا نەبینێو درێژە بەپیلانی خۆی بدات ئاوا داوەکان دەچنێ. ئەمە سەرەڕای ئەوەی دەیان ڕاپۆرتو نوسراوی تری بەرزکردۆتەوە چونکە دواتر لە ئاژاوەی کەرکوکدا ئیستخباراتی عەسکەری ڕۆڵێکی خراپی گێڕا...

هەروەها جگە لەم خالاّنەی سەرەوە تەبەقچەلی چەند هەنگاوێکی تریشی بە دژایەتی کورد هاویشت لەوانە:

1-دژایەتی کردنی فەرماندە کوردەکانی نێو فیرقەی دووو گۆڕینی فەرمانـدە کوردەکان بەعەرەب، خوالێخۆشبوو (کاکی کاکان) ئاماژە بەم ئاژاوەگێڕیە دەداتو چەند جارێ سەروی خۆی (پارتی) ئاگادار دەکاتەوە.

2-دەرکردنـی فەرمانبـەری کـوردو. نـەقڵ کردنیـان ئەمـە لەکاتێکدا ئـەو عەسـکەرییەو نابێ دەست لە کاروباری ئیداری وەربدات.

3-دژایەتی کردنی گەڕانەوەی جەنـەڕاڵ بـارزانیو داواکـردن لەسـەروی خـۆی بـۆ ئـەوەی رێگای گەڕانەوەیان نەدرێت.

بەم جۆرە دەبینین تەبەقچەلی بۆ گێڕانی چـەند ڕۆڵێـك نێردرابـوو بـۆ کـەرکوكو بـە چ شێوەیەك کاری خۆی دەکات.

## ئاژاوە یان ڕوداوی (1959/7/14):

لەیەکـەمین سـاڵڕۆژی شۆڕشـی (14)ی تـەموزدا بڕیـاردرا بـەوەی ڕێپێوانێـك بـەڕێ بخرێ. بەپێی هەندێك لە سەرچاوەکان هـەر بە فیـتی قائیـدی فیرقەی دوو ئاراسـتەی خەڵکانێکی کەم گۆڕا بۆ دژایەتی یان تێکدانی ڕێپێوانەکە لەلایەكو لەلایەکی تـرەوە چ هەندێك سەرباز چ ئۆتۆمبیلـەکانی فیرقـەی دوو خرانـە خزمـەتی ئـەو دژایـەتی کردنـەوە. زۆرێـك لـە سەرچـاوەکان سـەربازەکان بـە (60) سـەرباز مەزەنـدە دەکـەن کـە هـەوڵی تێکدانی بارودۆخەکەیان داوە، لەگەڵ نزیکبونـەوەی ڕێپێوانەکە لـە چایخانـەی (14ی تـەموز) کـە یـەکێ لـە چـایخانەکانی شـاری کەرکوکـەو هـی هـاوڵاتی تورکـان عوسمـان چایچی بوو لـە شـوێنێکی نادیـارەوە تەقـە دەسـتی پێکـرد بـەپێی ڕاپـۆرتی دەزگـای ئاسایش هەندێکیش دەڵێن لەگەڵ گەیشتنی ڕێپێوانەکە بۆ بەردەم چایخانەی (14ی تـەموز) لەسـەربانی چـایخانەکەوە بـەردەباران کـرانو نزیکـەی (200–300) کـەس بەدژی ڕێپێوانەکـە بـۆ خۆیـان ڕێپێـوانێکی تایبـەتیان کـرد. بـەم جـۆرە دەبیـنین هـەر لەسـەرەتاوە ئـەم کـارە ڕێـی بـۆ کێـشرابوو ئیـدی لەگـەڵ تەقینەوەکەشـدا دەسـتەیەك لەهێزی بەرگری میللی دەستیان گرت بەسەر مەخفەری پۆلیسی ئیمام قاسمداو (18) چەکیان برد، چەکەکان بریتی بوون لە ئینگلیزی، سەمینۆف، سێ تیر.. دەبێدان بەو ڕاستیەدا بنێین کە تەبەقچەلی سەرجەم ئەم ئاژاوەی تـەنیا لـە پێنـاوی ئـەوەدا گێڕا کە ڕۆڵی کورد کـەم کاتـەوە لـەم شـارەدا چـونکە سـەرجەم ئەنـدامانی حیزبـی شـیوعی لـە کەرکوکدا کورد بوون هەروەها ئیجازەی کردنەوەی بارەگای پارتیش درابوو، پـارتیش بارەگای هەبوو کە هەموویان کورد بون ئەمـە جگـە لـە زۆربـەی بەرپرسـەکان چ لـەبواری ئیـدارەداو چ لـە بـواری سـەربازیدا. هـەموو ئەمانـە هۆکـاربون بـۆ ئـەوەی تەبەقـچەلی هەڵسێ بە تێکـدانی نێـوان کـوردو تورکمـان دیـارە لـە هـەردوولاش خـەڵکی ناهۆشـیار هـەبون بـۆ ئـەوەی بـەپێی پیلانەکـەی تەبەقچەلی بەربنـەگیانی یـەکتر، لێـرەوە دەکـرێ

بڵێین پاش ڕوداوەکە هەموو لایەك بەشی خۆی تاوانبارە بەڵام تاوانباری یەکەم قائید فیرقەیە دەیتوانی ڕێگری لەهەر کارەساتێ بکات بەپێی ئەو پلەو ئاستەی هەیەتی بەڵام ئەو خەون‌و ئەرکی خۆی جێبەجێ کردوەو پێدەچێ کاری ئەو ئەوە بوبێت، لەبەرئەوەی سەرەڕای هەوڵی زۆری دڵسۆزانی کورد بۆ ئەوەی هیچ نەبێت‌و قائید فیرقە بەیەك چاو تەماشای سەرجەم دانیشتوان بکات کەچی بە پێچەوانەوە جوڵاوەتەوە، بەداخەوە لە ئاکامی ئەو تێکبەربوون‌و ئاژاوەیەدا (32) کەس یان (33) کەس لەنێوچون کە (29) کەسیان تورکمان‌و ئەوانی دی کورد بون هەروەها (130) بریندار بون کە (124) کەسیان تورکمان بوو،، پێدەچێت پیلانەکە بەتەواوی سەری گرتبێت چونکە پاش کارەساتەکە هەروا بەئاسانی کێشەکە چارەسەر نەکراو دواتریش دەیان کەس بوونە قوربانی بۆ نمونە لە سێدارەدانی شێخ مارف‌و هاورێکانی (23–6–1963) پێشتریش لە (22–12–1959) محەمەد ئەمین شەربەتچی کەسایەتی ناسراو شەهید کرا هەروەها سدیق بلوکێنی ڕۆشنبیرو سیاسی تیرۆر کرا، عەریف حەمە فەرەج بۆ هەتا هەتایە چاوی لەدەستداو کەسانێکی تریش لەوانە گەر بەهەڵەدا نەچوبم کەسایەتی ناسراو (عەلی بەستێ) بو سوکایەتی پێکرا. بێگومان ڕژانی ئەو هەموو خوێنە بە فیڕۆ بۆ ئەوە بوو کێشەی نەتەوەیی لەو شارەدا بنێژنەوە بەڵام نابێ ئەوەمان لەبیر بچێت لە گەرمەی ئاژاوەکەشدا (موتەسەریفی کەرکوك) کاتێ تورکمانەکانی ئاگادارکردەوە گەر قەڵا چۆڵ نەکەن لێیان دەدات، کوردەکانی ئیمام قاسم قۆریە باوەش‌و ئامێزیان بۆ کردنەوە، دوای ئەوەو تا ئەمڕۆش ئامێزی کوردو کوردستان بۆ ئەو هاوڵاتیانە کراوەتەوەو لەدوا هەنگاویشدا خانو بەسەر ئەو ڕاگوازراوە تورکمانەکاندا دابەشکرا کە لە لایەن ناوەندی عیراقەوە دەرکرابون، بەم جۆرە سەرەڕای سەرکەوتنی پیلانەکە لەو ڕۆژەدا بەڵام برایەتی ئەم دوو گەلە هەر درێژەی کێشا، ئەگەرچی بەردەوام‌و لێرەو لەوێ دەستی پیلان هەر هەیەو ساڵانە پیلانچیەکان دەیانەوێ قەتماغەی برینەکان هەڵدەنەوە.

## رایەکان:

جگە لە دەستی ناوخۆ دەستی دەرەوە بەتایبەتی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن هەوڵی ئەوەیاندا بەشێوەیەکی زۆر دزێوو زۆر دور لەڕاستیەوە قسە لەسەر ڕوداوەکان بکەن کە بەداخەوە ئەوە بۆ ڕۆژنامەو گۆڤار بەشێکە لە، لەدەستدانی ڕاستگۆیی، پاش ڕوداوەکە دەزگاکانی پۆلیس، ئەمن، پارێزگا، ئیستخباراتی سەربازی چەندین لایەنی تر قسەی خۆیان کردو ڕاو سەرنج‌و ڕاپۆرتی خۆیان نووسی، هەروەها عەبدولکەریم قاسمیش لەو بارەیەوە قسەی کرد، بەڵام ڕاگەیاندنی دەرەوە چ ڕاگەیاندنی ئێرانی سەردەمی شا چ ئەوانەی ڕۆژئاواو عەرەبییەکان زۆر گەورەیان کردەوەو زۆریان

خستەسەری بۆ نمونە هەندێك ژمارەی كوژراویان گەیاندە هەزارو سەدان بریندار، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ ئاماژە بە ئەوە بدەین كە لەنێو رایەكاندا لەو بارەیەوە باری سەرنجی جیاوازو دیدی جیا هەیەو هەر كەسە لایەنو كەسێكی تاوانبار كردووە بەپێی خواستی سەروی خۆیان، بۆ نمونە نوسراوی دەزگای ئاسایش لە (15-7-1959)و بێ خوێندنەوەیەكی وردەكاریانەو شۆڕبونەوە هەریەكە ئەوە تاوانبار دەكات كە خۆشی بەچارەیدا نایات.

## وانەكان:

وانەكانی ئەو كارەساتە كە پێویستە گەلانی ناوچەكە سودی لێ ببینین ئەوەیە ئەگەرچی بەدرێژایی هەزاران سالیش كێشەو شەڕ لەنێوان گەلانی ولاتێكدا هەبێت ئەوە هەرگیز بەشەڕ كۆتایی نایەتو مێژوو هەمیشە لەگەڵ ئەوانەدایە كە گرەوەی ئاشتی دەبەنەوەو لەو پارچە زەوییەشدا كە چارەنووسو ڕوداوو گۆڕانكاریەكانی مێژوو چەند گەلێكی بەیەكەوە گرێداوە هەر دەبێ باڵی ئاشتی بەسەر ئاسمانەكەیدا بكشێ ئەمە بایەخدارترین وانەیە بۆ سەرجەم گەلانی ئەم ناوچەیەو جیهان هەرگیز ولاتو ناوچەیەكیش بەتەنیا ولاتو ناوچەی یەك نەتەوە نیە لە كاتێكدا لەنێو ئەو ولاتەدا بەتەنیشت ئەو گەلەوە گەلێكی تر هەبێت. ئەو چارەنوسی لە شارێكی وەكو كەركوكدا كوردو توركمانی بەیەكەوە گرێداوە نەك بەفیتو دەستی تێكدەرێكی وەكو كۆچكردوو تەبەقچەلی بگرە بەفیتو پیلانی هیچ كەسو هێزێ لەیەك نابێتەوەو نەكورد بەتەواوەتیو بۆ هەتا هەتایە لە كەركوكی خۆی دادەبڕێو نەتوركمانیش لەو شارە تەواو دەبێت لەبەرئەوەی چارەنوسو مێژوو لە قۆناغەكانی خۆیاندا ئەو حەقیقەتەیان سەلماندوە. ئایا كاتی ئەوە نەهاتوە لە بیرەوەری (41) ساڵەی ئەو كارەساتە غەمناكەدا كوردو توركمان پێكەوە بەڵێنی هەمیشە پێكەوەبونو برایەتی بدەن بۆ ئەوەی هیچ نەبێت ئەو نەتەوە سەردەستانەش چاوێك لەم دوو گەلە بكەن كە لەنێو ولاتێكی هاوبەشدا دەیانەوێ نكۆڵی لە مێژووی هەزاران ساڵەو كەلتورو زمانو بونی نەتەوەیی چەند ملیۆنی بكەن؟!...

## ژێدەر:


1-چەند چاوپێكەوتنێكی نێو ڕوداوەكان.

2-بابەتێكی د. عەبدولستاو تاهر شەریف، ئاران.

3-گۆڤاری پەیڤین ژمارە 2.

4-كەركوك- وریا جاف.

**برای بەڕێزم شێخ برایم کوڕی شێخ عەبدولکەریمی بەڕێز**

**لە ناحیەی قادر کەرەم**

**سڵاو لەتۆو لە هەموو ئەندامانی خێزانەکە، هەروەها بڕیاری هەڵواسینمان دەرچو بەبێ ئەوەی تاوانێکمان کردبێت، دڵنیابن کە لە هەموو ئەو ڕووداوانە بێبەریم کە لە ڕوداوی کەرکوکا ڕویاندا، بەڵام هەرچی بوو، خوای گەورە بۆی نوسیوم کەلێتان جیابمەوە، بە هۆی بڕیارێکی حوکمە زاڵمەکەی قاسمەوە کە بەرامبەر ئێمەو کەسانی بێ تاوان دەرچووە. کوڕێکم لە دوای خۆم بۆ بەجێ هێشتون بەناوی ئازاد، تکایە چاوتان لێی بێت. سڵاوم هەیە بۆ هەموو برادەران، سڵاوم هەیە بۆ دایکی ئازاد تکام ئەوەیە لێم ببورێ، لەکۆتاییدا بۆ دوا جار ماڵئاوایتان لێ دەکەمو بێتاوانی خۆم لە هەموو ئەو تاوانانەی دراوەتە پاڵم دەردەبڕم.**

**براتان**

**حوسێن بەرزنجی**

**باوکی خۆشەویستم حاجی شەریف...**

**بابەگیان ئەوامن سەرکەوتمە سەر سێدارە بەهەموو شەرەفەوە، وە بە بەریئی تکایە ئاگاداری مناڵەکان بنو قوتابخانەیان پێ تەواوبکەن.**

**ئیتر دەستی دایکم ماچ ئەکەم وەچاوی یاسینو فەریقو ئەمینو دڵشادو شێرزادو شۆڕشو فایەقو عالیە ماچ ئەکەم.**

**زۆر سەلام لە هەموو خزمانو کەسو کار ئەکەم، تکایە هیچ نەگرین وەخەفەتم بۆ نەخۆن ئەوا لەگەڵ ئەم وەسیەتەیا (15.750) دینارم پێیە بۆتانم نارد بۆمی بکەن بەخێر، ئیتر هەر بژین بەخۆشیو بەکامەرانی.**

**ڕۆژی شەمە 1963/6/23**

کوڕت عبدالحافظ

**بۆ خزمان، براکانم، خوشکەکانم، کوڕو کچو هاوسەرەکەمو خاڵە فەرەیدونم ئەمانەتی خوابن، نارەوا دەمخنکێنن، بەسەربەرزی ژیامو هەرواش دەمرم. کاکە شێخ برایمو شێخ**

محەمەدو کاکە نازم ماڵو منالم لەسایەی ئێوەدان بەختەوەرم بەوەی کە تاوانم نەکردووەو شەهیدم.

مارف بەرزنجی

1963-6-22/23

دایکی زۆر خۆشەویست

هەردوو دەستەکانت ئەگوشم. دەستەکانت ماچ ئەکەم.. من ئەوا لەپێناوی وڵاتا ئەکرێم بەسێدارەوە. هیچ متأثرنیم وەکو شێر ئەکرێم بەسێدارەوە.

هەزار دینارم هەیە لەبنك ئەیبەخشم بەتۆ.. و ئەبێ تۆش سەرفی منالەکانی بکەی. چاوی سەباح ماچ ئەکەم. زۆر احترامم هەیە بۆ خوشکم ناهیدەو زۆر زۆر دەستەکانی ئەگوشم.

چاوی سەلام ماچ ئەکەم. چاویان لەیەك بێت زۆر رجایان لێ ئەکەم ئاگاداری یەکتربن. ئیتر بژین بەشادیو خۆشی لەگەڵ گەلەکەما رجا ئەکەم لەپاش من هیچ نەگرین، وەکو پۆلا وابن.

1963/6/23

کەرکوك ئیمام قاسم

عبدالجەبار محمد پیرۆز

قەڵەمێکی پاندانو جزدانێکی پارەو کۆمپیالەیەکم بەدەست گەیشت.

کەسو کاری ئازیز، باوکی شیرینم، دایکی ئازیزم براخۆشەوستەکانم نورەدرینو ویدادو کامەرانو حەسەن، خوشکەکانم سوعادی ئازیزو ڕوناکی ژیکەڵە، پاش چەند ساتێکی تر بڕیاری لەسێدارە دانم جێبەجێ دەکرێ، ئێوە ئاگاداربن کەبێ تاوانم بەڵام دڵگران نیم لەبەر ئەوەی بەسەر بەرزی دەمرم، تکایە ئێوەش دڵگران مەبن سڵاوم هەیە بۆ هەموو خزمان، لەکۆتایدا گەرمترین سڵاوم قەبوڵ بفەرمون.

کوڕی خۆتان

ئیحسان

محەلە ئەڵماس رقم دار 20/433 غازی

دەستی ئەنکم ماچ ئەکەم

باوکی خۆشەویستم دایکی دڵسۆزم، برای جگەر سۆزم، خوشکانی بەنرخم، ئێمە ئەبین بە قوربانی نیشتمان، ئەبی بەشانازیەوە ناوم بێنن، وەمن بەفەخرەوە سەرئەکەومە سەر سێکدارەو ئەڵێم ئەمرین تابژی گەلەکەمانو نیشتمانەکەمان، تکام وایە کە زۆر ئاگاداری غازی بنو پاش من ئاگاداری بکەن.

سڵاوی گەرمم بگەیەنن بەهەموو ئەوانەی کەلێمان ئەپرسن

ئیتر بەخواتان ئەسپێرم
دڵسۆزتان
تالب عومەر
شەمو 1963/6/22

سەلامێکی گەرم لەپاش سەلام کردن، گەردنتان ئازادبێتو گەردنم ئازادبکەن، من بەسەعاتێ پێش تنفیزی ئیعدام دەستم دایە ئەم قەڵەمەو ئەم نامەیەم بۆتان نوسی، ئێوە ئەزانن هەرچەند ئیعدام ئەکرێم بەڵام بەریئم هەروەها بەشەریفی ئەمرم/ خوشكو براکانم توخوا بۆم شیوەن مەکەن، دڵی دوژمن بەخۆتان خۆش مەکەن، بەجارێ گشت لە چەپڵە دەن بۆ جوانەمەرگانی وەتەن. زۆ سەلامم بۆکاکە صدیقو براکانی عومەرو جەبارو خاڵۆمو کاکم محمد شەریفو هەموو خزمانی شوان.

برای جوانەمەرگتان
نەجمەدین نادر شوان

بۆ باوکی بەڕێزم
بۆ دایکی عەیزم دایەگیان، باوکی بەڕێزم لەم دورەوە دەستان ماچ ئەکەمو سەلامتان لێ ئەکەم، وا من ئیعدام ئەکرێم، رجاتان لێ ئەکەم کە چاوتان لە ئازاد بێت، سەلام لە ئەکرەمو حوسێنو باهیر کەریمو محەمەدو تەحسین ئەکەمو سڵاوم هەیە بۆ نەورۆز.
بەشەرەفەوە دەرۆم، ڕجا ئەکەم دلگران نەبن بۆ من لەگەڵ ئەم نامەیەدا 1.156 دینارم تەسلیم بە مدیری سجنەکە کردووە.
بژی گەل، بژی کوردو کوردستان

کوڕی خۆتان
مەحمود حاجی عەلی بەستێ

بۆ باوکی ئازیزم سەید وەلی سەید عومەر
ئەمشەو پێیان ڕاگەیاندین کە لەسێدارە ئەدرێینو خوای گەورە ئاگادارە بێ تاوانم، تکام وایە لێم ببورن، چاوی ئەحمەدو محەمەدو محەمەد ساڵحو ئەمینو فەخرەدین ماچ ئەکەم، بابەگیان برا ئەزیزەکانم، ئەمانەتی ئێوەو خێزانەکەم، تکایە یارمەتیان بدەن لەپەروەردەکردنو کۆمەکیان بکەن.
خێزانی خۆشەویستم، ببورە، چاوی مناڵەکان ئاواتو ئازادو نەوزادو شێرزادو سەردین ماچ ئەکەم، تکام وایە باش پەروەردەیان بکەی، هەندێ کەلو پەلم لە بەندیخانەی باقوبەو هەندێکم لە بەندیخانەی عەمارەیە، ئێستاش دوو دینارو سەعاتێکی دەستیم پێیە لەبەڕێوەبەرێتی بیمەی کەرکوکیش (50) دینارم هەیە وەری بگرن.
سڵاوم هەیە بۆیەك بەیەکی خزمان

**كوڕی خۆت**

**سەید نوری سەید وەلی**

بيان رقم 30 الصادر في 1963/6/24 المصادف يوم الثنين 3 صفر 1383 العدد /122/ جريدة الجماهير

تنفيذ الاعدام في 28/ مجرما ارتكبوا افضع الجرائم في كركوك

اصدر الزعيم الركن سعيد الصقلي الحاكم العسكري العام للمنطقة الشمالية امس البيان رقم 30 وفيما يلي نصه اولا-حسب المراسيم الجمهورية تم تنفيذ حكم الاعدام صباح هذا اليوم الموافق 23/حزيران/1963 بالمجرمين الشيوعيين الذين ارتكبوا فضائح مجزرة كركوك الدانية عام 1959 بقتل وسحل المواطنين الابرياء والتمثيل بالاحياء والامواتء وتعليق الجثث وتقطيعه وحرقها مما تنافيه وتستنكره حتى وحوش الغاب.

قاموا بارتكاب هذه الاعمال الوحشية لحقدهم الدني المتأصل في نفوسهم المريضه البشعة واليوم نالوا جزاءهم العادل لما اقترفته ايديهم من اعمال منكره ليكونوا عبرة لكل خائن وما ظلمناهم ولكن كانوا انفسهم يظلمون ان حكومة ثورة (14) رمضان المباركة ساهرة على مصالح المواطنين وواقفة بالمرصاد لتحقق في موضعه الى المحسن وتقضي من المسى ليسود الامن والاستقرار في وطننا الحبيب ولينعم ابناء الشعب كافة بالحرية والطمانينة.

ثانيا- ان المجرمين الذين نفذ بهم حكم الاعدام هم:

1. **المجرم محمد حسن عزيز**
2. **المجرم نجم الدين نادر**
3. **المجرم عبدالرحمن محمد**
4. **المجرم فتاح صالح**
5. **المجرم احسان حسين**
6. **المجرم** طالب **عمر**
7. **المجرم محمود على بسته**
8. **المجرم خليل ابراهيم- الملقب ابراهيم عجم**
9. **المجرم مختار بلخش**
10. **المجرم عادل حسين**

11. المجرم خورشيد محمود
12. المجرم معروف برزنجى
13. المجرم عبدالجبار بيروزخان
14. المجرم حسين البرزنجى
15. المجرم عبدالمجيد حسن
16. المجرم فاتح ملا داود
17. المجرم نورى ملا عبدالله
18. المجرم النائب ضابط عبدالحافظ حاج شريف
19. المجرم نعيم عنبر
20. المجرم عطا جميل
21. المجرم كريم خلف
22. المجرم كريم رمضان
23. المجرم محمود مجيد-الملقب ابو شوارب
24. المجرم رحيم سعيد
25. المجرم مهدى مردان
26. المجرم نورى السيد ولى
27. المجرم احمد محمد امين
28. المجرم حسين خورشيد

# ناوەڕۆك

سەرەتا
بەشی یەکەم
کەرکوکی کۆن تا ساڵی 1921
کەرکوکی ئەمڕۆ
بەشی دووەم
نەوتی کەرکوك
نەوتو ئابوری عێراقو شەڕی کورد
بەشی سێیەم
بەعەرەب کردنی کەرکوك
گۆڕینی ناوی شوێنەکان
دەستکاری سجلی ساڵی 1957
تێکدانی نەخشەی ئیداری
بەبەعسی کردنی کەرکوك (بەعساندن)
دامەزراندنی بەعسیە عەرەبەکان
بەعساندنی خوێندن
بەعساندنی کوردو تورکمانو مەسیحی
کۆچ پێکردن، دەرکردن
ڕاگواستنی کوردەکان
ڕاگواستنی هەمە بیانو
سەرژمێری ساڵانی 1957و 1977
ڕێژەو سەرژمێریەکان
هەردوو سەرژمێریەکەو بەراوردێك ..

# سەرچاوەکان:

## بەشی یەکەم

### کتێب کوردیو عەرەبی


1-كركوك دراسه سياسيه اجتماعيه، وريا جاف.

2-میدیا ئی. م. دیاکۆنۆڤ وەرگێڕانی بورهان قانع

3-منطقه كركوك، د.نوری تالەبانی.

4-لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی دەربارەی مێژوی.... د.جەمال رەشید ئەحمەد.

5-کێشەی ویلایەتی موسڵ ، د.فازڵ حسين وەرگێڕانی  محمد شاکەلی.

6-شەرەفنامە، پەراوێزی مەلا جەمیلی ڕۆژبەیانی.

7-العراق في العهد العثماني، د.عەلا موسی کازم.

8-گەشتی ریچ بۆ کوردستان وەرگێڕانی حەمەی حەمە باقی

9-کوردستانو کورد عەبدولرەحمان قاسملو

10-العشائر الكرديه ترجمه وعلق عليه فواد حمه خورشيد

11-کوردستانو مەسەلەی کوردی پ. ڕادۆڤان باڤیج. و/ مەحمودی مەلا عیزەت.

12-ئەمنی ستراتیژی عێراقو سێکوچکەی بەعسیان، چیا.

13-تأريخ الوزارات العراقيه عبدالرزاق الحسنى

14-العراق في العهد قاسم جرجيس  فتح الله

15-كركوك لمحات تاريخيه ليلى نامق جاف

16-سەردەمی قەڵەمو موراجەعات نەوشیروان مستەفا ئەمین

17-جولانەوەی ڕزگاری نیشتمانی د. عەزیز شەمزینی. و/ئەسەسەرد

18-التأريخ السياسى لتركمان العراق عزيز قادر الصمانچى

19-چینی کرێکارانی عێراق دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد

20-رەوشی ئاینیو نەتەوەیی لە کوردستان د.رەشاد میران

21-یادگاری خانەقا شیعرو بیرەوەری شێخ رەوفی خانەقا

22-عەلەبەستێ ڕۆمان حەسەن جاف

23-مذكرات الطبقجلي وذكريات جاسم مخلص المحامى

24-کاکی کاکان بەرگی یەکەم کاکە مەم بۆتانی

25-کەرکوكو سیاسەتی تەعریب، دەزگای ناوەندی راگەیاندنی یەکێتی.

26–مێـــژوی كـــوردو كوردســـتان، ئايـــەتولا مـــەردۆخی وەرگێڕانـــی عبدلكريم محمد رشيد.

27-شۆڕشی برايم خانی دەلۆ، مستەفا نەريمان.

28-25 ساڵ سەروەری. كۆكردنەوەو ئامادەكردنی ئازاد خانەقينی.

29-من اوراقی سامی عبدالرحمن.

30-خولانەوە لە ناو بازنەدا، نەوشيروان مستەفا ئەمين.

**گۆڤارو ڕۆژنامە :**

1-گۆڤاری هاواری كەركوك ژ (2) كوردێكی مێژونوس.

2-گۆڤاری هيوا ژ (4) ساڵی 1957.

3-گۆڤاری كەركوك ژمارە (1) هاوينی 1999 مام جەلال.

4-گۆڤاری برايەتی ژمارە (1) ساڵی 1970.

5- الثقافة الجديدة كركوك في ذاكرة التأريخ. كريم زەند.

6- گۆڤاری كەركوك ژمارە (4) هەشتا ساڵ تەعريب جەلال جەوهەر.

7-گۆڤاری كەركوك ژمارە (8) ئەژی.

8-گۆڤاری كەركوك ژمارە (5) ئەحمەد باوەڕ.

9-اليقظە ساڵی 1946.

10-ئاران ژمارە (3) د. عبدستار تاهير شريف.

11- ئاران ژمارە (4) د. عبدستار تاهير شريف.

12-بەيان ژمارە (2) حسين بەرزنجی.

13-ڕۆشنبيری نوێ ژمارە 125 د.كمال مەزهەر.

14-الاتحاد ژمارە 23 هەڵكەوت عبدالكريم.

15-الاتحاد ژمارە (23)

16-ڕۆژنامەی بابەگوڕگوڕ ژ (1) عبدالرقيب يوسف.

**ناميلكە :**

1-كەركوك لەچاوی مێژودا ئەكرەم 1991.

2-كەركوك پێش كۆسۆڤۆ كەوتوە فەهمی هوەيدی ، و. تەها سۆڵەی.

3-ديدارێك لەگەڵ عبدالستار تاهير 1997.

**دەستنوس :**

1-دەستنوسی سالآنی 1960 بەرو ژور تۆماری ڕۆژانە.

**بەشی دووەم**

**كتێب**

1-النفط والاكراد د.كمال مجيد.

2-كوردستانو كورد د. عبدالرحمن قاسملو

3-جينۆسايد له عێراقداو... ميدل ئيست ووچ. و/ سيامەندی موفتی زادە.

4-كوردستانو مەسەلەی كوردی پرۆفيسۆر باڤيچ/ مەحمودی مەلا عزەت.

5-دوانزە وانە بۆ مندالآن / ديوانی عەبدوللآ پەشێو.

6-ئەمنی ستراتيژی مامۆستا چيا.

7-عێراقو مەسەلەی كورد ی.ن.ك 1984.

8-چەند لاپەڕەيەك لە مێژووی كورد بەرگی دووەم د.كەكال مەزهەر ئەحمەد.

9-نفطنا في محاولات الالتفاف الى التأميم.

**گۆڤارو رۆژنامە :**

1-هاواری كەركوك ژمارە (2) گولەر سيامەنسوری.

2-سياسەتی دەولی ژمارە 11.

3-النفط والعالم، ژمارەكەيم نەنوسيوە كاتی خۆی.

4-كەركوك ژمارە (8) فاتح حەمە رەش.

5-رۆشنبيری نوێ ژ (136) كەمال مەزهەر ئەحەمەد.

6-ريبازی نوێ ژمارە (6) د.مارف عومەر گوڵ.

7-كوردستانی نوێ ژمارە (1605).

8-الاتحاد ژمارە (324) د.نوری تاڵەبانی.

9-ئالآی ئازادی ژمارە (190) نەوزاد عەزيز.

10- بەرەی كوردستانی ژ (11).

**دەستنوس و ديدار:**

1-چاوپێكەوتن لەگەڵ كاك محمد جەبار خەڵكی ناوچەكە ئێستا لە شۆڕشە.

2-دەستنوسی کە پێدەچێت چەند نوسەرێکی ئەمەریکی پێشتر وەك کتێب لەسەر شەڕی کەنداو نوسیبێتیان/ وەرگێڕەکان نازانم کێن.

**بەشی سێیەم:**


***کتێب:**

1-ئەمنی ستراتیژی.. مامۆستا چیا.

2-مێژو دەڵێ جەزا چنگیانی 1991.

3-العراق، الكتاب الاول، حنا بطاطو.

4-جوڵانەوەی ڕزگاری نیشتمانی عەزیز شەمزینی وەرگێڕانی / ئەسەسەرد.

5-القظية الكردية في العشرينات د. عزيز الحاج.

6-كركوك دراسه سياسيه واجتماعيه وريا جاف.

7-ديوانی کوردی.

8-عێراقو مەسەلەی کورد ی.ن.ك 1984.

9-خوێنەواری بەزمانی کوردی جمال نەبەز .

10-چوار ساڵ کارو خزمەتو بوژانەوە.. پارێزگای کەکوك.

11-تونی مەرگ زیاد عبدالرحمن.

12-جوگرافیای دانیشتوانی کوردستان. عەبدوڵڵا غەفور.

13-الاكراد والعرب. ابراهيم احمد 1961.

14-کوردستانو کورد عەبدوالرحمن قاسملو.

15-كركوك لمحات تأريخية ليلى نامق جاف.

16-العراق قديما وحديثا عبدالرزاق الحسنی.

***نامیلکەو گۆڤارو ڕۆژنامە:**

1-مشروع دستور جمهوريه العراق.

2-پەیڤین ژمارە (1) د.نوری تاڵەبانی.

3-کەرکوك ژمارە (4) ئەژی.

4-کاروان ژمارە (41) هەردەوێڵ کاکەی.

5-ڕۆشنبیری نوێ ژ (107) مستەفا نەریمان.

6-ژیان ژمارە (408).

7-کێشەی کوردو ئاسایشی نەتەوەی عەرەب رەجائی فائیدو باوکی رەوەز.

8-کەرکوك پێش کۆسۆڤۆ کەوتوە فەهمی هوەیدی/ تەها سۆڵەیی.

9-کێشەی کوردو پێکهێنانی دەوڵەتی عێراق د.فواد مەعصوم . و باوکی ڕەوەز.

10-کەرکوك ژ (2-3) جەزا تۆفیق تالیب.

11-دانیشتوانی لیوای سلێمانی د. شاکر خصباك / وەرگێڕانی عەتا قەرەداخی.
12-سیاسەتی دەولی ژمارە (6) د. خەلیل اسماعیل.

-الاتحاد ژماره 23 ل10 نوسینی هەڵکەوت عبدالکریم..
*-گۆتیەکان وڵاتەکەیان بەگۆتیام ناوزەدکراوە، پایتەختەکەیان ئاراپخا بووە سنوری دەسەڵاتیان کوردستانی ئێستا بووە.
1-كركوك دراسة سياسية وأجتماعية. وريا جاف ل18.
-میدیا، ئی.م دیاکۆنۆڤ وەرگێڕانی بورهان قانع لاپەڕە 165.
-الاتحاد 23ل12 نوسینی ئەبو بێریڤان.
-هاواری کەرکوک ژ2، ل20ن، کوردێکی مێژونوس.
*-کەرخا دبیت سلوخ لەلایەن سلوکیەکانەوە وای پێگوتراوە، دیارە هەر هێزوو سوپایەك کە هاتوونەتە ناوچەیەك ناوی شوێنو ناوچەکەیان بەناوی خۆیانەوە ناو ناوە هەر بۆیە دەبینین کەرکوك ئەو هەموو ناوەی هەیە لەمێژوودا.
*-سەردەمی هاتنو جێگیربونی تورك لەکەرکوك.
-گۆڤاری هیوا ژمارە 4 ساڵی 1957ل5.
*-قاموس ئەعلامی تورکی دائیرە تولمە عاریفی عوسمانی بووە لەساڵی 1315ھ 1896زاینی لەئەستانە نوسراوە.
-کەرکوك ژمارە 1 هاوینی 1999 وتاری مام جەلال.
-گۆڤاری برایەتی ژمارە (1) ساڵی (1) 1-6-1970.
-منطقة کرکوك د.نوری تاڵەبانی لەندەن 1995ل11.
-لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی دەربارەی مێژووی وڵاتی کوردەواری د.جەمال رەشید ئەحمەد لاپەڕەکانی 41+81.
-کێشەی ویلایەتی موسڵ. د. فازڵ حسین، ئەم کتێبە کتێبێکی ئەکادیمیەو ساڵی 1999 محەمەد شاکەلی وەریگێڕاوەو بلاوی‌کردەوە.
-پەراوێزی شەرەفنامە نوسینی مەلا جەمیل رۆژبەیانی.
-هەمان پەراوێزی سەرەوە.
-کەرکوك لەچاوی مێژوودا نوسینی ئەکرەم 1991.
-هاواری کەرکوك، کوردێکی مێژوونوس ل22.

-رۆژنامەی بابەگورگور ژمارە (1) لاپەڕە (2) عبدالرقیب یوسف 1991.
-العراق في العهد العثماني د.علا موسى کازم نەورەس.
-مەحمود مەلا عیزەت پرۆفیسۆر رادۆڤان باڤیچ راگەیاندنی (ی.ن.ك) 1985.
-گەشتی ریچ بۆ کوردستان 1820 نوسینی کلۆدیۆس جیمس ریچ، وەرگێڕانی لەعەرەبیەوە محەمەد حەمە باقی.
* سەبارەت ئەم ناوە کۆمپانیای نەوت سەرەتای پەنجاکان گەڕەکێکی بە ناوی عەرەفە دروست کرد.
1-الثقافة الجدیدة کرکوك في ذاکرة التأریخ کریم زەند.
-کوردستانو کورد عبدالرحمن قاسملو ل26.
-هەشتا ساڵ تەعریبو گۆڤاری کەرکوك ژمارە 4 ل31 جەلال جەوهەر عەزیز.
1-العشائر الکردیة. ترجمة وعلق علیه فؤاد حمة خورشید 1979.
-کێشەی ویلایەتی موسڵ د.فاضل حسین وەرگێڕ محەمەد شاکەلی ل11.
-هەمان سەرچاوە.

* تا ئێرە ئەوەی ناومان نابوو کەرکوکی کۆن یان کەرکوک تا ساڵی 1921، تەواو من دڵنیام ئەم بەشە هێشتا کەموکوڕی زۆرە لەگەڵ ئەوەشدا بۆ لێکۆڵەران و توێژەران کار ئاسانیەکی باشە کە بگەڕێنەوە سەر ئێرەو سەرچاوەکانی.
- مامۆستا چیا ئەمنی ستراتیژی ل92.
- پەراوێزی پێشوو.
* رەئوف خانەقا لەیادگاری خانەقادا دەڵێ لە1924/5/4 شەڕی ئاشوریەکان رویدا، دواتر لەشیعرێکدا باسی دەکات.
- عبدالرزاق حسنی تأريخ الوزارات العراقيه.
- هەمان سەرچاوەی سەرەوە.
- العراق في عهد قاسم جرجيس فتح الله، لاپەرە 736.
- منطقة كركوك ومحاولات تغير واقعها القومي/ نوری تاڵەبانی لاپەڕە (38-39-40-41).
- هەمان سەرچاوە.
- كركوك لمحات تأريخيه/ ليلى نامق جاف، ل43.
- سەردەمی قەڵەم و موراجەعات نەوشیروان مستەفا ل98-99.
- هەمان سەرچاوە ل76.
* شاعیرانی کورد هێڵەیان بەوەفدی کوردستان و مەجلیسی نواب و ئەو کوردانە کردووە کە پیاوی حکومەت بونە لەوانە پیرەمێرد، بێکەس ئەخۆڵ..هتد.
- گۆڤاری کەرکوک ژمارە8، مێژووی سەردەمە کارگێڕی و بەڕیوەبەرییەکانی ناوچەی کەرکوک نوسینی ئەژی ل48.
- هەمان سەرچاوە.
* پارتی هیوا/ لەدروست بونی‌یەوە لەشاری کەرکوک تا هەڵوەشاندنەوەی لەکۆنفرانسی کەلاردا 1937-1944، ئەحمەد باوەڕ کەرکوک ژمارە (5) لاپەڕە 93 تا 110.
- جوڵانەوەی رزگاری نیشتمانی کوردستان، دکتۆر عەزیز شەمزینی وەرگێڕ ف.ئەسەسەرد لاپەڕەکانی 19-20-21-22.
كركوك لمحات تأريخيه، ليلى نامق جاف ل43+ل44.
* گاور باخی واتە گاوران، لە گەرمیان بەفەلەو دیان دەگوترێ گاور، مەسیحی.
- التأريخ السياسي لتركمان العراق، عزيز قادر ص125.
* ئەم قسەیە بنەمایەکی زانستی نی‌یە لەبەرئەوەی سەرچاوەی نیە.
- چینی کرێکارانی عیراق دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد ل261.
[1] تأريخ الوزارات العراقية عبدالرزاق الحسني مجلة الرابع الجزء السابع ل118-122.
- اليقظة ژ.105، 1946.
[1] تأريخ الوزارات العراقية، عبدالرزاق حسني.
- ئاران ژمارە 3 د.عبدالستار تاهیر شەریف، کەرکوک لەپەنجاساڵدا ل4.
- پەراوێزی پێشوو.
- رەوشی ئاینیی و نەتەوەیی لەکوردستان، د.رەشاد میران ل31.
- التأريخ السياسي لتركمان العراق/ عزيز قادر الصامانچي.
- پەراوێزی پێشو.
- یادگاری خانەقا، شێخ رەئوف خەنەقاشیعرو بیرەوەری.
[1] - بگەڕێرەوە بۆ مذكرات الطبقجلي وذكريات جاسم مخلص المحامي 1985.
- عەلە بەستێ، رۆمان/ حەسەن جاف ل22.

[1]-مذكرات الطبقچلي وذكريات جاسم مخلص المحامي.
[1]-مذكرات الطبقچلي وذكريات جاسم مخلص المحامي.
[*] **مەبەست لەخراپتر ئەوەیە نەیانتوانی هەر هیچ نەبێت شوێنەواری فیتنەکەی تەبەقچەلی بسرنەوە.**
-منطقة كركوك ومحاولات تغير واقعها القومي، **نوری تاڵەبانی**، ل46.
[*] **هۆکاری تریش هەیە، بەڵام بابمێنێ، سەیر لەوەیە ئەو کاتەش بەپێی نامەیەکیمام ساڵح بۆم شیوعی شەربەتی زەردو پارتی تەماتەیان نەخواردوە.**
-**کاکی کاکان-بەرگی یەکەم کاکە مەم بۆتانی**، ل262.
-**كركوك دراسە سياسيە وأجتماعيە**، ل71، **وريا جاف.**
-**هەمان سەرچاوە.**
-**هەمان سەرچاوەی پێشوو.**
-**چاوپێکەوتن لەگەڵ شێخ عەبدوڵڵا بەرزنجی لەمانگی** 1997/7/7.
-**كركوكو محاولات د.نوری تاڵەبانی**، ل51.
-**چاوپێکەوتن لەگەڵ مام ساڵح جاف لە**1997/7/2.
-**دیدارێك لەنوسینگەی گۆڤاری پەیڤین ساڵی** 1997.
-**كركوك محاولات ل**51 **دکتۆر نوری تاڵەبانی.**
-**كركوك دراسە سياسيە واجتماعيە وريا جاف**، ل90.
-**سەرچاوەی پێشوو.**
-**کاکی کاکان بەرگی یەکەم کاکە مەم بۆتانی.**
-**تێکدەرێك لەکەرکوك، لەتیف فاتیح فەرەج کەرکوك ژمارە** (5) ل80.
-**د.عبدالستار تاهیر ئاران ژمارە** 4 ل5.
-**کاکی کاکان. کاکە مەم بۆتانی.**
-**كركوك محاولات د.نوری تاڵەبانی ل**51.
-**یادگاری خانەقا شێخ رەئوفی خانەقا.**
-**د.عبدالستار تاهیر ئاران** 4 ل5.
-**چاوپێکەوتنی شێخ عەبدوڵڵا بەرزنجی.**
[*] **هەروەها مەلا مەحمود غەرەبو عەریف حەمە فەرەجو مامۆستا محەمەد قەرەداخیش بەرکەوتون، عەریف حەمە فەرەج چاوەکانی لەدەستدا.**
-**دەستنوسێکی رۆژانەی ئەو سەردەمە کە وەك رۆژژمێر هەندێك لەرِوداوەکانی رۆژانەی تیا تۆمار کراوە.**
[*] **بۆ سەرجەم ئەم باسانە جگە لەهەندێك سەرچاوەی نوسراو دەیان خەڵکی ناوچەکە قسەیان بۆ کردوم لەوانە مام نادر کەرکوکی ئێستا لەسەرچنارە، مامۆستا فایەق کۆمەڵەی روناکبیری، شێخ عبداللە، باوکمو هتد.**
-**بگەرِێوە بۆ کتێبەکانی وریا جافو دکتۆر نوری تاڵەبانیو سەرچاوەکانیتر.**
[*] **سەبارەت ناوی لەسێدارەدراوەکان لەیەکێ لەژمارەکانی رێگای کوردستاندا** 29**کەسن لەوانە ئەم ناوانەش دێن عادل سید حسن، رحیم سعید، مجید حسن، احمد محمد امین، تۆفیق مستەفا، نەسیم عەنبەر، ناوی عبدالرحمن کاکە برادیە، محمد عزیزوکەریم خەڵەف لەسەرچاوەی تردا محمد حسنو کەریم رەمەزان نوسراوە.**
-**کەرکوكو سیاسەتی تەعریب دەزگای راگەیاندنی** (ی.ن.ك) 1985.
(78) **کەرکوكو سیاسەتی تەعریب.**
(79) **الاتحاد ژمارە** 23 ل10 **نوسینی پارێزەر هەڵکەوت محمد کریم.**

(80) مێژوی کوردو کوردستان، ئایەتوڵا مەردۆخی وەرگێڕانی بۆ کوردی عبدالکریم محمد ڕشید.
* بڕوانە لاپەڕەکانی 167–168 لە کتێبی شۆڕشی ئیبراهیم خانی دەلۆ 1920 نوسینی مستەفا نەریمان.
(81) الاتحاد ژمارە 23 ل 10 پارێزەر هەڵکەوت محمد کریم.
(82) سەردەمی قەڵەمو موراجەعات ل 76 نەوشیروان مستەفا.
(83) الاتحاد ژمارە 23 ل 10 پارێزەر هەڵکەوت محمد کریم.
(84) بگەڕێرەوە بۆ گۆڤاری هیوا ساڵی 1957.
(85) یاریچیو شارەزایانی بواری وەرزش لەو شارە لەوانە مامۆستا تاریق شەهید هەڵۆو هتد قسەیان بۆ کردوم.
(86) بگەڕێرەوە بۆ دەقی نامەی شەهیدەکان کە لە پاشکۆی ئەم کتێبەدا هەن.
* لەم بارەیەوە لێکۆڵینەوەیەکی وردم بەدەستەوەبوو پوختەیەکم نارد بۆ کوردستانی نوێ کاتی خۆی ڕوناکی نەبینی.
(87) بەشێك لەم ناوانە یان زۆربەی حوسێن بەرزنجی لەلاپەڕە دووی بەیانی ژمارە 19ی تشرینی دووەمی 1974 ئامارژەی پێداون.
(88) دیداری شێخ عبدالله بەرزنجی ئێستا کارگێڕی مەڵبەندی گەرمیانە.
(89) کوردو شەڕی شوعەیبە دکتۆر کەمال مەزهەر ژمارە 125ی ڕۆشنبیری نوێ 1990 لاپەڕە 36–40.
(90) پەراوێزی پێشوو.
(91) هەمان پەراوێز.
(92) کەرکوك پێش کۆسۆڤۆ کەوتوە لە پیلانی وێران کردنو پاکتاوکردنا نوسینی فەهمی هوەیدی وەرگێرانی ئەندازیار تەها سوڵەیی لە بڵاوکراوەکانی مەڵبەندی کەرکوکی ی.ن.ك.
* بگەڕێرەوە بۆ دەقی بەیانی 11ی ئازار.
(93) کەرکوكو سیاسەتی تەعریب (ی.ن.ك) 1985
(94) 25 ساڵ سەروەری (ڕۆژمێری ڕوداوەکانی ی.ن.ك) 1975–2000 کۆکردنەوەو ئامادەکرنی ئازاد خانەقینی، چاپکراوی خاك.
(95) من اوراقی سامی عبدالرحمن ل81.
(96) خولانەوە لەناو بازنەدا (دیوی ناوەوەی ڕوداوەکانی کوردستانی عیراق (1984–1984) نەوشیروان مستەفا ئەمین ل11.
(97) هەمان سەرچاوەی سەرەوە.
* تاریق عەزیز لەگەڵ ئەم وتەیەدا یاداشتێکی شازلی قولەیبی سکرتێری گشتی وڵاتانی عەرەبو کوەیتی بەدزینی نەوتی رومێلە تاوانبار کردو گوتی بایی (2.9) بلیۆن نەوت لە ناوچەیە دزراوە.
بگەڕێرەوە بۆ ل98 النفط الاکراد کمال مجید.
(1) کوردستانو کورد د. عبدالرحمن قاسملو ل18.
(2) جینۆساید لە عێراقدا میدڵ ئیست وۆچ–و. سیامەندی موفتی زادە ل96.
(3) پەراوێزی یەکەم ل 81.
(4) هاواری کەرکوك ژ 20 کەرکوك شاری ئاگری هەمیشەیی ئامادەو وەرگێرانی گولەر سیامەنسوری ل36.
(5) سەرچاوەی یەکەم عبدالرحمن قاسملو ل 82.
(6) کوردستانی نوێ ژ. (1605) ڕۆژی 22–6–95 د. نوری تاڵەبانی ل3–ب3.

[7] الاتحاد ژماره 324 1996/6/25. دکتۆر نوری تاڵەبانی.
[8] هەشتا ساڵ، جلال جوهر عزیز. گۆڤاری کەرکوك ژماره 4 ل 31.
[9] کوردستان و کورد/ د. عبدالرحمن قاسملو
[10] جوڵانەوەی ڕزگاری نیشتمانی کوردستان عەزیز شەمزینی وەرگێڕانی فرید ئەسەسەرد ل 17.
[11] کوردستان و کورد/ عبدالرحمن قاسملو ل19.
[12] ئاڵای ئازادی 1995/10/8 ژماره (190) نەوزاد عەزیز.
[13] سیاسەتی دەولی ژماره 11.
[14] کوردستان و مەسەلەی کوردی پرۆفیسۆر باڤیچ ل 15 چاپخانەی شەهید جەعفەر.
[15] کوردستان مێژوویەکی بێ جوگرافیا دیمتری زگیرسکی، بەرەی کوردستانی ژ 11 ل 20.
[16] کوردستان و مەسەلەی کوردی پرۆفیسۆر باڤیچ ل15 چاپخانەی شەهید جەعفەر.
* عبدالله پەشێو دوانزه وانه بۆ منداڵان، وانەی هەشتەم.
[17] ئەمنی ستراتیژی مامۆستا چیا دەزگای ناوەندی کۆمەڵە.
[18] ئاڵای ئازادی، نەوزاد عەزیز ژماره 190 1995/10/8 گواستنەوەی نەوتی باشور + گۆڤاری النفط والعالم.
[19] بیرەوەریم له کەرکوك فاتح حمه ڕەش کەرکوك گۆڤار ژماره 8، ل 117 بۆ 126 هەروەها چاوپێکەوتنێکی کاك فاتح لەو بارەیەوە.
[20] چاوپێکەوتن لەگەڵ کاك محمد جبار خەڵکی ناوچەکەیه ئێستا له شۆڕش کەرتی پیریادی دادەنیشێ.
[21] عێراق و مەسەلەی کورد ل2 ی.ن.ك چاپخانەی شەهید برایم عەزۆ 1984
[22] ڕۆشنبیری نوێ ژ 136 ساڵی 1995 دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد.
[23] گاڵتەوگەپ و ڕۆشنبیری نوێ ژ 136 ساڵی 1995 دکتۆر کەمال مەزهەر.
[24] چەند لاپەڕەیەك لەمێژوی کورد ل153 بەرگی دوەم. د.کەمال مەزهەر.
[25] چیا سێکوچکه ل186، چاپی دووەم.
* سوودم له دەست نوسێك وەرگرتوه که پێدەچێت چەند نوسەرێکی ئەمەریکی دوای شەڕی کەنداو نوسیبێتیان.
[26] -نفطنا في محاولات الألتفاف الى التأميم ص11، 1972.
[27] -یاداشت و نوسینی تایبەتی کەسێکی نادیار بەناوی شەستەکان و شۆڕشی کورد.
[28] -ڕێبازی نوێ ژ(6)، ل116 د.مارف عومەرگوڵ.
* پێم وابێ هەر ئەم کاتی خۆی لەنیسان یان ئازاری 1965 ئەندامی ئەو وەفده میسریه بو کە لەگەڵ وەفدێکی عێراق لەسەر کورد لەقاهیره کۆبونەوەیەکیان کرد یان تەوەرێك لەکۆبوونەوەکە لەسەر کورد بوو. ئەو کۆبونەوەیە سەرتاسەر دژایەتی کوردی تیاکرا، ئەندامانی هەردوو وەفدەکە بریتیبوون لە: وەفدی میسری: (کەمال رەفعەت -سەرۆك، حسێن زهوان خلاف، کەمال الحناوی، فتحی الدویب، شعراوی جمعه، السید علی السید، حکمت ابوزید، ابراهیم سعدالدین، امین عزالدین، احمد بهاالدین، لطفي الخولی) ئەندامان.
وەفدی عیراق: (عبدالکریم فرحان-سەرۆك، فراد الرکابی، هاشم علی، ادیب الجادر، خیرالدین حبیب، عبدالعزیز دوری، عبداللطیف کمال) ئەندامان.
[1] -مشروع دستور جمهوریه العراق، ل11، الماده السادسه.
[2] -هەمان سەرچاوه بەندی حەوتەم دەقی مادەکان بەم جۆرەیه: المادة السادسة (یتکون شعب العراق من العرب والأکراد، ویقر الدستور حقوق الاکراد القومیة ویضمن الحقوق

المشروعة للعراقين كافة ضمن وحدة الوطن والدولة) المادة السابعة اللغة العربية هي اللغة الرسمية وتكون اللغة الكردية لغة رسيمة الى جانب اللغة العربية في منطقة الحكم الذاتي.

[*] نەوتچی، نەفتچی زادە (ئەمانە ئیمتیازی دەرهێنانی نەوت و فرۆشتنیان هەبو بەخەڵکی ناوچەکە)، د.نوری تاڵەبانی.

[*] جێی داخە گەورە روناکبیرو عەلامەیەکی وەك مەلا عبدالکریمی مودەڕیس کە خزمەتێکی یەکچار مەزنی بەدیرۆکی ئەدەبی کوردیو کورد کردوە کەچی لەبنەماڵەی زانایاندا زۆربەی بنەماڵە بەرەچەڵەك و لەزەردەشتەوە کوردی کوردستان دەباتەوە سەر عەرەب و دەیانکاتە سەیدو پشتوێن سەوز، لێرەدا ناکرێ ئەو بنەماڵانە جارێکی‌تر ریزبکەینەوە.

[3] –مامۆستا چیا، ئەمنی سترتیژی، سەرچاوەی پێشوو، دەبێت بڵێین راستە خەڵکانی وەك عەواص حدیدو، عەلی دحام و لەو بابەتە پیاوی خراپ و جێبەجێکەری نەخشەی دەستەلات بوون هەڵبەت هەشبو ئامادە نەبو لەسەر ئەرزو ئاوی کورد نیشتەجێ بێت، عوبێدەکانی سەرەتای حەویجەش بەپرسی مەلیلك مەحمود نیشتەجێ بوون.

[4] –مێژوو دەڵێ، (جەزا چنگیانی)، 1991 چاپی ئەڵمانیا.

[5] -العراق، كتاب الاول حنا بطاطو، لاپەرە 81 بۆ 86.

[6] –کەرکوك لەچاوی مێژوودا ل15، نۆڤەمبەری 1991 ئەکرەم.

[7] –لەڕۆژنامەکانی ئەو سەردەمەدا دەقی بڕیارەکە هەیە ئێمە دەقی بڕیارکەمان دانەگرت ئەوەی مەبەست بونوسیمان، هەر بەهەمان ژمارە بڕیار سەلاحەدین دروست دەکرێ و دوزی دەخرێتە سەر، سەیر ئەوەیە کەرکوك بەو کۆنیەیە 2قەزاو تکریت یەکسەر چواری ئەدرێتێ!!

[8] –ئەمنی ستراتیژی عیراق و سێکوچکەی بەعسیان، ئەمین قادر مینە، چاپی دووەم 1999، ل252 هەر لەو کتابەدا بەدوورودرێژی ئەم بابەتە قسەی لەسەر کراوە کە پێویست ناکات ئێمە دوبارەی بکەینەوە.

[9] –دکتۆر ئازاد شێخانی/ رۆژی 2001/9/8 کات (6)ی ئێوارە. بارەگای کۆمەڵەی روناکبیری کەرکوك کۆڕێك بەناوی (سیاسەتی تەعریب و هەڵوێستی دەولی).

[10] –پەیڤین ژمارە (1) لاپەرە (54) دکتۆر نوری تاڵەبانی.

[11] –جولانەوەی رزگاری نیشتمانی کوردستان. دکتۆر عەزیز شەمزینی، وەرگێڕانی فەرید ئەسەسەرد ل162 ئەم دان پیانانە لە24ی تشرینی دووەمی 1922 راگەیاندرا.

[12] –القضية الكردية في العشرينات. د.عەزیز الحاج.

[*] لەلیستەکەدا عەرەب یەکەمەو کورد دووەمە خۆمان وامان لێکرد.

*لەبری تورکمان تورك نوسراوە.

[13] –كركوك دراسة سياسية واجتماعية/ وريا جاف ص254.

[14] –ئەمنی ستراتیژی عیراق و سێکوچکەی بەعسیان/ ئەمین قادر مینە م.چیا.

[15] –کەرکوك، گۆڤار ژمارە 4 ساڵی دووەم بەهاری 2001 مێژووی سەردەمە کارگێڕی و بەرێوەبەرایەتیەکان ناوچەی کەرکوك/ بەشی یەکەم/ ئەژی.

[16] –سەرچاوەی پێشوو.

[17] –بڕوانە سەرژمێری ساڵی (1947).

[18] –ئەمنی ستراتیجی عیراق ئەمین قادر مینە ل283.

[19] سەرچاوەی ژمارە (15) نوسینی ئەژی.

[*] هەردەوێڵ کاکەیی بەم جۆرە باسی ئەو شاعیرانە دەکات.

1–میرزا خەلیل منەوەر. ناسراوە بەشاعیری چەوساوەکان (1863–1923ن).

2–سەی عەباسی حیلمی کاکەیی (1882–1962ن).

3–جۆپان یوسف جەمال، بەیەسوساوك كاكەیی بەناوبانگە، گەڵێ شیعری هەمەجۆری بەشێوە زاری ماچۆ هەیە تا ئێستا بەرهەمەكانی كۆنەكراوەتەوە (1859–1925ز).
4–مەلا فەتۆش. فەتحوڵلا كوڕی حەویش كاكەییە ئەم زاتە رابەرێكی ئاینی بووە، سرودی ئاینی هەیە لەكەركوك هاتۆتە دنیاوە. هەر لەوێش كۆچی دوایی كردووە (1863–1919ز).
5–مەلا زەینەڵ كوڕی حەویش كاكەییە برای مەلا فەتۆشە. زۆربەی شیعرەكانی خۆشەویستین (1866–1922ز).
6–مەلا ئەڵماس خان یان خان ئەڵماس (1072–1138ك) ئەهلی حەق بووە.
7–محەمەد جۆپان ئاسنگەر كوڕی مەحمود كوڕی قەمبەرە (1890–1935ز).
بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە گۆڤاری كاروان ژمارە (41)ی ساڵی چوارەم 1986 گەشتێك بۆ ناوچەی گەرمیان ل74–77 هەردەوێڵ كاكەیی.

[20]–هەمان سەرچاوەی پێشوو.
[21]–رۆشنبیری نوێ ژمارە (107)، 1985، توحفەی سلێمانی مستەفا نەریمان ل216.
[22]–ژیان ژمارە 408/ 25ی ئابی 1934.
[23]–ئەمنی ستراتیجی عیراق و سێكوچكەی بەعسیان م.چیا. دەزگای ناوەندی رۆشنبیری كۆمەڵە ئایاری 1987.
[24]–دیوانی كوردی.
[25]–ئەمنی ستراتیژی عیراق و سێكوچكەی بەعسیان. ئەمین قادر مینە/ ل(65+69).
[26]–هەمان سەرچاوەی پێشوو.
[27]–كێشەی كورد و ئاسایشی‌نەتەوەی عەرەب، مهندس رجائی فائد. وەرگێڕانی باوكی رەوەز، ل17.
[28]–عیراق و مەسەلەی كورد (ی.ن.ك) 1984 چاپخانەی شەهید (برایم عەزۆ).
[29]–كەركوك پێشی كۆسۆڤۆ كەوتووە لەپیلانی پاكتاوكردنا، نوسینی فەهمی هوەیدی وەرگێڕانی ئەندازیار تەها سوڵەیی.
[30]–كەركوك پێشی كۆسۆڤۆ كەوتووە. فەهمی هوەیدی وەرگێڕانی ئەندازیار تەها سوڵەیی.
[31]–خوێنەواری بەزمانی كوردی. جەمال نەبەز/ 1957. چاپخانەی نور. بەغدا.
[*] جاری وا هەبوو بەێ بونی هیچ بیانویەك تەنیا لەبەرئەوەی بۆ نمونە خوێندكار نمرەكانی لەپەنجاو شەستەكاندایە یەك دووساڵ ئەو خوێندكارەی دواناوەندی تەواو دەكرد لەهیچ شوێنێك وەرنەدەگیرا دواتر سەدام مەكرەمەیەكی رادەگەیاند و خێریان بەخوێندكارەكە دەكرد!!

جگە لەوەی لەزانكۆ و پەیمانگاكان وانەی (ثقافة) هەبوو لەسەرەتایی و ناوەدیش (پەروەردەی نیشتمانی) هەبوو كە سەرجەم وانەكانی بریتی‌بوون لەبەعساندنی خوێندنكاران. لەم پەروەردەی بەناو نیشتمانیەدا قسە لەسەر كۆماری عیراق و حزبی قائید و سەرۆكی فەرماندەو ئەو شتانە دەكرا!!

[32]–عیراق و مەسەلەی كورد (ی.ن.ك) 1984 چاپخانەی شەهید برایم عەزۆ.
[33]–كێشەی كورد و پێكهێنانی دەوڵەتی عێراق ل28، دكتۆر فوئاد مەعسوم، و.ب.رەوەز
[34]–م. چیا ئەمنی ستراتیژی عیراق و سێكوچكەی..
[35]–چوار ساڵ كارو فزمەت و بوژاندنەوەو ئاشكراكردنی سیاسەتی راگواستن و تەعریب. ئامادەكردنی راگەیاندنی پارێزگای كەركوك.
[36]–م. چیا ئەمنی ستراتیژی عیراق و سێكوچكەی بەعسیان.
[37]–چیا. ئەمنی ستراتیژی عیراق و..
[38]–چوار ساڵ كاروخزمەت راگەیاندنی پارێزگای كەركوك.

[39] –تونی مەرگ، زیاد عەبدولڕەحمان. ل124، چاپی/ 1995.
[40] –تونی مەرگ، زیاد عەبدولڕەحمان ل124، چاپی/ 1995.
[41] –جوگرافیای دانیشتوانی کوردستان ل30، عەبدوڵڵا غەفور.
[42] –الاکراد والعرب ابراهیم احمد ص1961/29.
[43] –کەرکوك و سیاسەتی تەعریب ل14، (ی.ن.ك) ئازاری 1985.
* یەزی نەك یەزیدی. هەمو سەرچاوەکان کۆکن لەسەرئەوەی کە ئاینێکی کۆنی کوردەواری و ئەم رەگانە، یەزدی، کاکەیی، هاواری، هەموو لەیەك سەرچاوەوە هەڵدەقوڵێن دواتر گۆڕانیان بەسەردا هاتووەو ئەمانە هیچ پەیوەندیەکیان بەیەزیدی عەرەبەوە نیە. یەزد: یەزدان.
** کۆچەری مەبەست کوردە کۆچەریەکانە لەوانە جاف و هەرکی و ئەوانەی برادۆست تورکەکان ویستویانە بەوەش شتێ لەرێژەو ژمارەی کورد کەم بکەنەوە.
[44] –کوردستان و کورد، د.عەبدولڕەحمان قاسملو، ل79.
[45] –کرکوك. لمحات تاریخیە. لیلی نامق جاغ، ل9.
[46] –پێکهاتەی نەتەوەیی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان لەنێوان سالانی (1957–1977) جەزا تۆفیق تالیب کەرکوك ژمارە 2+3، ل44.
[47] –ئاراستەی گشتی پەرەسەندنی دانیشتوانی لیوای سلێمانی/ د.شاکر خەسباك وەرگێرانی لەئینگلیزیەوە عەتا قەرەداغی/ کورتەی‌سەرژمێری ساڵی 1954 ل263.
[48] –پێکهاتەی نەتەوەیی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان لەنێوان سالانی 1957–1977 جەزا تۆفیق تاڵیب. کەرکوك ژمارە 2+3، ل45.
[49] -العراق قدیماً وحدیثاً، ص93، د.عبدالرزاق الحسنی.
[50] –دوراییە مێژووییەکانی دابەشبونی جوگرافی عەرەب لەعیراق د.خەلیل ئیسماعیل، سیاسەتی دەولی6.
[51] –هەمان سەرچاوە، سیاسەتی دەولی ژمارە6.
[52] –هەمان سەرچاوە، سیاسەتی دەولی ژمارە 6.
* لەوەدەچێ لەیلانی مەبەستی بان قەرە حەسەن بێت کە ئەوە تێکەڵەیەکی چڕە لەهۆزو عەشیرەتەکان. هەروەها ئەو ژمارە مالانە زۆر کەمە مەگەر بگەڕێتەوە بۆ سەردەمی سەرەتای هاتنی ئینگلیز.
* لەپێنج مانگی دواتردا نزیکەی (200)خێزانی تر راگوێزرا واتە لەمانگی 8ی 1999 بۆ کۆتایی مانگی 12ی هەمان ساڵ.